کتێبخانە

ڕۆمان

# خۆزگە مەرگ بیهێشتایە



نەسرین سامنی
وەرگێڕانی: کامیل محەمەد

CamScanner

کتێبخانە

پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران

CamScanner

CamScanner

CamScanner

کتێبخانە

رۆمان

# خۆزگە مەرگ بیهێشتایە

نوسینی:نەسرین سامنی

وەرگێڕانی: کامیل محەمەد

CamScanner

KOSHKI SARA
کۆشکی سەرا
فرۆشتن و دابینکردنی هەموو جۆرە کتێبێک
@Koshki_sara koshki sara 07501593939
سلێمانی - بەردەرکی سەرا - تەنیشت ئوتێل مەولەوی

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا
سلێمانی سەرەتای شەقامی مەولەوی
فەرعی سەعبد ئەغا کۆیی
٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧ - ٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨
Ktebxanai chwarchra

پرۆژەی هاوبەشی
خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا
کتێبخانەی کۆشکی سەرا

ناوی کتێب: خۆزگە مەرگ بیهێشتایە
بابەت: رۆمان
نووسینی: نەسرین سامنی
وەرگێڕ: کامیل محەمەد
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی چوارچرا - سلێمانی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ: چاپی پێنجەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٣ ز
نرخ: ٦٠٠٠ دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٣٨)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران
CamScanner

## بەرایی

مەرگ ئەو دێوەزمەیەی، هەموومانی تۆقاندوە، نازانم بۆچی هەرکات باسی مەرگ دەکرێ، مرۆڤەکان ئەتوقن. رەنگە هۆکارەکەی بوونی ئاواتی زۆر، یان تاوانباری زۆر بێ. یا بەهەر هۆکارێکی دیکەوە بێ، بیهێنەرە بەرچاوت هیواو ئاواتێکی زۆرت لەبەرچاو گرتووەو نەخشەی گەورەت بۆ ئایندە کێشاوە، سەیردەکەی ئەوکەسەی لەگەڵی پێکهاتووی لەناکاو دەبیستی مردوە. یان بەپێچەوانەوە بۆ ئەو تۆ مردوویت. ئەوکات وەک چەکوشێک درابێ بەسەرتا، وڕوکاس دەبی.

ئا لەوکاتەدا دەبێ مرۆڤ بگاتە چ دەر ئەنجامێک، رەنگە زۆرجار پەنا بباتە بەر ئەو دێوەزمەیەی کە لێی تۆقیوە. چوونکە مرۆڤ ئەوەندە دەستەوەستانە زۆرجار پەنا دەباتە بەر ئەو شتەی لێی دەترسێ.

هەرچەند رەنگە زۆرجاریش پێچەوانەکەی راست بێ، چوونکە هەندێجار مەرگ ئەو دێوەزمەیە نیە، بەڵکو شادی هێنە. لای خۆتەوە رەنگە بەشێتم لەقەڵەم بدەی‌و بڵێی مەرگ و شادی هێن؟ ئەڵێم بەڵێ مەرگ و شادی هێن!!.

بهێنە بەرچاوت کاتێ تەمەن بەرەو ژوور ئەکشێ، کاتێ ئەندامەکانی جەستە لەدەست ئەدرێ یان کاتێ نەخۆش برستت لێ ئەبڕێ، یان کاتێ لەکاروانی هاوەڵان بەجێ دەمێنی‌و

سەیردەکەی ئەوانەی تۆ لەگەڵیان ژیاوی مردوون، ئیستا تۆ لەگەڵ نەوەی دوای خۆت ئەژێت، هیچ یادگارییەکت لەگەڵیان نییە.

ڕەنگە زۆرجاریش ڕێگەیان لێبگری‌و ببیتە هۆی ئازاریان، ئیستا ناکرێ بڵێی کەیفی خۆیانە. چوونکە کاتێ هەستت بەوە کرد بوویتە هۆی ئازاری کەسانی تر بەتەواوی خەک دات ئەگرێ، ئا لەوکاتەدا مەرگ نەک تەنها دێوەزمە نیە بەڵکو مرۆڤ ئاواتە خوازیەتی.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ بمەوێت مەرگت لەپێش چاو شیرینکەم، بەڵام دەڵێم ئەو دێوەزمەیەش نیە کەوا لێی تۆقیوین. هەموو شتێ لەلای پەروەردگار یاساو ڕێسای خۆی هەیە. ئەوە ئێمەین کەم تاقەتین‌و بەهیچ شتێ رازی نین ئەگینا پەروەردگار هەمووشتەکانی بەجێیە.

هانیە بەتوڕەییەوە کارتی بانگهێشتی زەماوەندەکەی فڕێدایە گۆشەیەکی مێزەکە، دڵۆپەی باران بەپەنجەرەکەدا دەهاتنە خوارەوەو دەشکان. حەزیدەکرد هاوار بکات و ڕق و توڕەییەکەی دەربکات بەڵام بەئارامی گریا. لەو ساتە خەماوییەدا تەنها فرمێسک دەیتوانی تەسکینی پێ بدات.

چەند خولەکێک دواتر جانتاکەی هەڵگرت و لەژوورەکەی هاتە دەر. بەر لەچوونە دەرەوەی وەک هەمیشە چووە ژوورەکەی دایکی.

دایکی لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشابوو گوێی لەڕادیۆ دەگرت. بەهاتنە ژوورەوەی کچەکەی پێکەنی و پرسی:

_خۆشەویستم دەچی بۆ سەرکار؟

هانیە لەپاڵ قەرەوێڵەکەدا وەستا، دەستە ساردەکانی بردە پێش و دەستی دایکی گوشی، گۆناکانی ماچکردو وەڵامی دایەوە:

_ بەڵێ دایکە.

_باران دەبارێ دەتوانی ئۆتۆمبیلەکەی هۆرەنگ ببەی.

_ نە حەزدەکەم لەبەر باران کەمێ بەپێ بڕۆم.

_لەوانەیە سەرمات ببێ.

_ دایکە من ئیدی منداڵ نیم دەتوانم ئاگام لەخۆم بێ. شێوازی قسەکردنەکەی کاری لەدایکی کرد. بەسۆزەوە بۆی ڕوانی و وتی:

_ببوورە مەبەستێکی خراپم نەبوو.

_نەدایەگیان دەبێ من داوای لێبووردن بکەم، بمبەخشە کەمێک بەتوندی قسەم کرد.

_ هانیە چیتە؟ حاڵت باش نیە؟ نەخۆشی؟

_ نە هیچم نیە.

_ ئەی بۆچی ئەگریت؟ لەوانەیە شتێ بووبێ! دڵنیام خەریکە لێم ئەشاریتەوە.

هانیە بەپشتی دەستی فرمێسکەکانی سڕیو هەوڵیدا زەردەخەنە بێنێتە سەر ڕوخساری.

_ من حاڵم باشە، دڵنیابە، زۆر باشە ئیدی دەبێ بڕۆم، خودا حافیز. گۆنای دایکی ماچکردو لەژوورەکەی چووەدەر.

کاتێ گەیشتە سەر شەقام بارانەکە زیادی کردبوو، هێشتا چەند هەنگاوێکی نەنابوو، ئۆتۆمبیلەکەی دکتۆرسەدری بەلایدا تێپەڕی و چەند مەتر ئەو لاتر وەستا. گەڕایەوە دواوەو لەبەرامبەری وەستا. هانیە وەستا، شۆفێرەکە شووشەکەی هێنایە خوارەوە و بانگی کرد:

_سلاو، مۆڵەت دەدەی بتگەیەنم؟

_سلاو دکتۆر ماندو نەبی.

_سوپاس، فەرموو. . .

_ سوپاس دکتۆر نابمە ئەرک.

_ تۆ هەرگیز ئەرک نیت، تکایە سوار بە، ئەگەر نا ناچار دەبم ڕێگەیەکی دی بەکاربهێنم.

هانیە پێکەنی ئیدی بێ بەرگری کردن سوار بوو.

دکتۆر ئۆتۆمبیلەکەی ئاژوو.

_رسوم و ئاداب بخەرە لاوە، هەر لەبەر دراوسێیەتی دەبێ ئۆتۆمبیلەکە بخەمە خزمەتت. بەڕاست دایەگیان چۆنە؟

_هەر وەکو پێشتر.

_یانی هیچ باش نەبووە؟

_بەداخەوە نە.

_لەوانەیە ئەو دەرمانانەی بۆم داناوە لەکاتی خۆیدا نەیدەنێ، ئەگینا نابێ ئەو دەرمانانە کاری خۆیان نەکەن.

_دایکم پەرستارێکی دڵسۆزی هەیە، لەکاری خۆی درێغی ناکات. ژنێکی کاملەدڵنیام لەکاتی خۆیدا دەرمانەکان دەخاتەوە بیری.

_ کەواتە دەبێ جارێکی تر بێمە خزمەتی دایە گیان.

هانیە بێدەنگ بوو، دکتۆر چاویلکەکەی لەسەر لوتی بەرز کردەوەو وتی:

_ ئەمشەو کاتێک لەکلینیک گەڕامەوە سەرێکی لێ دەدەم.

_گەورەیی دەکەی دکتۆر. سوپاستدەکەم گەر زیاتر ئاگات لێێ بێ.

_من ئەرکی خۆم ئەنجام دەدەم. کارێکی گرنگیشم بە دایکت هەیە، خۆشت دەزانی.

هانیە برۆکانی جووت کردو وەڵامی دایەوە:

_ دکتۆر تکادەکەم، پێشتریش پێم وتن حەزناکەم لەمبارەوە قسەبکەن.

سەدری پێکەنی و بەشێوازێکی ناڕازی وتی:

_ ئەمە بەدبەختی من و کەم لوتفی تۆیە، نازانم هۆی چیە بەرامبەر من و خێزانەکەم کەم لوتفی؟.

_ نا دکتۆر بڕوابکە ڕێزم بۆتان هەیە، بەڵام ئێستا بەداخەوە بۆ شووکردن ئامادەنیم، ئومێدەوارم لە قسەکانم ببووری.

سەدری ئاهێکی کێشاو فلچەی ئۆتۆمبیلەکەی خێراتر کردو بەهێواشی وتی:

_ بریا بمزانیایە هۆی ڕازی نەبوونت چییە؟ تا ئێستا هەرکاتێ باسی خوازبێنی دەکەم تۆ بێمەیلی نیشان دەدەی. دەزانی کوڕش تۆی زۆر خۆشدەوێ، منیش وەک باوکێک پێویستە داوای ژنی بۆ بکەم. تەنها ئەو کوڕەم هەیە لەدڵەوە خۆشبەختی بۆ دەخوازم. کاتێ هاوسەرەکەم مرد تەمەنی ٩ساڵ بوو، لەوکاتەوە هەوڵم داوە هەم باوک بم هەم دایک، لەتەربیەتدانی لەهیچ لایەنێکەوە درێغیم نەکردووە، تائەم ساتە ژیانم بۆ تەرخان کردووە هەوڵمداوە تەنها بۆ ئەو بژیم، ئێستایش دەمەوێ لەسەر پێی خۆی بووەستێ. پێم خۆشبوو سەرکەتوو بێ و نمرەی باش بەدەست بێنێ و وەک خۆم پزیشک بێ، بەڵام کاتێ دیبلۆمەکەی وەرگرت ئیدی تاقەتی لەخوێندنیش نەما منیش پێداگریم نەکردو ویستم لەو کارەدا ئازادانە بڕیاربدات. حەزناکەم هیچ شتێک بەزۆر بەکەس بکەم تەنانەت ئەگەر کوڕی خۆشم بێ. کاتێ لەسەربازی گەڕایەوە بڕیاری ژن هێنانیدا، ئەو تۆی دەست نیشان کردبوو...، جێگەی دژایەتی کردن نەبوو، من تۆ و خێزانەکەت باش دەناسم لەبەر ئەوە بڕیارمدا وەکو هەمیشە بەدڵی خۆی ڕەفتار بکەم. سێ جار لەدایکت داوام کردوویت، بەداخەوە بەنەرێ وەڵامم دراوەتەوە. دکتۆر سەدری بێدەنگ بوو. ئۆتۆمبیلەکەی لەقەراخ شۆستەکە

وەستاند. تەماشایەکی هانیەی کرد نوقمی بیرکردنەوە بوو بەپێکەنینەوە وتی:

_ زۆر باشە گەیشتین، بەقسەکانم ماندووم کردیت دەبێ بمبەخشی، ئاخر من باوکم، باوکێک کوڕەکەی زۆر خۆشدەوێت، بڕوا بکە ناتوانم دڵ تەنگی ببینم.

هانیە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وەڵامی دایەوە:

_ من تائێستا یەک دووجار نەبێ کۆرش خانم لەنزیکەوە نەدیوە، خۆیشم هەستم کردووە بەرامبەر بەمن هەستێکی تایبەتی هەیە، دەزانی دکتۆر کوڕەکەت لەهەموو لایەنێکەوە شیاوە. بەڵام من تائێستە ئەم باسەم هاکەزایی گرتبوو، نەمویستووە بەزووی شووبکەم، حەزمکردووە بۆ بەرەو پێش چوونی هونەرەکەم بچمە دەرەوەی وڵات. لەبەرنامەم دایە فراوانی بەکارەکەم بدەم، وەکو ئەزانی رشتەکەم وانە وتنەوەیە دەمەوێ لەداهاتودا دەرگای هونەرە جوانەکان بەڕووی فێرخوازەکاندا بکەمەوە، بەهەر شێوازێک خۆیان ئەیانەوێ فێریان بکەم، لەبەر ئەوە ئەگەر شووبکەم و خێزان دروست بکەم لەم کارەم دوادەکەوم، لەوانەیە ئەمە هۆکارێک بێ لەهۆکارەکانی ڕازی نەبوون بەشووکردن.

_ هونەرو شووکردن دژایەتیەکیان نیە، دەکرێ هونەرمەند لەچوارچێوەی هونەرەکەی، هاوسەرێکی شایستە بێ. کۆرش لەوبارەوە کەسێکی دواکەوتوو نیە ئەویش هۆگریەکی بۆ کاری خۆی هەیە، هونەرمەندێک بەرۆحیەتێکی بەرزی وەک تۆ دەتوانێ لەنێو ئاستەنگیەکانی ژیان دەربێنێ و خۆشبەختی بکات.

هانیه سەیریکی سەعاتەکەی کردو وەڵامی دایەوە:

_ دکتۆر ئێستا من گیرۆدەی هەستو سۆزی خۆمم، هەموو نیگەرانییەکم تەندروستی دایکمە، لەبەر ئەوە داوات لێدەکەم ماوەیەک مۆڵەتم بدەریّ بازیاتر بیری لێبکەمەوە، هەر شتێک کات و بیرکردنەوەی خۆی دەویّ.

دکتۆر سەدری بەنیشانەی رازیبوون سەری جوڵاند:

_ هەر ئەوەندەی هیوا بڕاوت نەکردم جێگەی سوپاسە. هەموو باوکێک ئارەزوومەندە خۆشبەختی کوڕەکەی ببینیّ و منیش لەکۆمەڵ جیاوازنیم، تەنها پێداگریم لەبەر ئەوەیە کوڕەکەم زیاد لەئەندازە هۆگرت بووەو منیش هەڵبژاردنەکەیم پەسەند کردووە. بەهەر حاڵ گەر بۆ بڕیاردان پێویستیت بەکاتە. منیش بەتەواوی هاوڕاتم و رێزی بڕیارەکەت دەگرم.

_ لەوەی زەحمەتت کێشا منت گەیاندە شوێنی کار سوپاست دەکەم. لەنێو ئەم هەفتەیە گەر بۆ ئێوارە خوانێک گەورەمان کەیت زیاتر لەو بارەوە قسەدەکەین. ئێستا لەوە زیاتر کاتت ناگرم، هیوای کاتێکی خۆشت بۆ دەخوازم. خوات لەگەڵا.

_ خوات لەگەڵ کچم.

هانیه دابەزی چووە نێو باڵەخانەی نیوە کراوە، دکتۆر سەدری بەدڵی پڕ ئومێدەوە دوورکەتەوە. هانیه گەیشتە نهۆمی دووەمی باڵەخانە، بەکلیلەکەی دەرگای ژوورەکەی کردەوە هێشتا نیو کاتژمیری مابوو بۆ هاتنی قوتابییەکان، مۆڵەتی بیرکردنەوەی هەبوو، سەری خستە نێودەستی و چووە نێو دنیای خەیاڵەوە.

بڕیاردان بۆ ئەو کارێکی دژوار بوو، لەنێو تەرازووەکەدا پەرهام و کۆرشی بەراورد دەکرد. ئێستا ئیدی بۆ پەرهام هەستێکی دیکەی هەبوو، چەند ساڵ لەگەڵ خۆی ئەو ڕازەی پەنهان کردبوو. چەندین ساڵ شەو و ڕۆژ ئومێدی پڕوپوچی بۆ خۆی دروستدەکرد. هەرکات پەرهامی ئەدی تەواوی ئەندامی ئەکەوتە لەرزە، تەواوی کاتەکان لەیادی عیشقی ئەوا ئەسوتا، بەڵام هەمیشە ئەو هەستەی پەنهان دەکرد، تەنانەت لەدایکی کەنزیکترین کەس بوو بۆی. هەرگیز بەخەیاڵیدا نەدەهات ئەو کچە لادێییە جێگەی ئەو بگرێتەوە، چەند شەو کاتێ هەمووان دەنوستن لەژێر بارینی بەفرو ئاسمانی ڕونی پڕ ئەستێرەوە، تەماشای پەرهامی دەکرد کەلەنێو حەوشەدا بەتەنها خەریکی هاتو چۆبوو، بەچ شەوقێکەوە وانەی ئەخوێند؟ پەرهام لاوێکی سەرنج ڕاکێش و بەویقار بوو. لاوێکی دڵتەنگ کەلەدوای مردنی دایک و باوکی خاوەن قەرزەکان ماڵەکەیان داگیر کرد، ئەویان وەدەر نابوو. پەرهام خوێنکاری زانکۆ بوو، بەناچاری پەنای دەبردە بەر خزمی دوورو نزیک، تاباوکی هانیە ژوورێکی پێداو خستیە ژێر چاودێری خۆیەوە. دایکی پەرهام پوری باوکی هانیە بوو، هانیە بەبیری هاتەوە کاتێ مامۆستای بوو چەندە ڕقی لەئاکارە وشک و ترسێنەرەکەی بوو. جارێک هانیە نەیتوانی دوای چەندین جار وتنەوە بیردۆزی ئەندازەیی لەبەر بکات پەرهام وابەسەریدا قیژاندبووی کەفرمێسک لەچاوە جوانەکانی باری بوو، بەئەندازەیەک دڵی شکابوو ئامادە نەبوو جارێکی دیکە گوێی لێ بگرێ. دایکی سەرزەنشتکەرانە پێی وت کە دەبێ گوێڕایەڵی بکات، هانیە کەڕق و تووڕەی لەچاوەکانی

دەبریسکایەوەپێداگری کرد داوای لەدایکی کرد، ئەو لاوە سەرکەش و بێ چاوو ڕووە بەزووی لەماڵەکەیان دەربکات. دایکی لەبەرامبەر ویستی ئەو دژایەتی کرد، بەڵام هانیە ئیدی ڕەفتاری لەگەڵ پەرهام باش نەبوو. زۆر جار لەکاتی وانە پێ وتنەوەدا هانیە لەنێو خەیاڵاتدا سەرگەرمی وێنەکێشان بوو، کاتێ پەرهام تووڕە دەبوو، چێژی دەبرد. پەرهام هەستی کردبوو ئەم کچە سەرکەشە تەنها سۆزو میهرەبانی ئارامی دەکات, لەوە بەدواوە هەوڵی ئەدا کەئارام خۆی نیشان بدات.

_ من وێنەکانتم زۆر بەدڵە بەڵام خەڵکی هونەرمەندی نەخوێندەواریان خۆشناوێت.

_ هەرکارێک دڵم بیەوێت ئەنجامی دەدەم. ناچار نیت ئەم قوتابیە لاسارە ڕاگری. کاتێ هانیە لاساری دەنواند، پەرهام بەبێدەنگی سەری شۆڕدەکردەوەو ئەچو بەخەیاڵاتدا. قیافەی خەمباری، هانیەی کەمەندکێشی دەکرد. جارێک پەرهام لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە نێردرا بۆ کارێک، هانیە جێگەی خاڵی زیاتر هەست پێ کرد. هەموو شەوێک بەدڵ تەنگیەوە لەپشت پەنجەرەکە تەماشای حەوشەی دەکرد. جێگەی خاڵی پەرهامی بۆ پڕ نەدەکرایەوە، ئەتوت شتێکی ونکردووەو دەرونی ئارەزووی بینینی دووبارەیەتی. پاش کۆتای هاتنی هەفتەکە پەرهام گەڕایەوە شادی کەوتە دەرونی هانیە. ئێستا ئیدی هانیەبوو ئارەزووی لای پەرهامی بوو، بەڵام بەداخەوە پەرهام دەرکی بەڕەنگی پەڕیو و دەرونی نائارامی نەدەکرد. کاتێ باوکی هانیە بەهۆی نەخۆشیەکی کوشندەو بێ چارەسەرەوە لەجێگەدا کەوت و مرد، پەرهام وەک برایەکی فیداکارو دڵسۆز

سەرگەرمی جێ بەجێ کردنی کارەکان و بەخاک سپاردن و چاودێری کردنیان بوو، پەیوەندی بەهورەنگ برا گەورەی هانیەوە زیاتر بوو لەهەر ئەندامێکی خێزانەکە. هورەنگ زەماوەندی کردو لەنێو ماڵی خۆی دەژیا بەڵام بەجوانی و بێ پچڕان پەیوەندی دەکرد بەخێزانەکەیەوە. هەرکات تەلەفۆنی دەکرد هەواڵی پەرهامی دەپرسی و موشتاقی بینینی پەرهام بوو. دوای مردنی باوکی، هانیە بەتەواوی کەسایەتی خۆی لەدەستدا گەرئەو ئارامیە نەبووایە کەلەلایەن پەرهامەوە هەستی پێدەکرد ئەوا بەتەواوی دووچاری نەخۆشی دەرونی دەبوو. پەرهام تاکۆتایی ساڵ هاوڕێیان بوو، تەواوی پێداویستیەکانیانی دابین دەکرد.

سەرەنجام پەرهام بڕیاریدا خانویەکی سەربەخۆ بگرێ و لەوێ بڕوات. دایکی هانیە ئەوەندە هۆگری پەرهام بوو بوو نەیدەویست لایان بڕوات، بەڵام پەرهام بڕیاری خۆی دابوو، حەزی دەکرد ژیانێکی نوێ بۆ خۆی دروست بکات ماڵ پێکەوە بنێ.

هیچ کەس بەئەندازەی هانیە لەوبڕیارە دڵتەنگ و نیگەران نەبوو. دەردی دووری پیاوێک کەلەدڵەوە خۆشیدەویست زیاتر لەهەر شتێک ئازار بەخش بوو، لەنێو ژوورەکەی خۆی، لەڕێگا بەردەوام ئەشکی دەڕشت هیچ کەسیش ئاگای لەهەناوی نەبوو.

پەرهام شووقەیەکی بەکرێ گرت و لەکۆمپانیایەکی گەورە دامەزرا، لەو ڕۆژە بەدواوە ئەندازیار پەرهام کەمتر سەری لێدەدان تەنها جارجار تەلەفۆنی بۆ پووری دەکرد، هەرکات هانیە لەتەلەفۆندا قسەکانی دەبیست خۆشحاڵ دەبوو.

لەخۆشیدا دەلەرزی. مانگان تێپەڕین زەمانێک پەرهام بێ هەواڵ و بێ ئاگا لەهانیەو لەئازارەکانی کەلەبەر دووری شەوتابەیانی بەئاسودەیی سەری نەدەکردە سەر سەرین، ئەندازیار پەرهام لەلوتکەی سەرکەوتندا بوو، هانیەش لەدووری ئەو لەنێو رەنج و دەردەسەرییەکاندا بوو، دوای وەرگرتنی دیبلۆم لەزانکۆلەبەشی هونەر لەزانکۆی تاران وەرگیرا. لەدەورانی خوێندندا ئارەزوویەکی هەبوو ئەویش ببێتە هونەرمەندێکی ناسراو تالەورێگەیەوە لەپەرهام نزیک بێتەوە.

پەرهام ئێستا ئیدی لەڕووی دارایییەوە کێشەی نەبوو دەیتوانی ژن بهێنێ ماڵ بەڕێوە ببات. پەرستاری لەدایکی تارادەیەک بیری پەرهامی لەمێشک لابردبوو، رۆژێک لەخزمەکانی بیست پەرهام ئەیەوێت ژنبێنێ، ئەم هەواڵە ئاگری لەگیانی بەردا، بەڵام ئازاربەخشتر بینینی هاوسەرەکەی پەرهام بوو، هورەنگ بۆ ناونانی منداڵی دووەم هەمووانی بانگهێشت کردبوو. پەرهامیش لەوێ بوو، ئەو بۆ جاری دووەم دەزگیرانەکەی بینی. کچێکی جوان و شیرین و لەبەر دڵان بوو. هانیە بەبینینی لەهەڵبژاردنەکەی پەرهام توڕەبوو، ئەو کچێکی دێهاتیو لەبەرچاوی ئەودا شیاونەبوو. ئاکاری نیشانی ئەدا کەمتر تێکەڵی خەڵکی کردووەو ئادابی کۆڕو کۆمەڵ شارەزانیە. کاتێ باسی دیارکردن دەکرا دەست و پێی خۆی وندەکرد. هانیە توانی بڕوا بەخۆی بهێنێ کەپەرهام ژیانێکی خۆشی نابێت لەگەڵ ئەو کچە. بەبڕوای ئەو ئەو کچە دێهاتیە دڵ سافە هەرگیز ناتوانێ هاوسەرێکی باش و شیاوی پەرهام بێ. بەڵام ئەمرۆ کەکارتی زەماوەندەکەی بینی بوو ئیدی نەیتوانی پشت

بەگومانەکانی ببەستێ. سەرئەنجام پەرهامی لەدەست دا. لەدڵەوە بۆ حاڵی پەرهام خەمی دەخوارد کەچۆن دەتوانێ تەمەنێک لەگەڵ ئەو گەوجەدا ژیان بەسەربات. هەڵبەت بەبۆچوونی ئەو. . . ئێستا بیری لەوخالەدەکردەوە کە بیستوپێنج بەهار بەکۆڵی خەمەوە بەسەرچووەو دەبێ چ بڕیارێک بۆ داهاتوی بدات. دەساڵ عیشقی لەگەڵ پەرهام لەزهنیدا پەنهان کردبوو، تەواوی داواکاریەکانی لەبەر ئەو جواب کردبوو، بەهیوای ئەوە ڕۆژێک ئازایەتی هەبێ و ڕووبەڕووی پەرهام بووەستێ دان بەهەموو شتێکدا بنێ . . . دەنگی لێدانی دەرگا بەئاگای هێنایەوە کاتی وا نەگەشتبوو. لەجێگەکەی هەستا دەرگای هۆڵەکەی بۆ یەکەم فێر خواز کردەوە.

شەو کاتێ گەڕایەوە هەستی کرد لاشەی داگیراوە. لەکاتژمیر ٧ی ئێوارە ٢کاتژمێر لەبەر باران پیادەڕەوی کردبوو. کاتێ لەبەر دەرگای ژوورەکەی دایکیەوە تێپەڕی دەنگی دایکی بیست:

_ هانیە گەڕایتەوە؟

_ بەڵێ دایکە.

_وەرە دەمەوێ لەگەڵت بدوێم.

دەرگای ژوورەکەی کردەوە بەدایکی وت:

_سڵاو دایە گیان.

_ سڵاو وەرە ژوورەوە.

_ مۆڵەت دەدەی جلەکانم بگۆڕم؟

_ هانیە!بۆچی وات بەسەر هاتووە؟

بەناچاری هەنگاوێک چووە ژوورەکە. دڵۆپەی ئاوی لێ دەچۆڕا:

_ چی بووە دایکە؟

دایکی بەنیگەرانیەوە وەڵامی دایەوە؟

_ ئەوە منم دەبێ لێت بپرسم چیبووە؟

_بۆچی سەراپات خوساوە؟بۆچی لەبەر باران ڕۆشتی؟

_ ناچار بووم دەبووایە هەندێ شتم بکڕیایە.

_ ناچاربووی ڕۆژت بگەیەنی بەم ڕۆژە؟ نەتدەتوانی تاسبەی ئارام بگری؟

ـ سبەینێش هــەروەک ئـەمڕۆ وایـە کێ دەزانــێ دونیا خۆرەتاوە؟

ـ سەرەنجام تۆ خۆت لەناو دەبەی، ماڵێک بەم گەورەییە چەترێکی تیا دەست نەکەوت؟ ئۆتۆمبیل لەحەوشەدا وەستاوە من نازانم تۆ بۆچی خۆت ئەزیەت ئەدەیت؟

ـ نیگەران مەبەمن مرۆڤێکی ناز و نوک کەرنیم. باران ڕەحمەتی خودایە.

ـ ئێستا بڕۆ ژوورەکەت خۆت بگۆڕە باسەرمات نەبێ پاشان وەرە خوارەوە دەمەوێ لەگەڵت بدوێم . هانیە بەرەودەرگاکە ڕۆشت دایکی درێژەی پێدا:

ـ لەبیرت نەچێ قژت وشک بکەرەوە، دەترسم خۆت توشی بەڵایەک بکەیت، هێشتا وەک منداڵ ڕەفتار دەکەیت، هانیە چو بۆ ژوورەکەی خۆی پاش کەمێک گەڕایەوە لای دایکی. لەلای قەرەوێڵەکەی لەسەر کورسیەک دانیشت دایکی لێی پرسی:

ـ نانی ئێوارەت خواردووە؟

ـ نە، بەڵام برسیم نیە.

ـ تۆ بەهیچ شێوەیەک لەبیری تەندروستی خۆتدا نیت.

ـ تۆ بێ هۆ نیگەرانی، من ئیدی منداڵ نیم.

ـ دەزانم منداڵ نیت هەموو ژیانت بۆ وێنەکێشان تەرخان کردووە ئەی کەی بیرێک لەخۆت دەکەیتەوە؟

ـ بڕیارم داوە کەمێکش بیر لەخۆم بکەمەوە. دەمەوێ چەند ڕۆژێک بچم بۆ گەڕان، پاشان هەندێ بەرنامەی دیکەم هەیە لەکاتی خۆیدا بۆت باس دەکەم.

ـ کەی دەچی بۆ سەفەر؟

_ گەر تۆ ڕازی بی هەر سبەی.

_ سبەی بەیانی؟ دەتەویَ بۆ کویَ بچی؟

_ لەگەڵ یەکیَ لەهونەرمەندەکان دەچین بۆ شیراز ئاخر منیش لەلایەن خێزانەکەیەوە بانگهێشت کراوم.

_ بەڵام ئەڵیی لەبیرت چووە هەینی بانگهێشت کراوی بۆ هۆلا؟ ناتەویَ لەئاهەنگی ژن هێنانی پەرهامدا بەژدار بی؟

قسەکانی دایکی هەموو گیانی لەرزاند، ڕەنگی بەڕووەوە نەما، بەتوڕەییەوە وتی:

_ بەبیَ منیش ئاهەنگ بەڕێوە دەچیَ کەسێک لەویَ پێوستی بەمن نیە.

_ بەڵام ئامادە نەبوونت لەلای پەرهام دەبێتە ئیهانە.

_ ئیهانە بۆچی؟ من چ پەیوەندییەکم بەپەرهامەوە هەیە؟

_ ئەو خزمی ئێمەیە.

_ دەی باشە خۆ بەزۆر نیە؟ من دەچم بۆ سەفەر.

_ مەبەستم شتێکی دیکەیە، ئەمڕۆ تۆ لەماڵ نەبووی مەلەکیا تەلەفۆنی کرد، دەیوست قسەت لەگەڵ بکات.

_ مەلەکیا کاری بەمن چیە؟

_ نازانم، وتی پێت بڵێم هەر چۆن بووە لەئاهەنگەکە بەشدار بی. لەوانەیە خۆشی بوێت، بەڕاستی تەنهاو غەریبە پێوستی بەهاوڕێیەتی تۆ هەیە.

_ من بۆچی؟

_ تۆ هیچ کات لەیارمەتیدانی خەڵک بێزار نەبووی، مەلەکیایش دەتوانیَ هاوڕێیەکی باشبیَ بۆ تۆ هەروەها، ئەو دەیوت پەرهام زۆر سوپاسی تۆی کردووە، بەڕاستی پێی

خۆشە هات و چۆتان هەبێ.

هانیە زۆر بەتورەییەوە لێوی خۆی بەددان گەزی بەڵام بەبێ دەنگی سەری دانەواند و ویستی لەدایکی بشاریتەوە.

ـ من بەشی خۆم سەرقاڵم لەبەر ئەوە توانای ئەم و ئەوم نیە.

- بەهەر حاڵ بەشداری کردنت لەو ئاهەنگە دڵخۆشت دەکات. بەداخەوە من نەخۆشم ئەگەر نا بەقەدەر دونیا حەزم لەئاهەنگ و میوانیە، لەوانەش گەڕێ، مەلەکیا زۆری لەتۆ ناوێ تۆش زۆر تەنهای هەستدەکەم هاوڕێیەکی دڵسۆزت نیە. بەراستی نیگەرانی تۆم، زۆر جار سەرزەنشتی خۆم دەکەم بۆچی بوومە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ڕشتەیە خزمان هەموو گلەیی دەکەنو دەڵێن بۆچی هانیە سەردانمان ناکات؟.

هانیە یانی تابلۆ، یانی وێنە، یانی تەنها چوار دیوارێک.

ـ من بەوە ڕازیم، هونەرەکەم عیشقی منە، ئەمە لای تۆ تازەنیە.

ـ تازەنیە، بەڵام ئەمەیە جەرگی بڕیوم. من حەزدەکەم وەک هاوتەمەنەکانت جم و جوڵت هەبێ، بڕۆیتە میوانی، میوانت هەبێ، لەکاتژمێرەکانی تەمەنت چێژببەی. تۆ تەنانەت لەگەڵ براو براژنەکەت هات وچۆت نیە.

ـ پەیمانت پێ دەدەم ئاکارم بگۆڕم، کاتێ لەگەشتەکەم گەڕامەوە هەموو شتێک دەگۆڕێت. ئەم گەشتەم ئارامیەک دەدا بەهەناوم، بەڵکو دواتر بتوانم بڕیارێک سەبارەت بە داهاتووم بدەم. هانیە دوای شەوباشکردن لەدایکی چووە ژوورەکەی خۆی، کاغەزەکانی ناو (محفەزە)کەی ڕێخست و پاشان جل و



CamScanner

بەرگەکەی گۆڕی. کاتێ لەکارەکانی بووەوە لەسەر تەختەکەی ڕاکشاو چاوی بڕییە خاڵێک. بیریکردەوە ئایا دەتوانێ سبەی بیرو هۆشی ڕێکبخات؟ ئایا دەتوانێ هۆشی سەرگەردانی کۆبکاتەوە؟ بۆ هەرلایەکی دەڕوانی شوێن پێی پەرهام بوو، سێبەرەکەی لەبەر چاوەکانی ون نەدەبوو. جگە لە پەرهام هیچی تری نەدەبینی.

بەسەری پەنجە تنۆکەی فرمێسکەکانی سڕی گۆناکانی پاک کردەوە، هەرچەندی دەکرد ئارامی نەدەگرت و لەنێو جێگەکەیدا گێنگڵی دەدا.

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران

کاتێ لەپلیکانەی فڕۆکە هاتە خـوارو چووەنێو هۆڵی فڕۆکەخانەوە ڕۆحییەکی تری هەبوو، لەماوەی ئەو هەفتەیەدا کەچوبووە خەڵوەتەوە دەرگایەکی دیکەی بەڕوودا کرایەوە. وەختێ جانتاکانی وەرگرت بەرەو دەرگاکەی دەرەوە کەوتەڕێ. لەدەرەوەی فڕۆکەخانە تەکسیەکی گرت و گەڕایەوە ماڵەوە.

دایکی بەبینینی هەوڵیدا لەسەر جێگەی دانیشێ بەشەوق و خۆشیەوە کچەکەی لە ئامێزگرت و گۆناکانی ماچکرد. دایکی بەتاسەوە وتی:

_ ئەم هەفتەیەم بەقەڕنێک لێ ڕۆشت، کاتێ تەلەفونت بۆ نەدەکردین بەتەواوی نیگەرانت بووین.

_ دایکە ئەم گەشتە بۆ ئارامکردنەوەی عەسابم بوو. ویستم لەگەڵ خۆم تەنها بم تابتوانم بڕیارێک بۆ ئاینده بدەم.

_ دەتتوانی تەلەفۆنم بۆ بکەیت، وانیە؟

_ داوای لێبووردن دەکەم نەمویست نیگەرانتان بکەم بەڵام لەم هەفتەیەدا بەتەواوی لەدونیا دابڕابووم کاتێ گەیشتمە شیراز داوام لـەهاوڕێ هونەرمەندەکانم کرد کاریان بەمن نەبێ، پاشان لەمیوانخانە ژوورێکم گرت و هەوڵمدا بەتەواوی پشووبدەم. دوو ڕۆژ چووم بۆ لادێیەکی خۆش و بەئارەزووی خۆم بیرمکردەوە.

_ چۆن توانیت بەرگەی تەنهایی بگری؟ مرۆڤ لەتەنهایدا دڵی دەوەستێ.

_ من لەگەڵ ئێوە جیاوازم، لەتەنهایدا باشتر دەتوانم بیربکەمەوەو بڕیاربدەم.

_ بڕیار دەربارەی چی؟ دەتەوێ چی بکەیت؟ نابێ بزانم چیت لەژێر سەر دایە؟ یانی ئەوەندە لەگەڵ دایکت بێگانەی؟

_ نەخێر دایەگیان، گەر مۆڵەتم پێ بدەی لەکاتی خۆیدا بۆت ڕووندەکەمەوە ئێستا دەچمە ژوورەکەم تاشتەکانم ڕێکبخەم، کاتی نانی ئێوارە دەتانبینم.

هانیە دوای ئەو گفتوگۆیانە گەڕایەوە ژوورەکەی، جلەکانی خستە کەنتۆرەکە. نانی ئێوارەی لەژوورەکەی دایکی خوارد پاشان چووە سەر جێگەی نوست. عەسری ڕۆژی دواتر یەکەم بەرنامەی بینینی هۆرەنگ بوو، دەرگای کەنتۆرەکەی کردەوە بەستەیەکی گەورە کەبەسەلیقەی خۆی بۆ دیاری کڕیبوو دەری هێناو خستییە کیسەیەک. لیباسی پۆشی لە ژوورەکەی چووە دەر. بەر لەچوونەدەرەوەی سەرێکی لەدایکی دا. پیرێژن بەبینینی چاوەکانی داچەقاندو وتی:

_ هانیە تۆی؟

_ بەڵێ دایکە.

_ دەتەوێ بچی بۆ جێگایەک؟

_ دەمەوێت سەرێک لەهورەنگ بدەم.

_ ئاخری نەمردم و بینیم بەبێ بانگهێشت دەچی بۆ شووێنێ!!

_ نەموت دوای ئەم گەشتە بەدڵی ئێوە ئەجوڵێمەوە. مەگەر ئێوە واتان نەدەویست؟

_بریا چەندساڵ لەمەوبەر ئەو گەشتەت بکردایە.

_ لە (شاچراغ[1]) بووم نەزرم کرد گۆڕانێک لەژیانمدا ڕوو بدات. لای کوێرێک فاڵم گرتەوە کوێرەکە مژدەی پێدام لەژیان سەر بەرز دەبم.

-پێشتر هەمیشە وەک زەهری ماران بووی، خوابکات وات لێنەیەتەوە.

هانیە بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی:

_ ئەڵێی هیچ کات بەدڵی تۆم نەکردووە، ئاوا لەدەستم ناڕازیت.

_ نە کچەکەم من هەرگیز لێت ناڕازی نەبووم، تەنها گاڵتەم لەگەڵ کردی. تۆم لەگیانی خۆم خۆشتر دەوێ.

_ فیدات بم، ژیان بەبێ دایک هیچ نرخێکی نیە، زۆرباشە من ئیدی دەڕۆم.

_ سڵاو بگەیەنە بەهورەنگ، بڵێ زۆر تامەزرۆیانم، چەند ڕۆژە دیارنین. پێی بڵێ بەزوی سەردانم بکەن.

لەجیاتی منیش منداڵەکان ماچ بکە.

_ بەچاوان.

_ دەتەوێ ئۆتۆمبیلەکە ببەیت؟

_ بەڵێ، پێدەچێت درەنگ بگەڕێمەوە؟

_ ئاگات لەخۆت بێ توند مەڕۆ.

هانیە دوای ماڵئاوی چووە دەرەوە دەرگایی حەوشەکەی کردەوە و ئۆتۆمبیلەکەی هێنایە دەر. پاشان دابەزی دەرگای حەوشەکەی بەست. سواربوو ئۆتۆمبیلەکەی ئاژوو، کەپێچی

---

١ شاچراغ جێگەیەکی پیرۆزە لەشاری شیراز

کردەوە لەئاوێنەکەوە تەماشای دواوەی کرد ئۆتۆمبیلەکەی دکتۆر سەدری بینی لەبەر دەرگاکەیان وەستا، پێکەنینێکی کردو بەرەو ڕاست پێچی کردەوە.

بەرامبەر ماڵە تازەکەی هورەنگ ئۆتۆمبیلەکەی وەستان. دیاریەکی گرت بەدەستەوەو دەستینا بەزەنگەکەدا. لەسەرەوە دەرگاکە کرایەوە، لەقادرمەکان سەرکەوت، هاوسەرەکەی هورەنگ دەرگاکەی کردبووەوە وەستا بوو، ئەو دوانە بەبینینی یەکتر دەستیان کردە مل یەک هانیە لەکاتێکدا گۆنای ماچکرد ویستی سەیری ژوورەوە بکات، بەڵام شەهلا مۆڵەتی نەدا:

_ زۆر بەخێر بێت، ماوەیەکە لێت بێ هەواڵین. ئەمشەو چەند شەوێکی خۆشە! لەوانەیە نەزانی کێ لێرەیە؟

_ میوانمان هەیە؟

_ بەڵێ، بەڵام غەریبە نیە، دڵنیام بەبینینیان خۆشحاڵ دەبی. بەر لەهاتنت باسی تۆ بوو، بۆچی لەبەر دەرگا وەستاوی؟ وەرە ژوورەوە. بەر لەوەی شەهلا جوانتر ڕوونی بکاتەوە هانیە چووە نێو هۆڵی پێشووازی لەهەمان کاتدا پیاوێکی سەرنج ڕاکێش و بەویقار لێی نزیک کەوتەوە. ئەو پیاوە جگەلە پەرهام کەسی تر نەبوو. پەرهام لەکاتێکدا خەندەیەکی شیرینی هێنایە سەرلێوو سڵاوی کرد. هانیە هەستیکرد تەواوی ئەندامی ئەلەرزێ ڕەنگی بەتەواوی پەڕی بەڵام کۆنترۆڵی خۆی کرد، بەئەدەبەوە وەڵامی دایەوە. هێشتا چاک و خۆشی تەواو نەبوو، چاوەکانی بەنیگای میهرەبانی مەلەکیا کەوت. مەلەکیاو هورەنگ سڵاویان لێکرد. مەلەکیایە بەموشتاقی گۆناکانی ماچکرد. لەچاوەکانیدا تیشکێکی تایبەت ئەدرەشایەوە، هانیە بەدژواری ئاوی دەمی قوتداو

لەدڵەوە پیرۆزبایی هاوسەرگیری کردو لەسەر قەنەفەکان دانیشت و پرسی:

_ئەی هومەن کوا؟

_سڵاو پورێ من لێرەم.

_ سڵاو، لەڕووی مانگت، راکە باوەشم. منداڵەکەی هورەنگ ڕایکردە باوەشی پووری.

هانیە بۆ ئەوەی هەڵچوونەکەی بشارێتەوە خۆی بەنەوازشی مناڵەکەوە خەریک کرد، کەسانی دەوروبەری لەسەر قەنەفەکان دانیشتن. هورەنگ نیگایەکی قوڵی بڕییە خوشکەکەی و پرسی:

_ رجێمت کردووە؟

_ نە بۆچی؟

_ ئەی بۆچی هێندە لاواز بووی؟

_ برام چاوەکانت کز دەبینێ ئامادەم لەگەڵت زۆران بگرم تابزانی کێ لاوازە.

_زۆران لەگەڵ کەسێک لەخۆم لاواز تر هیچ هونەرێکی نیە بەلامەوە.

_ئەوەندەخۆت هەڵمەکێشە گەر مەردی مەیدانی ئەوە مەیدانە وەرە پێشەوە.

_ واز لەگاڵتە بهێنە، گەشتەکەت چۆن بوو؟ خۆش بوو؟ هانیە هەوڵیدا خۆی لەنیگای پەرهام بدزێتەوە شانێکی هەڵتەکاندو وتی:

_ سوپاس خراپ نەبوو.

_ کەی گەڕایتەوە؟

_ دوێنێ عەسر.

خۆزگەم بەخۆت لایەنی کەم جارجارێک لەگەڵ خۆتدای ئێمەی قوڕبەسەر نوقمی ئیش و کارین.

_ کەسێک هەمیشە لەبیری پارە پەیدا کردنابێ ناتوانێ بیر لەوشتانە بکاتەوە. ئەم قسەیە ژنەکەی هورەنگ کردی، هورەنگ بێ ئەوەی ڕووبکاتەوە ژنەکەی بەرەو هانیە وتی:

_ تکا دەکەم بەڵام لانی کەم بیر لەزەماوەند بکەرەوە کەمێ قەدرزانبە. هانیە بەستە تایبەتەکەی هومەنی دەرهێناو بانگی کرد:

_ وەرە خۆشەویستم ئەمەیش دیاری تۆ. بزانە پورێ تۆی لەبیر ناچێ شەهلا پێکەنی و وتی:

_دەستت خۆش بێ ئەزیەتت کێشا، هومەن ناتەوێ سوپاسی پورێ گیان بکەی؟

_ پێوست بەسوپاس ناکات. هومەن بەسوپاسەوە گۆناکانی پوری ماچکردو خۆی هاویشتە باوەشی و بەچێژەوە دیارییەکەی وەرگرت و بەرەو ژوورەکەی ڕایکرد. پەرهام ڕویکردە هانیەو وتی:

_وامدەزانی بەئامادەبوونت گەورەمان دەکەیت، بەڵام بەداخەوەئەو شەرەفەت پێ نەبەخشین. پەرهام ئیدی وەک جاران خۆیی قسەی لەگەڵ نەدەکرد، لەجیاتی وشەی (تۆ) (ئێوەی) بەکاردەهێنا. هانیە کەمێک خۆی کۆکردەوەو وتی:

_ لەوبارەیەوە زۆر داوای لێبووردن دەکەم، ناچاربووم چەند ڕۆژێک لەماڵ دووربکەمەوە، هیوادارم لەگەڵ مەلەکیا خانم بمبەخشن.

مەلەکیا بەڕویەکی خۆشەوە وەڵامی دایەوە:

_پێویست بەداوای لێبووردن ناکات من و هاوسەرەکەم، ئاگامان لەکارەکانی تۆ هەیە، هونەرمەند هەگیز لەبیری کاری کەسێتیدا نیە بەڵکو هەمیشە لەخزمەتی هونەرەکەیدایە. وادەزانم دەبووایە من قسەم لەگەڵ ئەو هونەرمەندە گەورە بکردایە، هیوادارم لەمەولا بتوانم بەخزمەت بگەم و کەم لوتفی ئێوەش نەبینم. هەوڵیدا ڕووی خۆی خۆش نیشان بدات، کەس نەیدەزانی لەهەناویدا چی ڕوودەدات، شەهلا فنجانێ قاوەی بۆ ڕاگرت، هانیە بەپەلە قاوەکەی خواردەوەو هەستاو وتی:

_ بەداخەوە ناچارم بڕۆم.

هورەنگ برۆکانی لێکناو وتی:

_ هێشتا لەدیدارت تێر نەبووین بۆچی وازو بڕیاری گەڕانەوەت دا؟ شەهلا بەردەوامی پێدا:

_ نانی ئێوارەمان لەگەڵ بخۆ، نامەوێت گوێبستی وشە ناسکەکانت نەبم.

هانیە کەسەرەتا بەمەبەستی مانەوە ڕۆشتبوو بەڵام لەناخەوە ئازاری دەچەشت زەردەخەنەیەکی کرد و وەڵامی دایەوە:

_ دایکم تەنهایە، دەبێ سەرێکش لەهاوڕێکەم بدەم. بەهەرحاڵ بمبەخشن. هورەنگ دەستی خوشکەکەی گوشی و وتی:

_ دووبارە سەرمان لێبدە، سڵاو بەدایەگیان بگەیەنە.

مەلەکیا بەخۆشەویستیەوە دەستی گوشی و وتی:

_ خۆشحاڵ دەبووم زیاتر گوێبستی قسەکانت بوومایە. شەوی هەینی میوانیەکمان هەیە شانازی دەکەین گەر تۆش

بەشداربێ. هانیە زۆر هەوڵیدا بیانویەک بدۆزێتەوە بەڵام پەرهام مۆڵەتی نەداو وتی:

_ دڵنیام دەعوەتەکەم قبووڵ دەکەیت؟ هانیە بەزۆر پێکەنینی خستە سەر لێو وتی:

_ هەوڵ دەدەم بەخزمەت بگەم.

_ تکادەکەم بەدڵنیاییەوە دەبێ بێت. ئەم ڕستەیە مەلەکیا وتی. دەربڕینی وشەکانی هێندە ڕاستگۆیانەبوو، هانیە هۆیەکی بۆ ڕەتکردنەوە نەبوو، وەڵامی ئەرێی دایەوە، پاش خوداحافیزی لەماڵی هورەنگ هاتە دەر و سوار بوو بەتوڕەییەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە. لەخۆی توڕە بوو، دیداری پەرهام ئەوەی پێ سەلماند بەئاسانی ناتوانێ بەسەرهەستی خۆیدا زاڵ بێت. کاتێ گەڕایەوە سەرێکی دا لەدایکی. پیرێژن لەگەڕانەوەی سەری سوڕما. پرسی:

_زۆر زوو گەڕایتەوە؟ بڕیار نەبوو بۆ نانی ئێوارە لەماڵی هورەنگ بمێنیتەوە؟ لەوانەیە کەسێک لەماڵ نەبووبێ؟

_ نەوەڵڵا هەمووان لەماڵ بوون، حەزم دەکرد بمێنمەوە، بەڵام نازانم بۆ وازو بێزاربووم. سەرم زۆر دێشێ.

_ دەتەوێ حەبێکت بدەمێ؟

_نە کەم کەم باشتر دەبێ.

_ هورەنگ چۆن بوو؟ حاڵی باش بوو؟

_ بەڵێ، هەموو باش بوون، هورەنگ وتی لەیەکەم دەرفەتدا سەری لێدەدەم. دایکی وتی:

_ هانیە؟

_ بەڵێ دایە!

بەشداربێ. هانیە زۆر هەوڵیدا بیانویەک بدۆزێتەوە بەلام پەرهام مۆڵەتی نەداو وتی:

_ دڵنیام دەعوەتەکەم قبوول دەکەیت؟ هانیە بەزۆر پێکەنینی خستە سەر لێو وتی:

_ هەوڵ دەدەم بەخزمەت بگەم.

_ تکادەکەم بەدڵنیاییەوە دەبێ بێت. ئەم ڕستەیە مەلەکیا وتی. دەربڕینی وشەکانی هێندە ڕاستگۆیانەبوو، هانیە هۆیەکی بۆ ڕەتکردنەوە نەبوو، وەڵامی ئەرێی دایەوە، پاش خوداحافیزی لەماڵی هورەنگ هاتە دەر و سوار بوو بەتوڕەییەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە. لەخۆی توڕە بوو، دیداری پەرهام ئەوەی پێ سەلماند بەئاسانی ناتوانێ بەسەرهەستی خۆیدا زاڵ بێت. کاتێ گەڕایەوە سەرێکی دا لەدایکی. پیرێژن لەگەڕانەوەی سەری سوڕما. پرسی:

_زۆر زوو گەڕایتەوە؟ بڕیار نەبوو بۆ نانی ئێوارە لەماڵی هورەنگ بمێنیتەوە؟ لەوانەیە کەسێک لەماڵ نەبووبێ؟

_ نەوەڵڵا هەمووان لەماڵ بوون، حەزم دەکرد بمێنمەوە، بەڵام نازانم بۆ وازو بێزاربووم. سەرم زۆر دێشێ.

_ دەتەوێ حەبێکت بدەمی؟

_نە کەم کەم باشتر دەبێ.

_ هورەنگ چۆن بوو؟ حاڵی باش بوو؟

_ بەڵێ، هەموو باش بوون، هورەنگ وتی لەیەکەم دەرفەتدا سەری لێدەدەم. دایکی وتی:

_ هانیە؟

_ بەڵێ دایە!

_ ئەڵێی حاڵت باش نیە؟ باشتر نیە بڕۆی پشوو بدەی؟ دەبینم ڕەنگت پەڕیوە. هانیە نیگای بڕییە دایکیو وتی:

_ ویستم داوایەکت لێکەم.

_ چیە؟ شتێک ڕویداوە؟

_ نەشتێکی گرنگ نیە، هەڵبەت زۆر گرنگ نیە. هەنگاوێک لەدایکی نزیک بـووەوە. لەکاتێکدا چـاوی بڕیبووە زەوی ژوورەکەو وتی:

_ ئەمەوێت چاکەیەکم لەگەڵ بکەیت.

_ باسەکە چیە هانیە؟

_ گەر دکتۆر سەدری هاتە سەردانت پێی بڵێ بەپێشنیارەکەی ڕازیم. هەردووکیان ماوەیەک بێدەنگ بوون. دایکی وتی:

_ خەریکی شتێکم لێ دەشارێتەوە دکتۆر چ پێشنیارێکی پێ کردوی؟

_ ئاوازو داواکاریت لە بیرچوو؟

_ مەبەستت کۆرشە؟ تۆ بەو ڕازیت؟ بەڵام پێشتر دژایەتیت دەکرد!

_کاتێ لەتاران نەبووم زۆرم بیر لێکردەوە دواتر بەو ئاکامە گەیشتم لەم تەنهاییە بێمەدەرو شەریکی ژیان دەستنیشان بکەم. دایکی بەسەرسوڕمانەوە تێی ڕاماو هەگیز بڕوای نەدەکرد بەو زووییە هانیە بڕیار بدات.

_ بەبڕوای من ئەمە ژیرانەترین بڕیـارە. من هەمیشە لەپێداگری تۆ نیگەران بووم بەڵام ئێستا لەدڵەوە خۆشحاڵم کۆرش کوڕێکی خـراپ نیە. بەتایبەتی دەست پـەروەردەی دکتۆر سەدریە. ساڵانێکە دکتۆر سـەدری پزیشکی تایبەتی

خێزانەکەمانەو لەرەوشت و ئاکاری شارەزاین.

_ دایکە ئەی کۆرش؟ تا چ ڕادەیەک ئەیناسیت؟

_ بەقەدەر تۆ دەیناسم. بە هیچ شێوەیەک ناتوانم باسی ئاکارو ڕەوشتی ئەوت بۆ بکەم چوونکە کەمتر تێکەڵاوی کردووین، بەڵام لەڕوکەشدا کەسێکی بەئەدەب و شەرمنە.

_ گرفتەکەی من ئەوەیە بە هیچ جۆرێک نایناسم.

_ هەڵبەت نابێتە گرفت دەتوانی بەکەمێ پرسیارو ئەم لاو لا بیناسی. بەهەر حاڵ خۆشحاڵم سەبارەت بەداهاتوت بڕیارتدا. ئیدی نیگەرانی تەنهایت نابم، لەیەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵ دکتۆر هەواڵەکەی پێ دەگەیەنم. دڵنیام دکتۆر خۆشحاڵی دەردەبڕێ.

_ لەگەڵ دکتۆر بڕیارم وایە بەڕازی بوونم بانگهێشتنیان بکەم بۆ خوانێک.

_ بەڕاستی چاکە، ئەوکات دەتوانی بەباشی لەگەڵ کۆرش نزیک بیتەوەو ڕونتر لەبارەی داهاتووتەوە قسەبکەن.

_ دەی کەواتە خۆت کارەکان ڕێکبخە، بڕیاری کۆتایمە.

_ بەزووی ئەو کارەدەکەم. باسەکەت بەهورەنگ وتووە؟

_ ئەمشەو نەمتوانی قسەی لەگەڵ بکەم، بڕواناکەم لەوبارەوە دژایەتی بکات. ئێستا گەر مۆڵەت دەدەی دەچمە ژوورەکەی خۆم کەمێک پشوو بدەم.

_ نانی ئێوارەت خواردووە؟

_ نەخێر، دەڵێم بیهێننە ژوورەکەی خۆم.

_ شەوباش خۆشەویستم بڕۆ پشووبدە.

هانیە دەرگاکەی لەدواوە داخست و لەژوورەکە چووەدەر.

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە هانیە لەدەفتەری کارەکەی دانیشتبوو، گوێی لەدەنگی باران گرتبوو، خەیاڵی چوون بۆ ماڵی پەرهام مێشکی ماندو کردبوو، نەیدەزانی بچێ یان نە؟ خۆدزینەوەو نەچوون هیچ گرفتێکی چارەسەر نەدەکرد، چوونکە دەیزانی لەزۆر کۆڕو کۆبوونەوەدا لەگەڵ پەرهام و مەلەکیا ڕووبەڕوو دەبێ. پێی خۆش نەبوو لەبەر هەستەکانی خۆی لەکەدار بکات.

بەبڕوای ئەو کارەکە کۆتایی هاتبوو ئیدی نەیدەویست گوێ بۆ زمانی هەستەکانی بگرێت. لەلایەنێکی دیکەوە لەگەڵ پەرهام پەیوەندی هەبوو، دەبووایە بەهەرجۆرێک بووە عیشقی پەرهام لەدڵیدا کفن و دفن بکات. ئیدی لەوە زیاتر مێشکی خۆی بەوکارەوە ماندو نەکات. لەجێگەکەی هەستاو پاش خۆڕێکخستن لە گەلەرییەکەی هاتەدەر. . ئۆتۆمبیلەکەی هورەنگ لەبەر باران دەبریسکایەوە. لەساڵێک لەمەوبەر تائێستا براکەی دابووی بەو. سواربوو کەوتە جوڵە. کاتێ دای لەزەنگی دەرگاکە هێشتا دوودڵی مابوو. مەلەکیا بەدەمی پڕ خەندەوە دەرگاکەی بۆکردەوە باوەشی پیاکردو گۆنای ماچکرد.

بۆنێکی خۆش مرۆڤی مەست دەکرد. هانیە چەپکێ گوڵی دایە دەستی، مەلەکیا پڕبەدڵ سوپاسی کرد:

ـ ببوورن ڕازی بەزەحمەتت نەبووم.

_ شایەنی ئێوەی نیە.

مەلەکیا پێشووازی لێکردوهانیە یەکەمجاری بوو ماڵەکەیان ببینێ، پێکەوە چوونە ژوورەوە کاتێ هەنگاوی نایە نێو هۆڵی پێشووازی سەلیقەی کەیبانوی بۆدەرکەوت لەدڵەوە دەست خۆشی لێکرد. هورەنگ و هاوسەرەکەی لەلای پەرهام بینی. هانیە ئەحواڵ پرسی لەهەمووان کرد، لەلای شەهلا لەسەر قەنەفەکە دانیشت. مەجلیسێکی زۆر دۆستانە بوو، جارجار دەنگی پێکەنینی بەرزی هورەنگ هۆڵەکەی پڕ دەکرد. هانیە خەریکبوو لەپێستی خۆی بچێتەدەر. پێدەکەنی، لەگفتوگۆکەیان بەشداری دەکرد، بەڵام لەدڵەوە خەمبار بوو. هیچکەس ئاگای لەناوەوەی نەبوو. توانی هەستەکانی پەنهان بکات. مەلەکیاو پەرهام دوو هاوسەری خۆشبەخت بوون، ئەو لەنیگای عاشقانەیان ئەمەی بەدی کرد. دەیبینی پەرهام بەچ شەوقێکەوە هاوسەرەکەی ناودەبا، مەلەکیایش بەچ سەرنجێکەوە گوێ بۆ قسەکانی دەگرێ.

مەلەکیا زیاتر لە هەمووان لەگەڵ هانیە ئەدوا. پێیخۆشبوو لەگەڵ هانیە پەیوەندییەکی پتەو دروسبکەن، هانیە لەو هەموو سۆزو خۆشەویستیەی مەلەکیا سەری سوڕمابوو، پەرهام پیاوێکی کۆمەڵایەتی و خۆش مەشرەف بوو، خەریکی قسەکردن لەگەڵ هورەنگ بوو، بەهانیەی وت:

_پێم خۆش نیە لەماڵی من هەست بەتەنهایی بکەیت. ئەتبینم خۆشحاڵ دیارنیت؟ لەوانەیە کۆبوونەوەی ئێمە لەگەڵ ئێوە نیگەرانی کردبیت؟ بەڕاستی وایە؟

هانیە هەوڵیدا بەڕوخۆشی خۆی نیشان بدات، بەئەدەبەوە وتی:

_بەپێچەوانەوە من لەکاتی کۆبوونەوە لەگەڵ ئێوە خەمبار نەبووم و نابم.

_ زۆرم پێخۆش بوو ئێوە لەگەڵمان کۆببنەوە هەڵبەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەسفانەی پەرهام دەربارەی ڕەوشت و ئاکاری بەرزی ئێوە کردویەتی، ئێمە لەکاتی بێکاری زۆرتر سەبارەت بەئێوە ئەدوێین.

_سەبارەت بەمن؟ وانازانم هێندە باشەم هەبێ ئێوە بەردەوام باسی بکەن؟

_ پەرهام بەرامبەر بەتۆ هەستێکی تایبەتی هەیە ئەو بەڕاستی بەقەدەر برایەکت ڕێزت لێدەگرێ.

هانیە تابنا گوێی سوربووەوە، حەزیدەکرد بەهەر هۆکارێک بێ باسەکە بگۆڕێ، دەترسا روخساری دەرونی ئاشکرا بکات بەڵام مەلەکیا لەکۆتایدا سادە دڵانە بەردەوام بوو:

_ بەبڕوای ئەو من و تۆ دەتوانین دۆستێکی باشبین بۆ یەک، لەڕاستیدا منیش هاوڕام لەگەڵی، دەزانی من زۆر تەنیام کەسێکم لێرەنیە لەبەرئەوە زۆر حەزدەکەم زوو زوو یەکتری ببینین تا زیاتر لەئاکارو ڕەفتارتان ئاشنابم. ئەو وادەزانێ هونەرمەندەکان لەیەکتر دەگەن ئەمە بڕوای پەرهامە ئەگینا من لەبەرامبەر  تۆ خۆم بەهونەرمەند نازانم، بەڵام جارجار لەبەر تەنهایی شعر دەڵێم کەبۆتە جێی سەرنجی پەرهام، من لەتەواوی تەمەنمدا شعرم تەنها بۆ پەرهام خوێندوەتەوە، بەڵام تۆ هونەرمەندێکی گەورەیت و من لەدڵەوە ڕێزی تایبەتم بۆت هەیە.

ـلەسەرنجی جوانتان سوپاسگوزارم لەڕاستیدا من شایەنی ئەو هەموو ڕێزو خۆشەویستیە نیم. من هونەرخوازێکم تەنها عاشقی کارەکەمم، بەڵام هەرگیز خۆم بە هونەرمەندێکی گەورە نابینم.

_خۆبەکەمزانینت گەورەییت ئەسەلمێنێ بەهەرحاڵ هیوادارم لەئایندەدا چەندین جار بەو خۆشەویستیەوە کەمن پێمخۆشە یەکتربببینین، دڵم ئەیەوێت ئەو شانازییە بدەن بەمن و تەنها دۆست و هاوڕازی من بن، بەبڕوای تۆ ئەمە داوایەکی زۆرە؟

_ بۆ منیش جێی شانازییە بەڵام دەبێ ئەوەشت پێ بڵێم من مرۆڤێکی کەم تاقەتم زیاتر حەز لەتەنهایی دەکەم لەوانەیە ببێتە هۆی دڵگرانی تۆ.

_بەپێچەوانەوە من هەرگیز نامەوێت زیـادەڕەوی بکەم، هەرگیز ماستاوچێتی بۆ کەس ناکەم، بەڵام نازانم بۆچی خۆم لەگەڵ تۆ لەکەسانی تر بەنزیکتر دەزانم، ئەم هەستەشم لەوانەیە هۆکاری تەنهایی بێ.

_لام سەیرە بەبوونی هاوسەرێکی وەک ئەندازیار پەرهام هەست بەتەنهای بکەیت. دەبینم زۆر لەگەڵ یەک دڵخۆشن، تا ئەو جێگەیەی سەرنجم دابێ ڕێز و خۆشەویستی هەیە لە نێوانتان.

_بەبڕوای تۆ نابێ لەدەرەوەی بازنەی هاوسەری هاوڕێیەکی دڵسۆزم هەبێ؟ ئایا مافی هەڵبژاردنی هاوڕازێکم نیە؟

_ خراپ تێمەگە مەبەستێکی خراپم نەبوو.

_ من لەمەبەستەکەتان گەیشتووم پەرهام بەهۆی سەرقاڵی کارەکەیەوە ناتوانێ دایم لەلای من بێ، ئێمە ژن و مێردێکی

بەختەوەرین، دان بەوەدا دەنێم بەبێ پەرهام من هیچ نیم. ئێمە بەخۆشەویستی بەیەک نەگەیشتین، بەڵام لەم ماوە کەمەدا خۆشەویستییەکی پتەو دروست بووە گومانی لەناوچوونیم نیە. عەشقی پایەدار بەزۆر بەیەکەوە بوون نیە. لەبەرئەوە پەرهام خۆشەویسترین کەسی منە، بەڵام هەردووکمان مافی ئەوەمان هەیە لەدەرەوەی بازنەی هاوسەرێتی هاوڕێی و هاوسۆزێکمان هەبێ.

_بەڵێ تۆ ڕاستدەکەیت، منیش بۆ هەڵبژاردن لەلایەن ئێوەوە سوپاسگوزارم هیوادارم ئەو دۆستە شایستە بم کەتۆ هەڵتبژاردووم.

_من لەگشت لایەنێکەوە تۆ بەشیاو دەزانم. جگە لەو وەسفانەی لەلایەن پەرهامەوە بیستوومە خۆشم حەزمکرد پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبێ، نازانم لەوانەیە لەدڵەوە پێم پێکەنی، بەڵام من جگە لە پەرهام لەم دونیایەدا کەسێکم نیە. لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە بێ پێوستم بەهاورێیەکی دڵسۆزو ڕاستگۆ هەبێ.

مەلەکیا بێدەنگ بوو، شێوازی قسەکردن و ڕاستگۆیی ئەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هانیە بەجێهێشت. گەر دۆستایەتی ئەوی قبووڵ بکردایە دەبووایە پەیوەندی لەگەڵیدا زۆر بووایە، بەردەوام لەگەڵ پەرهام ڕووبەڕوو دەبوو ئەمەش ئەو شتە بوو کەهەراسانی دەکرد. لەلایەنێکی دیکەشەوە دەست نان بەرووی کچێکی دڵشکاو کارێکی شیاو نەبوو. مەلەکیا لەو چاوەڕوانی دۆستایەتیەکی پاک و ڕاستگۆیانەی هەبوو لەکاتێکدا ئەو نەیدەزانی هانیە دەربارەی ئەو چی لەسەردایە. لەڕاستیدا هانیە

ئەوی بەڕەقیبی خۆی دەزانی، ڕەقیبێک کە نەخوازراو عەشقی ئەوی لەناوبرد. دەیزانی ئەو لەو کارەدا بێگوناهە. خەتای خۆی بوو کەلەو ساڵانەدا عەشقی خۆی پەنهان کردبوو، هانیە نەیدەویست دڵی مەلەکیا بڕەنجێنێ لەبەرئەوە وەڵامی ئەرێی پێدایەوەو دۆستایەتی ئەوی قبووڵ کرد. ساتێ دواتر مەلەکیا مێزی خوانی ڕازاندەوە، ئەو کورسیەکەی خۆی بە جۆرێک دانابوو لەکاتی نانخواردن بەردەوام لەگەڵ هانیە گفتوگۆیان دەکرد.

پەرهام لەلایەک دانیشتبوو کەمتر دەکەوتە بەرچاوی هانیە. چەند خولەکێک دوای کاتژمێر ١١ هانیە بەمەستی خودا حافیزی هەستا. بەخۆشەویستیەکی تایبەتەوە خوداحافیزی لەهەموان کرد، مەلەکیا تابەردەرگا هات لەگەڵی لەکاتی جیابوونەوە دەستە باریک و لاوازەکانی خستە نێودەستی هانیەو بەنەرمی گوشی. هانیە پەیمانیدا زیاتر سەردانی بکات بەدرێژای ڕێگا بیری لەقسەکانی مەلەکیا دەکردەوە. لەگەڵ خۆی دەدوا گەر مەلەکیا بزانێ چ هەستێکی بەرامبەر پەرهام هەیە، ئایا دیسان ئامادە دەبوو ئاوا بەمیهرەبانی دەستی بگوشێ؟ ئەو کەدەستی پێدا بەڵێنی هاوڕێیەتی پێدا خۆی لەبەرامبەر ئەو پەیمانەدا بە بەرپرس دەزانی، دەبێ بەهەر جۆرێک بێت پەرهام لەخەیاڵی خۆی دەربکات. کاتێ گەیشتەوە ماڵەوە ئۆتۆمبیلەکەی بردە گەراج و بێدەنگ چووە ژوورەکەی خۆی. دڵنیابوو دایکی لەم کاتەی شەودا نوستووە، تەنانەت گەر بێداریش بووایە هانیە تاقەتی قسەکردن لەگەڵ کەسی نەبوو، خۆی ئامادەی نوستن کردو چووە سەر قەرەوێڵەکەو بەهۆی ماندوێتیەوە چووە نێو دەریای قوڵی خەوەوە.

چوار ڕۆژ دوای ئەو ڕوداوە دکتۆر سەدری پەیامی نارد شەو لەگەڵ کوڕەکەی بۆ نان خواردن لای ئەوان دەبن. هانیە دەیزانی چرکەکانی ژیان لێرەوە دەستپێدەکەن، دەبێت هەستەکانی ڕابردوو لەخۆی دووربخاتەوە لەگەڵ پیاوێک زەماوەند بکات هیچ هەستێکی بەرامبەری نیە. هیواداربوو لەپێکەوەژیانی لەگەڵ کۆرش بەکردەوەی جوان و ئاکاری بەرز خۆشەویستی بۆخۆی راکیشێ. وای پێ باشبوو لەکاتی گفتوگۆکەیان هورەنگ ئامادەبێ و دایکیشی ئەم هەستەی لاپەسەند بوو، بۆیە تەلەفونی بۆ کردو پێی وت، ساتێ بەر لەگەیشتنی میوانەکان هورەنگ خۆی بەوێ گەیاند.

بڕیاری کوت و پڕی هانیە دەربارەی هاوسەریتی بۆ ئەو سەرنج راکێش بوو، لەبەر ئەوەی بەبێ هیچ دژایەتیەک ڕازی بوو. خەریکی پێشووازی میوانەکان بوو، دکتۆر سەدری لەسەر بڕیاری خۆی دووکاتژمێر بەر لەنانخواردن لەگەڵ کوڕەکەی گەیشتنە ئەوێ.

دایکی هانیە بەوهەموو دەردەوە لەسەر عارەبانەکە لەهۆڵی پێشووازی ئامادەبوو، تالەو گفتوگۆیەدا بەشدار بێ کەچارەنوسی تەنها کچەکەی دیاری دەکرد. هانیە دواهەمین کەس بوو هاتە ژوورەوە نیگای تیژی کۆرش تێی ڕامابوو. . .

هانیە بەخێرهاتنی گەرمی کردن و لەلای دایکی دانیشت. دکتۆر کەبەر لەهاتنی ئەو لەگەڵ هورەنگ سەرگەرمی وتوێژ

بوو، بەردەوام بوو لەقسەکردن. هانیە نیگای ئاسایی بڕییە کۆرش. کۆرش بۆی ڕوانی لەکاتێکدا کە نیگایان تێکەڵ بوو کۆرش زەردەخەنەیەکی کردو سەری داخست. خزمەتکار جگە لەکاری ماڵەوە پەرستاری دایکی هانیەشی دەکرد، بەچاو میوە پێشووازی لەمیوانەکان کرد. لەو کاتەدا دایکی هانیە ڕووی لە دکتۆر سەدری کرد و وتی:

_دکتۆر ئەم شەو بۆ من شەوێکی گەورەیە، کەئێوە هاتوونەتە ماڵمان ئەمەش جێگەی شانازییە بۆمان. سەدری سەرێکی بەنیشانەی خۆ بەکەمزانین جوڵاند. کاتێک چاوەکانی سەدری لەسەر هانیە بوو وەڵامی دایەوە:

_شانازییەکی گەورەیە هانیە ببێتە بەشی ئێمە، ئومێدەوارم یادەوەرییەکانی ئەمشەو کۆتای بە چاوەڕوانی چەند مانگەمان بهێنێ و بهێنێ و قەرەبوو بکاتەوە. هورەنگ پێکەنینێکی کردو لەدڵی خۆیدا وتی: ئەم کارە لەزووەوەیەو من بێئاگام! لەوەڵامدا وتی:

_ ئاغای دکتۆر من جیاواز لەم باسە هەمیشە باسی پیاوەتی ئێوەم کردووە، بۆ من جێگەی شانازییە لەگەڵ ئێوە خزمایەتی بکەم. هیوادارم ئەم کارە بناغەو پایەی خزمایەتیەکەمان پتەوتر بکات. بەهەرحاڵ واباشترە بچینە سەرباسی سەرەکی، پێمخۆشە بەلاوەکان مۆڵەت بدەم تا داواکارییەکانیان باسبکەن هیوادارم ئەم قسانەم بە لاتانەوە خراپ نەبێ.

_نەخێر بەهیچ جۆرێ منیش لەگەڵ تۆ هاوڕام، قسەکانی ئێمە پەراوێزەو ڕەگ و ڕیشەی کارەکە دەبێ لاوەکان باسی بکەن چوونکە هەمیشە هەق بەژنانە بۆیە داواکارم خانمی

خۆشەویست داواکاریەکانت بڵێ.

هانیە چاوەکانی بڕییە دکتۆر سەدری بەزەردەخەنەوە وتی:

_ئەمە یەکەم جارە دەست پێبکەم قسەی یەکەمی مەجلیسیش بکەم. داواکارەکان هەمشیە هاتوون و قسەیان کردووەو منیش لەسەر قسەی ئەوان قسەم کردووە بەڵام وادیارە ئەمشەو باسەکە بەلایەکی دیکەدا شکاوەتەوە بەهەرحاڵ من دەبێ ئاکار و ڕەوشت و داواکارییەکانی خۆم باسبکەم. دکتور سەدری قسەکەی پێ بڕی و وتی:

_ لەگەڵ داوای لێبووردن کە قسەکانت پێ دەبڕم، ئەو عادەت و ڕەسمیاتەی تۆ باسیدەکەیت بۆ خێزانێکە کە پێشتر یەکتریان نەناسیووە زیاتر بۆ ناسینی خێزانەکانە، دواتر دێنە سەر لاوەکان، بەڵام ئێمە لەدێر زەمانەوە بەیەکتری ئاشناین.

_تۆ ڕاسدەکەیت، بەهەرحاڵ وەکو دەزانن من تەمەنم (٢٥) ساڵەو ڕشتەی نەقاشیم لەدانشگای هونەری تەواکردووە. تەنها دڵگەرمیم بە هونەرەکەمە چوونکە من بەبێ هونەرەکەم هیچ نیم لەبەر ئەوە لەهاوسەری داهاتووم چاوەڕوان دەکەم هونەرەکەم بەرز بنرخێنێ هەرگیزو لەژێر هیچ هەل و مەرجێکدا ڕێگەم لێ نەگرێ. هانیە بێدەنگ بوو. دکتۆر سەدری سەری بە نیشانەی ڕازی بوون جوڵاند، کۆرش کاتێ بینی لێوەکانی هانیە وەستاو بێدەنگ بوو، بێدەنگی شکاندو وتی:

_جگە لەدوونیای هونەرەکەت هیچ داواکارییەکت لە هاوسەرەکەت نیە؟

_ئێستا عەرزتان دەکەم. ئەوەی وتم داواکاریمە ئەگینا من لەژیانی هاوسەریدا جگە لە هاوڕێی و ڕاستگۆیی و لێک

گەیشتن، هیچ داواکارییەکی ترم نیە، پاکداوێنی ڕەوشتی بەرزی هاوسەرەکەم لە بەرامبەر بەدڕەوشتی ناو کۆمەڵ لەهەر شتێک زیاتر داواکـارم. پێم خۆشە هاوسەرەکەم بیرو باوەڕێکی پاک و ئاکارێکی پەسەند و ڕۆحێکی خاوێنی هەبێ، بەبڕوای منیش بەڕێزتان خاوەن هەموو ئەمانەن. ئەی تۆ داواکاریت لە هاوسەرەکەت چیە؟

_ خانم گیان من لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانت هاوڕام.

_ خۆشحاڵم لەگەڵ من هاوڕایت.

کۆرش بەتێڕوانینی مێشکی قسەکانی لێکدەدایەوە لەکاتێکدا هەوڵیدا زەردەخەنەی لێوانی ون نەکات بەردەوام بوو:

_ بەداخەوە بۆ داواکاری یەکەمت من بەتەواوی لەدونیای هونەر دوورم بەتایبەتی هونەری شێوەکاری، بەڵام هەمیشە هونەرمەندم خۆشدەوێ. دەربارەی داواکاری دووەمت بەتەواوی لەگەڵت هـاوڕام. من بەبوونی هاوسەرێکی وەکو تۆ هەست بەغرور و سەربەزی دەکەم و هەوڵ ئەدەم تا ئەو جێگەیەی بتوانم هاوکاریشت بکەم.

هانیە بەخۆ بەکەم زانینەوە وتی:

_چاوەڕوانی تۆ لەمن جێگەی سوپاسە، هیوادارم لە تەواوی لایەنەکانی ژیاندا هاوبیر و ڕابین. من شتێکی ترم بۆ وتن نیە.

دوای ئەوەی هەردووکیان داواکاری خۆیان وت. نۆرەی گەورەکان هات. ئەوانیش بەهۆی ناسینی پێشترەوە وتووێژیان زۆری نەخایاند. لەو کاتەدا هیچ ڕێگرێک لەئارادا نەبوو، هانیە بڕیاری کۆتای دابوو بەڵام هەستێکی نادیار هەراسانی کردبوو. کۆرش لاوێکی جوان و سەرنج ڕاکێش بوو. هەموو کچێک

ئامادەبوو زەماوەندی لەگەڵ بکات، بەتایبەتی ڕوخسارێکی شیرین و جوانی هەبوو قسەکانی خۆی زۆر بەنەرمی دەکرد. لەنێوان قسەکاندا ئەوەش باسکرابوو کەدەرامەتی باشی هەیەو دەتوانێ هەموو داواکاری هاوسەرەکە جێبەجێ بکات. هانیە گرنگی بەو بابەتە نەدەدا، سەروەت و سامانی هاوسەرکەی نەیدەتوانی چاوبەستی لێبکات. چوونکە خۆی لە بوواری مادییەوە هیچ گرفتێکی نەبوو. پێی خۆش بوو هاوسەری داهاتوی عاشق بێ بۆ ئەوەی جێگەی پەرهامی بۆ پڕبکاتەوە، لەبەر ئەوە وەڵامی ئەرێی بەکۆرش دایەوە تابتوانێ جێگەی پەرهامی بۆبگرێتەوە. هیچ کەس بەئەندازەی دکتۆر سەدری لەو باسە خۆشحاڵ نەبوو. ئەو لەنێوان وتوێژەکاندا هەموو هەستەکانی خۆی بێ پەردە باسکردبوو، تێبینی ئەوەشی کرد کەئەوانی دیکەش دڵخۆشن. کۆبوونەوەی ئەو شەوە بەسەر گرتنی داواکارییەکان کۆتایی هات. کۆرش بۆ دیاریکردنی دەزگیرانی زۆر بەپەلەبوو هەموو پێداویستییەکانی ئامادەکرد لەنێو ڕۆژەکانی هەفتە ڕۆژی پشووی دەست نیشان کرد هەردوولا بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە بانگ کردنی خزم وکەس. ڕۆژی سێ شەممە جەژنی مەزهەبی‌و پشوو بوو. هەموو بانگکراوەکان لەماڵی هانیە کۆبوونەوە. دایکی هانیە لەسەر کورسی تایەدار دانیشتبوو، کچانی خێزانەکە سەرگەرمی پێشوازی میوانەکان بوون. هانیە بە پێویستی زانی پەرهام و مەلەکیا بانگێشت بکات.

مەلەکیا لەتەواوی ماوەکەدا بەخۆشەویستیەوە بەدەوری هانیە دەسوڕا. پاش کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکە ئەوان یەکەمین

کەس بوون پیرۆزباییان لەو دوو دەزگیرانە جوانە کرد.

پەرهام گوڵدانێکی پڕ لەگوڵی ڕازاوەی پێشکەش بەهانیە کرد، هانیە ئەو یادگارییە گەورەیەی بە خێرایی بردە ژوورەکەی خۆی، لەوڕۆژەوە تاچەند مانگێک هانیە هەرکات ئەو یادگارییەی دەبینی دڵی دەکەوتە پەلەپەل و خەم دایدەگرت. دوای تەواو بوونی ئاهەنگەکە میوانەکان نیازی ڕۆشتنیان هەبوو، پەرهام کە قۆڵی لەنێو قۆڵی مەلەکیادا بوو، جارێکی دیکە پیرۆزباییەکی گەرمی لێکردن و هیوای ژیانێکی پڕ بەختەوەری بۆ خواستن، دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەوێیان بەجێ هێشت. کۆرش و دکتۆر سەدری دوا کەسانێک بوون ئەوێیان بەجێ هێشت، کاتێ هانیە تەنها بوو چووە سەر جێگەی نوستنەکەی زۆر نیگەران بوو. ئەیوست لەوەو دوا تەنها بیری لای دەزگیرانەکەی بێ، دەیوست بەرامبەر گرێبەستەکەی بەوەفابێ، بیرکردنەوە لەپەرهام بەخیانەتی دەزانی بەرامبەر کۆرش. لەبەیانی ئەو ڕۆژەوە جگە لەکارە هونەرییەکانی کارێکی دیکەی بۆ زیاد بوو ئەویش پرس و ڕا بەدەزگیرانەکەی دەربارەی کارەکانی. کۆرش زۆربەی کاتە بەتاڵەکانی لەگەڵ ئەو بەسەردەبرد. رۆژ بەڕۆژ بەرنامەی تازەو دڵخۆشی زیاتری دەردەبڕی. هانیە هەوڵی دەدا لەگەڵ دەزگیرانەکەی ڕاستگۆ بێ. دەکۆشا لەدڵەوە خۆشی بووێت هەوڵبدات لەگەڵ ویستەکانی ئەو بجوڵێتەوە. دایکی هانیە هەروا لەسەر جێگەکەی کەوتبوو ڕۆژبەرۆژ حاڵی خراپتر دەبوو. دکتۆر سەدری لەتەندروستی نائومێد بوو بەڵام پێی خۆش نەبوو لەگەڵ منداڵەکانی باسبکات. تەمەنی دایکی زۆری بەدەمەوە نەمابوو، دەبووایە خۆیان بۆ ئەو ڕوداوە

ناخۆشە ئامادەبکردایە و لەگەڵیدا بسازانایە.

دایکی هانیە لەگەڵ ئەو هەموو چاودێرییە باشەی لێیاندەکرد لەناخەوە پەی بەوە بردبوو تەمەنی کۆتایی هاتووە. ناتەواوی لاشەی و داروخاندنی هەناو ئاگاداری تەواویان پێ دابوو، کەوا لەنزیکەوە دەنگی ساردو سڕی مەرگ ببیستێ و پێشبینی تەواوی بۆ بکات. هانیەو هورەنگ لەگەڵ ئەو هەموو دڵدانەوەش هێشتا نەیانتوانی فریوی بدەن. پیرەژن لەهێزی لەش و توانای خۆی پەی بەوە بردبوو گەیشتۆتە کۆتایی هێڵ.

چاودێری و ئاکاری جوانو غەمگینی منداڵەکانی بەو ئاکامەی گەیاندبوو دەبێ ئیدی ماڵئاوایی بکات. چاوە هەڵئاوسەکانی هانیە نیشانەی گریانی زۆربوون بۆی، لەدانیشتنێکدا کەدکتۆرسەدری کوڕەکەشی ئامادەبوون، ویستیان کاتی گوێزانەوە و مارەبڕین دیاری بکەن، دایکی هانیە ئەیوست بەر لەهاتنی ئەجەلی کۆتایی بەو کارە بهێنن. دوو هەفتە دواتر ئاهەنگی مارەبڕین و زەماوەند لەماڵی دکتۆرسەدری بەڕێوە چو، بەڵام هانیە بڕیاریدا تادواچرکەی ژیانی دایکی لەلای بێ، بەتەنها جێی نەهێڵێ کۆرشیش هیچ دژایەتی نەکرد. گەلەریەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی داخست، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ دایکی بەسەر دەبرد. مەلەکیا بەردەوام سەری لێدەدان و بەئەندازەی ئەو نیگەران و غەمبار بوو.

لەم ماوەیەدا بەئەندازەیەک پێکەوە بوون زۆرجار بەبێ یەک بێ تاقەت دەبوون، لەژێرەوە بۆ حاڵی دایە ئەگریا. مەلەکیا هانیەی هاندەداو بەکارەکەیدا هەڵی دەدا، هانیەش ئامادەیی لەبوونیادی مەلەکیا بەدی دەکرد بەردەوام هانی ئەدا. دوومانگ

دوای زەماوەندی هانیە دایکی گیانی سپارد، هانیە لەگەڵ ئەوەی پێشبینی وەها ڕوداوێکی کردبوو. چەند مانگێک بوو خۆی بۆ ئامادەکردبوو، لەگەڵ ئەوشدا گورزێکی کاریگەر و بارێکی گران بوو بۆ سەر شانی و بەتەواوی توانای خۆی لەدەست دابوو. کەسانی دەوروبەری دڵخۆشیان دەدایەوە، بەتایبەتی مەلەکیا زۆر ڕاستگۆیانە هاودەردی دەکرد و هەوڵی دەدا باری سەر شانی سوک بکات. لەماوەیەکدا کە پەرهام بۆ کار چوو بووە شارێکی تر، زۆربەی کاتەکانی لای هانیە بەسەر دەبرد. کۆرش زۆربەی کاتەکانی گرفتاری کار بوو، لەبەر پیرەژن تەنانەت نەیانتوانی مانگی هەنگوینی بەڕێوە ببەن و بچن بۆ سەردان و گەڕان، کۆرش لەوبابەتە زۆر نیگەران بوو، بەڵام بەڕوی هانیەیدا نەیهێناو لەناخیدا گلیدایەوە.

لەمردنی دایک، هورەنگ کەمتر لەهانیە خەمبار بوو. هانیە تاچەند مانگێک تەعزێ بارو غەمبار بوو لەبەرئەوە جیاوازیەک کەوتە نێوان ئەو و هاوسەرەکەی، کۆرش وایدەزانی ژنەکەی گرنگی پێنادات، هانیە ئاگای لەدڵی ئەو نەبوو، وایدەزانی بەتێپەڕبوونی کات هەموو شتێک دەگۆڕێ.



CamScanner

دوای چەندمانگێک، مەلەکیا هانیەو کۆرشی بانگهێشت کردبوو بۆ ئێوارە خوانێک. لەڕۆژی زەماوەندی ئەو دوانە یەکەمین دەعوەت بوو مەلەکیا بووک و زاوا بانگ بکات. هەردووک پەیمانیاندا بچن. پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لەکاتێکدا هانیە چاوەڕوانی هاوسەرەکەی دەکرد تاپێکەوە بچن بۆ میوانیەکە، کۆرش بەتەلەفون پێی ڕاگەیاند ئەو زووتر بڕوات چاوەڕوانی ئەو نەکات چوونکە لەبەر کارێکی گرنگ دەبێ تادرەنگ لەکۆمپانیا بمێنێتەوە، داوای لێبووردن لەوانیش بکات. هانیە لەگەڵ ئەوەی زۆر لەبەر دڵی گران بوو وتی:

_کارت زۆر درێژە ئەکێشێ؟

_نە ئازیزم، تۆ بڕۆ منیش بەر لەکاتی نانی ئێوارە خۆم دەگەیەنمە ئەوێ.

_ باشە بەڵام هەوڵبدە درەنگ نەکەوی.

_دڵنیابە، لەلایەن منەوە دوای لێبووردن لەپەرهام بکە، هەوڵدەدەم قەرەبووت بۆ بکەمەوە.

هانیە هێشتا ئۆتۆمبیلەکەی هورەنگی پێ بوو، بەتەنها ڕێگەی ماڵی پەرهامی گرتەبەر. مەلەکیا بەڕوویەکی گەش و دەم بەپێکەنینەوە لەئامێزی گرت و گۆناکانی ماچ باران کرد. پەرهامیش بەڕووی خۆشەوە پێشووازی لێکردو هەواڵی کۆرشی پرسی:

_ دەبینم بەتەنها هاتووی! ئەی زاوا کوا؟

هانیە داوای لێبووردنی کرد و وتی:

_ کارێکی گرنگی بۆ هاتەپێش و وتی دواتر خۆم دێم. زۆر لەو بابەتە نیگەران بوو، مەلەکیا دەستی ڕاکێشاو بەئارامی لەسەر قەنەفەکە دایناو وتی:

_ وەرە دانیشە، باقاوەیەکت بۆ بهێنم. نازانی لەوەی ئەمشەو پێکەوەین چەندە خۆشحاڵم.

_ منیش هەروام، چەند مانگە لەماڵ نەچوومەتە دەر.

_بەڕاستی لەم ماوەیەدا خۆت زۆر ئەزیەت دا واباشە زیاتر لەماڵ بچیتە دەر.

_جارێک سەرم لەنوسینگەکەمدا. نەمتوانی خۆم بگرم. بەڵام لەئێستەوە بڕیارم داوە کارەکانم دەست پێ بکەمەوە. بێکاری خەریکە تەواو لەناوم دەبا.

_بەتەواوی لەگەڵ ئەو بڕیارەت هاوڕاتم، منیش جارجار سەرت لێدەدەم. کاتێ لە تۆ و پەرهام دوورم دەڵێی ژیانیان لێ تاساندووم. قاوەکەت بخۆ سارد دەبێتەوە.

_ سوپاس.

کاتێ مەلەکیا چووە چێشخانە پەرهام هەلێکی دەستکەوت و وتی:

_منیش دەبێ بۆ بابەتێک لەقوڵایی دڵەوە سوپاستکەم. هانیە فنجانە قاوەکەی داناو بەسەر سوڕمانەوە وتی:

_هیچ شک نابەم شایەنی سوپاسکردن بێ، کارێکی وا گرنگم ئەنجام نەداوە.

_ هەڵس و کەوتی تۆ لەگەڵ مەلەکیا بەتەواوی ڕۆحیەی مەلەکیای گۆڕیوە. ئەمەش شیاوی سوپاسە.

_ ئێمە بۆ یەک هاوڕێی باش و دڵسۆزین. گەر مەلەکیا نەبووایە منیش هەستم بەتەنهایی دەکرد، پێشتر هەرگیز هەوڵم نەداوە دۆستایەتی کەس بکەم . . . وامدەزانی مرۆڤ لەتەنهایدا دەتوانێ دەرونی خۆی ئارام بکات. ئەو بووە هۆکاری ئەوەی من دۆستایەتی زیاتر هەست پێبکەم.

_کاتێ مەلەکیا لەگەڵ من زەماوەندی کرد زۆر تەنها بوو. لەڕووکەشدا لەبەر چەند هۆکاری تایبەتی بڕوای بەکەس نەدەکرد، نەمدەویست لەماڵی مندا هەست بەکەمایەتی بکات بۆیە ئامۆژگاریم کرد زیاتر لەتۆ خۆی نزیک بکاتەوە. پێم وت تۆ دەتوانی ڕاستگۆ بیت لەگەڵی، لەناو خزم و کەسەکانم زیاتر حسابم لەسەر تۆ کرد، خۆشبەختانە لەدوای من تۆ جێگەی بڕواو ڕازەکانی مەلەکیایت من لەو بارەوە زۆرت لێ مەمنونم و سوپاستدەکەم.

_ مەلەکیا کچێکی خۆشەویستە من خۆشحاڵم هاوڕێیەکی باشم پەیدا کردووە. ئێمە لەم ماوەیەدا لەدوو خۆشک زیاتر لەیەک نزیکین.

_ هەروایە بەتەواوی هەست بەوە دەکەم. لەبەختی ڕەشی من. بەهۆی کارەکەمەوە سەفەر زۆر دەکەم ئەمە وا لەهاوسەرەکەم دەکات هەست بەتەنهایی بکات، بەڵام تۆ دەتوانی جێگەی خاڵی من پڕ بکەیتەوە. هانیە زەردەخەنەیەکی کرد و بەگاڵتەوە وتی:

_هیوادارم لەوەی توانیومە گۆشەیەک لەدڵی مەلەکیا داگیر بکەم. نەبمە جێگەی ئیرەیی بەڕێزتان، چوونکە هیچکەس خۆشی لەڕەقیب نایەت. پەرهام بەدەنگی بەرز پێکەنی و وەڵامی دایەوە:

_خۆشبەختانە بەهیچ جۆرێ ئێرەیی لەمندا نیە، لەکانگای دڵمەوە سوپاست دەکەم. خێزانی ئێوە هەمیشە لەگەڵ من میهرەبان بوون، من هەرگیز ئەوە لەیاد ناکەم.

هانیە بەخۆ بەکەمزانینەوە وتی:

_کاتێ بیر لەرابردوو دەکەمەوە لەشەرما سەر نەوی دەکەم. ئەو ڕۆژانە ئاکارم لەگەڵ تۆ باش نەبوو.

_ بەپێچەوانەوە، بەبڕوای من ڕۆژانی شیرین بوو، لەوانەیە کەللەرەقیم زۆر نیشاندابێ حەزمدەکرد بەردەوام لەخوێندن سەرکەتوو بی. خۆم بەقەرزاری باوکی تۆ دەزانم.

هانیە بەگۆشەی چاو تەماشای سەعاتەکەی دەستی کرد، ئەم کردارەش لەپەرهام شاراوە نەبوو، باسەکەی گۆڕی و وتی:

_ئەڵێی کۆرش زۆر درەنگی کرد.

هانیە هەوڵیدا نیگەرانی خۆی بشارێتەوە. وتی:

_لەهەر کوێ بێ دەبووایە ئێستا بهاتایە، کۆرش زۆر سەرگەرمی کارە زۆرجار تا درەنگ لەکۆمپانیا دەمێنێتەوەو کاری زیادە دەکات. هەڵبەت من ڕازی نیم.

پەرهام سینیە میوەکەی بردە پێشترو وتی:

_من لەدڵەوە عاشقی مرۆڤی کارکەرو دڵسۆزم، ئێوە هاوسەرێکی خۆشبەختن و من لەو بابەتەوە پیرۆزبایتان لێدەکەم.

_سوپاس.

مەلەکیا هاتە ژوورەوە و دەم بەپێکەنین لەلای هانیە دانیشت و وتی:

_بڕیارت نەداوە بەتەواوی دەست بەکار بکەیتەوە؟

_بەڵێ نیازم وایە لەدوای مەرگی دایکم دووچاری خەم و شپرزەیی بووم، بەڵام سەرئەنجام بڕیارمدا لە غەم و خەفەت بێمەدەر.

_ چ وێنەیەکت لەبەر دەستایە؟

_دەمەوێت لەسروشت کەڵک وەربگرم.

_کەواتە دەبێ بچین بۆ شاخ و کێو.

ئەو خەیاڵەشم هەیە، چاوەڕوانم کەمێ هەوا خۆشبێ ئەوکات باروبنەم کۆدەکەمەوەو دەچم بۆ دەشت و دەر. ژیان دەبێ لەگەڵ سروشت بەڕێ بکرێ. مەلەکیا ئەندامی باریک و ناسکی لەسەر قەنەفەکە ئەم دیو ئەو دیو کرد و ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

_منیش لەمنداڵیەوە عاشقی دەشت و دەرم. هەمیشە حەزئەکەم ماوە ماوە لەماڵ بچمەدەر. لەگەڵ ژیانی ناو شووقە ڕانەهاتووم، لەم چوار دیوارەو دەرگا داخراوە بێزار بووم. مرۆڤ هەستەکانی لەنێو قەفەسدا بەندە.

هانیە بەنیشانەی هاوڕایی سەری باداو وتی:

_ئەو قەفەسە شارستانیەت دروستی کردووە. هۆیەکەش ئەوەیە هەموو شتێ لەمرۆڤ دەستێنێ، پێت خۆشە لەیەکێک لەڕۆژە پشووەکانی هەفتەدا بچینە ئامێزی سروشت؟

مەلەکیا لەو پێشنیارە بەئاگا هات و سەیری پەرهامی کرد، بەشێوازێکی منداڵانە وتی:

_دەکرێ ئەو کارە سەربگرێ؟

پەرهام پێکەنی وتی:

_ گەر تۆ پێت خۆش بێ بەنزیکترین کات هەموو شتێ ئامادە دەکەم، نازانم بۆچی زووتر ئەمەم بەمێشکدا نەهاتووە لەوانەیە هۆی خۆپەرستی بێ!هانیە وتی:

_ گەڕانێکی چوار کەسی زۆر دڵگیرە، منیش دەتوانم نوێگەری لەکارەکەمدا بکەم. پەرهام لەوەڵامدا وتی:

_مەلەکیایش دەتوانێ ئیلهامەکانی بڕێژێتە سەر کاغەز، پێتم وتبوو مەلەکیا ئارەزووی نوسینی هەیە؟

_بەڵێ پێشتر باسی ئەم بابەتەت کردبوو، بەڵام مەلەکیا هەرگیز کارەکەی بەڕاستی نەگرتووە.

_مەلەکیا دەیەوێت شعرەکانی لەگشت کەس بشارێتەوە.

مەلەکیا بەشەرمەوە سەری دانەواند وەڵامی دایەوە:

_پەرهام حەزئەکا لەهەر باسێکدا گاڵتەیەک بکات، مێشکی من پڕە لەئاواز و ئیلهام بەڵام غیرەتم نیە بیخەمە سەر کاغەز.

پەرهام قاچی خستە سەر قاچ و وتی:

_بەپێچەوانەوە خۆشەویستم، تۆ خەریکی خۆشکاندن دەکەیت، من یەک دوو پەڕەم خوێندەوە پەیم برد بەهۆش و بیرت خۆت بەناڕەوا ئەو کارە دوائەخەیت، باشتر وایە دەست نوسەکەت بدەیتە هانیە باکەسێکی بێ لایەن بۆچوونی خۆی بڵێ لەسەری. هانیە ڕووی کردە مەلەکیا وتی:

_خانمی خۆشەویست، ئیدی پەردەپۆشی سودی نیە، واباشە لەنوسینەکانت سوودمەندمان بکەیت.

مەلەکیا زەردەخەنەیەکی کرد و ویستی قسە بکا بەڵام لەو کاتەدا زەنگی تەلەفون لێدا. پەرهام تەلەفونەکەی بەرزکردەوە، هانیە ڕووی کردە مەلەکیا و وتی:

_خۆیەتی کۆرشە.

پەرهام خەریکی قسە کردن بوو، بەقسەکانیدا هانیە بۆی دەرکەوت ئەو کەسەی قسە دەکات کۆرش نیە، بەدڵە خورپەو نیگەرانیەوە تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و مەلەکیا پرسی:

_بۆچی کۆرش درەنگی کرد.

_نازانم، داوام لێکرد لەگەڵ تەواوبوونی کارەکەی بێتە ئێرە.

_لەوانەیە گرفتاری کارێک بێ ئاگای لەکات نەمابێ، واباشە تەلەفونێ بۆ کۆمپانیا بکەیت؟

_ڕاستدەکەیت، لەبەر زۆری کار پێدەچێ میوانی ئەمشەوی لەبیر کردبێ.

هەر کەتەلەفۆنەکەی پەرهام تەواوبوو هانیە تەلەفونی بۆ کۆمپانیا کردو داوای کرد لەگەڵ کۆرش قسەبکات، کەسێک کەلەکۆمپانیا بوو وەڵامی دایەوە کە کۆرش چەند سەعاتێک دەبێ لەکۆمپانیا ڕۆشتووە. هانیە دوای خوداحافیزی ژمارەی ماڵەوەی گرت، چەند دەقیقەیەک تەلەفونەکەی بەدەستەوە بوو بەڵام جگە لەزەنگ هیچی تری بەر گوێ نەکەوت، پاش کەمێک بێدەنگی جارێکی تر لێیدایەوە لەگەڵ کۆرش کەهەناسەبڕکێی پێکەوتبوو قسەی کرد، کۆرش بەشێوازێکی پۆزش خواستنەوە بەهانیەی وت کەوا ئێستا گەڕاوەتەوە بەپەلە تەلەفونەکەی هەڵگرتووە، لەوەڵامی هانیەدا کە وتبووی تائێستا لەکوێ بووی وتبووی چەند خولەکێک دەبێ لەکۆمپانیا گەڕاوەتەوەو هاتۆتە ماڵەوە جلو بەرگەکەی بگۆڕێ و بێتە ئەوێ، هانیە ویستی قسە بکات بەڵام وای بەباش زانی قسەناکات. کۆرش وتی چەند خولەکێکی دیکە خۆم دەگەیەنمە ئەوێ پاشان تەلەفونەکەی

داخست. هانیە تەلەفونەکەی لەدەستدا بوو، بەڵام لەڕوخساریدا وادەرئـەوت لەشتێ نیگەرانە، کۆرش ئەیوت چەند خولەکێک ئەبێ لەکۆمپانیا گەڕاوەتەوە، لەکاتێکدا هاوکارەکەی وتی سێ کاتژمێرە کۆرش گەڕاوەتەوە، هیچ پاساوێکی بۆ ئەو درۆیە نەدەبینی. گومان و دوو دڵی ئازاریان دەدا لەگەڵ ئەوەش هەوڵی دەدا گومان لەخۆی دوورخـاتـەوە لەوانەیە کۆرش کارێکی تری هەبووبێ‌و نەیتوانی بێ بەم بڵێ بۆیە ئەو درۆیەی کرد. تاگەیشتنی کۆرش هەوڵیدا ڕوداوەکە لەبیر خۆی باتەوە.

کۆرش بەڕوویەکی گەشەوە هاتە ژوورەوە لەبەر دواکەوتنی داوای لێبووردنی لەهەمووان کرد. شێوازی ڕاستگۆیانەی ئەو هەموو گومانی دڵی هانیەی دەرکرد.

پەرهام هەستێکی تایبەتی بەرامبەر کۆرش هەبوو، چەند ئەو ڕاستگۆیانە بدوایە ئەم زیاتر بەگومان دەبوو، دەنگێک لەدەرونیا پێی دەوت کۆرش هەرگیز ناتوانێ هاوسەری داواکراوی هانیە بێ، چەند هەوڵی دەدا ئەم هەستەی خۆی بەهەڵەبزانێ، بەڵام لەدیدی ئەودا کۆرش لاوێکی کەم تەرخەم و ڕیاکار بوو.

هێشتا وەکو پێشتر ڕێـزی هانیەی دەگـرت، گـەر لەبەر شەرم نەبووایە هەموو شتێکی بەهانیە دەوت، بەڵام هێشتا بڕوای تەواوی بەهەستەکانی نەبوو، نەیویست بیری هانیە بەو شتانەوە سەرقاڵ بکات، بڕیاریدا هەموو شتێ بەتێپەڕبوونی کات بسپێرێ. پەرهام لەگەڵ ئەو هەستانەش هەوڵیدا خۆی بەرامبەر کۆرش ڕوخۆش نیشانبدات و ئەرکی میوان پەزێری بەباشی بەڕێوە ببات، گەرچی لەنیگای قوڵی کۆرش هەستی بەهەرزەیی و بێ پەروایی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوخۆش و

میهرەبان بوو لەگەڵی. چوار کەس شەوێکی خۆشیان بەیەکەوە بردەسەر، لەکۆتایی شەودا کۆرش و هانیە بەکۆمەڵێ یادگاری جوانەوە ماڵەکەیان بەجێهێشت. کاتێ پەرهام لەدوایانەوە دەرگاکەی پێوەدا نیگەران و دوودڵ دەهاتە بەرچاو لەسەر قەنەفەکە دانیشت و چاوی بڕییە خاڵێک.

مەلەکیا دوای ڕێخستنەوەی کەل و پەلی ماڵ بەئاوازێکی دڵسۆزانەوە پرسی:

_چیە پەرهام؟ ئەڵێی شتێ نیگەرانی کردووی؟ ناتەوێ پێم بڵێی؟

پەرهام بەزۆر زەردەخەنەیەکی کردو وەڵامی دایەوە:

_نە شتێکی گرنگ نیە، بەڵام ئاوڕێکی بەلای هاوسەرەکەی دایەوە و پرسی:

_مەلەکیا، بەبڕوای تۆ کۆرش چ جۆرە مرۆڤێکە؟

مەلەکیا لەم پرسیارە واقی وڕما و پرسی:

_مەبەستت چیە؟

_دەمەوێ ڕای تۆ سەبارەت بەو بزانم، دەمەوێت بزانم تاچ ئەندازەیەک هەستەکانم هەلەدەکەن.

_چیت لەکۆرش بینیوە کەوا بەرامبەری بەگومان بوویت؟

_هێشتا تۆ وەڵامت نەداوەتەوە پێم خۆشە لەزمانی تووە بیبیستم، ئەو چ جۆرە مرۆڤێکە؟

مەلەکیا تۆزێک بیری کردەوە و پاشان وەڵامی دایەوە:

_بەبڕوای من کەسێکی باشە، ئارام و میهرەبان و لەسەر خۆیە.

_هەر ئەوەندە؟

_لەوانەیە تۆزێک خۆ بەزلزان بێتە بەرچاو ئەوەش بەهۆی لەو پایەی باوکیەوەیەتی، بەڵام بەگشتی لاوێکی خراپ نیە. مرۆڤێکی باش و گاڵتەچی دێتە بەرچاو. بەڵام من لەمەبەستت ناگەم لەچ ڕوویەکەوە دەڵێیت؟

_بەبڕوای من کەسێکە لەڕووکەشدا خۆی وانیشان ئەدا، بەڵام بەباشی نانوسێ بەدڵمەوە، خۆشت باش ئەزانی حەزم لەبەدگومانی نیە، تابەجوانی بەرامبەر نەناسم بیروڕای خۆم دەرنابڕم، واهەستەکەم هەموو جوڵانەوەکانی فریودەرە، لەوە ئەترسێ ڕاستیەکان ئاشکرابێ.

_نازانم بڵێم چی! من سەبارەت بەو وابیر ناکەمەوە چوونکە تا ئێستا خاڵێکی لاوازم لێ نەبینیوە.

_وادەزانم بەهیچ جۆرێ هانیەی خۆشناوێت، لەکاتێکدا هەوڵ ئەدا خۆی وانیشاندا مرۆڤێکی ڕاستگۆ و بەوەفایە.

_وانازانی زیادەڕەوی دەکەیت؟

_لەوانەیە تۆ ڕاست بکەیت بەڵام دەمەوێت زیاتر لەبارەیەوە بزانم.

_کۆرش هاوسەرەکەی خۆشدەوێت و ڕێزی دەگرێ ئەمانەش لە جوڵانەوەیدا دەردەکەوێ. کەس ناچاری نەکردووە زەماوەند لەگەڵ هانیە بکات. لەبواری داراییەوە کەمی نیەو لەبواری کۆمەڵایەتیەوە جێگەی خۆی هەیە، هەر عیشق بۆتە هۆی هەڵبژاردنی هانیە. تۆ لەخۆتەوە نیگەرانی هەولبدە گومانەکان لەخۆت دوورخەیتەوە. گەر کەڵەک لەکاریدا بووایە هانیە یەکەم کەس دەبوو لەو بابەتە ئاگادار دەبوو چوونکە لەهەموو کەس بەو نزیکترە.

_خودا بکات من بەهەڵەدا چووبێتم، من هانیەم بەقەدەر خۆشکێک خۆشدەوێ حەز ناکەم هیچ کات توشی گیروگرفت بێ.

تۆ بەپێچەوانەی من مرۆڤێکی باش و خۆش بینی سەرم سوڕدەمێنێ دەربارەی کۆرش ئاوا بۆ چوونێکت هەیە! تائێستا لەچەند جارێک هاتو چومان زیاتر نەبووە وادەزانم لەداهاتو ئەو گومانانەت نامێنێ، کۆرش تایبەتمەندییەکی هەیە سەرنجی کەسانی دەوروبەر بۆ خۆی ڕادەکێشێ.

_بەڵێ وایە هەر ئەوە مایەی نیگەرانی منە، هەرکات لەرووکەش ئەڕوانم دەبینم کەسایەتی خۆی نیە، ڕووپۆشێکی داوەتە ڕوخساری، خوا بکات ئەم بۆ چوونەی من هەمووی گومان بێت. پەرهام لەوێدا گفتوگۆکەی کۆتایی پێهێنا، بەلاّم هەرچی کرد نەیتوانی پێش بەنیگەرانیەکانی بگرێ. هانیە ماشینەکەی لێدەخوڕی کۆرش سەری زمان و بنی زمانی بەگوڵ قسەی لەگەڵ دەکرد. کاتێ گەیشتنە ماڵەوە هانیە ئۆتۆمبیلەکەی بردە گەراج دەستی لەناو دەستی کۆرش لەقادرمەکان چوونە سەر. ساختمانەکەی دکتۆر سەدری بینایەکی چوار نهۆمی بوو، خۆی لەنهۆمی یەکەمدا دەژیا و هانیەو مێردەکەشی لەنهۆمی دووەمدا دەژیان، کۆرش حەزی دەکرد نهۆمی دووەم لەباوکی بکڕێتەوە هانیە لەکاتی تێپەڕبوونی ویستی زەنگی دەرگای دوکتۆر لێبدا بەلاّم کۆرش وتی:

_ئێستا باوکم خەووتوە واباشترە بهێڵیت لەنێو خەونە ئاڵتونیەکانیدا نوقم بێت.

_بەڵێ ڕاستدەکەیت نابێ لەم وەختە درەنگەی شەودا زەحمەتی بدەین.

کۆرش دەرگای ماڵەکەی کردەوە، دەستی برد گڵۆپەکەی داگرساند، لەگەڵ داگیرساندنی هەردووکیان چوونە ژوورەوە.

کۆرش چاکەتەکەی داکەند، قۆپچەی کراسەکەی کردەوە، بەماندوییەوە چووە سەر قەنەفەکان.

_شەوێکی خۆش بوو بەڵام نازانم بۆ ئەوەندە ماندووم.

_لەبەر ئەوەیە تا درەنگان کار ئەکەیت.

_لەگەڵ خۆم پەیمانم بەستووە دەبێ تا دوو و سێ ساڵی تر ئەم ماڵە لەخاوەنەکەی بکڕمەوە، لەبەر ئەوە دەبێ بەباشی کاربکەم.

_منیش دەتوانم یارمەتیت بدەم، بڕیارە پێشانگایەک بکەمەوە، گەر پێشوازی باش لەتابلۆکانم بکرێ پارەیەکی باشم دێتە دەست، ئەو کاتە ئەتوانین ئێرە بکڕین.

_بەڕاستی چاک دەبێ.

_ئەڕۆم جلەکانم ئەگۆڕم و خێرا ئەگەڕێمەوە، هانیە چووە ژووی نوستنەکەیان و پاش گۆڕینی جل و بەرگەکانی دووبارە گەڕایەوە هۆڵەکە. کۆرش دەستی خستبووە پشت سەری بۆ تابلۆکەی بەرامبەری ئەڕوانی. هانیە لەلای دانیشت بەمیهرەبانیەوە وتی:

_حەز دەکەی قاوەیەکت بۆ بهێنم؟

کۆرش دەستەکانی هێنایە خوار و وتی:

_سوپاستدەکەم، باشترە بڕۆم بخەوم ئیدی ناتوانم لەسەر قاچەکانم بووەستم.

_منیش خەریکە خەو دام دەگرێ، سەرەتا دەبێ دەم وددانم بشۆم پاشان بخەوم.

_دوای تۆ منیش ددانم دەشۆم.

هانیە بەر لەکۆرش چووە ناو جێگای نوستن، لەپڕ شتێکی تیژ چوو بەقاچیدا، هـاواری لێهەستا و لەسیستەمەکە هاتە خـوارو بەبەری دەسـت سـەر جێگەکەی گـەڕا. پەنجەی بەر تیژیەک کەوت کاتێ هەڵیگرت و تەماشای کرد نەیتوانی پێش بەسەرسوڕمانی بگرێ. ئەوەی بەدەستیەوە بوو دەرزییەک بوویانی نیشانەی ژنانە بوو.

بەوردی بیری کردەوە ئەم دەرزییە هی ئەو نییە ئەی دەبێ هی کێ بێ؟ دۆزینەوەی دەرزییەک لەسەر جێگای نوستنەکەیان. هانیە بەتەواوی پەشۆکا بوو، بەقوڵی بیری کردەوە. جارێکی تر هەستی بەدگومانی سەراپای داگرت.

ژنێک هاتبووە سـەر جێگاکەی بـەڵام ئـەو ژنـە کێ بوو؟ کێ هاتۆتە سەر جێگای نوستنەکەی؟ ئەم دەرزییە تایبەت بەڕازانەوەی کچانە، ئەو کچە کێ بووە، کۆرش کاری چی بووە پێی؟

هانیە بۆنی خیانەتی لەجێگاکەی دەکـرد، ئەبێ کـۆرش چ بەهانەیەکی بۆ ئەمە پێبێ؟ هەروا دەرزییەکەی بەدەستەوە بوو، کاتێ کۆرش هاتە ژوورەوە بەرەو ڕووی گرتی و پرسی:

_کۆرش ئەم دەرزییە ئەناسیت؟

کۆرش تەماشایەکی کرد ڕەنگ بەڕوویەوە نەما. هەوڵیدا خوێن ساردی خۆی بپارێزێ، بە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

_نەچۆن بیناسم؟ لەوانەیە هی خۆت بێ.

_بەڵام من هەرگیز دەرزی وام نەبووە.

_نازانم، لەوانەیە هی یەکێ لەمیوانەکان بێ کەهاتووە بۆ ماڵمان.

_بەلام بۆچی لەسەر جێگای نوستن؟ لەگەڵ ئەوەشدا من هەموو بەیانیەک سەر جێگاکە ڕێکدەخەم، ئەوا هەفتەیەکە کەس نەهاتووە بۆ ماڵمان تەنانەت مەلەکیاش.

_ئازیزم ئەوەندە گرنگ نیە، دۆزینەوەی دەرزییەک ڕێگە لە خەوتنمان بگرێ، ئەزانی من زۆر ماندووم خۆشت بەهەمان شێوە.

_کۆرش ڕاستیەکەی بڵێ، ئەمشەو کەسێک هاتۆتە ئەم ماڵە؟

کۆرش دەستەکانی ئەوی گرت بەلام هانیە خۆی ڕاپسکاند و درێژەی پێدا:

_حەز ئەکەم درۆم لەگەڵ نەکەیت، من حەز بەدرۆ ناکەم.

_نامەوێت بت خەڵەتێنم.

_دەی کەواتە ئەبێ ڕاستیەکەم پێبڵێی، لەوانەیە گومانی خراپی پێ ببەم.

_باشە هەموویت بۆ باس دەکەم بەو مەرجەی تورەنەبی، ئەمڕۆ یەکێ لەهاوکارەکانم کاتێ زانی کەچەند کاتژمێرێ لەماڵەوە نابین، تکای لێکردم کلیلی ماڵەوەی بدەمێ تالەگەڵ دەزگیرانەکەی بێنە ئێرە و تۆزێک دەسبازی بکەن، ئەزانی مەبەستم چیە؟ ئاخر ئەوانیش لاون حەزئەکەن کەمێک پێکەوە تەنها بن.

_بەلام تۆ مافی ئەوەت نیە بێ ئەوەی پرس بەمن بکەیت کاری وابکەیت، ئەم کارەت زۆر ناپەسەندە.

_بەڵێ خۆشەویستم، دان بەهەڵەی خۆمدا دەنێم، بەلام هیچ

چارەیەکم نەبوو، بڕوابکە لەڕوو دامام ئاخر کوڕی بەڕێوبەری کۆمپانیاکەمانە، ترسام گەر ڕازی نەبم لەناو کۆمپانیاکەدا گرفتم بۆ دروست بکا. بەهەرحاڵ پەیمانت ئەدەمێ دووبارە نەبێتەوە، ئامادەشم هەر کارێ تۆ بڵێی ئەنجامی بدەم.

هانیە لەچاوەکانی مێردەکەی ورد بووەوە لەڕوکەشدا ڕازی بوو بەقسەکانی، بەڵام لەدڵەوە بەگومان بوو.

کۆرش دەستەکانی بردە لای ملی و ماچی کرد و بەردەوام بوو:

_هیوادارم ئەم بابەتە جیاوازی نەخاتە نێوانمانەوە، حەزناکەم کەمترین دڵگرانیت لەمن هەبێ، چوونکە هەرگیز درۆت لەگەڵ ناکەم و هەمیشە وەفا دارم بۆت.

هانیە زەردەخەنەیەکی هێنایە سەرلێوی، دەرزییەکەی خستە سەر مێزی ئارایشتەکەی لەسەر جێگاکەی ڕاکشا، کۆرش چووە ناو جێگاو خێرا چووە نێو خەوێکی قوڵ، بەڵام هانیە ئارامی لێبڕابوو. هەستێک لەناخیدا هاواری ئەکرد کەنابێ بەقسەی مێردەکەی بکات. تەنانەت گەر ڕاستیش بکات، نەدەبوو، کۆرش سەرکەشانە کەژاوەی هاوسەری تێکەڵ بەشتی تر بکات.

هەوڵی ئەدا بیری خراپ بەمێشکیدا نەیەت، دڵی خۆی بەوە خۆش ئەکرد کەوا کۆرش عاشقی ئەوەو هەرگیز خیانەتی لێناکات و جارێکی تر دووپات نابێتەوە. لەبەر تاوانەکەی کە خۆشی بەگەورەی ئەزانی داوای لێبووردنی کرد. هانیە پێڵوەکانی لێکناو هەوڵیدا بەئارامی بخەوێ.

مەلەکیا بەبێدەنگی لەجوڵانەوەی دەستەکانی هانیە راما بوو. هانیە بەشێوەیەک نوقمی بیرکردنەوەکانی بوو، هەروەک لەم دونیایەدا نەبێ. لەسەر چیمەنەکە بەپێوە وەستابوو، بەفڵچەکەی دەستی خەریکی کێشانی تابلۆیەکی بەهاری بوو.

کۆرش‌و پەرهام کەمێک لەوان دوور تر، خەریکی پیاسە کردن‌و قسە کردن بوون. کۆرش پاکەتێک بنێشتی دەرهێناو دانەیەکی دا بەپەرهام. پەرهام بەئەدەبەوە وتی:

-سوپاستەکەم ناخۆم.

کۆرش کاغەزی دەوری بنێشتەکەی لێکردەوەو خستیە دەمی‌و بەپێکەنینەوە وتی:

-بۆچی؟ بۆ گۆڕینی بۆنی ناو دەم خراپ نیە.

-من هەرگیز حەز بەخواردنی بنێشت ناکەم.

-من کاتێ دەرفەتی جگەرە کێشانم نەبێ، پەنا بۆ بنێشت ئەبەم.

-جگەرە کێشانیش بەبڕوای من کارێکی ژیرانە نیە. هەمیشە ئامۆژگاری دۆستەکانم ئەکەم لەجیاتی جگەر کێشان‌و دوکەڵ کردن، سود لەخواردنی بستەو کشمیش وەرگرن.

-منیش سەرەتا وەک تۆ بیرم ئەکردەوە، بەڵام کاتێ هۆگری جگەرە بووم، ئیرادەم لەدەستدا. لەوانەیە شتێک بڵێم بڕوا نەکەی، باوکم پزیشکەو تا ئێستا چەندین وتاری لەسەر زیانی جگەرە بڵاو کردۆتەوە، کەچی خۆیشی جگەرە کێشە.

-بەڵێ بەداخەوەم، چەندەها جار ئەوانەم بیستووە.

قسەکانی ئەوان دەربارەی زۆرشت بوو. هانیەو مەلەکیاش لەکاتی بەتاڵیدا سەرگەرمی کاری خۆیان بوون. هانیە دوای تەواوکردنی تابلۆکە، فڵچەکەی خستە ناو زەرفێکی بچوکو روویکردە مەلەکیاو پرسی:

-چۆنە جوانە؟

-بەراستی جوانە، تۆ سروشت ئەوەندە بەجوانی رەنگ ئەکەیت مرۆڤ بەتەواوی هەستی پێ دەکات.

-سوپاستەکەم، تۆ هەمیشە کارەکانی منت پێ جوانە، گەر قاوەیەکم بۆ تێکەی مەمنون ئەبم.

-بەچاوان.

مەلەکیا ساردوگەرمەکەی دەرهێناو قاوەیەکی بۆ تێکردو دایە دەستی.

-سوپاس، قاوە بەتەواوی ئارامم ئەکاتەوە، تۆ چی؟ ناخۆیت؟

-چۆن ئێستا فنجانێکیش بۆ خۆم تێدەکەم، ئەزانی خۆ چاو قاوەی زۆر بۆ من خراپە.

-بۆچی؟ گەدەت ئازار ئەدا؟

-نە پەیوەندی بەگەدەمەوە نیە. تائێستا دەرفەتێکی لەبار نەبووە هەموو شتێکت بۆ باسبکەم. وادەزانم ئێستا باشترین دەرفەت بێ.

-چی بووە؟ بەجۆرێک قسە ئەکەیت بەتەواوی نیگەرانت کردم.

مەلەکیا ئاهێکی کێشا، نیگای وەکو کۆترێکی سەرگەردان بەرەو دوور رۆشت. وەڵامی داوە:

-من نهێنیەک لەناخم دایە، نهێنیەک کە تائێستا بۆ کەسم باس نەکردووە، تەنانەت بۆ پەرهامیش. بهێلە ڕاستییەکەت بۆ باسبکەم، گەر تا ئێستا زیندو ماوم تەنها لەبەر خۆشەویستیو عیشقی پەرهامە. گەر پەرهام نەبووایە هەرگیز نەمدەتوانی لەگەڵ گرفتەکانم کێ بەرکێ بکەم. بەداخەوەم لەوە زیاترت ناتوانم بۆ باسبکەم.

مەلەکیا بێدەنگ بوو، پەنجەکانی تێک ئاڵاند. هانیە ئاهێکی کێشاو بەخوێنساردییەوە وتی:

-هەقت پێدەدەم پەرهام مرۆڤێکی بەڕێزەو شایەنی لەوەش زیاترە. من ساڵانێکە دەیناسم تائێستا پیاوێکم هاوشێوەی ئەو نەبینیوە، دەبێ پیرۆزبایت لێبکەم بەڕاستی پیاوێکی شیاوت بۆ هاوسەرایەتی هەڵبژاردووە.

-لەوانەیە هەق بەتۆ بێ، هەرواشە کەدەڵێیت، هەندێ جار وا بیردەکەمەوە رەنگە فریوم دابێ. من کاتێک لەگەڵ ئەو ئاشنا بووم، هەموو دەرگاکان بەڕوومدا بەسرابوو، هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆم بۆ باسکرد جگە....جگە لەوە کە.... تۆ دەزانی موبتەلای نەخۆشیم، نەخۆشییەک هەرچرکەیەک لەوانەیە لەپێم بخات.

مەلەکیا بێدەنگ بوو، هانیە بەسەر سوڕمانەوە پرسی:

-تۆ باسی چی ئەکەی؟

-ئەزانم، تەنانەت تۆش باوەڕ ناکەیت! ساڵانێک لەمەوبەر یانی لەتەمەنی یازدە ساڵیمدا، دووچاری ئەو نەخۆشیە کوشندە بووم. یەکەم دەرکەوتنی لەوساڵەدا بوو. ئازارێک لەقەفەزەی سینگو بازوو شانم، سەرەتا ئەوەندە گرنگ نەدەهاتە بەرچاو،

دایک و باوکم بەهۆی ئاهوناڵەمەوە بردیانمە لای پزیشکی پسپۆڕ. هەر پزیشکێک بۆچوونێکی هەبوو، دواین پزیشک وتی پارچە گۆشتێکی زیادە بەدیواری دڵمەوەیە، سکماکەو هیچ چارەسەرێکی نیە. لەوکاتەوە تا ئێستا دووچاری ئەو دەردە بووم. تەنانەت نەشتەرگەریش چارەی ناکات.

تنۆکەی ئەشک بەگۆناکانی مەلەکیادا هاتەخوار. بەپەژارەوە درێژەی پێدا:

-بەهیچ شێوەیەک چاوەڕوانی چاکبوونەوەم ناکرێ. هەرچرکەیەک ئامادەی مردنم.

هانیە بەتوندی قسەکانی پێ بڕیو وتی:

-نابێ نائومێد بی، هەندێ جار زانستی پزیشکی پەرجوی وا ئەسازێنن تەنانەت بۆ پزیشکەکانیش جێگەی سەرسوڕمانە.

-کاری من لەپەرجو تێپەڕیوە، هێشتاش هەندێ جار لەگەڵ ئەو ئازارە روو بەڕوو ئەبمەوە، بەڵام تا ئێستا نەم هێشتووە پەرهام هەست بکات. چەند رۆژێک لەمەوبەر کە دووچاری دەردو ئازارێکی زۆر بووم، سەردانی پزیشکێکی تایبەتم کرد، پێی وتم نابێ بەهیچ شێوەیەک خەفەت بخۆمو شوێنی قەرەباڵغ بچم، هۆشداری ئەوەشی دامێ نابێ بەهیچ شێوەیەک بیر لەسک پڕیو منداڵ بکەمەوە. ئەم بابەتە زۆر نیگەرانی کردم، بۆچی ئەبێ لەسۆزی دایکێتی بێ بەش بم؟ ئەی پەرهام چی؟ بۆچی نابێ ببێتە باوک؟ بریا بەر لەهاوسەریمان باسەکەم پێ بووتایە، هەرچۆن بێ رەنگە ئەوکاتە بڕیارێکی تری بدایە، یان وا باشتر بەرگەی بگرتایە، بەڵام من بەهۆی بێ کەسیو تەنهایی ئەوم

فریودا، ئێستا لەشەرمەزاریو ئازاری ویژداندا خەریکم دیق ئەکەم.

مەلەکیا دەستی گرت بەدەمو چاویەوە بەئارامی گریا. هانیە کەبەبیستنی ئەو قسانە دڵتەنگ بووبوو بەدڵسۆزییەوە وتی:

-مەلەکیای خۆشەویست، ئەوەندە خۆت سەرزەنشت مەکە، هەرکەس لەجێگەی تۆ بووایە ئەوکارەی ئەکرد، مافی خۆتە ژیانێکی ئاسایت هەبێ، ئاخر درەنگ یان زوو زەماوەندت هەر ئەکرد، لەگەڵ ئەوەی پزیشک لەمەترسی نەخۆشییەکەت ئاگاداری کردوی، پێویستە هیوات بەخودا هەبێ، زۆرن ئەوانەی نەخۆشی دڵیان هەبووەو تا تەمەنێکی زۆریش ژیاون.

مەلەکیا لەگریان وەستاو وتی:

-ژیان بەبێ منداڵ چ بایەخێکی هەیە؟ رەنگە من بتوانم بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە خۆم لەمنداڵ بوون بەدوور بگرم، بەڵام ئەی پەرهام؟ بۆچی دەبێ ئەو لەبوونی هاوسەرێکی تەندروستو شیرینی منداڵ بێ بەش بێ؟

-پەرهام بەدڵ عاشقی تۆیە، بڕوا ناکەم هەرگیز لەهەڵبژاردنی تۆ وەکو هاوسەری ژیان پەشیمان بێ، تەنانەت گەر بەر لەهاوسەریش نەخۆشیەکەی خۆت پێ بووتایە دیسان پەشیمان نەدەبوو، ئەمە لەپیش چاوم وەکو رۆژی روناک دیارە، ئەشتوانی لەخۆی بپرسی، دڵنیام لەگەڵ من هاوڕایە. بوونی تۆ بۆ پەرهام لەهەر شتێک بەنرخترە، ئەشتوانن گرفتی منداڵ بەشێوەیەک چارەسەر بکەن، زۆر ژن هەیە لەگەڵ ئەوەی لەروی جەستەییەوە تەندروستن بەڵام نەزۆکن، ئەو بابەتەش نابێتە هۆی تێکدانی ژیانی هاوسەرییان.

قسەکانی هانیە تەسکینی بەرۆحیەتی مەلەکیا ئەدا. هانیە بەبیستنی نەخۆشی مەلەکیا زۆر نیگەرانو خەمبار بوو، بەلام هەولێدا لەمەلەکیای بشارێتەوە، ئەو باسە بۆ ئەو مایەی نیگەرانی بوو چوونکە مەلەکیای بەدڵ خۆشدەویست. پەیمانیشی پێدابوو لەهەر ناخۆشییەکدا یارو یاوەری بێتو لەیارمەتیدانی هیچ درێغی نەکات.

مەلەکیا بەپێداگری هانیە بڕیاریدا هاوسەرەکەی لەنەخۆشیەکەی ئاگادار بکات. پەرهام کە لەنەخۆشیەکەی ئاگادار نەبوو بەدڵ و گیان عاشقی بوو، هەمیشە وەکو پەپولە بەدەوریدا ئەسوڕایەوە، هەمیشە وەکو تازە عاشقیک سۆزو خۆشەویستی بۆ دەر ئەبڕی.

هاوینی ئەوسالەدوو روداوی ناخۆش بۆ ئەو دوو خێزانە رویدا، روداوی یەکەم بۆ مەلەکیا بوو، پەرهام لەلایەن کۆمپانیاکەیەوە بۆ ماوەی مانگیک نێردا بۆ دەرەوەی وڵات. بەرلەوەی بڕوات چووە لای هانیە بۆ ئەوەی داوای لێبکات تا دەگەڕێتەوە هەولبدات زۆرترین کات لای مەلەکیا بێ.

پەرهام هێشتا لەنەخۆشی دڵی خێزانەکەی ئاگادار نەبوو، نەیدەزانی گرفتاری چ دەردێکە. هانیە بڕیاریدابوو مەسەلەکەی پێ بڵێو داوای لێبکات زیاتر چاودێری بکات، بەلام نەیدەویست ئەو نهێنیەی مەلەکیا بەهۆی بڕوا پێ بوونەوە پێی وتبوو بیدرکێنێو مەلەکیا بڕەنجێنێ.

-گەر ناچار نەبوومایە هەرگیز ئەم سەفەرەم نەدەکرت، بەلام بۆ بەستنی گرێبەستێکی گرنگ ماوەیەک لەئێران ئەڕۆم. تکات لێدەکەم زیاتر لەجاران سەر لەمەلەکیا بدەی.

-دڵنیابە ناهێڵم تەنها بێ.

-ئەوە گەورەترین خزمەتە کە بۆم ئەنجام ئەدەی. نامەوێت لەنەبوونم مەلەکیا هەست بەتەنهایی بکات، ئەزانم بەبوونی تۆ دووچاری هیچ گرفتێ نابێ.

-مەلەکیا ژنێکی بەتواناو ژیرە، لەگەڵ ئەوەش هەوڵئەدەم بۆی باشبم.

-نازانم بەچ زمانێک سوپاست بکەم، ئێستا دەتوانم بەخەیاڵی ئاسودەوە سەفەرەکەم بکەم.

هانیە بەپێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە وتی:

-گەر داواشت نەکردایە هەر تەنیام نەدەهێشت، چوونکە ئێمە دوو هاوەڵی خۆشەویستی یەکترین، لەلایەنی دەرونیەوە پێویستمان بەیەکە.

-خۆشحاڵم دۆستێکی میهرەبانی وەک تۆ نزیکمان بێت.

-لەبابەت مەلەکیاوە خەیاڵت تەواو ئاسودە بێ، ناهێڵم بەبێ تۆ هەست بەتەنهایی بکات، ئەوەندەی گاڵتەی بۆ دەڵێم تۆی لەبیر ئەبەمەوە.

بەو شێوەیە پەرهام چو بۆ سەفەرەکەی، هانیە بەبوونی ئەو هەموو گرفتە ئابوورییەی خۆیەوە زۆرترین کاتەکانی بۆ مەلەکیابوو. کۆرشیش گرفتی تازەی بۆ دروستکردبوو، بەکڕینی ئۆتۆمبیلێکی نوێ قەرزێکی زۆری هێنابوویە سەری، هانیەی ناچار بوو پێشانگایەک بکاتەوەو تابلۆکانی بفرۆشێ تا ئەو قەرزە بداتەوە.

کۆرش پەیمانی پێدابوو بەزووی سولفە بکاتو پاداشتی ئەم چاکەیەی هاوسەرەکەی بداتەوە. هانیە کە دووچاری گرفتی

دارایی بوو بوو، بەوەرگرتنی پارەی قوتابیەکانی تا ڕادەیەک توانیبووی کێشەکەی چارەسەر بکات، مەلەکیا زۆرجار ئەچووە شوێنی کارەکەی هانیە بۆ ئەوەی بتوانێ هونەری وێنەکێشان فێر بێ.

دوو هەفتە بەسەر ڕۆشتنی پەرهامدا تێپەڕیبوو مەلەکیا دووچاری ئازاری دڵ بوو، خۆشبەختانە کاتێ ئەو ڕوداوە ڕویدا هانیەی لەلا بوو، بەبینی ئەو حاڵەی ئەو خێرا داوای لەفریاکەوتن کرد، بەزووی فریایان کەوێت. دوای گەیشتنی ئامبوولانس مەلەکیایان گەیاندە نەخۆشخانەی دڵو هانیەی سپاردیە نەخۆشخانەکە.

کارەکان زۆر بەخێرایی جێ بەجی کران، مەلەکیا لەبەشی (C. C. U) خەوێنرا. هانیە بەنیگەرانیەوە چاوەڕوانی ئەنجامی پزیشکەکان بوو. هورەنگو کۆرش بەبیستنی هەواڵەکە خێرا خۆیان گەیاندە نەخۆشخانە. دوکتۆر سەدری یەکێ لەهاوکارەکانی خۆی کەپزیشکی تایبەتی دڵ بوو ڕاسپارد بەتەواوی ئاگاداری بێ. ئەویش دوای تاقیکردنەوەکان فەرمانیدا بیگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکەی خۆی.

ڕێکخستنی کاروباری گوێزانەوەی مەلەکیا زۆر بەخێرایی‌و بەباشی بەڕێوەچو. دوکتۆر مەنسور فەرمانیدا تاقیکردنەوەی تەواوی بۆ ئەنجام بدەن، داواشی لەهانیە کرد لای بمێنیتەوە. کۆرش‌و هورەنگ و دوکتۆر سەدری کە دواتر هاتن بۆ لایان دوای ڕێخستنی کاروبارەکان گەڕانەوە بۆ ماڵەوەو هانیەش شەولای مەلەکیا مایەوە.

سێ ڕۆژ مەلەكیا لەخراپترین بارودۆخدا لەنەخۆشخانەدا بێهۆش مایەوەو لەتەواوی ئەو ماوەیەدا هانیە بۆ چركەیەكیش بەجێی نەهێشت. لەڕۆژی چوارەمدا هاتەوە هۆش و ئیدی مەترسی مەرگ تاڕادەیەک لێی دووركەوتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی چوارەم دوكتۆر سەدری هاتە سەردانی و بەبینینی، خەمباری لەروخساریدا بەدی ئەكرا، لەگەڵ هانیە چوونە گۆشەیەكو پێكەوە باسی نەخۆشیەكەی مەلەكیایان كرد.

-دوێنێ شەو چوومەماڵی پزیشكەكەی‌و سەبارەت بەنەخۆشیەكەی پرسیارم لێكرد.

-دوكتۆر چی وت؟

هانیە لەوكاتەوە شووی بەكۆرش كردبوو، دكتۆر سەدری بەبابە بانگ ئەكرد، دكتۆر سەدری سەرێكی باداو وتی:

-بەداخەوە هەواڵی ناخۆشی پێدام.

-بابەگیان تكات لێكەم بێ پەردە هەمووشتێكم پێ بڵێ، لەدوای پەرهام من نزیكترین كەسم بۆ مەلەكیا، واشدەزانم مافی ئەوەم هەیە هەموو شتێكی بزانم.

-ڕاستیەكەی كچم، مەلەكیا نەخۆشیەكی قورسی دڵی هەیە، لەوانەیە هەركاتێك ببێتە هۆی وەستانی دڵی، نەخۆشییەك كەدەرمانی نیە.

سەدری بێدەنگ بوو بەدەستەسرێكی سپی كەبەدەستیەوە بوو عارەقی نێوچەوانی سڕی‌و پاشان وتی:

-بەداخەوە بۆ ئەو ڕوداوە، بەدڵ حەزناكەم نائومێدت بكەم، بەڵام هەردەبێ ڕاستیەكەی بزانی. بەداخەوەم هیچ هیوایەك

نیە، بێچارە مەلەکیا، ئەو هێشتا زۆر گەنجە. خودا رەحمی پێ بکات.

هانیە سەری باداو وتی:

-من پێشتر ئەوەم دەزانی، تەنانەت مەلەکیاش لەنەخۆشیەکەی خۆی بەتەواوی ئاگادارە.

-زۆر سەیرە یانی ئەو پێشتر دەیزانی بەچ نەخۆشییەک گرفتارە؟

-بەلێ، گوایە ئەو نەخۆشیە سکماکەو لەپێگەیشتندا دەر ئەکەوێ.

-ئەندازیار پەرهام چی؟

-بەداخەوە نە، ئەو هیچ ئاگادارییەکی لەنەخۆشی هاوسەرەکەی نیە، ئەگینا هەرگیز مەلەکیای بەجێ نەدەهێشت.

-ئەی بۆچی مەلەکیا بەهاوسەرەکەی نەوتووە؟

-بەراستی هۆکارەکەی نازانم، ئەو هەرگیز لەسەر ئەوبابەتە مەلەکیا سەرزەنشت ناکات، لەوانەیە هۆکارێک هەبوو بێ کەمەلەکیا شاردویەتیەوە.

-بێچارە مەلەکیا، بریا بمتوانیایە هاوکاری بکەم.

-ئێستا دەبێ چیبکەین بابە؟ ئایا ناکرێ هیچ هەوڵێک بدەین؟ نازانم چی بڵێم نەشتەرگەری لێرە لەدەرەوەی وڵات؟

-دوکتۆر موقەدەم راشکاوانەی پێی وتم: ئەم نەخۆشیە چارەسەر ناکرێ، بەڵام بەهۆی دەرمانەوە ئەکرێ بۆ ماوەیەک مەرگی دوا بخەیت بەو مەرجەی نەخۆشەکە لەژێر چاودێریدا بێ ئامۆژگارییەکان بەتەواوی لەگوێ بگرێ.

-ئایا بەباشی دەزانی پەرهام لەڕوداوەکە ئاگادار بکەم؟

وادەزانی بوونی بۆ مەلەکیا هاندەرێکی دەرونی بێ؟

-بەتەواوی نازانم، دەبێ بزانین بۆچوونی مەلەکیا لەوبارەوە چییە، هەرچەندە گەڕانەوەی پەرهام گرفتەکان چارەسەر ناکات، نەخۆشییەکی ئاسایی نیە تا بەهۆی باری دەرونیەوە چارەسەر بکرێ، بۆچوونی تۆ چییە؟ ئەتەوێ چی بکەیت؟

-بەبڕوای من درەنگ یان زوو دەبێ پەرهام ئاگادار بێ، رەنگە بتوانێ کاریگەری باشی بەسەر دەرونی مەلەکیاوە هەبێ. دەبێ لەگەڵ مەلەکیا قسەبکەم بەڵکو بتوانم رازیبکەم بەپەرهام بڵێ.

-بەڵێ وا باشترە، دەبێ پەرهام زیاتر ئاگای لەهاوسەرەکەی بێ. رەنگە بۆ لایەنی رۆحی مەلەکیاش باشتر بێ.

-پرسیارت لەدکتۆر موقەدەم کردووە کەی لەنەخۆشخانە دەری ئەکات؟

-بەڵێ، لەوانەیە یەک دوو رۆژی تر مەلەکیا بتوانێ بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام دەبێ تا ماوەیەک پشوو بدات، ئەوە تەنها شتێ بوو پزیشک زۆر پێداگر بوو لەسەری.

-باشترە ماوەیەک لەگەڵ ئێمە بژی تامن بتوانم بەجوانی چاودێری بکەم.

-پێشنیارێکی باشە بەتەواوی هاوڕاتم. گەر تەنها بێ ناچار دەبێ بەهۆی جێ بەجێکردنی کارەکانیەوە بجولێ، لەکاتێکدا هەستانو جولان بۆ ئەو باش نیە.

-کاتێ منی لابم ناهێڵم دەست بۆ رەشو سپی ببات. ماوەیەک پشوو بدات حاڵی باشتر ئەبێ.

دوو رۆژ دواتر مەلەکیا لەنەخۆشخانە دەرکرا، لەسەر

پێشنیاری هانیە چوون بۆ ماڵی ئەوان. وا دەر ئەکەوت کۆرش لەو بڕیارەی هانیە ناڕازییە، بۆیە ڕەخنەی لەهانیە گرت.

-تۆ بێ ئەوەی پرس بەمن بکەیت ئەوت لەگەڵ خۆت هێنا، بەلای منەوە کارێکی ڕاست نیە.

-کۆرش لەتۆ دوورە ئەو قسانە بکەیت. مەلەکیاو مێردەکەی لەباشترین دۆستانی ئێمەن، لەوەها حاڵێکدا مەلەکیا پێویستی بەمنە، نابێ بهێڵم تەنها بێ.

-باشتر نەبوو بەپەرهامت ڕاگەیاندایە تا پەرستارێکی بۆ بگرتایە، خۆ تۆ خزمەتکاری ئەو نیت.

-بەداخەوە تۆ هەست بەناخی من ناکەیت، مەلەکیا لەخوشک بۆ من نزیکترە. وانازانم لەم ماڵەدا جێگای تۆی تەنگ کردبێ. هەرچی بێت ئێمەش مرۆڤین، یارمەتیدانیش ئەرکی مرۆڤە. ئەمکارەی من هیچ ڕێگرییەک ناخاتە بـەردەم تـۆ، هەموو پێداویستیەکانی تۆ دابین دەکەم.

-قسەی من شتێکی ترە.

-چ شتێ؟ من لەمەبەستت ناگەم مەلەکیا چەند ڕۆژێک میوانی ئێمەیە، ئایا ڕاستە من لەم کاتەدا دەری کەم؟ ئایا ئەوە ڕەوای هەقە؟ ئەی دۆستیو هاوڕێیەتی بەکەڵکی چی دێت؟

-بۆچی پێشتر پرست بەمن نەکرد؟ ئێرە ماڵی منیشە مافی خۆمە لەبڕیارەکانی تۆش ئاگادار بم.

-بۆ ئەوەیان ڕاستدەکەیت، من داوای لێبووردنت لێدەکەم، وام نەدەزانی لەگەڵ بۆچوونی من نەیار بی. دۆستایەتی ئێمەو ئەوان هی ئەمڕۆ و دوێنێ نیە. واشمدەزانی تۆش بڕیارەکەمت پێ باشە. تکاشت لێدەکەم کارێک نەکەی منیش شەرمەزار بم،

مەلەکیا نەخۆشی دڵیەتی گەر لەنەیاری تۆ ئاگادار بێ لەوانەیە توشی هەڵچوون بێتو حاڵی خراپ بێت. بهێڵەوەکو پێشتر دۆستی شایستەی یەکتر بین. ئەمکارە هیچ گرفتێک بۆ ژیانی تایبەتی ئێمە دروست ناکات.

هانیە بەهەزار شێرو ڕێوی کۆرشی بێدەنگ کرد. هانیە چەند رۆژێ نەچووە شوێنی کارەکەیو سەرگەرمی چاودێریکردنی مەلەکیا بوو، مەلەکیا کەم کەم حاڵی بەرەو باشی ئەچو، بەلام لەوەی هانیە دەستی لەکارو ژیانی هەڵگرتبوو چاودێری ئەوی دەکرد هەستی بەشەرمەزاری ئەکردو خۆی بەقەرزاری دەزانی.

هانیە لەکاتی بێکاری لەلای دائەنیشتو کاغەزی ئەگرت بەدەستەوەو وێنەی دەکێشا، مەلەکیا بەبێدەنگی بیری لەپەرهام دەکردەوە.

پەرهام چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ ماڵی خۆیان کردبوو کەس هەلینەگرتبوو نیگەران بوو بوو، تەلەفۆنی بۆ ماڵی هورەنگ کردبوو، هورەنگ بەبێ ئەوەی هەواڵی نەخۆش بوون و کەوتنی مەلەکیا لەنەخۆشخانەی بۆ باسبکات پێی وتبوو مەلەکیا لەماڵی هانیەیە.

پەرهام شەوان کاتێ ئەگەڕایەوە میوانخانە بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ مەلەکیا دەکرد. مەلەکیا بەجۆرێک قسەی لەگەڵ ئەکرد هەروەک لەنەبوونی ئەودا هەست بەهیچ دڵتەنگییەک نەکات. پەرهام هەستی بەوە کردبوو دوای رۆشتنی ئەو روداوێک رویداوە.

هەفتەیەکی مابوو بۆ گەڕانەوەی پەرهام ئەو روداوە بۆ هانیە رویدا. سێ رۆژە بەردەوام زەنگی تەلەفۆنی ماڵەکەی

لێیدەدا، هەرکات هانیە تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت تەلەفۆنەکە ئەپچڕا. سەرەتا مەسەلەکەی بەهەند نەگرت، وایدەزانی تەنیا بۆ گاڵتە پێکردنە، بەڵام هەندێ جار کەسەکە تەلەفۆنەکەی دا نەئەنا تەنها قسەی نەدەکرد، هانیە گوێ بیستی هەناسەکەی ئەبوو.

تا ئەوەی رۆژێک ئەوکەسەی تەلەفۆنی ئەکرد، کەوتە قسەو داوایکرد ئەیەوێت لەگەڵ کۆرش قسەبکات. هانیە بەشێوازێکی جوان وەڵامی دەنگەکەی کەژنێک بوو دایەوە. پێی وت کۆرش لەماڵەوە نیە، کاتێ پرسیاری ناسینی لێکرد تەلەفۆنەکەی داخست.

ژنەکە بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام تەلەفۆنی دەکردو هەواڵێ کۆرشی دەپرسی، هەرکە هانیە ئەیپرسی کێیت تەلەفۆنەکەی دائەخست.

ئەمە وایکرد هانیە لەوبارەوە تەواو نیگەران بێ‌و گومان لەدڵیدا دروست ببێ. شەو کاتێ بەئارامی بەکۆرشی وت، ئەو وای نیشاندا کە نایناسێ‌و نایشیەتەوە بیری ژمارە تەلەفۆنی بەکەس دابێ. هەرچەند وەڵامەکەی بۆ هانیە مایە بڕوا پێکردن نەبوو، بەڵام نەیوست زیاتر لەوبارەوە لەگەڵ کۆرش بدوێ.

لەدڵەوە زۆر نیگەران بوو هەستێکی تایبەتی بەرامبەر بەو روداوە هەبوو، بەڵام بێدەنگ بوو. دوای تێپەڕ بوونی ئەو ماوە زۆرە هێشتا پەیوەندی هاوسەرییان زۆر توندو تۆڵ نەبوو، تێپەڕبوونی کات هێشتا عیشق‌و خۆشەویستی لەنێوانیان دروست نەکردبوو، هانیە بێتاقەتی ئەوەبوو کە ناتوانێ بڕوای تەواوی بەهاوسەرەکەی بێت.

بەیانی ڕۆژێک کاتێ کۆرش خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ چوونە سەر کار، هانیە لەپەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی ئەکردو قسەشی لەگەڵ مەلەکیا ئەکرد، کەسێک بەتەواوی سەرنجی ڕاکێشا.

کچێکی جوان بەبێقەراری بەکۆڵانەکەدا هات و چۆی بوو، تاو نەتاوێک تەماشای دەرگای ئەوانی دەکرد، ڕەفتاری ئەو بەجۆرێک بوو سەرنجی هەر ڕێبووارێکی بەرەو خۆی ڕائەکێشا.

لەوکاتەدا کۆرش بەئۆتۆمبیلەکەیەوە لەگەراج هاتە دەر، کچەکە دەستی بۆ هەڵتەکاندو چووە بەردەم ئۆتۆمبیلەکە، کاتێ گەیشتە بەردەم ماشینەکە بەدەنگی بەرز دەستیکردە قسەکردن، بەڵام نێوانیان ئەوەندە زۆر بوو هانیە نەیدەتوانی دەنگەکەی ببیستێ.

کۆرش بێ گوێدان بەکچەکە بەخێرایی ماشینەکەی ئاژو بەلای کچەکەدا تێپەڕی کچەکە چەند هەنگاوێک کەوتە دوای، کاتێ نائومێد بوو لەگەیشتن بەماشینەکە وەستاو تەماشای ئەکرد.

هانیە داوای مۆڵەتی لەمەلەکیا کردو چارشێوەکەی دا بەسەریداو دەرگای ماڵەکەی کردەوە، ئەوەندە بەخێرای بەقادرمەکاندا ئەڕۆشت زۆری نەمابوو تل بێتەوە. کاتێ گەیشتە ناو کۆڵانەکە تەماشای کرد کچەکە بەرەو ئەو دێ.

بەرلەوەی هانیە قسەیەک بکات کچەکە خۆی پێگەیاندو سڵاوی کردو وتی:

-خانم داوای لێبووردن دەکەم ئەتوانم پرسیارێک بکەم؟

هانیە بەئارامی وەڵامی داوەو وتی:

-بەڵێ فەرموو.

-ویستم بپرسم ماڵی ئاغای سەدری ئێرەیە؟

هانیە سەراپای کردە هەستو وتی:

-مەبەستت دکتۆر سەدرییە؟

-نەخێرکارم بەکوڕەکەیەتی ئەمویست شتێکی پێ بڵێم.

-بەڵێ ئێرەیە فەرموو.

-لەوانەیە تۆ خوشکی بی وایە؟

هانیە ویستی شتێک بڵێ بەڵام کچەکە مۆڵەتی پێنەداو وتی:

-ئاخر خۆی وتی لەگەڵ خوشکەکەی ئەژی.

هانیە هەرچۆن بوو رقو تووڕەیی خۆی شاردەوە لەکاتیکدا لەتوڕەیدا ئەلەرزی بەخوێنساردییەوە وەڵامی داوە:

-من هاوسەری ئەوم.

وەڵامی ئەو وەک گورزێک وابوو بەر سەری کچەکە کەوت. ناباوەڕانە وتی:

-هاوسەری؟ هاوسەری کۆرش! بەڵام ئەوە ئەستەمە. کچەکە بەگومانەوە تەماشای کرد. هانیە رقو توڕەییەکەی دەرخستو پرسی:

-تۆ چ ئاشناییەکت لەگەڵ کۆرش هەیە؟ هاوسەرەکەی من چۆن ئەناسی؟

ئەشک لەچاوانی کچەکە قەتیس مابوو، دەرکەوت بەتەواوی سەری لێشێواوە، بەپچڕ پچڕ وتی:

-ئەو بەمنی وتبوو ژنی نەهێناوەو سەڵتە، من وامدەزانی. . . خانم نازانم چۆنت بۆ باسکەم.

-تۆ هەمان خانمی کە تەلەفۆنی هەواڵی کۆرشت ئەپرسی؟
-بەڵێ خانم خۆم بووم، کۆرش بەمنی وت هەرکات تەلەفۆنم کرد خۆشکەکەی یان هەرکەسی تر هەڵیگرت دایخەم.
-تۆ لەچ رێگەیەکەوە لەگەڵ کۆرش ئاشنا بووی؟
کچەکە سەری دانەواندو بەشەرمەزارییەوە وتی:
-روداوەکە دوو هەفتە پێشتر رویدا. دوانیوەڕۆی رۆژێک کاتێ لەزانکۆ گەڕامەوە بەرێکەوت کۆرشم بینی، لەگەڵی سوار بووم، کاتێ ماوەیەک بەڕێگەدا رۆشتین سەری قسەی دامەزراند، ئاخرەکەی پێشنیاری دۆستی بەمنداو وتی چوونکە مەبەستی هاوسەرێتیە واباشە بەچاکی یەکتر بناسین. بەداخەوە بەزمانی شیرین فریویدام و دۆستایەتیم قبووڵکرد.
-سەیرە هەر بەو جۆرە؟
-خانم خودا بەشاهید دەگرم هەرگیز نەمزانیوە ژنی هەیە، تا چەند رۆژێک لەمەوبەر بەردەوام پەیوەندی تەلەفۆنیمان هەبوو، تەنانەت جارێکیش بۆ ماڵی خۆی دەعوەتی قاوەی کردم. ئێمە زۆرمان دەربارەی ئایندەمان قسەکرد، بڕیار بوو کۆتایی ئەم هەفتەیە بێتە خۆازبێنیم، منیش باسەکەم بەخێزانەکەم وتووە وتم بەجۆرێک هەواڵێ پێبدەم کە باوکم رازییە شووی پێ بکەم، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی بەتەلەفۆن پێی بڵێم، ئەم بەیانیە بڕیارمدا بێمو لەماڵەوە قسەی لەگەڵ بکەم.
بووغزو کین قورگی هانیە گرتبوو بەڵام هەرچۆن بوو بەسەر خۆیدا زاڵبوو وتی:
-خانم تۆ کچێکی خوێندەوارو رۆشنبیری چۆن دەکرێ ئاوا بەئاسانی بڕوا بەکەسانی وەکو کۆرش بکەیت؟ تەنانەت بەبێ

ترس بچیتەماڵەکەی؟ لەوە بێ ئاگای ئێمە لەچ گۆمەڵگایەکدا دەژین؟ نەترسای لەوە دەست درێژی بکاتە سەر شەرەف‌و ناموست؟ تەنیا لەبەر زمان چەوری‌و قسەی زلی پیاوێک چاوت لەو مەسەلەگرنگە پۆشی؟

-خانم من هەموو قسەکانی تۆم قبووڵە، بەڵام پیاوە ریاکارەکەی تۆ ئەوەندە فێڵبازو زمان لوسە بەجۆرێک نەخشەی خۆی جێ بەجێ ئەکات تۆش بوویتایە فریوت ئەخوارد. ئەی تۆ چەند مانگە بوویتە هاوسەری؟ ساڵێک؟ شەش مانگ؟ دوو ساڵ؟ تۆش تا ئێستا پەیت بەفێڵبازی ئەو کابرایە بردوە تا من بتوانم لەماوەی هەفتەیەکدا پەی پێ ببەم؟ دان بەوەدا ئەنێم هەڵەم کردووە بەڵام وامدەزانی بەرامبەرەکەیشم وەک خۆم کەسێکی دڵپاک و بێ فێڵەو ئامانجی هاوسەر گیرییە.

هەرگیز وام نەدەزانی ببمە گەمەی دەستی پیاوێک. لەروکەشدا وادەر ئەکەوت پیاوێکی خاوەن شەخسیەتە، هەڵسوکەوتی قسەو گوفتاری دڵگیر بوون. ئەو پەیمانی چەورو شیرینی ئەدا، گەر ئەمزانی ژنی هەیە جۆرێکی دیکە هەڵس‌و کەوتم لەگەڵ ئەکرد، بەڵام بەداخەوە. . . .

-بەڵی بەداخەوە ئەویش لەدڵی پاکی تۆ بەشێوازێکی دڕندانە کەڵکی ناڕەوای وەرگرت، تکادەکەم ئەم بەسەرهاتە بڵاو بکەرەوە تا کچانی هاوشێوەی تۆ فریوی فێڵبازانی وەک مێردەکەی من نەخۆن. راستیەکان هەمیشە وەک ئێستا دەر ناکەون تا وەکو لەنیوەی رێدا پێش بەهەڵە بگیرێ، تەنها ئەوەت لەبیر نەچێ وەڵامی بانگی هەر شەیتانێک نەیدەیتەوە.

کچەی بەستەزمان دوای ئەم قسانە داوای لێبووردنی

کردو بەرێی خۆیدا گەڕایەوە، هانیە کە لەتوڕەییدا ئەلەرزی چووەوە ماڵەوە، توانای نەبوو بەقادرمەکاندا سەرکەوێ، لەپاڵ قادرمەکان پاڵی دا بەدیوارێکەوە. فرمێسک بەچاوانی هاتە خوار، بۆنی خیانەت هەموو گیانی داگرتبوو.

دڵی شووشەیی ئەو کەوتبووە بەر پێی ناجوامێرانەو ورد بوو بوو. لەقادرمەکان چووە سەر و هەرکە گەیشتە ماڵەوە بەرەو ژوورەکەی مەلەکیا چو. بەبینینی مەلەکیا ویستی زەردەخەنە بێنێتە سەر روخساری بەڵام کوا زەردەخەنە دەکەوێتە سەر روخساری پەژموردە؟. لەوەڵامی مەلەکیادا زەردەخەنیەکی کردو روداوەکەی شاردەوە.

لەگەڵ ئەوەی غروری شکا بوو بەڵام نەیوست مەلەکیا خەمبار بکاتو دووچاری هەڵچوون بێت. چەند خولەکێک خۆی بەداوێنی کراسەکەیەوە سەر گەرم کرد پاشان بەبیانویەک دیسان مەلەکیای بەجێ هێشتو چووە ماڵەکەی دوکتۆر سەدری.

بەو کلیلەی پێی بوو دەرگاکەی کردەوەو بەرەو تەلەفۆنەکە رۆشت. ژمارەی کۆمپانیای گرتو داوای کرد کۆرشی بۆ بانگ بکەن، پاش کەمێک دەنگی کۆرشی بیست کە بەئارامی وتی:

-بەڵێ فەرموو.

هەناسە لەسینەی هانیە توند بوو. تفی ناو دەمی قوتدایەوەو بەدەنگێک کە بۆنی بێگانەی لێدەهات وتی:

-کۆرش لەبەر چی؟ بۆچی وات لەگەڵ من کرد؟

کۆرش بەسەر سوڕمانەوە پرسی:

-هانیە تۆی؟ چی بووە؟ چی رویداوە؟

هانیە کە بووغز ئەوکی گرتبوو وتی:

-ئەو کچە، ئەوکچەی بەیانی لەبەردەمماڵەوە لەگەڵی روو بەڕوو بووی، کۆرش ئەو هەموو شتێکی بەمن وت، لەبەر چی؟ ئاخر بۆچی؟

ماوەیەک بێدەنگی فەرمانڕەوا بوو، دواتر کۆرش وەک ئاگای لەهیچ نەبێ وتی:

-هانیە دەربارەی چی قسە ئەکەیت؟ مەبەستت کام کچەیە؟ کچ کێیە؟ هانیە بەتوڕەییەوە وتی:

-بەسە کۆرش، روکەشی تەواو بوو، من هەموو شتێ ئەزانم، وادەزانی لەگەڵ گەمژەیەک روو بەڕووی؟

-بەخودا نازانم باسی چی ئەکەی، ئاخر چی بووە؟ بۆچی تانەو تەشەرم لێدەدەی، تۆ زۆرجار لەوقسانە دەکەیت، ئاخر تا ئێستا چیت لەمن دیوە ئەوەندە بەگومانی؟ باشترە بۆم رونبکەیتەوە.

-لەوە زیاتر ناتوانم بۆت رونبکەمەوە، کاتێ گەڕایتەوە بۆت باسدەکەم، بەڵام لەئێستا بەولاوە ناتوانم یەک خولەک لەگەڵت بژیم. خوات لەگەڵ.

-هانیە گوێبگرە، ئەلو، ئەلو، ئەلو.

بەڵام هانیە تەلەفۆنەکەی داخستبوو. کۆرش تەلەفۆنەکەی داناو کەوتە بیرکردنەوە. روداوەکان بەقازانجی ئەو نەبوو، ئەوکچە بێ مێشکە کارەکەی تێکدابوو.

ماوەیەک وەستاو هەوڵیدا بیانویەکی باش بۆ ئەوکارە بدۆزێتەوە، هانیە دڵپاکەو بەئاسانی فێڵی لێدەکرێ‌و زوو ئارام دەبێتەوە، لەسروشتا مرۆڤێکی بەخشندەیە. لەپڕ

بیرێک بەمێشکیدا هات، بێ وەستان چووە دەرەوەو سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو بەرەو شوێنێکی نادیار رۆشت.

نیو کاتژمێر دواتر ئۆتۆمبیلەکەی لەقەراغ شەقامێک وەستاند، چووە لای تەلەفۆنێکی سەرشەقام وەستا تا نۆرەی بێت. کاتێ نۆرەی هات ژمارەکەی لێدا هەر خۆی وەلامی دایەوە، کۆرش بەبیستنی دەنگی پێی وت:

-شیرین هەرئێستا دەبێ بتبینم.

کچەکە کاتێ دەنگەکەی بیستو ناسی تەلەفۆنەکەی بەسەردا داخست، خێرا زەنگی لێیدایەوە، تەلەفۆنەکەی هەلگرتو بەتورەییەوە وتی:

-چیت لەگیانی من ئەوێت؟ تۆ مرۆڤێکی فێلبازی، منی گەوجیش فریوی قسەکانتم خوارد. ئیدی نامەوێت دەنگت ببیستم.

-گوێبگرە شیرین، من کەسێکی فێلباز نیم، تۆ بەهەلەدا چوویت، بهێلە بۆت شیبکەمەوە.

-پێویست ناکات هیچ بلێیت، هەموو شتێکم زانی. وادەزانی منیش لەو سۆزانیانەم هەرکەس بیەوێ پێم رابووێرێ؟ تۆ تەریق نابیتەوە شەرم ناکەیت؟ ژنت هەیەو رێگە بەکچی خەلکیش ئەگری؟ برۆ ئیدی نامەوێت بتبینم من لەو جۆرە کەسانە نیم.

-گوێبگرە شیرین، تا ئێستا جنێوی زۆرت داوە، لانیکەم بهێلە بامنیش قسەبکەمو بێگوناهی خۆم بسەلمێنم.

-بێ گوناهی؟ چۆن بتوانم بروا بەقسەکانت بکەم؟ من و تۆ ئیدی قسەمان بۆ یەکتر نیە. تۆ ئیدی سوکی لای من.

-گوێگرە کچەکە، ئەوەندە هەڵیتو پەڵیت مەڵێ، من ئەبێ بۆت شیبکەمەوە، تەنها مۆڵەتێکی بچوکم بدەرێ، ئێستا لەسەر کۆڵانەکەی ئێوەم تەنها پێنج خولەک وەرە خوارەوە گوێم بۆ بگرە.

-نایەمە خوارەوە، هەرچیت هەیە بڵێ. گوێم گرتووە.

-بەلەتەلەفۆن نابێ، هەر ئێستا چەند کەسێک نۆرەیان گرتووە. پەیمان ئەدەم چەند خولەک زیاتر نەخایەنێ گەر رازی نەبووی ئەتوانی بمدەیت بەدەست پۆلیسەوە. تکات لێدەکەم ئەمجارە گوێم بۆ بگرە، ئەم مەسەلە پەیوەندی بەداهاتوومانەوە هەیە.

-داهاتو؟ چارەنوس؟ بەداخەوەم، چارەنوسی تۆ بەژنێکی ترەوە بەستراوە، من ئیدی فریوی قسەکانی تۆ ناخۆم، ئیدی بەدرۆکردن ناتوانی دەستم ببڕی.

-تەنانەت ناشتەوێ گوێم بۆ بگری؟ من بەڵگەی بڕوا پێکەرم هەیە، گەر گوێ بۆ قسەکانم بگری زیان ناکەی، پەیمان ئەدەم رازیت بکەم. من لەسەر شەقامەکە وەستاوم وەرەخوارەوە ئیدی خوات لەگەڵ.

کورش تەلەفۆنەکەی پچڕاند چووە ناو ئۆتۆمبیلەکەیو جگەرەیەکی داگرساندو دانیشتو چاوەڕوان بوو. شیرین کچێکی کەم تاقەت بوو دڵنیا بوو دێت، چەند خولەک دواتر ئەویش دەرکەوت، کۆرش پەیکەری ئەوی بەرامبەر خۆی بینی. کۆرش زەردەخەنەیەکی کردو لەدڵی خۆیدا وتی"ئاخرەکەی سەرکەوتم" پاشان دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوە. شیرین چووە ناو ئۆتۆمبیلەکە بەبێ قسە دانیشت. کۆرش ماشینەکەی ئاژوو.

ماوەیەک لەکۆلانەکەی ماڵ شیرین دوورکەوتنەوە ماشینەکەی لەشوێنێکی چۆڵ کە هاتو چۆی خەڵکی کەم لەسەر بوو راگرت. شیرین وەک ماری بریندار پێچی ئەداو بەتوڕەییەوە چاوەکانی تێبڕی. کۆرش رووی تێکردو وتی:

-لەوەی پێشهاتووە بەداخەوەم. هەرگیز حەزم نەدەکرد بتخەمە ناو کێشەی خۆمەوە.

شیرین بەتوڕەییەوە وتی:

-تۆ فریوتدام، گاڵتەت بەهەستم کرد، تۆ یاریت بەکەسایەتی من کرد. تۆ غروری منت وردوخاش کرد، ئیدی چیت لەمن دەوێ؟ بۆچی دروت لەگەڵ کردم؟

کۆرش جگەرەیەکی تری داگیرساند، مژێکی قوڵی لێداو دوکەڵەکەی لەکونە لوتەکانیەوە هێنایەدەر، وەکو کەسێکی خاوەن هەق وەڵامیداوە:

-من هەرگیز درۆم لەگەڵ نەکردووی، بەڵکو راستیم لێت شاردەوە، ئەوە لەگەڵ درۆکردن زۆر جیاوازە، گوێبگرە شیرین من هەر بەڕاستی لەناخی دڵەوە خۆشم ئەوێیت، تەنها مەبەستیشم ئەوەبوو بتهێنم. .

شیرین خرۆشاو بەگاڵتە پێکردنەوە وتی:

-چۆن چۆنی؟ بەبوونی ژنێکی تر؟ لەوانەیە ئێستا چەند منداڵت هەبێ؟ چۆن بزانێ چەند هاوسەری کاتیت هەیە؟ تۆ پیاوێکی وەکو جلو بەرگەکەت کچان ئەگۆڕی.

-دیسان خەریکی بووختانم بۆ ئەکەیت. ئەوەندە بەپەلە بریار مەدە، وێژدانت بێ بەخودا کەسێکی ئەوەندە خراپ نیم. بەڵێ هاوسەرم هەیە. ژنێک خۆی بەشەریکی ژیانم ئەزانێ، بەڵام

ئەمەوێت لێی جیا ببمەوە، هەڵبژاردنەکەم هەڵەبوو. هەڵەیەکی گەورە.

-هەموو پیاوەکان پاش ماوەیەک دوای ئەوەی لەژنەکانیان تێر بوون وا دەڵێن.

-ئەوەندە قسەکانم پێ مەبڕە بهێڵە بۆت باسکەم.

-باشە فەرموو. درێژە بدە.

-من لەرووی بەزەییەوە ئەوم هێناوە، تەنها لەبەر دڵی باوکم، تا ئێستاش هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانمان نیە. سێ ساڵ تێپەڕیوە بەڵام تا ئێستا لای یەک نەبووین، هەرگیز پێکەوە نەمانکراوە. هەر رۆژە شەڕێک هەر کاتژمێرە ئاژاوەیەک.

-لەوانەیە تاوانی تۆ بێت، من ژنەکەتم لەنزیکەوە بینیو قسەم لەگەڵ کرد، ژنێکی ئارامو بەویقار دێتە بەرچاو.

-بەڵێ ئەوە لەرووکەشدا، ئەو نەخۆشییەکەی لەمێشکیدایەو منیش پێم قبووڵ ناکرێ. بۆ کاروباری تەڵاق پەیوەندیم بەدادگاوە کردووە، بڕیارە لەماوەی هەفتەیەکدا کۆتایی پێ بێ. ئێمە هەردووکمان بەتەڵاق رازین، بڕوابکە راستدەکەم.

-من ناتوانم باوەڕ بکەم بەڵام تۆ بەردەوامبە.

-ئێمە تەنانەت پەیوەندیمان بەنوسینگەی تەڵاقیشەوە کردووە تا تۆماری بکەن. ئەگەر تا ئێستا دەستپێشخەریم نەکردووە چاوەڕوانی بڕیاری دادگا بووم، ئەگینا تا هەفتەیەکی تر کارەکەمان تەواو ئەبێ.

-باشە جا ئەوە چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟

-چۆن ناتەوێ تێبگەیت؟ تا ئێستا هیچ ژنێکم بەئەندازەی تۆ

خۆش نەویستووە، تۆ تەنها کچێکی دڵمت بردووە. نەمدەویست راستیەکەت پێبڵێم ئەترسام لەدەستت بدەم.

-چاوەڕوانی ئەوەی باوەڕت پێبکەم؟

-تۆ دەبێ بڕوا بکەی من درۆم لەگەڵ نەکردووی، تۆ لەهەموو شتێ بەنرختری لەلام بۆیە راستیەکەم نەوت ویستم تۆ بۆخۆم بپارێزم، دڵنیا بووم گەر بۆنی باسەکە بکەی لێم جیا ئەبیتەوە، ویستم تا بڕیاری کۆتایی دادگا چاوەڕوان بم ئەوکات راستیەکەت بۆ باسکەم، ئەوسا هیچ کێشەیەکمان نامێنێت بۆ هاوسەرایەتی.

-هێشتا ناتوانم بڕوات پێبکەم.

-ئەمەوێ بۆت بسەلمێنم، وەرە بڕۆین بۆ ئەو دەفتەرەی بۆم باسکردی. ئەتوانی خۆت بچی پرسیاربکەی، منو ژنەکەم خەریکین لێک جیا ئەبینەوە. دوایش بەئاسانی ئەتوانین زەماوەند بکەین هەڵبەت ئەگەر تۆ رازی بی، لەوانەیە ئیدی منت خۆش نەوێ؟ لەوانەیە وا بیربکەیتەوە بەکەڵکی تۆ نایەم؟ ئاخر ئێستا من بێوە پیاوم......

-نەخێر بەوجۆرە نیە، بەبڕوای من ئەوشتانە گرنگ نین، من داوای چیم لێت کردووە، جگە لەدڵێکی پاکو عەشقێکی خاوێن؟ جگە لەراستیو هیچی ترم لەتۆ نەویستووە؟

-کەواتە هێشتا منت خۆش دەوێ؟

-بەڵێ، لەم ماوە کەمەدا دڵمت برد، شەو- رۆژ، لەخەوو بێداریدا تەنها بیرم لەتۆ کردۆتەوە.

-منیش خۆشم دەوێیت زیاتر لەهەموو ژیانم، تۆ ئەبێ یارمەتیم بدەی، ئێمە ئەتوانین پێکەوە خۆشبەخت بین.

-چ جۆرە یارمەتییەک؟

-تۆ کارێکت کرد ژنەکەمت خستوە بەقینداا گەر تەنها هەفتەیەک ددانت بەخۆتدا بگرتایە، هەموو شتێ کۆتایی ئەهات، بەلام تۆ کارەکانت تێکدا، تۆ ژنەکەی من ناناسی نازانی چەند خۆ ویستو کەللەشەقە، کاتێ بزانێ ژنێکی تر لەناوایە، ئەویش کچێکی جوانی وەک تۆ، وا دەزانی بەئاسانی مەیدان چۆل دەکات؟ تۆ بوویتە هۆکاری ئەوەی تەلاقەکەمان دوا بکەوێ، تەنانەت لەوانەیە ئیدی بەتەلاق رازی نەبێ.

-هەڵەی خۆت بوو ئەبووایە لەسەرەتاوە هەموو شتێکت بووتایە.

-ویستم ئەوکارە بکەم، بڕیارمدابوو هەموو شتێکت بۆ باسکەم، بەلام ترسام لەدەستت بدەم. نازانی چ نەخشەیەکم بۆ ژیان کێشاوە، نازانی چەندە خۆشەویستی لام. بەرلەوەی تۆ بناسم عیشقو خۆشەویستیم نەدەناسی. تۆ تەنها کەسێک بووی منت هۆگری خۆت کرد. گەر بموتایە ژنم هەیە دیسان خۆشت دەویستم؟

-نازانم لەوانەیە تۆ راست بکەیت. ئەی بۆچی ئەم چەند رۆژە تەلەفۆنت بۆ نەکردووم؟ بۆچی بێ هەواڵت کردم؟ وامدەزانی ئەتەوێ بمکەیتە ئالەتی دەست خۆت.

-ئەگەر تەلەفۆنم بۆت نەکردووە هی ئەوەبوو تەواو گرفتار بووم، گرفتاری مەسەلەی تەلاق، تۆ ئاگات لەحاڵی من نیە، هەست بەتاریکیەکانی ژیانم ناکەی.

-ئێستا دەبێ چیبکەم؟

-سەرەتا بڵێ ئایا ئامادەی شووم پێبکەی؟ ئایا هێشتا منت خۆش دەوێ؟

-بەڵێ، بەڵێ هێشتا خۆشم ئەوێیت.

-دەی ئەبێ فیداکارییەکم بۆ بکەی، دەبێ بۆ بەدەست هێنانی خۆشبەختی و پێکەوە بوون یارمەتیم بدەی.

-ئەتوانم چی بکەم؟

-ئەزانم ئەنجامدانی گرانە بۆت، بەڵام گەر بتەوێ ببیتە هاوسەری من ئەبێ ئەوکارە ئەنجام بدەی.

-چ کارێک؟ ئامادەم بۆ بەدەست هێنانی تۆ تەنانەت مرۆڤیش بکوژم.

-نامەوێت لەبەر من کەس بکوژی، چوونکە تا ئێستا ئازارم بەمێرولەیەک نەگەیاندووە، لەتاوانیش بێزارم.

-ئەی چیبکەم؟

-دەبێ بچیتە لای ژنەکەمو پێی بڵێی هەموو قسەکانم درۆ بووەو من هەرگیز کۆرشم نەدیووەو نەمناسیووە.

-بەڵام کاری وا ئەستەمە، چۆن بتوانم بڵێم درۆم کردووە، من تەنانەت ناتوانم روو بەڕووی ببمەوە.

کۆرش روی خۆی تاڵکردو وتی:

-کەواتە دەرکەوت منت خۆش ناوێت و هەموو قسەکانت درۆ بوون. تۆ وتت ئامادەی لەبەر من مرۆڤ بکوژی، بەڵام ئێستا کارێکی بچوکم بۆ ناکەی.

-من درۆت لەگەڵ ناکەم، بەراستی خۆشم دەوێی، بەڵام وادەزانی ژنەکەت بڕوا بەقسەکانم ئەکات؟

-گەر بەپێی نەخشەکانی من کاربکەی لەسەدا سەد بڕوات پێدەکات، لێرەدا ئەتوانی خۆشەویستیت بسەلمێنی، تەنانەت گەر غروریشت بشکێ، دوای قەرەبووی دەکەمەوە.

-کارێکی ئاسان نیە.

-ئەزانم، بەڵام ئەوەش بزانە بەهۆی ئەوەوە ژنەکەم رازی بەتەڵاق ئەبێ، ئەگینا لەبەر تۆلەسەندنەوە لەمن تەڵاق وەرناگرێ، چوونکە دەزانێ دوای ئەو لەگەڵ جوانێکی وەک تۆ زەماوەند دەکەم. تۆ دەبێ حاڵەکەی من دەرک بکەی، دەبێ هاوکاریم بکەی.

شیرین چوو بەخەیاڵدا، ئەو هێشتا کۆرشی خۆشدەویستو ئەیویست رازیبکات. کۆرش مۆڵەتی بیرکردنەوەی پێ نەداو بەردەوام بوو:

-گەر ئەوکارە بکەی پەیمان ئەدەم لەماوەی یەک مانگدا بتهێنم.

-چیبکەم؟ دەبێ چی پێبڵێم؟

-ئەم دوا نیوەڕۆیە رێک کاتژمێر دوو وەرە بدە لەزەنگی ماڵەکەمان. کاتێ دەرگاکەی کردەوە پێی بڵێ هەموو ئەوقسانەی سەبارەت بەمێردەکەت کردم درۆ بوون. بڵێ من دەزگیرانی هاوکارێکی بووم، چوون دەزگیرانەکەم درۆی لەگەڵ کردمو بێوەفا بوو، مێردەکەی تۆیش پێ ناساند بووم، ویستم بەوجۆرە تۆڵەی لێبکەمەوە، بەڵام ئێستا ویژدانم ئازارم ئەداو نامەوێت ژیانتان تێک بچێ.

-بەڵام من پێم وتوە چومەتە ماڵەکەیو تەنانەت زۆر نیشانەی ماڵەکەتانم بۆ وت، بۆ ئەوەیان چیبکەم.

-گرنگ نیە، بڵێ لەگەڵ دەزگیرانەکەت کاتژمێری لەوێ بووی.

-تۆ دەڵێی بڕوا بەقسەکانم ئەکات؟

-بەستراوە بەتوانایی خۆتەوە، دەبێ سود لەسیاسەتی خۆت وەرگری‌و بەچاکی نەخشەکە جێ بەجێ بکەی.

شیرین ماوەیەک بیریکردەوەو پاشان وەڵامی دایەوە:

-زۆرباشە، هەرچەند بەلامەوە دژووراه، بەڵام بۆ ئەوەی پێت بسەلمێنم چەندە تۆم خۆش دەوێ، ئامادەم خۆم سوککەم بۆ مەرامی کاری تۆ، بەڵام ئەوەش بزانە گەر بتەوێ ئەمجارەش فریوم بدەی، ئەوا هەرگیز لێت خۆش نابم‌و نەفرەتت لێدەکەم.

-تۆ هێشتا بڕوات بەڕاسگۆیی من نەکردووە؟ هێشتا بڕوات بەعیشقی من نەهێناوە، گرنگ نیە. کاتێ بوویتە هاوسەرم ئەوکات پەی بەناخی من ئەبەی، تەنها ئەوە بزانە جگە لەتۆ لەگەڵ هیچ ژنێ زەماوەند ناکەم. عەشق تەنها جارێکە تەنها یەکجار.

-باشە هەرکارێک بڵێی ئەیکەم.

-کەواتە کاتژمێر دووت لەبیر نەچێ، هەوڵبدە چەند تنۆکێک فرمێسک برێژی تا قسەکانت ئاسایی بن‌و ئەو فریو بدەی، لەوانەیە جنێوت پێبدات لەوانەیە دەرت بکات بەڵام تۆ لەبەر من گوێی پێ مەدە. گەورەیی بکەو لەدەست ئەو جانەوەرە رزگارمکە.

کۆرش دوای رازیکردنی شیرین بەرەو ماڵەوە رۆشت بۆ ئەوەی هانیە نەرم کات. بەدوای نەخشەیەکدا دەگەڕا، بەهەمان رەفتاری خۆی وەکو هەمیشە ئەیتوانی هانیە رامبکات. هانیە هیچ زیرەک نەبوو، بەدوو قسەی چەور دڵی نەرم ئەبوو رام ئەکرا.

هەرکە گەیشتە ماڵەوە، هانیە بەرەو رووی رۆشت، بەبێ

ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی بداتەوە بەئاماژە پێیوت تا مەلەکیا لێرەیە هیچ قسەیەک نەکات. بەئاماژەی دەست پێی وت باشترە لەژوورەکە بچێتە دەر. کۆرش بەبێ ئەوەی خۆی تێکبدات بەرەو ماڵەکەی باوکی بەڕێکەوت، هانیە بێ درەنگ دوای کەوت.

کۆرش وەک کەسێکی خاوەن هەق وتی:

-ئێستا تەنهاین، بڵێ بزانم چی بووە؟

هانیە بەگاڵتە پێکردنەوە وەڵامی داوە:

-خۆت گێل مەکە باش ئەزانی سەبارەت بەچی قسەدەکەم.

-بڕوانە هانیە وادەزانم هەڵەیەک رویداوە، ئاخر چۆن دەکرێ خیانەت لەتۆ بکەم؟ لەسەرەتای هاوسەریمانەوە تا ئێستا هەمیشە بۆ تۆ وەفادار بووم، تۆ مایەی شانازی منی، هاوسەرایەتی ژنێکی هونەرمەند بۆ من مایەی شانازییە.

هانیە مشتێکی دا بەمێزەکەداو وتی:

-بەسە کۆرش چۆن ئەزانی ئەوەندە ریاکاربی؟ من کچێکی مناڵ نیم بتوانی بەقسە بمخەڵەتێنی، خودا دەزانێ تا ئێستا چەندت لەژێر سەردایە، من تەنها یەکیانم بینیووە.

-تۆ لەبارەی منەوە لەهەڵەدای، رەنگە کەسێک ویستبێتی سەربخاتە سەرت، یان کەسێک ویستبێتی ژیانمان تێکبدات، تۆ مرۆڤێکی رۆشنبیری نابێ بەبێ بەڵگە گومان لەمن بکەی‌و بەتاوانی نەکردە مەحکومم بکەی. ئەوەش دەزانم کەسێکی بەهەستی، یانی هەموو هونەرمەندان هەستێکی ناسکیان هەیە، بەڵام ناشبێ بەبێ هۆ ژیانی خۆمان تاڵ بکەی، ئەی ژیری بەکەڵکی چی دێ؟ من لەوە زیاتر لەتۆ چاوەڕوان ئەکەم.

-هەوڵمەدە خۆت دەربازکەی، ئەم قسانە سودیان نیە بۆت،

فیلەکانت ئاشکرا بوون، کارەکە پێچەوانەی قسەکانی تۆن. هیچ بەهانەیەک نیە ئەوکچە درۆم لەگەڵ بکات، چ قازانجی بەو ئەگات؟ یانی ئەکرێ نەدیو نەناس تۆمەت لەکەسێک بدەی؟ ئەو تەنانەت ئلشنای ناو ماڵەکەشمان بوو، ئەیزانی لەماڵەوە چیمان هەیە، بۆ ئەوەیان چی دەڵێ؟ نەکا بڵێی کامێرەی شاراوەیان لەماڵەکەمان داناوە؟

-گەر راستی بڵێم تۆ بڕوا بەقسەکانم ناکەی.

-ئەبێ راستی بڵێی باوەڕ ئەکەم یان نا ئەوەیان شتێکی دیکەیە.

-من گومانم لەکەسێک هەیە، ئەگەر خۆیشی نەبێ لەلایەن ئەوەوەیە.

-ئەو؟ ئەو کێیە؟ بۆچی بەڕوونی قسە ناکەی؟

-ئەو کەسەی من باسی ئەکەم کەسێکە پێشتر دەزگیرانی هاوکارێکی من بوو، بەهۆی لێک نەگەیشتنەوە تێکچوون‌و وازیـان لەیەک هێنا. ئاخر من بەیەکترم ناساندن، کچەکە هەڕەشەی لێکردم تۆڵەم لێبکاتەوە.

-سەیرە؟ چۆن بتوانم بڕوا بەقسەکانت بکەم؟ کێ ئەڵێ راستەکەی؟

-سوێند بەخودا فریوت نادەم تۆ ئەوەندە لەمن بەگومانی بۆیە بڕوا ناکەی. بڕوا بکە راستیەکەم پێ وتی. رێگە مەدە کەسانی تر لەئاوی لێڵ ماسی بگرن، گەر قسەکانی ئەوکچە کاری نەکردایەتە سەرت بـەزۆر دەرت ئەکردو نەتدەهێشت قسەکانی بکات‌و یاری بەژیانی ئێمە بکات.

-حەزدەکەم بڕوا بەقسەکانت بکەم بەلاّم ناتوانم. ئەم باسە باسێک نیە بەئاسانی واز بێنم. دەبێ بۆم بسەلمێ تۆ لەناو ئەوکارەدا بێ تاوانی.

-چۆنت بۆ بسەلمێنم؟

-ئەوە پەیوەندی بەخۆتەوەیە، من هەر ئەمشەو لێرە ئەڕۆم. ئیدی ناتوانم لەماڵێکدا کە دارو دیواری بۆنی خیانەت ئەدا تەنها خولەکێک دانیشم.

-باشە هەرچۆن خۆت پێت خۆشە، تەنها ئەوەندە بزانە لەهەڵەدای، خەریکی ناجوامێرانە تاوانبارم ئەکەی، منیش لەو تۆمەتەی داوتە پاڵم هەرگیز ناتبەخشم.

-نامەوێت تۆ بمبەخشی، وەک رۆژی روون ئاشکرایە بۆم خیانەتم پێدەکەی.

-بۆچی داوات لەکچەکە نەکرد، رووبەڕووم بێتەوە لەبەردەم خۆمدا راستیەکان بڵێ.

-جا چ جیاوازییەکی هەیە؟

-بەڵێ لای من زۆر گرنگ بوو لەگەڵ ئەوکچە رووبەڕوو ببمەوە، ئەوکات کارێکم ئەکرد بەزمانی خۆی دانی پیا بنایە کە درۆی کردووە، ئەوسا بێ گوناهی من ئەسەلما. بەهەرحاڵ نامەوێت ئیدی لەوبارەوە هیچ ببیستم. ژنێک گومانی لەمێردەکەی بێ باشترە لەیەک دووربن. من ئیدی قسەیەکم نیە خوات لەگەڵ.

کۆرش دوای وتنی ئەوقسانە، لەماڵەکە چووە دەرو گەڕایەوە ماڵی خۆیانو چووە ژوورەکەیو دەرگای لەسەرخۆی داخست. هانیە دوای چوونە دەرەوەی ئەو لەسەرقەنەفەکە

سەری خستە نێوان دەستەکان. ئیدی توانای دانیشتنو سەری خستە نێوان دەستەکان. ئیدی توانای

دانیشتو سەری خستە نێوان دەستەکان. ئیدی توانای نەمابوو، هەرچەندی ئەکرد نەیدەتوانی بڕوا بەقسەکانی بکات، حەزیدەکرد یەکلای بکاتەوە، مەبەستی ئەوەبوو هەرئەوشەوە ماڵەکە بەجێ بێڵێ تا چارەنوسی ڕۆشن ئەبێتەوە.

کاتێ گەڕایەوە ماڵەوە چووە لای مەلەکیاو بۆ ئەوەی نیگەرانی نەکات زەردەخەنەی هێنایە سەر لێوی داوای لێبووردنی کرد کە بەتەنها بەجێی هێشتووە.

-هانیە شتێک رویداوە؟

-ها. . ها. . نازانم چۆنت پێ بڵێم؟

-حاڵت شێواوەو ڕەنگت پەڕیوە.

-نە شتێکی ئەوەندە گرنگ نیە.

-بەڵام. . .

-لەگەڵ کۆرش کەمێک قڕەمان بوو. . .خۆت نیگەران مەکە لەژیاندا ئەوشتانە روئەدەن.

مەلەکیا نەیویست بەپرسیاری بێ مەبەست لەوەزیاتر نارەحەتی بکات لەبەر ئەوە بێدەنگ بوو، بەڵام لەدڵەوە هەستی بەوە کردبوو هانیە کێشەیەکی گەورەی هەیەو ئازاری ئەدا.

هانیە بۆ ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ چووە چێشتخانەو خواردنێکی ئاسایی دروستکرد. لەکاتی دروستکردنی خواردنەکە بەردەوام بیریدەکردەوە، واباشە مەلەکیا بباو ماوەیەک بچێتە ماڵی هورەنگی برای. مانەوە لەماڵێکدا لەگەڵ پیاوێکی خیانەتکاردا تاقەت پڕوکێنە.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی هانیە لەچێشتخانەدا بوو کۆرش تەنانەت چرکەیەکیش لەژوورەکەی نەهاتە دەر. هانیەش حەزی

نەدەکرد قسەی لەگەڵ بکات.

کاتێ خواردنەکە ئامادەبوو، مێزەکەی رازاندەوەو مەلەکیاو کۆرشی بانگکرد بۆ نانخواردن. هەوڵیدا لەکاتێ ئامادەبوونی مەلەکیا خۆی ئارام نیشان بدات، حەزی نەدەکرد مەلەکیا تێکەڵی کێشەی تایبەتی خۆی بکات. جگە لەوەش هەموو روداوێکی ناخۆش بۆ مەلەکیا مەترسیدار بوو.

کۆرش‌و هانیە لەبێدەنگیەکی قورسدا ئەژیان، هەردووکیان خۆیان بەیاریکردن بەخواردنەکەوە خەریککردبوو هیچیان ئیشتیهای خواردنیان نەبوو، کۆرش بەر لەهەموویان چووە دواوەو داوای لێبووردنی کرد. هانیەش دەستی لەخواردن کێشایەوە. بەڵام مەلەکیا بەشە خۆراکی خۆی تەواوکرد.

کۆرش لەگۆشەیەکدا دانیشتو خەریکی جگەرە کێشان بوو. مەلەکیا گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی، هانیەش خەریکی کۆکردنەوەی قاپەکان بوو دوای کۆرکردنەوەیان چوبۆ لای مەلەکیا. کۆرش دەنگی گفتوگۆی ئەوانی ئەبیست، لەدڵەوە بێتاقەت بوو، ئەبێ کەی کاتی هاتنی شرین بێت؟ ئەگەر شیرین نەخشەکەی بەجوانی بەڕێوە ئەبرد ئەوا کێشەکەیان چارەسەر ئەکرا.

دوو خولەک لەدوو تێپەڕی زەنگیماڵەکەیان لێیدا، کۆرش لەجێ هەڵنەسا، جگەرەیەکی دیکەی داگرساندو چاوەڕوانی هانیە بوو.

هانیە ئایفۆنەکەی هەڵگرت، کاتێ گوێبیستی دەنگی شیرین بوو حەپەسا، بەهیچ شێوەیەک چاوەڕوانی هاتنی ئەو نەبوو.

شیرین دوای خۆ ناساندن داوای لەهانیە کرد ئەبێ

لەنزیکەوە ببینێ‌و دەربارەی بابەتێکی گرنگ قسەبکەن. هانیە سەیریکی کۆرشی کرد، ویستی شتێک بڵێ بەڵام نەیویست ئێستا چەلەحانێ لەگەڵ بکات، رۆشت دەرگاکەی کردەوە.

کۆرش بەبێ قەراری چاوەڕوانی تەواو بوونی قسەکانی ئەوان بوو. پێی خۆش بوو لەلایان بووایەو سیمای هەردووکیانی ببینیایە. هەستاو چووە لای پەنجەرەکەو سەرێکی کێشا دەرو تەماشایەکی ناو کۆڵانەکەی کرد. شیرینی بینی قسە بۆ هانیە ئەکات. بەئارامی گەڕایەوە سەر جێگەکەی‌و چاوەڕوان بوو.

لەگەڵ ئەوەی هەوڵی ئەدا خوێنساردبێ بەڵام گەر هانیە یان هەرکەسێکی تر لەویا بووایە بەجوانی هەستی بەنیگەرانیەکەی ئەکرد. ماوەیەک لای ئایفۆنەکە وەستاو گوێ گرت. پاشان گەڕایەوە جێگەکەی‌و چو بەخەیاڵدا.

گفتوگۆی ئەو دووانە نیو کاتژمێری خایاند، ئاخرەکەی هانیە بەڕەنگی پەڕیوەوە هاتەوە ژوورەوە. بەبێ ئەوەی هیچ رونکردنەوەیەک بدات لەسەر قەنەفەکە لەبەرامبەر کۆرش دانیشت و سەری خستە نێوان دەستەکانی.

کۆرش وای بەباشزانی بەردەوامی بەنەخشەکەی بدات. پاش بێدەنگیەکی کەم بەشێوازێکی گاڵتەجاڕانە پرسی:

-دیسان چی بووە؟ لەوانەیە سەروکەڵلەی یەکێکی تر لەمەعشووقەکانم پەیدا بووبێ، وتبێتی من پێشنیاری هاوسەرێتیم پێداوە؟

قسەکانی ئەو بووە هۆی ئەوەی هانیە گریانەکەی دەربڕێ‌و بەگریانەوە وتی:

-تۆ راستت کرد هەق بەتۆ بوو دەبێ من داوای لێبووردنت لێبکەم.

کۆرش پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزی کردو درێژەی پێدا:

-چی بووە؟بۆچی ئەوەندە زوو گۆڕای؟ من ئێستاش هەمان کۆرشی کاتژمێرێ پێشترم هیچ نەگۆڕاوم. هەمان خاین‌و درۆزن‌و فێڵباز. .

هانیە بەدونیایەک شەرمەزارییەوە وتی:

-بمبەخشە ئەگەر بڕیاری نادروستم بەسەرتادا. مرۆڤ ئەبێ زۆر گێل بێ ئەگینا دوژمن ناتوانێ فێڵی لێ بکات.

-چی بووە؟ من سەر لەکارت دەرناکەم، ئەرێ کەس ئەزانێ ئەمرۆ تۆ چیت بەسەرهاتووە؟

-ئێستا ئەوکچە هاتبووە سەردانم. ئەو دانی بەوەدانا لەڕووی تۆڵەسەندنەوەوە بووە تۆمەتی لەتۆ داوە، بەڵام دواتر ویژدانی ئازاری داوەو نەیویستووە ماڵی کەسێک تێکبدات.

کۆرش لەسەر قەنەفەکە هەستاو وتی:

-چی؟ دووبارە ئەوت بینی؟ هەمان کچ؟

-بەڵێ ئێستا رۆشت.

-هێشتت بڕوات؟

-ئەی بەبڕوای تۆ ئەبێ چیم لێ بکردایە؟

-من بوومایە لەجیاتی تۆ ئەمدا بەدەست پۆلیسەوە، تا بەجۆرێک ئاقڵیان کردایە ئیدی ئازاری بەکەس نەگەیاندایە.

-هەر ئەوەی دانی بەهەڵەی خۆیدا ناوەو ویژدانی ئازاری داوەو هاتووە داوای لێبووردن بکات گەورەییە، جگە لەوەش من کەسێکی لێبووردەم، کاتێ کەسێک دانی بەهەڵەی خۆیدا نا

ناتوانم نەیبەخشم.

-ئێستا زانیت هەق بەمن بوو؟ ئێستا بڕوات بەخۆشەویستی من هێنا بۆ خۆت؟

هانیە بەدڵێکی پاکو بێگەردەوە هاتە بەردەمیو کەوتە سەر چۆکو بەئارامی وتی:

-تکات لێدەکەم بمبوورە، بەڕاستی نازانم چۆن داوای لێبووردن بکەم؟.

کۆرش پێکەنی، دەستی گرتو لەزەوی بەرزیکردەوەو بەزبان شیرینی وتی:

-پێویست ناکات داوای لێبووردن بکەی، هەڵە تێگەیشتنی بووەو تێپەڕی. خۆشەویستم، هاوسەری باشی من، وادەزانی هەر کچۆڵەیەک شایەنی ئەوەیە لەگەڵ هونەرمەندێکی وەک تۆ بەراوردی بکەم؟گەر دڵێک بیەوێت جگە لەعیشقی تۆ عیشقێکی تر لەئامێز بگرێ من ئەو دڵە پارچەپارچە ئەکەمو ئەیخەمە بەردەم سەگی خوێڕی. تۆ تاکە خۆشەویستی منی، گەر تا ئێستا ئەمانەم نەوتووە، وامزانیووە خۆت هەستت بەخۆشەویستی من کردووە بەرامبەرت، ئێمە ژیانێکی خۆشمان هەیە، حەیفە بەگومانێک یان هەڵەیەک تێکی بدەین، من هیچ ژنێکم بەئەندازەی تۆ خۆش ناوێت.

هانیە پێڵوەکانی لێکناو فرمێسکی رژانـد، لەکاتێکدا ئەو وشەعاشقانانەی کۆرش هەژاندبووی خەندەیەکی غرور ئامێز لێوەکانی گەشاندەوەو وتی:

-ئەم پێشهاتە وانەیەکی گەورەبوو بۆ من تا هاروهاجانە بڕیار نـەدەم. زۆری نەمابوو لەبەر کەسێکی هـەرزە ژیانی

شیرینی هاوسەرێتیمان تێکبدەم.

-خۆشحاڵم راستییەکەت بۆ دەرکەوت و بێگوناهی منیش سەلما. واباشە ئیدی خۆت نارەحەت نەکەی هەرچی بوو بەخێر تێپەڕی.

-منت بەخشیووە؟

-هەڵبەتە خۆشەویستم، برۆ بەمەلەکیا بڵێ ئامادەبێ سێ قۆڵی بڕۆینە دەرەوە. ئەمەوێت ئێوارە لەدەرەوە نان بخۆین، ماویەکە نەچوینەتە دەرەوە باکەمێش بەخۆماندا بگەین.

کۆرش بەئاسانی توانیبووی هانیە فریوبدات. ماوەیەک بەسەر ئەو روداوە تێپەڕیبوو، شیرین دووبارە هەڕەشەی لەکۆرش کردبوو گەر نەیەتە خوازبێنی جارێکی تر روداوەکە بەهاوسەرەکەی دەڵێ. کۆرش خەندەیەکی گاڵتە ئامێزی بۆ کردبوو و پێی وتبوو:

-وادەزانی هانیە ئەوەندە گەوجە بڕوات پێدەکات؟

-پێی ئەڵێم فریوتداوەو داوات لێکردووم ئەو رۆڵە یاری بکەم.

-هیچکەس بڕوات پێناکات، هاوسەرەکەم بڕوای تەواوی بەمن هێناوە. خۆیشت ئەو ببڕوایەت دروستکرد.

-تۆ کەسێکی فێڵبازو دەسبڕی، بێ ئابڕوو رقمە لێت ئیدی ناشمەوێ گوێم لەناویشت بێ.

-تۆش گەوجێکی تەواوی وادەزانی لەبەر بێ ئابڕووی وەک تۆ واز لەهاوسەرەکەی خۆم دێنم؟ ژنەکەی من چ عەیبێکی هەیە؟ من کەسانی وەک تۆم تەنها لەبەر سەرگەرمی ئەوێ.

بەم شێوەیە پەیوەندی کۆرش‌و شیرین بۆ هەمیشە پچڕا.

بەڵام کورش بەردەوام بەشوێن راوی خۆیەوە بوو. پاش تێپەڕینی مانگێک پەرهام گەڕایەوە ئێران. مەلەکیا بەهۆی چاودێری وردی شەو و رۆژی هانیەوە تا رادەیەکی باش هاتبووە سەرخۆ. لەگەڵ هاوسەرەکەی پێکەوە گەڕانەوە ماڵی خۆیان.

مەلەکیا ناچار بوو هاوسەرەکەی لەنەخۆشیەکەی خۆی ئاگادار بکات، بەڵام بەجۆرێک نەخۆشیەکەی بۆ باسکرد پەرهام دووچاری نیگەرانی زۆر نەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پەرهام نەخۆشی هاوسەرەکەی بەراستی گرتبوو چوونکە ئەم رۆژانە مەلەکیا زیاتر هەستی بەئازارو ناڕەحەتی دەکردوو هەمیشە دەستی بەسەر دڵیەوە بوو.

پەرهام بەوەرگرتنی راو بۆچوونی هاوڕێکانی پزیشکێکی باشیان بۆ دۆزییەوەو مەلەکیای بردە لای. پزیشکەکە رای وابوو دەبێ مەلەکیا لەژێر چاودێری ئەودا بێ رێنماییەکانی لەبەرچاو بگرێ. پەرهام هەوڵی ئەدا هەرچی زووتر تەندروستی بگەڕێتەوە بۆ هاوسەرەکەی.

حەوت ساڵ بەسەر زەماوەندی ئەواندا تێپەڕی. لەم ماوەیەدا ڕووداوی جۆراوجۆر بەسەر ئەو دووخێزانەدا هات. مەلەکیا وپەرهام پاشا ساڵانێک هەوڵ و کۆشش گەشتبوونە کۆتای خالی نائومێدی. بەپێی بۆ چوونی پزیشکەکان مەلەکیا هەرگیز نەیدەتوانی وەک کەسێکی ئاسای ژیان بگوزەرێنێ. هەرچەندە کات بەرەو پێشەوە دەچوو نەخۆشیەکەی زیاتر دەبوو. مەلەکیا زۆری حەز لەمنداڵ بوو، بەڵام پزیشکەکان لێیان قەدەغە کردبوو سکی پڕ بێ. مناڵ بۆ ئەو دەبووە هۆی لەناوچوونی خۆی. پەرهامیش لەوبارەوە دژایەتی ئەکرد، بەڵام مەلەکیا ئامادەنەبوو باوەڕ بەو ڕاستیە تاڵە بهێنێ. حەزیدەکرد بەهەر جۆرێک بووە منداڵێک بهێنێتە دونیاوە. لەکۆتایدا بەرامبەر دژایەتیەکانی هاوسەرەکەی وەستاو سکی پڕ بوو. هەرگیز ڕازی نەبوو منداڵەکەی لەناو سکی لە بەین بەرێ. دژایەتی پەرهام و قسەی پزیشکەکان گاریگەری نەبوو. پێداگر بوو لەسەر ئەوەی منداڵەکەی بەدونیا بێنێ تەنانەت گەر بە قیمەتی گیانی بێ. کاتێ هەستی دەکرد بوونەوەرێکی تر لەناو سکی خۆیدا پەروەردە ئەکات، چێژێکی تایبەتی وەرئەگرت. هەستێکی دایکانەی پێ بەخشی بوو، چەند مانگ ئەو مەسەلەیەی شاردەوە کاتێ ئاشکرای کرد بەتامەزرۆیەکی، زۆرەوە باسی دەکرد پەرهام نەیدەتوانی لەبەرامبەری خۆی ڕاگرێ. پەرهام زیاد لەهەر شتێک نیگەرانی تەندروستی خێزانەکەی بوو، شەوو

ڕۆژ بیری لێدەکردەوە گەر مەلەکیا توشی کارەساتێک بێ چۆن بەرگە بگرێ؟ ئەوەندە عاشقی ئەبوو نەیدەویست درکێک بچێت بەقاچیدا. جارجارێک سەرزەنیشی دەکرد و جارجاریکیش بە پارانەوە ئەیوت:

_ بڕوانە مەلەکیا مـن ئـەزانـم تـۆ عاشقی منداڵیت و حەزدەکەیت ببیتە دایک، ئەمە هەقی تۆیە بەڵام تەندروستی خۆت لەهەمووشتێ گرنگترە. کاتێ تۆ نەبی من منداڵ چی لێبکەم؟ من تۆ و منداڵم بەیەکەوە دەوێت. من نامەوێت تەنانەت بیر لەم باتەش بکەمەوە بەڵام با قەدەریش لەبەر چاو بگرین. من و تۆ ژیانێکی خۆشمان هەیە، من تـۆم لەیەکەم ڕۆژی هاوسەریمان خۆشترئەوێت، پێوست ناکات خۆمان بۆ شتێکی ترسناک ئامادەبکەین.

_ ئازیزم تۆ بۆ خۆت نیگەران کردووە، من وانیم کەنەتوانم منداڵێکی ساغ و تەندروست بهێنمە دونیاوە.

_ من نیگەرانی خۆتم نەک منداڵەکە. گەر بوونەوەرێکی بچوک و بێ دەسـت و پا بێت و ئـەم ژیانە شیرینەمان لێ بشێوێنێ، واباشترە نەیەتە دونیاوە مەلەکیا تۆ نازانی من چ هەستێکم هەیە. من نامەوێت بڕوا بە خۆبوونت کەم بکەمەوە، بەڵام هەست بەمەترسی ئەکەم، گەر خودانەکردە تۆ بەڵایەکت بەسەر بێ من تا کۆتایی تەمەنم خۆم نابەخشم.

_ تۆ بێ بناغە نیگەران دەبی، دەبێ لەگەڵ نەخۆشییەکەم دەستەو یەخەبم و شکستیشی بدەم. حەزدەکەم دەنگی هاوارو گریانی منداڵەکەم ببیستم، حەزدەکەم دەوربەرم پڕ بێ لەمنداڵ، تـەواوی ئەو ماوەیەی بوومەتە هاوسەری تۆ کەمی منداڵ

هەستپێدەکەم، تۆش وەک جەنگاوی من وادەزانم تۆ گەورەتر لەوەی کەمن نەمتوانیوە میوەی ژیانمان بهێنمە بەر سەرزەنشتم کەیت تۆ باشترین پیاوی دونیای، بەڵام من بڕیاری خۆمم داوە نامەوێت خۆم بدەم بەدەستەوەو گوێ لەقسەی پزیشکەکان بگرم، بهێڵە هەرچی دەبێ با ببێ، من دەمەوێت بەهەر نرخێک بێ ببمە دایک هیوادارم لێم تێبگەی.

پەرهام کاتێ نەیتوانی هاوسەرەکەی ڕازی بکات، سەردانی پزیشکەکەی کرد و لەسکپڕی هاوسەرەکەی ئاگاداری کرد.

پزیشکەکەی مەلەکیا بەبیستنی ئەم هەواڵە خەم دایگرت و پەرهامی لەوە ئاگادار کردەوە کەوا ئاگای لەتەندروستی هاوسەرەکەی بێ، چوونکە پێشگرتن بەمەرگ لەکاتی هاتنە دونیای منداڵەکە کارێکی ئەستەمە.

لەسەر ئامۆژگاری پزیشک، پەرهام زۆرترین کاتی خۆی بۆ چاودێریکردنی هاوسەرەکەی تەرخان کرد. هانیەش بەو هەموو گرفتەی خۆیەوە هەوڵی ئەدا زیاتر سەر لەمەلەکیا بدات و ئاگای لەتەندروستی بێ. ئەو ڕۆژە کاتێ پەرهام لای پزیشکەکە گەڕایەوە تەلەفۆنی بۆ هانیە کرد و وتی بەهیچ بیانویەکەوە مەلەکیا بەجێ نەهێڵێ.

پەرهام هەر ئەو شەوە ئەوانی بۆ نانی ئێوارە بانگهێشت کرد، هانیە کاتێ تەلەفونەکەی داخست چوو بەخەیاڵدا، ئەمە یەکەم جاربوو حەزینەدەکرد لەماڵ بچێتە دەرو تاقەتی میوانی نەبوو.

ئەو مێشکی پەردەوازە کردبوو نەیدەتوانی بڕیار بدات، حەزیدەکرد بڕوات بۆ جێگایەک هەرگیز مرۆڤی بۆ نەچوبێ.

هیچ شتێ بەئەندازەی ئەم ژیانە بۆگەن و ئازاربەخش نەبوو بۆی.

حەوت سال ژیانی هاوسەرایەتی تێپەراندبوو، هەمیشە لەگەڵ گرفتەکانی جەنگابوو، هەمیشە وای بیردەکردەوە کەئەمرۆ لەدوێنێ سبەی لەئەمرۆ باشتر بگوزەرێنێ، بەڵام ئێستا خۆزگە بەدوێنێ هیوایەکی بەسبەینێ نەبوو.

لەم خەیاڵانەدا بوو، کۆرش بەفیکە لێدان لەگەرماو هاتە دەر بەرەو هۆڵەکە ڕۆشت، ڕۆخساری هەروا بێ موبالات بوو، بەبێ ئەوەی تەماشای ڕەنگی پەڕیوی هانیە بکات بەرەو ژووری نوستن ڕۆشت. قژ وشکەرەوەکەی لەچەکمەجیەکە دەرهێنا و قژی بەگەرمیەکەی وشککردەوە.

هانیە هەستاو بەرەو ژووری نوستنەکەی چو، لەپشتی کۆرشەوە کە خەریکی قژ وشککردنەوە بوو تێپەڕی و چووە قەراغی سستەمەکە دانیشت. قاچی خستە سەر قاچ و نیگا خەماویەکانی بڕییە ئەو، پیاوێک کە دوور بوو لەسۆزو خۆشەویستی، هەرگیز جگە لەخۆشی خۆی بیری لەهیچ نەدەکردەوە.

کۆرش بەشانە خەریکی داهێنانی قژی بوو موجەفیفەکەی خستەوە شوێنی خۆی، کاتێ ئاوڕی دایەوە چاوی بەهانیە کەوت کاتێ خەریکی بۆنی خۆش لە خۆدان بووهانیە وتی:

_ ئەمشەو بۆ نانی ئێوارە لەماڵی پەرهام دەعوەتین.

دەنگی هانیە لەناو فیکە و گۆرانی کۆرشدا ون بوو، هیچ وەڵامێکی نەبیست، جارێکی دیکە وتی:

_بیستت چیم وت؟ یان گوێ بە قسەکانم نادەی؟

کۆرش بەبێ موبالاتی ئاوڕی داوە و بەسارد و سڕییەوە وتی:

_ بەڵێ بیستم، خۆ کەڕنیم.

_زۆرباشە بزانم تۆ ئەڵێی چی؟

_ دەتەوێ بیرو رام چۆن بێ؟ خۆت دەزانی کەمن خراپ گرفتارم گەر پێت خۆشە ئەتوانی بەتەنها بڕۆیت.

_ ئەمشەو ئیدی چ پڕۆگرامێکت هەیە؟

_پێم وتیت لەگەڵ کوڕەکان میوانمان هەیە، پێشتر کاتم دانـاوە، لـەوەش گـەڕێ، تـۆو مەلەکیا ساڵانێکی زۆرە یەک دەناسن بوون و نەبوونی من وەک و یەک وایە، ئێوە ئەتوانن بەبێ منیش خۆش ڕابووێرن وانیە؟

هانیە هەستا و چووە لای پەنجەرەکە، دەستەکانی لەسەر سینەی قفڵداو وەڵامی دایەوە:

_ئاگات لەوە هەیە کەوا چەند مانگە بەیەکەوە نەچووینەتە دەر؟

کۆرش یەخەی چاکەتەکەی ڕێک دەخست و خۆی ڕێک دەکرد، شانی بەرزکردەوە و وتی:

_نازانم، لەوانەیە مانگێک، دوومانگ لەوانەشە زیاتر، ئێستا مەبەستت لەو پرسیارە چیە؟ زۆر ژن هەن کە بەساڵ لەماڵ ناچنە دەر و هیچ دژایەتیەکیش ناکەن.

_ لەوانەیە ئەم بابەتە بۆ تۆ گرنگ نەبێ بەڵام بۆمن زۆر گرنگە، ئێستا ڕێک هەشت مانگە پێکەوە نەچووینەتە دەر. بریا هەر ئەوەندە بووایە، تۆ ماوەیەکی زۆرە بەتەواوی منت لەبیر چۆتەوە، تەواوی کاتەکانت بۆ دۆستەکانتە. من ئیدی لە ژیانی



CamScanner

تۆدا بەشم نیە. زۆرجار خۆم وەک بێگانەیەک بەتۆ و کەسێکی سەربار هەست پێدەکەم. ئێمە لە هیچ لایەنێکەوە لەگەڵ یەک کۆک نین.

کۆرش بەبێ حەوسەڵەیی دەستەکانی بەرزکردەوە و وتی:

_تکات لێدەکەم درێژەی مەدەرێ. تاقەتی ئەو باسانەم نیە، سالانێکە وەکو بازنەیەک بەدەوری خۆماندا ئەسوڕێینەوە هەر ئەو سوڕانەوە بێسودە، هەمیشە هەرئەو قسانە بووەو هەیە.

_بەڵێ تەنها لەبەر ئەوەمە ڕاستیەکان بزانم، ڕۆژێک ئەبێ لەو خولانەوە بێ ئامانجە بگەینە کۆتای، ئاخر تاکەی ئەبێ دان بەجەرگی خۆمدا بنێم بەرگە بگرم؟ ئاخرەکەی چارەنوسم چیە؟

_ من و تۆ وەکو دوو هێڵی تەریب واین چەندە درێژمانکەنەوە بەیەک ناگەین. هۆکارەکەی ئەوەیە ژیان بەبێ منداڵ وەک دۆزەخ وایە، من ناتوانم تاکۆتایی تەمەنم لەو دۆزەخەی کەتۆ سازت کردووە بسوتێم. هانیە هاتە ناوەڕاستی ژوورەکەو دانیشت لەکاتێکدا بەدەست ئەیکێشا بەئەژنۆیداو ئەگریا دەنگی هەڵبڕی و وتی:

_ تاوانی من چیە ناتوانم ببمە دایک؟ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بەسزای تاوانێک کەخۆم دەستم تیانیە سزام بدەیت و ژیانم لێ تاڵبکەیت. تاکەی ئەبێ شاهیدی گەندەکارییە شاراوەو ئاشکراکانی بەڕێزت بم؟

_تۆ ناچار نیت بەرگەبگری زۆرجار ئەمەم پێ وتوویت. گەر ناتوانی بەم ژیانە رازیبی ئەتوانی بڕۆی.

کۆرش دوای ئەو قسەیە بەرەو دەرگا ڕۆشت و کردیەوە و بەبێ خوداحافیزی ڕۆشت. هانیە دوای ڕۆشتنی ئەو لەسەر



CamScanner

تەختەکەی پاڵکەوت و بەئارامی گریا. پێشتر ئەیتوانی پێشبینی وەڵامەکانی کۆرش بکات. هەمیشە کاتێ باسەکەیان ئەگەیشتە بن بەست، کۆرش باسی جیابوونەوەی ئەهێنایە پێش، دڵی بۆ ئەوە ئەسوتا کەکۆرش هەموو خزمەتەکانی ئەوی لەبەر چاو نەگرتووەو قەدری نازانێ. بەئەرکی سەرشانی ئەزانێ. کۆرش هەرگیز بیر لەژیان ناکاتەوە. ڕۆژە پشووەکانی و کاتی بێکاری زیاتر لەدەرەوە بەسەر ئەبرد. هانیە ئیتر سەبری لێ بڕا بوو، بەتەواوی ماندو بوو بوو، کاسەی سەبری سەرڕێژی کردبوو.

کاتژمێرێ دواتر سواری ماشینەکەی بوو خۆی گەیاندە ماڵی مەلەکیا، پەرهام دەرگای بۆ کردەوە و فەرمووی لێکرد و بۆ ژوورەوە. بەرلەوەی هانیە بچێتە ژووری نوستنەکەی مەلەکیا، پەرهام لەروخساری وردبووەو پرسی:

_هانیە چی بووە؟

_هیچ! بۆچی ئەپرسی؟

پەرهام زەردەخەنەیەکی کرد وتی:

_دەبینم پەرستاری هاوسەرەکەم خۆی پێوستی بە پەرستارێکە!.

_من هیچم نیە.

_دیسان لەکۆرش وەڕەزی؟

_بەڵێ وەکو هەمیشە.

_ هانیە تۆ ئافرەتی ئەبێ بڕیارێک سەبارەت بەداهاتووت بدەیت لەمەبەستەکەم ئەگەیت؟

_بەڵێ بەتەواوی.

_بڕوا بکە من نیگەرانم بۆت.

_بڕوا دەکەم لەو بارەوە زۆرت سوپاسدەکەم. تۆ هەمیشە هاوڕێیەکی خەمخۆر بووی بۆ من.

_ هانیە حەزدەکەم یارمەتیت بدەم، پێم بڵێ چۆن و چیم لەدەست دێ؟

_زۆر سوپاستدەکەم، بەڵام کەس ناتوانێ یارمەتیم بدات، جگە لە خۆم. ناچارم کارەکە یەکلایی بکەمەوە من و کۆرش گەیشتوونەتە کۆتایی ڕێ.

_بەبڕوای من ئەوە ژیرانەترین کارە ئەنجامی ئەدەی، تۆ و کۆرش ئەبووایە چەند ساڵ پێش ئێستا وەها کارێکتان بکردایە، هەرگیز ئێوە بۆ یەک دروست نەکراون.

هانیە ماوەیەک بێدەنگ بوو، دووبارە وتی:

_لەوانەیە بتوانی یارمەتیم بدەی، بزانە لەناو هاوڕێکانتدا پارێزەرێکی باش هەیە، کە بتوانێ لەرێگەی یاساوە کێشەکەمان چارەسەر بکات؟

_پارێزەر بەڵێ هاوڕێیەکی باشم هەیەو پارێزەرە.

_ بڕیارم داوە لەگەڵ پارێزەرێک ڕاوێژ بکەم.

_ نیگەرانی ئەو بابەتە مەبە ئەو کەسەی من دەڵێم دەتوانێ لەو لایەنەوە تەواو بەرچاوت ڕۆشنبکاتەوە هەر ئەوەندە بەسە تەلەفونێکی بۆ بکەم، لەهەر کوێ بێ خۆی ئەگەیەنێتە ماڵی خۆمان.

_ هەرگیز ئەو چاکەیەتم لەبیر ناچێ.

_ پێی ئەڵێم لەیەکەم دەرفەتدا پەیوەندیت پێوە بکات.

هانیە دوای ئەو گفتوگۆیە چووە ژوورەکەی مەلەکیا. مەلەکیا لەسەر تەختەکەی ڕاکشابوو، بەبینینی ئەو زەردەخەنەیەکی

کرد و سڵاوی لێ کرد, ویستی لە جێگەی خۆی هەستێ هانیە دەستەکانی خستە سەرشانی و ڕێگەی هەستانی لیگرت، لەکاتێکدا گۆناکانی ماچ دەکرد وتی:

_حاڵت چۆنە؟ کاتێ پەرهام تەلەفۆنی بۆ کردم زۆر نیگەران بووم.

مەلەکیا پێکەنی و وتی:

_پەرهام هەرلە خۆیەوە شتەکەی گەورە کردووە. من زۆر باشم، زۆر جار وەکو منداڵ ڕەفتارم لەگەڵ ئەکات، وادەزانێ لەتەنهایدا ناتوانم ئاگام لەخۆم بێ.

_لەگەڵ ئەوەشدا واباشترە ئاگات لەتەندروستی خۆت بێت.

_ ئەو کورسیە ڕاکێشەو دانیشە ماندوو ئەبی، حەزئەکەم قسەت لەگەڵ بکەم. هانیە کورسیەکەی هێنایە پێشەوە دانیشت. مەلەکیا بەوردی تەماشای کرد و پرسی:

_ئەڵێی زۆر باش نیت! بۆچی ڕەنگت پەڕیوە؟ ژێر چاوت کەوەبۆتەوە.

هانیە ئاهێکی هاڵکێشاو وەڵامی دایەوە:

_ خۆت لەمن باشتر دەزانی.

_ دیسان کۆرش؟ بەڕاست بەتەنها هاتوویت؟

_ بەڵێ.

_ئەی کۆرش بۆ نەهات؟

_ لەجێگەیەکی تر سەرقاڵە.

_بەڕاست چۆن ئەتوانی لەگەڵ پیاوێکی ئاوادا بژیت؟

_زۆر گرنگ نیە، نامەوێت ئەو ساتەی لەلای تۆم بەو باسانەوە نیگەرانت بکەم.

_ من و تۆ لەخوشک بۆ یەک نزیکترین، ئازار و دەردی تۆ هی منیشە.

هانیە فرمێسک بەگۆناکانیدا زنجیرەی بەستبوو، هەوڵیدا بیشارێتەوە. مەلەکیا دەستی گوشی و وتی:

_خەم مەخۆ ئازیزم هەموو شتێ باش ئەبێ.

_مەلەکیا نازانی چەندە دڵ تەنگم! ژیان بۆ من دۆزەخێکە. حەزدەکەم هەمیشە بەتەنها بم ئەژنۆی خەم لەباوەش بگرم. بڕوابکە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی خۆم بسوتێنم.

_ئەی بۆ خۆت لەو زیندانە ترسناکە ڕزگار ناکەیت؟ ئاخر بەچ کارێکی ئەو پیاوە دڵخۆش ئەبیت؟ تاکەی چاو لەکردارەکانی ئەپۆشی؟ سەبر و ئارامیش سنورێکی هەیە، تۆ دەبێ لەبیری خۆتدا بیت، لەوانەیە خۆت پێی نەزانی بەڵام هەستدەکەم وەک مۆم دەتوێیتەوە. خەریکی خۆت لەناوئەبەیت ئەو پیاوە شیاوی تۆ نیە.

_ خۆشم ئەزانم، تائەمڕۆ هەوڵمداوە خۆم فریوبدەم. خۆم هیوادار کردووەو وتوومە ئاخرەکەی چاک ئەبێ. لەوانەیە سبەی لە ئەمڕۆ باشتر بێ. بەڵام لە خۆ فریودان ماندوو بووم تاکەی ئەتوانم بەزللەرومەتم سور بکەم؟ تاکەی ئەتوانم لەبەردەم دۆست و دوژمندا خۆم دڵخۆش نیشانبدەم؟

_هەڵەکە لە خۆتەوە بوو، لەڕۆژی یەکەمەوە هەر تاوانێکت ئەبینی چاو پۆشیت لێ ئەکرد. بیرت لەوە نەکردەوە ئەو لەو میهرەبانیەی تۆ کەڵکی خراپ وەردەگرێ. چەندم ئاگادارکردیتەوە ئاگات لەخۆت بێ ئەوەندە جڵەوی بۆ شل مەکە؟.

_بەداخەوە من هەر لەڕۆژی یەکەمینەوە زانیم، دونیای من

و ئەو زۆر لەیەکەوە دوورە. ئێمە هەردووکمان دو جەمسەری دژ بەیەکین، من هەوڵمدا بە ئارامی و دان بەخۆداگرتن هۆگری خۆمی بکەم، بەردەوام هەوڵمدا چاو لەراستیەکان بپۆشم. زۆر شتی ناپەسەندم پشت گوێ خست. کاتێ تێگەیشتم پیاوێکی ئارەزوو بازەو ئاکاری هەرزەییم لێ بینی، کاتێ پەیم بە خیانەتکارییە پەنهان و ئاشکراکانی برد لەجیاتی هەر دژە کردارێک ئارامم گرت. وتم بەڵکو بێتەوە هۆش دەست لەکاری نەنگ بەربدات، چەندین جار ئاکاری قیزەون و بێ ڕەوشتیم بینی، ماڵەکەم بووە بە قومار خانەو مەلهەی ئاغا! شەوانە کۆڕی قومارو شەراب خواردنەوەی گەرم بوو، جگە لەگەندەکارییەکانی تر. کاتێ گلەیی و گازندەم کرد لەوەڵامدا دەیوت بەو کارانەی کە تۆ ئەڵێی قێزەونە، ئازاری نەبوونی منداڵ لەبیر ئەبەمەوە. زۆرباشە هەرچی پێی خۆشە بابێ، بەڵام من ناتوانم لەگەڵ وەها پیاوێکدا ژیان بەرمەسەر. ئاخر تاکەی وەڵامی پرسیارەکانم شەق و توانج بێ؟ بەڵام ئیدی ناتوانم ئەم شتانە قبووڵ کەم. تائێستا هەرچی بووە با بەس بێ، ئاخر ژنێک چەندە تاقەتی هەیە؟ توانایی کۆتایی هات.

پەرهام دای لەدەرگا و هاتە ژوورەوە. هانیە بەبینی ئەو فرمێسکەکانی وشککردەوە، پەرهام سینیە قاوەکەی خستە بەردەمیان و بەهانیەی وت:

_ من هەر لەکرداری سەرەتایەوە بۆم دەرکەوت کۆرش ناتوانێ هاوسەری ئایندەی تۆ بێت، نازانم بۆچی باش نەدەهاتە بەرچاوم. ڕیاکاریم لەچاوانی بەدی ئەکرد، لەبیرمە تەنانەت چەندین جار بەمەلەکیام وتوە کەشتێک لەناو کۆرشدا

حەشاردراوە، دەربارەی ئایندەی هانیە من نیگەران ئەکات،
مەلەکیا مۆڵەتی نەدا تەواوی بکات وتی:

_ ڕاستدەکات، کۆرش بەرواڵەت هەمووانی فریو دابوو، من لەلایەن خۆمەوە بڕوام نەدەکرد کەسێکی ئازاو زمان شیرین و ڕووخۆش ئاوا فێڵباز و ڕیاکاربێت، تا ئێستا کەسی وا دوو ڕووم نەدیوە.

_ئەو هەمووانی فریودا ئەوەندە بەپاک داوێنیدا هەڵیئەدا زۆری نەمابوو سوێند بەپاک داوێنی بخۆم. تا خۆم لەپشت پەردەوە هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت, ئیدی شەرم و حەیا باریکرد و بەبەرچاومەوە کاری قێزەونی ئەکرد.

پەرهام فنجانێ قاوەی هەڵگرت و دایە دەستی وتی:

_بێدەنگی تۆ بووە هۆکاری ئەوەی شووڵی لێهەڵکێشێ، گەر ڕۆژی یەکەم ڕازی بوویتایە من یان هورەنگ ئاقڵمان بکردایە، هەرگیز نەیدەوێرا ژیانی پاکی هاوسەرێتی لەکەردار بکات. هەرچی دەبوو با ببووایە، برایانە ئامۆژگاریت ئەکەم لەئێستە بەدواوە کۆتایی بەهەڵەکەت بهێنەو بەژیرانە هەڵسوکەوت بکە. حەوت ساڵ بۆناسینی مرۆڤێک بەسە. چاوەڕوان کردن لەدوای ئەوە کات بەفیرۆدانە.

_ من بڕیاری کۆتایی خۆمم داوە، ئیدی ناتوانم بەو حاڵەوە بەردەوام بم، بە جیابوونەوە ڕازیم. ئەویش پێشتر پێشنیاری تەڵاقی پێکردم، یان مۆڵەتی بدەم ژنێکی تر بهێنێ. منیش تەڵاق هەڵدەبژێرم، هانیە لەسەرقەنەفەکە هەستا، فنجانە خاڵیەکەی خستە سەر سینیەکەو چووە لای پەنجەرەکە، لەپەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، سەری خستە سەر لیواری

پەنجەرەکەو ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا و وتی:

_دەزانم هاتنم بۆ لاتان مایەی ئازارە، هەرکات دێم کۆڵێک خەفەتان ئەدەمێ، هەرگیز ناتوانم کەمێ دڵخۆش و بەختیارتان بکەم.

پەرهام سینیەکەی هەڵگرت و لەکاتی چوونەدەرەوە وتی:

_ تۆ یەکێکی لەئێمە، گرفتی تۆ هی ئێمەشە. من بەهیچ شێوەیەک تۆ لەگەڵ گرفتەکانت جێناهێڵم. من لەزۆر لایەنەوە قەرزاری تۆم، هیوادارم وەکو هاوخەمو دڵسۆزێکی خۆت هەژمارم کەیت.

هانیە ڕووی تێکرد و سینیە قاوەکەی لێوەرگرت و لەکاتێکدا دڵنیا بوو لە قسەکانی ئەو وتی:

_ باشترە تۆ لەلای مەلەکیا بمێنیتەوە، من دەڕۆم خواردنی ئێوارە ئامادەبکەم و بگەڕێمەوە. دوای وتنی ئەم ڕستەیە لەژوورەکە چووەدەر.



CamScanner

ئەو ڕۆژەش وەک هەموو ڕۆژەکانی تر، هانیە بەقادرمەکانی ئاپارتمانەکەدا سەرکەوت، دەرگای ژوورەکەی کردەوە و هەموو جێگایەک نوقمی تاریکی بوو، پلاکی کارەباکەی داگیرساند و کیفەکەی فڕێدایە سەر مێزەکە، لەسەر قەنەفەکە دانیشت و دەستی کردە گریان، دەنگی گریانی هەوای ناو ژوورەکەی پڕکرد، هەرلەوکاتەدا دەنگی زەنگی تەلەفون ڕایچڵەکاند و بەپەلە تەلەفونەکەی هەڵگرت، پەرهام بوو. . . . . بەرلەوەی پەرهام دەمبکاتەوە، هانیە بەگریانەوە هاواری کرد:

توخوا خۆت بگەیەنە لام، ئیدی ناتوانم لێرە بمێنمەوە و بەرگە بگرم، وەرە و ڕزگارمکە، ئەگەر نا کارێک بەسەر خۆم دێنم.

_ هانیە چی بووە؟ پێم بڵێ چی ڕویداوە؟

هانیە کاتێک تەلەفونەکەی دانا، کەوتەوە ناو دەریای بیرکردنەوە؟ هێشتا چەند خولەکێک تێنەپەڕیبوو، کۆرش بەفیکە لێدان خۆی کرد بەژووردا، هەرکە چاوی بەهانیە کەوت زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

_شەوباش، دیسان خەریکی شیوەن ئەگێڕی؟ هانیە هەستاو بەرامبەری وەستا، ڕقو تورەیی لەچاوانی ئەباری، لەپڕهاواری کرد:

_ داناوەشێی؟ نامری؟ ئاخر ئەمە چ بۆنێکە هێناوتەتەوە؟

_ دیسان چی بووە؟ هێشتا نەگەیشتوومەتەماڵەوە، گلەیی و گازەندە دەستی پێکرد؟

_کەی دەتـەوێ دەست لەم کارانە هەڵگری؟ ئاخر بۆچی بەئابڕووی هـەردووکمـان یـاری ئەکەیت؟ تاکەی ئەتەوێ کەسایەتی من پێشێل بکەی؟

کۆرش لەحاڵەتی ئاسایدا نەبوو لەبەرئەوە لێ دوورکەوتەوە و وتی:

_دیسان چی بوو؟ تۆ بەردەوام شەڕئەفرۆشی.

_ئەپرسی چیبووە تەواوی دەرگاو دیواری ماڵەکەم بۆنی خیانەت ئەدا، هەر کە قاچ ئەخەیتە ئەم ماڵەوە دەستە گوڵێک بەئاودا دەدەی.

_تۆ لەسەر ڕۆشتنی بیانووی چی ئەگری؟

_هانیە بەدوو هەنگاو خۆی گەیاند بەوو بەرامبەری وەستا، ملیوانەکەی گرت و وتی:

_ئەوە نابێتە هۆکارێک تا تۆ هەر کارێک پێت خۆشە بیکەیت، تائەوکاتەی بڕیاری دادگا دەرئـەچـێ دەبـێ پابەند بیت بەو گرێبەستەوە، دەبێ ڕێزی هاوسەرایەتی پارێزراو بێ و پابەند بیت بەیاساکانیەوە. تۆ دەزانی چەندە ئابڕووی منت لەکەدار کردووە، ئاخر بێمێشک من ٧ساڵ لەساڵە جوانەکانی تەمەنی خۆم خستە ژێر پێت، پیاوێک کە لەشەیتان بەد ڕەوشتترە.

_ گوێبگرە هانیە ڕێگە نـادەم بەم جۆرە سوکایەتیم پێ بکەی، پێ لەبەڕەی خۆت زیاتر ڕامەکێشە!

_بەبڕوای من تۆ مرۆڤ نیت، بۆنی مرۆڤایەتیت نەکردووە، تۆ لەگەڵ ئاژەڵ هیچ جیاوازیەکت نیە!

_زۆر جار پێم وتوویت، دیسان دووبارەی دەکەمەوە هەوڵبدە ڕێزی خۆت بگریت، نامەوێت لەماڵەکەمداو دواساتەکانی پێکەوە

بوونمان بەجۆرێک بێت هەرگیز لەیادی نەکەیت.

_ماڵی تۆ؟ کامە ماڵ؟ کامە ژیان؟ لەبارەی چییەوە قسەدەکەیت؟ ئەم ماڵە ئەڵێی کەبەهەزار دەردی سەری و فەلاکەت بوومە خاوەنی، کەچی تۆ بەدۆر و فێڵبازی، تاپۆکەت کرد بەناوی خۆتەوە؟ بەهەمان شێوە سەنەوی ئۆتۆمبیلەکەش، ئێستا دەم لەخاوەنی ئەکوتی؟ ئاخ بریا تۆزێک ئابڕووشت هەبووایە؟

_من و تۆ پێکەوە هەوڵماندا بۆ باشترین ژیان، گەر دەسکەوتەکەت لەم ماڵەدا خەرج کردووە، نابێ منەت لەسەر من بکەیت، گەرمانەوە بۆت ئازاربەخیشە دەتوانی جانتاو جلەکەت هەڵگری و لەماڵەکەم بڕۆیتەدەر.

_ دڵنیابە درەنگ یان زوو ئەو کارەدەکەم. بەڵام ئەوەندەش بزانە تا کۆتایی تەمەنت بۆنی خۆشبەختی ناکەیت، من هەر ئەمشەو لێرە دەڕۆم، دڵنیاشبە پاداشتی کاری خۆت وەردەگری.

_گەر پێت خۆشبێ زووتر بچی باشترە، بەڵام بیرت نەچێ، سویچی ئۆتۆمبیلەکە بەجێ بهێڵەکارم پێیەتی.

_ هابگرە ئەوە سویچەکە، ئیدی لەژیان هیچ شتێک لام گرنگ نیە، جۆرێک چارەنوست ڕەشکردم کەبەهیچ شتێ قەرەبوو ناکرێتەوە.

لەم کاتەدا دەنگی لێدانی دەرگاکە هات، دوکتۆر سەدری بەڕەنگی پەڕیو و ڕەش داگیرساوەوە هاتە ژوورەوە، هانیە بەرەو رووی ڕۆشت و خۆی هاویشتە باوەشی بەپاڕانەوەوە وتی:

_ئاخ بابە، توخوا یارمەتیم بدە، لەم ژیانە نەگریسە ڕزگارم کە.

دکتۆر سەدری لەکاتێکدا دەسی ئەهێنا بەقژیداو بەقینەوە تەماشای کوڕەکەی کرد و وتی:

_بۆچی دەست لەم منالبازییە هەلناگری؟ ئاخر تاکەی ئەبێ دانیشم شاهیدی ڕۆژی ڕەشی ئەم کچەبم؟ کۆرش بەپۆزەوە لەسەر قەنەفەکە هەستاو دوگمەی چاکەتەکەی کردەوەو وتی:

_تاکاتێ هانیە، پارێزەرێکی وەک تۆی هەبێ، ژیانی ئێمە هەر وادەبێ!

دکتۆر سەدری بووکەکەی بەرداو بەرەو لای کۆرش رۆشتو بەتوڕەییەوە وتی:

_من پشتی هەق دەگرم پارێزەری کەس نیم، تۆ ئاگات لەئاکاری خۆت نیە، چوون ژنێکی باشت دەستکەوتووە، پێ لەبەڕەی خۆت درێژتر ئەکەی، وادەزانی ئاگام لەهەڵسوکەوتت نیە؟ تائێستا بێدەنگ بووم، ویستوومە لەژیانی تایبەتتان خۆم هەڵنەقوڵێنم، بەلام وادیارە تۆ مانای ئابڕوو نازانی.

_من هیچ کارێکی نەشیاوم نەکردووە تا سەرزەنشت بکرێم.

_هەر ئەو کارە وەحشیانەی بەرامبەر هاوسەرەکەت ئەیکەیت خراپترین کارە، ڕۆژێ ئەپاڕایتەوە لەمن بچمە خوازبێنی، من پەیمانم بەوان داوە خۆشبەختی بکەیت، ئایا ئەمە خۆشبەختیە؟ ئەمەیە متمانەی مرۆڤایەتی؟ ئەمە ڕێ و ڕەسمی هاوسەرێتیە؟ کام پیاوی بەشەرەف ئاوا لەگەڵ ژنەکەی هەڵس و کەوت دەکات؟

_من بەئازادی هاتوومەتە دونیاوە، پێم خۆشە ئازادانە بژیم و لەهەموو چرکەکانی ژیانم لەزەت ببەم، نامەوێت بەردەوام لەژێر فەرمان بم، من هیچ دڵم بەم ژیانە خۆش نیە، ئاخر

نەمندالێک، نەپێکەنینێک، ژنەکەم تەنها سەرگەرمی کارەکەیەتی لەکاتێکدا هیچ لەکارەکەی ڕازی نیم.

هانیە ئاوڕی لێ دایەوە و وتی:

_ تۆ پیاوێکی خیانەت کاری، هەرگیز ڕێزت بۆ هەستی من دانەناوە، لەڕاست وچەپ هەواڵم بۆ دێنن، لەگەڵ فلانە کچ بووی لەگەڵ ئەوی تر پەیوەندیت هەیە، وادەزانی نەزۆکی من هۆکار بووە؟ تۆ لەسەرەتای هاوسەریمانەوە ئەوە پیشەت بووە، خۆ ئەوکاتە مەسەلەی منداڵ لەئارادا نەبوو؟ ئەوکات بۆ خیانەتت ئەکرد؟ گەر تائێستا قسەم نەکردووەوەو بێدەنگ بووم، وتوومە بەڵکو باش بێ.

_نەخێر خانمی بەرێز من هەرگیز چاک نابم، ئێستا کەپەییت بەلایەنە تایبەتیەکانی ژیانم بردووە، باشتر وایە بیرێک لەژیانی خۆت بکەیتەوە، من ئەوەم کەهەم، چاوەڕوانی فەرمانداری لەمن مەبە.

کۆرش دوای وتنی ئەوقسانە لەجێگەکەی هەستا، بێ موبالات بەلایاندا تێپەڕی کاتێ گەیشتە بەردەرگا ئاوڕی دایەوەو وتی:

-ئاشکرایە ئیدی منو تۆ قسەمان بۆ یەکتر نیە، باشترە یاسا یەکلایی بکاتەوە. خوات لەگەڵ تا ڕۆژی پەسڵان.

دوای وتنی ئەو رستەیە لەماڵ چووە دەر، هانیە لەسەر قەنەفەکە دانیشتو دەستی کردە گریان. لافاوی ئەشک بەچاوەکانیدا ئەهاتە خوار، دکتۆر سەدری لەلای دانیشتو بەخەمبارییەوە وتی:

-لەو روداوە بەراستی خەمبارم، حەزدەکەم بزانی تەواو شەرمەزارم. بریا زووتر کوڕەکەم بناسیایە، بەداخەوەم لەژێر

هەستی باوکانەدا ژیانی تۆم لەناو برد. تۆ ماڵی دڵمت روناک کرد بەڵام من گورگێکم بەردایە گیانی تۆ.

هانیە هۆن هۆن ئەشکی ئەڕشت بەگریانەوە وتی:

-من تەواوی توانای خۆمم خستە گەڕ تا بەژیان دڵگەرمی بکەم. ویستم هیوای ژیانی پێکەوە بوون لەودا بڕوێنم. هەر لەسەرەتاوە زۆر شتم بینیو بیست هەموویم پشت گوێ خست، بەداخەوە ئیدی ناتوانم بەرگە بگرم.

-من هەقت پێدەدەم، هەر بڕیارێک بدەی من وەکو قەڵ پشتت ئەگرم. کوڕەکەی من شایەنی تۆ نیە. حەیفە تۆ لەو ژیانەدا لەنێو بچی. منیش لەمڕۆوە کوڕێکم بەناوی کۆرشەوە نیە. ناتوانم ببینم بەسەر پارەکانی تۆوە رائەبووێرێ.

-هەڵەی من لەوەدا بوو لەیەکەم رۆژەوە راستگۆیانە مامەڵەم لەگەڵدا کرد، هەرکات گرفتی دارایی بۆ ئەهاتە پێش خێرا بۆم چارەسەر ئەکرد. کەم کەم تێگەیشتم دەبێ من کاربکەم ئەویش هەرزەیی بکات. هەرکات گرفتێ ئەهاتە بەردەمی رووبەڕووی من دەبووەوە، بەفرۆشتنی تابلۆکانمو دەرامەتی کارەکەم ئەوم گەیاندە ئێستا تەنها لەبەر ئەوەی هاوبەشی خۆشیو ناخۆشی بم. بێ ئاگا لەوەی لەژیانی ئەودا نرخی تەنها کەنیزێکم نیە.

-تۆ هەمیشە بووکێکی شایستە بووی لای من، هیچ ژنێ بەئەندازەی تۆ ناتوانێ هاوسەرەکەی خۆشبەخت بکات. بەداخەوە کوڕە قەدر نەزانەکەی من کوێرو نابینایە لەئاستی ئەو گەوهەرەی لەماڵەکەیدایە.

-هەرگیز وام بیر نەکردۆتەوەو رۆژێک توشی وەها کارێک بم، خودا خۆی دەزانێ تا ئێرەش چەندم ئازار کێشاوە. کاتێ

دەنگی زەنگ لێیدا هانیە هەستاو ئایفۆنەکەی هەڵگرت، هەرکە دەنگی پەرهامی بیست، گەڕایەوە لای دکتۆر سەدریو وتی:

-ناچارم چەند رۆژێک ماڵەکەم بەجێ بێڵم، تا بزانم چیم بەسەر دێ. دوو هەفتەی دیکە نۆرەی دادگامانە، ئەوکات دەبێ هەردووکمان لەوێ ئامادە بین. بڕیارمداوە ماوەیەک بەئارامی بژیم.

-بەبڕوای منیش کارێکی باش ئەکەی، هەرکاتیش کارێکت هەبوو هەر ئەوەندە بەسە تەلەفۆنێکم بۆ بکەی، دڵنیابە بەتەنها جێت ناهێڵم.

هانیە چووە ژووری نوستنەکەیو دکتۆر سەدریش بەدونیایەک خەم و خەفەتەوە گەڕایەوە ماڵەکەی. هانیە بەخێرایی کارەکانی ئەنجامدا. هەندێ پێداویستی خۆی خستە ناو جانتایەکو بەخێرایی لەقادرمەکان هاتەخوارو لەدەرگاکە چووە دەر.

پەرهام لەسەر شەقامەکە چاوەڕوانی بوو. کاتێ ئەوی بینی بەرەو شوێنی ئۆتۆمبیلەکەی رۆشت. کاتێ هانیە نزیک بووەوەو دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی بۆ کردەوە، هانیە بەقوڕگی پڕ گریانەوە سڵاوی لێکرد. پەرهام بەبێ هیچ قسەیەک کەوتە رێ.

هانیە بێدەنگ بوو، لەشووشەی ماشینەکەوە تەماشای دەرەوەی ئەکرد. چاوەکانی پڕ بوون لەفرمێسک، هیچیان ئەو بێدەنگیەیان نەشکاند. کاتێ نزیکی ماڵ بوونەوە هانیە ئاهێکی کێشاو سەرپۆشەکەی چاککردو لوتی بەدەستەسرێکی کاغەز پاککردەوەو چاوەڕوان بوو تا ئۆتۆمبیلەکە بەتەواوی وەستا. پەرهام چووە نێو گاراژو وەستا. هەردووکیان دابەزین.

هانیە بەبێ هیچ قسەیەک جانتاکەی دا بەپەرهام‌و خۆیشی لەقادرمەکان سەرکەوت. مەلەکیا بەنیگەرانیەوە هات‌و چۆی ئەکرد، هەرکە دەنگی پێی ئەوانی بیست دەرگای کردەوەو هانیەی لەئامێز گرت.

-ئازیزەکەم ئەوە تۆی؟ خۆ هیچت بەسەر نەهاتووە؟

-نا من حاڵم باشە.

-کاتێ تەلەفۆنت کردو بەو پەلەییە پەرهامت ویست، زۆر نیگەران بووم وتم رەنگە شتێک رویدابێ، وەرە پشوویەک بدە رەنگت بەتەواوی پەڕیوە.

هانیە چووە سەر قەنەفەکەو ئاوڕی بۆ مەلەکیا دایەوەو وتی:

-کاتێ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە ئەوەندە ماندوو هیلاک بووم بەبینینی ماڵی چۆڵیش ترس کەوتە نێو دڵم. هەستمکرد زۆری نەماوە لەسنوری شێتی نزیکببمەوە. ویستم هاواربکەم، بەڵام تەنها چارەیەک کە بەباشم زانی ئەوەبوو لەو دۆزەخە فیرار بکەم. پەرهام جانتاکەی هانیەی داناو بەرەو چێشتخانە رۆشت، مەلەکیا لەلای هانیە دانیشت‌و وتی:

-کارێکی باشتکرد هاتیتە ئێرە، من زۆرجاریش بەتۆم وتووە نایەوێت ئیدی پێ بنێیتەوە ئەوماڵە. تا ئەوکاتەی کارەکەتان یەکلایی ئەبێتەوە واباشە لەکۆرش دووربی.

هانیە دەستیکردە گریان لەکاتێکدا دەستی بەدەم‌و چاویەوە گرتبوو وتی:-چارەنوسم بەجۆرێک رەشبووە حەز بەمەرگ ئەکەم.

-ئازیزم تۆ دەبێ ئارام بگری، ئەمە جاری یەکەم نیە کۆرش

گرفتت بۆ ساز دەکات.

-ئیدی تاقەتم نەما بەخودا ماندوو بووم.

-دیسان شەڕتان بوو؟

-گەر بزانی چ بەڵایەکی بەسەرم هێناوە؟ گەر پێت بڵێم شێت ئەبی، ئیدی ئابڕووم نەماوە نازانی چ زەجرێکم بەدەستیەوە کێشاوە!؟.

پەرهام بەقاپێکی پڕ میوەوە گەڕاوە. سینیەکەی لەسەر مێزەکە داناو خۆیشی لەگۆشە یەکدا دانیشتو چووە نێو خەیاڵەوە. هانیە درێژەی پێدا:

-لەتەواوی تەمەنمدا پیاوێکی هێندە پیسم نەدیووە. کاتێ وەها جانەورێک ئەبینم گومان دەکەم مرۆڤ بێ، خودایە بمبەخشە دڵم پڕە، ئاخر خەمی خۆم بۆ کێ بڵێم؟ ئاخر بەکێ بڵێم ئەو پیاوە چی بەسەرهێناوم؟.

-ئارامبە هانیە تۆ نابێ لەبەر ئەو جانەوەرە خۆت ئازاربدەی.

-من شەو رۆژ لەناو ئازاردا ئەتلیمەوە، نازانم باجی کامە تاوانمە ئەبێ بیدەم؟ بەخودا بەرگە گرتنی ئەستەمە.

-وەرە کەمێ میوە پاک بکەو بیخۆ، پاشان بۆم باسکە چی رویداوە.

هانیە سێوێکی پاککرد پاش خواردنی درێژەی پێدا:

-دوو هەفتە لەمەوبەر کۆرش بەپەلە لەکۆمپانیا گەڕایەوە، ئاخر چەکی بێ پارەی دابووە مشتەری. هاتبوو تاکاتی چەکەکەی نەگەیشتووە قەرزبکات، منیش سەرەتا رازی نەبووموو نەمدایە. بۆڵاندم بەسەریدا بۆچی ماڵت بەجێ هێشتووەو لەگەڵ هاورێکانت ئەژیت. داوای لێبووردنی کردو

کەوت بەسەر دەستو پێمدا. بەقسەی چەورو زمانی شیرین پارەی چەکەکەی لێوەرگرتمو ڕۆشت. مەلەکیا بەناڕەحەتیەوە قسەکانی پێ بڕیو وتی:

-ئاخر تۆ بۆ ئەوەندە سادەیت؟ چۆن ئەتوانی دوای حەوت ساڵ دیسان باوەڕی پێبکەی؟ ئەمە یەکەمجار نیە فێڵت لێ ئەکات ئەبووایە ئەزمونت وەرگرتایە.

-هەموو ئەوانەدەزانم، بەڵام چیم بکردایە؟ هەرچەندە تۆزقاڵێک خۆشەویستیم بۆی نیە. بەڵام نەمویستووە ژیانی هاوسەریم بشێوێ. ئەزانی هەرکەس بیرێکی تایبەت بەخۆی هەیە. من وادەزانم تەڵاقو جیابوونەوە رسواو بەدناوم ئەکات. بەبڕوای من هونەرمەند پێشەنگی کۆمەڵگایە، هەرگیز نەمویستووە پێشەنگێکی خراپ بم.

-راستە. بەڵام ئەمە نابێتە ئەوەی لەبەر قسەی خەڵک هەمیشە لەناو ئازارو ئەشکەنجەدا بژیت. باشە دوایی چی بوو؟

-کۆرش ئەوشەوە وەفای بەپەیمانەکەی کردو گەڕایەوە ماڵەوە. هەرچەندە رقم لەتارمابییەکەیشی بوو، بەڵام هەر ئەوەی سێبەری لەسەرم بوو بۆمن بەس بوو. داوای لێکردم واز لەتەڵاق بهێنمو نامەکەم لەدادگا وەرگرمەوە. پەیمانیدا رێگەی راست بگرێتە بەر، منیش دیسان فریوی سویندەکانیم خوارد.

دوو شەو دوای ئەوە وتی ئەیەوێت کاری بازرگانی بکاتو پێویستی بەسەر مایەیە، منیش چوونکە پارەی نەختی ئەویست داوام لێکرد بمکاتە شەریک. لەبەر ئەوەی پارەی نەختم نەبوو ئاڵتونەکانم پێدا. کۆرش ئەو شەوانە زۆر گۆڕابوو، شەوانە بەبێ ئەوەی دەم بۆ خواردنەوە ببات ئەهاتەوە ماڵەوە، لەماڵەوەش

کەمتر هەراو هۆرایی بەرپا ئەکرد. بیرمکردەوە خەریکە وەک مرۆڤەکان ئەژین، تەنانەت پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم بۆچی منداڵێک نەهێنین بەخێوی بکەین؟ منیش راکەیم پەسەندکرد، تا ئەو رووداوە ترسناکە رویدا.

یەکێ لەقوتابییەکانم لەگەڵ براکەی هاتنە ئاتیلەکەم. رەفتاری براکەی بەجۆرێک بوو هەر وەک تاوانێکی گەورەم کردبێ، ئەوەی ئەوان باسیان کرد شیاوی باوەڕ پێکردن نەبوو. کچەکە بۆی باسکردم ماوەیەک بەر لەئێستا کەسێک هاتووەتە خوازبێنیو خۆی بەکەسێکی باشو دەوڵەمەند نیشان داوە. لەبەر زمان لوسیو هەڵسوکەوتی کەسو کاری کچە رازیدەبن کچەکەی پێبدەن، وەڵامی ئەدەنەوەو رۆژی دەزگیرانی دیاری ئەکەن. هەردووکیان بەفەرمی ئەبنە دەزگیرانی یەک. هانیە بێدەنگ بوو. پەرهامو مەلەکیا بەسەرنجەوە بۆ دەمیان ئەڕوانی، هانیە تفێکی قوتداو بەردەوام بوو:

-کچەکە ئەیوت لەماوەی مانگێکدا کە پێکەوە دەزگیران بوون هەموو رۆژێ بەدیاریو دەستەگوڵەوە چۆتە سەردانی، تا ئەوەی رۆژێک بەرێکەوت لەلای من ئەیبینێ سەیر ئەکات ئاشنای منە. دوای پرسیارکردن دەزگیرانەکەی ئەو کۆرشی مێردی منە. . .بەبیستنی ناوی کۆرش مەلەکیا ناڵەیەکی کردو لەجێگە هەستا سەرسامو حەپەساو دووبارەی ئەکردەوە:- چی؟ کۆرش؟

هانیە سەری بەنیشانەی بەڵێ جوڵاندو وتی:

-بەداخەوە بەڵێ، ئەو پیاوە تەنانەت لەناو قوتابییەکانی منیشدا هەڵیبژاردووە.

-چ پیاوێکی بێ شەرەفە، باشە دوایی چی بوو؟

-ئەو کچە ئەڵقەی دەزگیرانیەکەی خستە سەر مێزەکەم لەگەڵ ئەو گەردن بەندەی بۆ کارەکە دابووم بەکۆرش بەدیاری دابووی بەو خستیە بەردەمم وتی:هەفتەی پێشوو ئەم گەردنبەندەی بەدیاری پێدام ئێستا کە پەیی بەفێڵبازی ئەو پیاوە بردووە ئەیویست شکایەت بکات.

براکەی بەشێوەیەک منی تۆمەتبارکرد کە لەگەڵ هاوسەرەکەم بۆ خەڵەتاندنی کچی خەڵکی هاو دەستم، دەیوت شکات لەمنیش ئەکات. بەکورتی لەناو دەفتەری کارەکەم هەرایەک پەیدا بوو مەپرسە، تا هاتم باسی رەفتاری مێردەکەمیان بۆ بکەمو خۆم بێتاوان نیشان بدەم، بینیم هەمووان ئاگادار بوونو بەتەواوی ئابڕوم چوو. ئەوان هەڕەشەیان کردو چوونە دەر، منیش کە تەواو سەرم لێشێوا بوو دەفتەرەکەم داخستو گەڕامەوە ماڵەوە، دوای ئەوەی تەلەفۆنم بۆ پەرهام کرد کۆرش گەڕایەوە، هێشتا بەتەواوی لێم نەپرسی بوو ماڵەکەی بەجێ هێشتو رۆشت. مەلەکیا بەخەمەوە سەرێکی باداو وتی:

-ئەبووایە هەر لەسەرەتاوە رێگەت نەدایە ئەو پیاوە یاری بەهەستت بکات، گەر لەبەرامبەری ئەوەستای، گەر نەتدەهێشت پێ لەبەرەی خۆی زیاتر راکێشێ، ئەمڕۆ ناچار نە ئەبووی ئەوەندە خەمو خەفەت بخۆی. خۆت فێرتکرد هەست بەبەرپرسیارێتی نەکاتو بکەوێتە شوێن هەواو هەوەسی خۆی.

-بەڵێ راستەکەی، سادەیی و دڵپاکی من وای کرد لەو هار ببێو یاری بەهەستم بکات. هەڵە لەخۆمەوە بوو. ددانم بەجەرگی خۆمدا گرت بەڵکو ببێتە مرۆڤ رێگەی راست بگرێتە

بەر، بەلام بەپێچەوانەوە خراپتر بوو. ئەو هەرگیز بەرامبەر بەمن هەستی بەبەرپرسیارێتی نەکردووە. هەرگیز ڕێزی بۆ من دانەناوە هەمیشە لەبیری سودی خۆیدا بووە. لەتەواوی ئەوماوەیەی پێکەوە ژیاین دەرکەوت شیاوی باوەڕ پێکردن نیە. حەزمدەکرد تەنها تروسکاییەکم شکبردایەو هیوایەکم بەخۆم بدایە. ئەو هەر لەسەرەتاوە دەمامکەکەی لابردبوو بەلام من نەمدەویست بڕوا بکەمو خۆم ئەخلەتان.

پەرهام کە تا ئەوکاتە بێدەنگ بوو، هاتە قسەو وتی:

-بەبڕوای من بۆ قەرەبوو کردنەوەی رابردوو هیچکات درەنگ نیە، گەر تا ئێستا خۆت لەراستیەکان دزیوەتەوە نەتویستووە بڕوا بکەی بەهەڵەکانی هاوسەرەکەت، ڕێگەکەتان بەرەو جیا بوونەوەیە. لێگەڕێ با بۆخۆی لەناو لیتاوی تاوانەکانیدا مەلەبکاتو درێژە بەگومڕایی خۆی بدات. ئازیزم عیشقو خۆشەویستی دەبێ دوو لایەنە بێ. تۆ نابێ لەبەر ئەوەی سێبەری لەسەرت بێ خۆت لەناوبەی. ئەو شیاوی خۆشەویستیو وەفا نیە. خۆشبەختانە لەڕووی داراییەوە ئەتوانی لەسەر پێی خۆت بووەستی. بەبڕوای من ئەو پیاوە مانای ژیان نازانێ.

هانیە هەرکات توشی گرفتێک ئەبوو، داوای هاوکاری لەپەرهام ئەکردو بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو ئەجولایەوە. ئەمجارەیش پەرهام لەچاودێریو پشتگیری هانیە درێغی نەکرد. هانیە لەماڵی ئەوان مایەوە تا دادگا چارەنوسیان دیاری بکات. دوو هەفتە تێپەڕی لەوماویەدا هانیە نەچووە شوێنی کارەکەیو هیچ هەواڵێکیشی لەکۆرش نەبوو.

دکتۆر سەدری جارجار تەلەفۆنی بۆ ئەکرد، بەڵام هەرگیز ناوی کۆرشیان نەدەبرد. ئاخرەکەی رۆژی دادگا گەیشت، ئەمە کۆتا دانیشتنی دادگا بوو. دەبووایە دادگا بڕیاری یەکلاکەرەوە دەرکات.

کاتێ هانیە چووە نێو هۆڵی دادگا، خەڵکانێکی زۆری بینی پێکەوە قسەیان دەکرد. بەهەر چوارلادا روانی کۆرشی نەبینی. خۆی گەیاندە جێگایەکو دانیشتو چاوەڕوان بوو.

بیست خولەک دواتر تەماشایەکی ناو خەڵکەکەی کرد کۆرشی بینی بەرەو ئەو دێ، کۆرش هەر لەیەکەم روانینەوە هانیەی بینی. لێی نزیککەوتەوە، بەگەیشتنی سڵاوێکی کرد. بێ ئەوەی گرنگی پێ بدات چووە ناو هۆڵەکە، لەلای پەنجەرەیەک وەستاو تەماشای شەقامەکەی ئەکرد، بەهیچ شێوەیەک تەماشای هانیەی نەکرد.

هانیە بەبێقەراری تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی کرد. کاتێ نۆرەی گەیشت لەجێگا هەستاو بەرەو ژوورەکە چووە پێش. کۆرشیش بەدوایدا چو. کەس نەیدەزانی لەپشتی ئەو دەرگا داخراوەو باسی چی دەکەن. نیو کاتژمێر دواتر هەردووکیان لەژوورەکە هاتنە دەر.

هانیە چەند هەنگاو لەپێش کۆرشەوە ئەڕۆشت، کۆرشیش بەدوایدا دەڕۆشت. هەردووکیان چوونە سەر شەقامەکە. کۆرش قوفڵی بێدەنگی شکاندو خۆ ویستانە روو بەهانیە وتی:

-پێشنیار دەکەم پاشماوەی رێگاکە بەئۆتۆمبیلەکەی من بڕۆین.

هانیە وەستا، ئاوڕێکی لێدایەوە، پاشان گاڵتەجاڕانە پێی پێکەنیو وەڵامی داوە:

-سوپاسی گەورەییت دەکەم، بەڵام پێم باشە بەهەر شتێکی تر جگە لەئۆتۆمبیلەکەی بەڕێزت خۆمان بگەیەنینە نوسینگەی تەلاق.

بەجۆرێک رستەی (ئۆتۆمبیلەکەی تۆی) ئەدا کرد، رەنگی کۆرش بووە قیر، بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی رۆشت. هانیەش لەسەرشەقامەکە وەستاو تەکسیەکی گرت وناونیشانی نوسینگەکەی دا بەشۆفیرەکە. کاتژمێرێک بەهۆی قەرەباڵغی ناو شارو ترافیکەوە دواکەوتن. هەردووکیان گەیشتنە جێگە.

هەردووکیان بەقادرمەکانی نوسینگەکەدا بەبێدەنگی سەرکەوتن. لەلای مێزەکە چاوەڕوان بوون تا نۆرەیان بێت. هەموو شتێ رەوتی ئاسایی گرتبووە بەر، لەکورترین کاتدا کاری تەلاقەکەیان تەواو بوو. هانیە بەدڵی پڕ ئازارەوە لەقادرمەکان هاتە خوارو سەری شوورِ کردبووەو بەشەقامەکەدا کەوتە رێ. کۆرش بەڕاکردن خۆی پێگەیاندو هەوڵیدا قسەیەکی پێ بڵێ. هانیە سەری شوورِ کردبووەوە لەسەر رۆشتن بەردەوام بوو. کۆرش بەدوو هەنگاوی خێرا خۆی پێگەیاندو وتی:

-هەرکات پێتخۆش بوو دەتوانی کەسێک بنێری بۆ شتومەکە تایبەتیەکانت.

هانیە تەنانەت ئاوڕی نەدایەوە تا وەڵامی بداتەوە. هەروا لەرۆیشتن بەردەوام بوو هەوڵیدا کەفو کوڵی دڵی بەگریان دامرکێنێ. ئاخر بەرهەمی حەوت سڵەی لەسەر روی کاغەزێک مۆری پوچەڵکردنەوەی پیا نرا. لەگەڵ خۆی ئەدواو بیری دەکردەوە ئێستا روو بکاتە کوێ؟ لەو کاتە پڕ ئێش و ئازارەدا حەزیدەکرد پەنا بۆ تەنهایی ببات و کاتژمێرێک لەگەڵ خۆی



CamScanner

تەنها بێ. تەنها جێگەیەک شکی دەبرد شوێنی کارەکەی بوو.

رووبکردە جێگەی کارەکەی. لەناو ئەو ئاپارتمانەدا بێدەنگی خنکێنەر فەرمانڕەوا بوو. لەسەر کورسی پشت مێزی کارەکەی دانیشت، سەری خستە نێوان دەستەکانیو بەئارامی گریا. بەسەری پەنجە لەناو ئەوتۆزو خۆڵەی نیشتبووە سەر مێزەکەی وێنەی ئەکێشا.

بێ ئاگا کەوتە بیری رۆژە خۆشەکانی ژیانی. ئەوکاتانەی هێشتا لەگەڵ کۆرش یەکیان نەناسی بوو، ژیانێکی ئارام دەژیا، چەندە تامەزرۆ بوو ژیانی بگەڕاندایەتەوە بۆ دواوەو ژیانێکی نوێ دەست پێ بکردایە. لەیەکەم رۆژەوە کە کۆرشی ناسی توشی دڵەراوکێو دوو دڵی بوو بوو. ئاخر ئەو وا فێر بوو تەنها بیر لەخۆشی خۆی بکاتەوە.

چەندە بۆ خۆی دڵتەنگ بوو. لەگەڵ بوونی ئەو هەموو دەرامەتە کەچی تەنانەت کەمێکی پاشەکەوت نەکردبوو بۆ رۆژانی تەنگانە. هەرچی هەبوو لەرووی دڵسۆزییەوە دابوو بەهاوسەرە نمەک نەناسەکەی.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە پەیوەندی خۆی لەهەموو شتێکو هەموو کەسێک پچڕاندبوو، تا جەستەو رۆحی بەهاوسەرەکەی ببەخشێ.

بەڵێنی بەمەلەکیا دابوو هەرکە کارەکەی تەواو بوو بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو. بەڵام ئێستا توانای جوڵەی نەمابوو. پلاکی تەلەفۆنەکەی دەرهێناو لەناو نوسینگەکەی دەستی کردە هاتو چۆ. بۆ نانی ئێوارە چووە چێشتخانەیەکی نزیکو پاشان گەڕایەوە شوێنی کارەکەی. لەکاتی نانخواردن تەماشای

تابلۆکانی ئەکردو بیری لەرۆژانی رابردوو ئەکردەوە. ئەبێت ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە. ئەبێ لەئێستە بەدواوە بۆ خۆی بژیو رۆژگارە تاڵەکان لەبیر بکات.

شەوی لەسەر قەنەفەکان بەبەیانی سپارد. بەیانی ماندوو خەواڵ ولەبیستنی دەنگی دەرگاکە لەخەو راپەڕی. لەسەر قەنەفەکە دانیشتو گوێی گرت. دەنگی پەرهامی لەو دیو دیوارەکەوە بیست، ئەوی بەناوی خۆی بانگ دەکرد. دەستی کرد بەجوڵانی دەستو قاچیو هەستا. بەکورە کوڕ بەرەو دەرگاکە کەوتە رێ. دەرگای کردەوە، چاوە نیگەرانەکانی پەرهامی بینی تێی رامابوو.

خۆی دایە لایەکەوە پەرهام هەروا زەق زەق بۆی ئەڕوانی، هاتە ژوورەوە. هانیەش وەک سێبەرێکی بێ گیان لەسەر قەنەفەکان دانیشت. پەرهام بەنیگەرانیەوە پرسی:

-لەدوێنێوە تا ئێستا نیوەی شارم تێک ناوە. وامزانی بەڵایەکت بەسەر خۆت هێناوە، هەر جێگایەک کە زانی بێتم ئەکرێ بچیتە ئەوێ. تەنها جێگایەک بیرم لێ نەکردبووەوە ئێرە بوو. هانیە چاوی بڕییە جێگایەک و هیچی نەوت.

-بۆچی خۆت لەناو ئەم چوار دیوارەدا زیندانی کردووە؟

هانیە بەبێزارییەوە وەڵامی داوە:

-ویستم لەخۆم هەڵبێم. ویستم تەنها بمو بیرێ لەئایندەم بکەمەوە.

پەرهام چووە لای تەلەفۆنەکە. پلاکەکەی پێوە کردەوەو تەلەفۆنێکی بۆ ماڵەوە کرد. هەواڵی بەمەلەکیادا هانیە لەجێگای کارەکەیەتی. جارێکی دیکە گەڕایەوە لای هانیەو وتی:

-تۆ کچێکی ژیرو تێگەیشتوویت، نابێ بەدەست گرفتەکانەوە ئاوا هەراسان بیت. ژیان کۆتایی نەهاتووە، هەولبدە نیگەرانیت نەهێلی. هەستە بڕۆین مەلەکیا چاوەڕوانتە. بەشیی پێویست ئازاری خۆت داوە.

هانیە وەک منداڵی قسەکانی لەگوێ گرت، جانتاکەی هەلگرتو هەستا. پەرهام کلیلەکەی لەسەر مێزەکە هەلگرتو دەرگاکەی داخست. هانیەش کەوتە رێ. هەردووکیان چوونە ناو ئۆتۆمبیلەکەو بەرەو ماڵ کەوتنە رێ.

مەلەکیا بەسکی پڕو روخساری نیگەرانەوە دەرگای کردەوە. دەستی هانیەی گرت. فرمێسک لەچاوانی هەردووکیان قەتیس مابوو. هورەنگ لەناو هۆڵەکە وەستابوو. بەنیگایەکی خۆشەویستانەوە تەماشای خوشکەکەی ئەکرد. هەنگاوێک هاتە پێش‌و بازووی لەرزۆکی ئەوی گرتو بەمیهرەبانیەوە وتی:

-خەریک بوو هەموومان نیگەران بکەیت چەند جارێک سەرم لەماڵەکەت دا بەڵام کۆرش ئەیوت بێ ئاگام لێی.

هانیە بەچیچکەوە دانیشتو هەموویان دەورەیان لێدا، بەئاماژەی پەرهام مەلەکیای بەرەو چیشتخانە رۆشت. خواردنێکی باشی ئامادە کرد. کاتێ گەڕایەوە هۆڵەکە بەگاڵتەوە وتی:

-کاتێ سک برسی بوو عەقڵ بەباشی کار ناکات. جارێ با نانەکەمان بخۆین پاشان باسی شتەکان دەکەین.

هانیە دەمی کردەوەو وتی:

-برسیم نیە.

-چەند پارووێەک گەر بخۆیت ئیشتیهات بەر ئەبێ، خۆ سکت مانی نەگرتووە.

هورەنگ قۆڵی گرت و هەڵیساند، بەگاڵتەوە وتی:

-مرۆڤ لەگەڵ سکی خۆی بەشەڕ نایەت ئەگەر پەلە نەکەیت ئەوەندە ئەخۆم خۆم ئەتەقێنم.

هانیە بەناچاری لەپشتی مێزەکە دانیشت. هەرکام لای خۆیەوە هەوڵیان ئەدا بەباسی خۆشوو گاڵتەئامێز هانیە بهێننە پێکەنین. هانیە لەرووکەشدا زەردەخەنە ئەیگرت، هەوڵی ئەدا بەهۆی خەمی خۆیەوە ئەوانی تر نیگەران نەکات. ئەو راهاتبوو لەسەر ئەوەی خەمەکانی لەناخی خۆیدا پەنهان بکات، لەڕوکەشدا خۆی خۆشحاڵ دەر ئەخست بەڵام لەناخەوە هەناوی پارەپارە بوو.

دوای نانخواردن هورەنگ داوای لەخوشکەکەی کرد لەگەڵ ئەو بێت بۆماڵەوە. بەر لەوەی هانیە قسەبکات مەلەکیا هاتە قسەو دژایەتی خۆی راگەیاند:

-منو هانیە هەردووکمان لەهەل و مەرجێکداین زۆر پێویستمان بەیەکە. ئەم مانگانەی کۆتایی بارداریەکەم دەبێ لەلای هانیە بم.

پەرهامیش پشتگیری لێکردو وتی: -هانیە دەبێ پەیمان بدات تەنانەت بۆ چرکەیەکیش منو مەلەکیا جێ نەهێڵێ، ئەم رۆژانە مەلەکیا زۆر گۆڕاوە، بەهانە ئەگرێ دڵی تەنگ ئەبێ بەبڕوای من ئەمە باشترین هەلەکە هانیە بەدڵسۆزترین هاوڕێی خزمەت بکات، وانیە هانیە؟

هانیە نیگایەکی قوڵی بڕییە مەلەکیاو وەڵامی داوە:

-چۆن هەروایە، خۆشحاڵیش دەبم بتوانم بۆ تۆ و مەلەکیا کارێک ئەنجام بدەم.

هورەنگ پێکەنینی کردو وتی: -کەواتە ئێمە دەبێ سەرە بگرین.

هەموو ئەو قسانە بۆ دڵخۆش کردنی هانیەو رەواندنەوەی خەمی سەر دڵی ئەو بوو. هورەنگ کاتژمێرێ ئامۆژگاری خوشکەکەی کردو دڵنیایشی کرد هەرچی لەدەست بێ بۆ هاوکاری کردنی درێغی ناکات، ئەتوانێ بەتەواوی پشتی پێ ببەستێ. هەرکاتیش خۆی حەزبکات ئەمو هاوسەرەکەی لەخزمەتیدان. دوای ئەوقسانە هورەنگ رۆشتو پەرهامیش ئەوانی بەتەنیا بەجێ هێشت.

هانیەو مەلەکیا خۆراکی ئامادەکراوی نیوەڕۆیان خوارد. پاشان پێکەوە دانیشتنو پێکەوە دەردە دڵیان دەکرد. مەلەکیان هێندە رەنگ پەڕیوو لاواز بووبوو، وەکو مردو دەکەوتە بەرچاو. لەبەر ئەوە بەتەواوی گوێی لەئامۆژگارییەکانی پزیشک دەگرتو مو بەمو جێ بەجێی دەکرد. بەڵام بەهۆی جەنجاڵی بیرو هۆشی رۆژ لەدوای رۆژ لاوازتر دەبوو.

تەنانەت هانیەش پەی بەوە بردبوو مەلەکیا لەگەڵ مانگەکانی رابردو زۆر گۆڕاوە. لەوکاتەدا کە بیری لەوە دەکردەوە مەلەکیا پێی وت:

-خۆت نیگەران مەکە ئازیزم. من بەتەواوی حاڵم باشە، نایەوێت نیگەرانی من بی. راستە کاتی وا هەیە هەست بەلاوازی دەکەمو دڵم دەکەوێتە تەپەتەپ. بەڵام دڵنیابە نامرم.

-تۆ دەبێ بەتەواوی لەبیری خۆتدا بیت. نابێ دەست بۆکاری قورس ببەیت.

_خۆشبەختانەکارێکی زۆرم نیە، هەندێ لەکارەکانیش پەرهام دەیکات. باشە بەڵام هەرچۆن بێ ئەبێت بەماڵیشدا بگەیت. هیچ ژنێ ناتوانێ بێ کار دانیشێو دەورو بەری شپرزە ببینێ. هانیە دوای چەند هەفتەیەک لەجیابوونەوەی مەلەکیای بۆ چرکەیەک بەجێ نەهێشت.

پاش تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر بڕیاریدا سەرێک لەشوێنی کارەکەی بدات. تەنها لەورێگەوە ئەیتوانی دەرامەتی دابین بکات. لەبەر ئەوە کارەکەی دەست پێکردەوە. هورەنگیش دووراو دوور چاودێری ئەکرد، گرفتی دارایشی نەبوو.

مەلەكیا هونەری وێنەكێشان لەهانیەوە فێر بووبوو. جارجار لەكاتێ تەنهایدا لەسەر كاغەز وێنەی دەكێشا. دوا وێنەی ئەو، وێنەیەكی پەرهام بوو. ئێوارەی یەكێك لەرۆژەكان كاتێ مەلەكیا خەریك بوو وێنەكەی دەگەیاندە كۆتایی. ئازارێكی زۆر هەموو جەستەی گرتەوە. بەناچاری دەستی لەكار هەڵگرتو چووە سەر جێگاكەی تا پشوو بدات.

چركە لەدوای چركە حاڵی خراپتر ئەبوو. تەماشایەكی كاتژمێرەكەی كرد. زۆری نەمابوو بۆ گەڕانەوەی پەرهام. هەوڵیدا لەبەرامبەر ئازارەكەی خۆ راگری بكات. هەستاو بەهەنگاونان ژوورەكەی دەپێوا. پەنجەرەكەی كردەوەو هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا. هەرچەندە لەتاو ئازار خەریك بوو ئەكەوت. كەم كەم نیگەرانی لەروخساریدا بەدەر ئەكەوت. چەندجارێك هاواری لەخودا كردو داوای لێكرد یارمەتی بدات. ماوەیەك تێپەڕی بەتەواوی بێهێزكەوت. بەرلەوەی تەلەفونەكە هەڵگرێ‌و تەلەفۆن بۆ هانیە بكات، پەرهام دەرگاكەی كردەوە. بەبینینی روخساری شێواوی مەلەكیا بەبێ وەستان لەئامێزی گرت:

-مەلەكیا چی بووە؟

مەلەكیا بەشێوەیەكی ئازاراوی خەندەیەكی بۆ كرد، لەكاتێكدا عارەق بەناوچەوانیدا دەهاتە خوار وتی:

-مناڵەكە. . . ئەیەوێ بێتە دونیا.

-ئاخ خوایە گیان یانی کاتی هاتووە؟

پەرهام یارمەتیدا تا لەقادرمەکان هاتەخوار. سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو بەخێراییەکی چاوەر وان نەکراو ماشینەکەی ئاژوو. مەلەکیا لەبەر ئەو دانی بەجەرگی خۆیدا گرتو هاواری نەدەکرد. چاوەکانی تاریک دەبوو ددانی جێر دەکردەوە. پەرهام پرسی:

-تەلەفۆنت بۆ پزیشکەکەت کردووە؟ مەلەکیا بەزۆر زاری کردەوەو وتی:

-کاتم نەبوو ئازارەکەم لەپڕ بۆهات. وام نەدەزانی بەم زووییە کاتی بێت.

پەرهام بەدەستی راست سوکانەکەی گرتو بەدەستی چەپیش دستەسرێکی کاغەزی دایەو وتی:

-عارەقەکەت بسڕە، نیگەران مەبە. زۆرمان نەماوە، خەریکین دەگەین.

-تو خودا ئاگاداربە، ئەوەندە خێرا لێ مەخوڕە.

-باشە ئاگادارم.

-پەرهام.

-چییە خۆشەویستم؟

-ئەمویست شتێکت پێ بڵێم.

-بڵێ ئازیزم هەرچیت پێ خۆشە.

-لەناو جەکمەجەی مێزی ئارایشتەکەمدا دەفتەری یادەوەریەکانمی تیایە. دەفتەرێکی بەرگ شین. هەمیشە قسەکانی دڵم تیا ئەنوسی. ویستم تکات لێبکەم ئەگەر رۆژێ لەدونیا دەرچووم ئەو دەفتەرە بدەرە هانیە، تەنها هانیە ئاگادار بێ.

-مەلەکیا ئەوقسانە چیە؟ خودا نەکات لەدونیا بڕۆی. . . .
من. . . .

-گوێبگرە پەرهام مەرگ تاڵە بەڵام ڕاستیە، مرۆڤ دەبێ هەمیشە خۆی بۆ ئامادە بکات. لەوانەیە من لەم سەفەرەم نەگەڕێمەوە. حەزدەکەم گەر شتێکم بەسەر هات. ئارامو خۆڕاگر بی. بەجوانی چاودێری منالەکەم بکەیت.

-مەلەکیا تۆیش کاتت دۆزیوەتەوە؟ کەی کاتی ئەو قسانەیە؟ نابێت نیگەران بی. دەربارەی مردن لەگەڵ من قسە مەکە.

-بهێڵە قسەکانم تەواوکەم، هێشتا قسەم ماوە، داوات لێدەکەم پاش مەرگی من لەگەڵ هانیە زەماوەند بکەی. هانیە لەهەموو کەس زیاتر شایستەی تۆیە. ئەویش لەژیاندا ئازاری زۆری کێشاوە، هەردووکتان ئەتوانن یەکتر خۆشبەخت بکەن.
پەرهام بەناڕەحەتیەوە هاواریکرد:

-ئیدی بەسە. تۆ حاڵت باش نیە، ئەڵی قسەلەدونیای غەیب ئەکەیت. تۆ بەسەلامەتی رزگارت ئەبێ. هیچ مەترسییەک لەبەردەمتا نیە.

-بەڵێ ئەزانم بەڵام خەریکم پێشبینی ئەکەم. منیش مافی ئەوەم هەیە وەسیەتەکانم بەتۆ بڵێم. کەس نازانێ چی بەسەر دێ.

-مەلەکیا خۆشەویستم ئارام بە، تۆ دەبێ بەچەند ساتێکی سەختدا تێپەڕی، کەواتە ئارامو شووکر بە. من تۆو منداڵەکەم لەخودا بەساغی وەردەگرم، لەوەش دڵنیام.

کاتێ گەیشتنە نەخۆشخانە، ئۆتۆمبیلەکەی وەستاندو یارمەتی هاوسەرەکەیدا تا سواری ئاسانسۆرەکە بوو.

نیگەرانی هەڵچوون لەجەستەیدا شەپۆلی ئەدا. لەبەشی تایبەتی مەلەکیایان خەواند، پەرهام دەرفەتێکی وەرگرتو پەیوەندی بەپزیشکە تایبەتیەکەیەوە کرد.

مەلەکیا لەو ژوورە تایبەتدا ئازاری ئەکێشاو هاواری نەخۆشخانەکەی پڕ کردبوو. پەرهام لەهۆڵی چاوەڕوانی بەنیگەرانیەوە هاتو چۆی دەکرد. کاتژمێرێ دواتر هانیە گەیشت.

-سڵاو.

-سڵاو، چەند زوو گەیشتی!.

-کاتێ تەلەفۆنت کرد خێرا نوسینگەکەم داخستو بەتەکسی خۆم گەیاندە ئێرە. مەلەکیا چۆنە؟

-هێشتا هەواڵێک نیە. ئازاری زۆرە خودا رەحم بکات.

-نیگەران مەبە، خودا یارمەتی دەدات، کاتێ دەنگی گریانی منداڵەکە ببیستێ هەموو ئازارێک فەرامۆش دەکات. پەرهام ئاهێکی قوڵی کێشاو وتی:

-هانیە من زۆر ئەترسم. مەلەکیا زۆر لاوازە ئەترسم شتێکی لێبێت.

-خەیاڵی خراپ مەکە، پەیمانت پێ ئەدەم هیچ روونادات. ئەم ساتە جوانترین ساتی تەمەنی ژنێکە. بوونە دایک هەروا ئاسان نیە.

-نیگەرانی من سەبارەت بەدڵیەتی، پزیشک ئاگاداری پێدا بوو منالبوون زۆر ترسناکە بۆی. خۆیشی بەترسو نیەگەرانیەوە چووە ژوورەوە.

-پشت بەخودا ببەستە، دەبێ نزای بۆ بکەین. وەرە پێکەوە داوا لەپەروەردگار بکەین ساغ و تەندروست رزگاریان بێ.

پەرهام لەپەنجەرەکەوە تەماشای ئاوابوونی خۆری کردو لەژێر لێوەوە وتی:

-خودایە مەڕێک لەسەر شانم نەزر بێ. مەلەکیاو منداڵەکە بەبێوەی ڕزگاریان بێ.

پەرستارێ لەوبەشە هاتە دەرەوە. هانیە چووە بەردەمیو پرسی:

-خانمی پەرستار ئەتوانم سەردانی نەخۆشەکەمان بکەم.

-بەداخەوە چوونە ئەم بەشە قەدەغەیە، گەر پەیامێکت هەیە پێم بڵێ پێی ئەڵێم.

-نا سوپاس شتێکی تایبەتم نیە. تەنها ویستم لەتەندروستی ئاگادار بم. پەرستار خەندەیەکی کردو دوورکەوتەوە. هانیە لەسەر کورسیەکە دانیشتو سەری نا بەدیوارەکەوە. پێڵوەکانی لێکنان کەوتە ناو دەریایی بیرکردنەوە، گەر ئەویش بیتوانیایە منداڵێک بۆ کۆرش بەدی بێنێ، رەنگە زۆرێک لەکێشەکانیان چارەسەر بکرایە. بەداخەوە دەبێت تا کۆتایی تەمەن لەسۆزی دایکایەتی بێ بەش بێت.

کاتێ چاوی کردەوە پەرهامی بینی بەنیگەرانیەوە راڕەوەکەی ئەپێواو ئەمسەرو ئەوسەری ئەکرد. پەرهام ئاراموو ئۆقرەی نەبوو، زوو زوو تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی ئەکرد. کاتێ بینی هانیە تەماشای دەکات چووە لایو وتی:

-هانیە بۆچی ئەوەندە درێژەی کێشا؟ ئەی کاری ئەو پزیشکانە چیە؟

-تکات لێدەکەم ئارامبەو خوێنساردی خۆت بپارێزە. هەموو شتێ لەکاتی خۆیدا دروست ئەبێ.

پەرهام لەسەر کورسیەکە دانیشتو سەری خستە نێوان دەستەکانی. هانیە وتی:

-ئەمڕۆ رۆژێکی گەورەیە بۆ تۆ، ئەوەش ئەزانم بەلام ئەبێ بزانی هەمووشتێ کاتو ساتی خۆی دیاریکراوە. گەر کاتەکە تەواو بوو هیچ شتێ ناتوانێ پێش بەبوونی بگرێ.

-نازانم چیم بەسەرهاتووە، تائێستا ئەوەندە نیگەران نەبووم دڵم بەجۆرێ لێدەدا، بریا بیان هێشتایە لەلای بم، گەرچی ئەیشزانم هیچ کارێکم لەدەس نایەت، بەلام لانیکەم ئەمتوانی هێزی دەرونی بدەمێ. مەلەکیا ئەوەندە هەستێکی تایبەتی هەیە دڵنیام ئێستا لەئازاری دەرونیدا ئەتلێتەوە.

-راستە، بەلام ئازارێکی لەزەت بەخش، خودابکات زۆر درێژە نەکێشێ. تۆش هەولبدە ئارامیت بپارێزی. هەڵچوونی زۆر خراپە.

هانیە لەسەر کورسیەکە هەستاو داوێنی مانتۆکەی ریک کرد، پەرهام پرسی:

-دەتەوێ بڕۆیت؟

-نا، ئەمەوێت بڕۆم دوو لیوان قاوە بێنم، بۆ ئارامکردنەوەی مێشک خراپ نیە.

-بهێڵە من بڕۆم.

-نا، تۆ دانیشە، وادەزانی کاری وام پێناکرێ؟

-نامەوێت ئەزیەتت بدەم.

-زەحمەت نیە، بابڕۆم تا زوو بگەڕێمەوە. تۆ لێرە بی

باشترە رەنگە پێویستیان پێت بێ.

هانیە بەرەو پێش رۆشت. هەر لەوکاتەدا لەقولایی دڵەوە هاواری لەخودا ئەکرد، مەلەکیا ساغو تەندروست منالەکەی بەدونیا بهێنێ. کەوتە بیری یەکەم بینینی ئەو. ئەو رۆژانە خۆشەویستی پەرهام تـەواوی بیرو هۆشی داگیر کردبوو. رێگەی نەئەدا لەگەڵ رەقیبی خۆی میهرەبان بێ. بیری کەوتەوە کە نەویستراو ئێرەیی بەمەلەکیا دەبرد. ئێستا زەڕەیەک لەو ڕقە لەدڵیا نەماوەو لەجێگای ئەو سۆزو خۆشەویستی مەلەکیا دڵی داگیر کردووە.

عیشقی پەرهام بەتێپەڕینی کات گۆڕابوو بەرێزێکی تایبەت. مەلەکیا بۆ ئەو دۆستێکی بەوەفاو. هاوڕێیەکی راستگۆ بوو. هەرگیز لای ئەو هەستی بەبێزاری نەدەکرد. مەلەکیا کەسێک بوو لەناو تەواوی قەوم و کەسان جێگای رێزو خۆشەویستیەکی تایبەت بوو.

هانیە دوو لێوان قاوەی هێناو گەڕایەوە لای پەرهام. پەرهام هەروا لەسەر جێگاکەی دانیشتبوو.

-هەواڵێک نەبوو؟

-نا، هیچ.

-قاوەکەی بۆ گرت و وتی:

-نیگەران مەبە لەوانەیە زۆر درێژە بکێشێ. یەکەم منال هەروا زۆری پێدەچێ، بەڕاست حەزدەکەیت منالەکەت چی بێ؟

پەرهام قاوەکەی وەرگرت و سوپاسی کردو وتی:

-جیاوازی نیە، تەنها داوا لەخودا دەکەم هەردووکیان ساغو تەندروست بن. ئەوە تەنها ئاواتی منە.

-بەئومێدی خودا.

هانیە لەلای دانیشتو چاوی بڕییە ئەو هەڵمەی لەقەراغی لێوانەکە هەڵدەسا. پەرهامیش پەنجەی خستبووە قەراغی لێوانەکەو چووبووە ناو خەیاڵێکی قوڵ. چاوەڕوان بوو قاوەکەی سارد بێتەوە، لەپڕ لەئاسانسۆرەکەوە پزیشکەکەی مەلەکیا هاتە خوارەو.

پەرهام لێوانەکەی خستە ناو سەتڵی زبڵەکەوەو چووە بەردەم پزیشکەکەو دوای سڵاو ئەحواڵپرسین پرسی:

-ئاغای دوکتۆر من زۆر نیگەرانم تو خودا هەرچیت لەدەست دێت بۆ هاوسەرەکەم دریغ مەکە.

پزیشکەکە بازووی پەرهامی گوشیو وتی:

-من هەرکارێک لەدەستم بێت درێغی ناکەم نیگەرانی تۆیش بێ هۆیە.

-جەنابی دکتۆر تەنها مەیەڵن زۆر ئازار بکێشێ ئەو بەرگەی ئازار ناگرێ.

پزیشکەکە چووە ژوورەو پەرهام گەڕایەوە سەر جێگاکەی، هانیەش هەر لە لای دانیشت. هەردووکیان لەبێدەنگیدا کاتیان بەڕێدەکرد. وردەوردە دونیا بەرەو تاریکی ئەچوو. دوو کاتژمێر دواتر پزیشکەکە هاتە دەر. ئەمجارەیان بەرگی پزیشکی پۆشیبوو. یەک راست بەرەو پەرهام رۆشتو پێی وت:

-کاکی ئەندازیار بەداخەوە ئەبێ شتێکی تایبەتت پێ بڵێم، لەبەر گرفتێکی تایبەت ناچارم دەبێ راوێژت لەگەڵ بکەم.

پەرهام کەبەتەواوی سەری لێشێوا بوو، پرسی:

-چی بووە جەنابی دوکتۆر؟ حاڵی خێزانەکەم خراپە؟

-بەداخەوە حالی باش نیە. تا ئەم کاتە منداڵبوونەکەی حالەتی ئاسایی خۆی وەر نەگرتووەو نەخۆشەکە خەریکە توانای خۆی لەدەست ئەدا. تەنها ڕێگا چارەمان ئەوەیە نەشتەرگەری بۆ بکەین، بەلام گرفتی ئەمکارەش لەوەدا خێزانەکەت بەهۆی نەخۆشی دڵەوە ناتوانین بێهۆشی بکەین.

-خوای گەورە، چارە چییە جەنابی دکتۆر؟

-کاری ئێمە ئەوەیە هەوڵبدەین دایکو کۆرپە رزگاربکەین، بەلام لەوەشدا لەوانەیە ئەگەرەکان بێنە پێشو هیچمان پێ نەکرێ. یانی روونتر بڵێم، بەهۆی نەشتەرگەرییەوە ئەتوانین لانیکەم کۆرپەکە سەلامەت دەرکەین.

-ئەی هاوسەرەکەم چی؟ من گیانی ئەوم سەد ئەوەندەی گیانی منالەکەم لا مەبەستە، ئەمەوێت هاوسەرەکەم ساغو تەندروست لەم نەخۆشخانەیە ببەمە دەر.

-بەداخەوە چارەیەکمان نیە ئەبێ نەشتەگەری بکەین.

-چۆن دەتوانم نامەی مەرگی هاوسەرەکەم واژۆ بکەم؟

-بەبێ نەشتەرگەری هەردووکیان بۆی هەیە تیا بچن. لەکاتێکدا لەوانەیە بەنەشتەرگەری...

پزیشکەکە قسەکانی تەواو نەکردو چاوی بڕییە زەویەکە. پەرهام شپرزەو پەرێشان جارێک بۆ هانیەی ئەڕوانی، جارێک بۆ پزیشکەکە. پزیشکەکە کەوتەوە قسە:

-لەوەی بێ پەردە شتەکانم پێ وتی، داوای لێبووردن دەکەم. کارەکەی من وا پێویست دەکات لەگەڵ نەخۆشەکانم راستگۆ بم، هەڵبەت هەموو شتەکان ئەگەڕێنەوە ژێر دەستی خوای پەروەردگار، ئێمەی پزیشکان تەنها هۆکارێکین.

-دوکتۆر ئەبێ من چی بکەم؟

-هەموو شتەکان بسپێرە بەخودا، منیش تا ئەوپەڕی توانا هەوڵی خۆم ئەدەم کە گیانی هەردووکیان رزگار بکەم. بەڵام تۆ دەبێ رازی بی بەنەشتەرگەری.

-لەسەدا چەند هیوات بەرزگار بوون هەیە؟

-راستت ئەوێ لەسەدا پەنجا. بەهەرحاڵ بڕیار بەدەستی تۆیە. کەمترین دواکەوتن لەبڕیاردان لەوانیە خراپتری بەدوادا بێ. دەبێ هەرچی زووترە بڕیار بدەی.

پەرهام لەنێوان دوو رێگادا گیری خواردبوو. کاتی بۆ بیرکردنەوە نەبوو. بەناچاری رازی بوو بەنەشتەرگەری هاوسەرەکەی. کاتێ گەڕایەوە لای هانیە چاوەکانی هانیە دوونیایەک پرسیاریان تیا بەدی ئەکرا.

هانیە بەدڵدانەوەو وتی:

-دەبێ ورەت لەدەست نەدەیتو گەشبین بی. ئەوەش بزانە مردنو ژیان بەدەستی خوای پەروەردگارە، تەنانەت پزیشکیش ناتوانێ دڵنیا بێ چارەنوسی مەلەکیاو کۆرپەکەی بەرەو کوێ ئەڕوات.

-من ئیدی شەهامەتم لەدەست داوە. دەترسم بڕیاری مەرگی مەلەکیام واژۆ کردبێ، نەتبیست پزیشکەکە لەنەشتەرگەریەکەش لەسەدا سەد دڵنیا نەبوو؟

-تۆ ئەو کارەی پێویست بوو کردت. لەئێستادا باشترین کار ئەوەیە دانیشیتو نزای بۆ بکەیت.

پەرهام بەنیگەرانیەوە دەستی کرد بەهاتو چۆ. هانیەش بەئاشکرا دیار بوو نیگەرانە. پەرهام بەنیگەرانیو دڵەتەپەوە

چووە بەردەرگای ژووری نەشتەرگەری. چرکەکان وەکو خورە گیانیان ئەخوارد، کاتژمێرێ دواتر پەرستارێک لەژووری نەشتەرگەری هاتەدەرو پەرهام بەخێرایی بەرەو رووی رۆشتو پرسیاری خێزانەکەی کرد:

-خانمی پەرستار تۆ لەژووری نەشتەرگەری بوویت هاوسەرەکەم چۆنە؟

پەرستار نیگایەکی تایبەتی لێکردو وتی:

-داوای لێبووردن دەکەم من هیچ نازانم، باشترە چاوەڕوان بیت تا پزیشک دێتە دەرو پرسیار لەو بکەیت. بەبێ ئەوەی هیچی تر بڵێت سەری دانەواندو رۆشت. پەرهام پەشۆکاوانە بۆی ئەڕوانی. هانیە لەدڵەوە بۆی ئەکولا. چەند خولەک دواتر پزیشکەکە هاتەدەر.

پەرهام کە هەستو نەستی لەدەست دابوو بەرەو رووی رایکردو وتی:

-ماندوو نەبی جەنابی دوکتۆر. هاوسەرەکەم چۆنە؟ منداڵەکە لەدایک بوو؟ پزیشکەکە کەمێک دوورکەوتەوە. پاشان سەری بۆ زەوی شۆڕ کردەوەو وتی:

-بەداخەوەم جەنابی ئەندازیار. سەرەخۆشیت لێدەکەم.

پەرهام وەکو شێتی لێهاتبوو چاوەکانی بووبوونە گۆمی خوێن. ناباوەڕانە قوڵی کراسەکەی دوکتۆری گرت و هاواریکرد:

-مەبەستت چییە؟ هاوسەرەکەم کوا؟ چی بەسەرهاتووە؟ دوکتۆر پێم بڵێی چی بەسەرهاتووە؟

-ئێمە هەوڵی خۆماندا. بەڵام بەداخەوە هەروەک پێم وتن. دڵی توانای خۆ راگری نەبوو. هەڵبەت لەدوا چرکەکاندا توانیمان

کچەکەت رزگار بکەین، هاوخەمیم قبووڵ بکە. دەسەڵاتم هەر ئەوەندە بوو.

دوای ئەم قسانە پزیشکەکە رۆشت. پەرهام هاواریکرد:

-نا خوایەگیان، نابێ مەلەکیای من بمریت، ئەو زیندووە چۆن دەتوانم باوەڕ بکەم؟. پاشان بەرەو ژووری نەشتەرگەری رایکرد، هەر لەوکاتەدا دوو پەرستار تەرمەکەی مەلەکیایان هێنایە دەرەوە، لەسەر عارەبانەیەک رایانکێشابوو. قوماشێکی سپیان پێدا دابوو.

پەرهام خۆی پێ گەیاندوو بەدەستی لەرزۆک قوماشەکەی هەڵدایەوە. لەروخساری مەلەکیادا ئارامی شەپۆلی ئەدا. زەردەخەنەیەکی شیرین کەوتبووە سەر روخساری، روخساری دەتوت فریشتەیەکی ئاسمانیە. پەرهام کێشای بەناوچەوانی خۆیداو ناڵاندی:

-مەلەکیا هەرگیز بڕوا ناکەم تۆ مردبێ. بۆچی منت بەتەنها جێ هێشت؟ مەلەکیا من بەبێ تۆ چ کارێک بکەم؟ ئاخ خوایە، خوایە بۆچی بەزەییت بەمندا نەهاتەوە؟ بۆچی هیواکەمت لێ سەندم؟

هانیە بەپشتی دەست فرمێسکەکانی سڕیو قۆڵی چاکەتەکەی پەرهامی گرتو وتی:

-وازی لێبێنە، نابینیت چەندە ئاسودە چاوی لێکناوە؟ ئەو بەهۆی ناڕەحەتی تۆوە خەمبار ئەبێ.

پەرهام بەرەو دیوارەکە رایکردو سەری کێشا بەدیوارەکەدا، ئەیناڵاند گەر دڵی بەردیش بووایە ئەیتواندەوە. هانیەش لەسەر کورسییەک دانیشت. وەکو منداڵ ئەکوڕوزایەوەو سەری

خستبووە نێوان دەستەکانی. کەسانی ناو نەخۆشخانەکە هەر لەهاتو چۆدا بوون. پەرستارەکان کاتێ لای ئەوانەوە تێدەپەڕین. خەمبار ئەبوون و بەخەمەوە بۆیان ئەڕوانین لەبەر لاوانەوەیان دوور ئەکەوتنەوە. هەردووکیان نالەیان ئەگەیشتە ئاسمان، ئاخر مەلەکیای ئازیزیان لەدەست دابوو. پەرهام ئەوەندە بێ تاقەت بوو، هانیە هەوڵی ئەدا ئارامی بکاتەوە:

-پەرهام، ئازیزم ئارامبە، مەلەکیا بەجێی هێشتین. ئەوەش ویستی پەروەردگار بوو. تۆ دەبێ ئارام بی. شینو زاری هیچ دەردێک دەرمان ناکات.

پەرهام چاوەکانی بووبوونە گۆمی خوێن، هاواریکرد:

-بۆچی دەبێ خودا مەلەکیام لێبسێنێ.؟ ئاخر مەلەکیای من چ تاوانێکی کردبوو؟ من بەبێ ئەو چی بکەم؟ چۆن دەتوانم بەرگەی دووریەکەی بگرم؟ منیش بەبێ مەلەکیا ئەمرم.

-مەلەکیا رۆشت، ئەوە بێوەفا نەبوو یادگارییەکی خۆشەویستی بۆت بەجێ هێشت تاتۆ تەنها نەبی، تۆ کچێکت لەو هەیە. حەزناکەی تاقە یادگارییەکەی مەلەکیا ببینی؟ خۆت باش دەزانی چەندە تامەزرۆی بوو.

پەرهام بەبیستنی ئەو قسانە کەمێک ئارام بووەوە، هانیە درێژەی پێدا:

-مەلەکیا ئیدی ناگەڕێتەوە، بەڵام یادی لەدڵی ئێمەدا هەمیشە زیندووە. لەئێستە بەدواوە دەبێ بەجوانی پارێزگاری لەیادگاریەکەی بکەی، دەبێ جیگای خاڵی دایکی بۆ پڕکەیتەوە. دەبێ ئارامگر بی تا ئەو هەست بەبێ دایکی نەکات. هەستە برۆین منداڵەکە ببینین.

پەرهام لەجێی هەستا، بەقاچە لەرزۆکەکانی بەرەو ئاسانسۆرەکە رۆشت، هانیەش لەگەڵ ئەو چووە ناو ئاسانسۆرەکەو پەنجەی بەدوگمەی بەرزکردنەوەکەدا نا، چەند خولەک دواتر گەیشتنە شوێنی کۆرپە تازە لەدایک بووەکان. پەرهام زۆر لەوە بێ حاڵتر بوو بتوانێ قسەبکات.

هانیە دوای هێنانی ناوی دایکی کۆرپەکە داوای لەپەرستار کرد منداڵەکەیان نیشان بدات.

هانیە پاڵیدا بەدیوارەکەوەو بەپشتی دەست فرمێسکەکانی سڕی. هەردووکیان تەماشای منداڵەکەیان دەکرد کە لەپشتی شووشەکەوە بەدەست پەرستارەکەوە بوو. پەرهام پێڵوەکان لێک نانو دڵۆپێک فرمێسکی رشت. زەردەخەنەیکی کردو تەماشای کچەکەی کرد. هانیە گەڕایەوە لایو وتی:

-مەلەکیا حەزیدەکرد گەر کۆرپەکەی کچ بوو ناوی بنێت ماندانا.

پەرهام سەرێکی باداو وتی:

-ماندانا ناوێکی خۆشە.

-ئەیبینی چەندە جوانە. وابزانم پچێتەوە سەر مەلەکیا.

-بەڵێ وا دەر ئەکەوێ.

پەرستار منداڵەکەی خستەوە سەر تەختەکەو ئەوانیش گەڕانەوە بۆ جێگای خۆیان. پەرستاری بەشەکە هەرکە پەرهامیی بینی سەرەخۆشی پێ راگەیاندو پێشی وت سبەی بەیانی ئەتوانن بێنو تەرمەکەو منداڵەکە وەرگرنەوە. پەرهام کە ئیدی هۆیەکی بۆ مانەوە بەدەستەوە نەبوو. لەگەڵ هانیە گەڕانەوە بۆ ماڵەوەو نەخۆشخانەیان بەجێ هێشت. کاتێ



CamScanner

گەیشتنە سەر شەقامەکە هانیە بەچاوی پڕ گریانەوە وتی:

-گەر ناتوانی شۆفێری بکەیت من ئەتوانم.

پەرهام سویچەکەی بۆ گرتو وتی:

-گەر ئەوکارە بکەی زۆریشت سوپاس دەکەم.

لەروخساریدا خەمو تورەیی ئەبینرا. لەسەر کوشنەکە دانیشتوپاڵی دایەوە چووە ناو دەریای خەمو ئازاری خۆی. لەناو بیابانێکی وشکدا خۆی ئەبینی. چوونکە مردنی مەلەکیا لەراستیدا مردنی هەموو ژیانی بوو.

هانیە بەهێواشی ئۆتۆمبیلەکەی ئاژوو بەئارامی پرسی:

-ناتەوێت شتێک بخۆیت؟ کاتژمێرێک لەشەو تێپەڕیوە.

پەرهام بەشێوەیەک بەناو خەمدا رۆ چوو بوو تەنانەت قسەکانی هانیەی نەبیست، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. هانیە هەرکە ئەوەی بینی بەخێرایی ماشینەکەی ئاژوو بەرەوماڵەکەی پەرهام کەوتە رێ. ئۆتۆمبیلەکە دایە گەراج و بەدوای پەرهامدا چووە ماڵەوە.

پەرهام تەنانەت ئاگاشی لەوە نەبوو کە هانیە تاماڵەوە لەگەڵی هاتووە. کاتێ لەسەر قەنەفەکە دانیشت زانی هانیە جانتاکەی لەسەر مێزەکە داناوەو چووەتە چێشتخانە. هانیە هەرچۆن بوو مانتۆکەی لەسەر کورسیەکە داناو دەرگای بەفرگرەکەی کردەوە. خۆراکی ئامادەکراوی نیوەڕۆی تیا مابوو. خۆراکەکەی دەرهێناو خستیە سەر غازەکە.

چارەکە سەعاتێ دواتر مێزەکەی ئامادەکردو گەڕایەوە هۆڵەکە. پەرهام چاوەکانی داخستبوو، تنۆکەی فرمێسک بەگۆناکانی ئەهاتە خوار. هانیە بەمیهرەبانیەوە بانگی کرد:

-پەرهام.

پەرهام کەمێک جولایەوەو چاوەکانی کردەوە. بەپەنجەکانی چاوەکانی سڕیو وتی:

-داوای لێبووردن ئەکەم، ئەمشەو بەتەواوی تۆم خستە ناو دەردە سەرییەوە.

-ئەوە ئەڵێی چی؟ مەلەکیا بۆ من وەکو خوشک وابوو. هەستە بڕۆین نانەکە ئامادەیە.

-گەر بڵێم ئیشتیهام نیەو پێم ناخورێ، دڵگران نابی؟

-بەرە وەڵڵا زۆریش دڵگران ئەبم. چوونکە ئەمە کۆتا دەستاوی مەلەکیا نابێ بڕژێت. هەستە بڕۆین تۆ دەبێ هێزت بێتەوە بەر بەیانی کاری گرانمان ئەبێ.

پەرهام دەستەکانی خستە سەر ئەژنۆکانیو هەستا. سەیرێکی دەور بەری کردو بەخەمەوە وتی:

-ئەبینی هانیە، ئەم ماڵە بەبێ مەلەکیا رەنگی دۆزەخی گرتووە. من لەهەموو جێگایەک پەیکەری مەلەکیا دەبینم. مەلەکیا هەموو شتێکی من بوو. من عاشقانە ئەوم خۆشدەویست. حەوت ساڵ پێکەوە بووین ئەو رۆژانە خۆشترین رۆژەکانی تەمەنم بوو. بەلام بەداخەوە خودا زۆر بەخێرایی لێمی سەندەوە. لەدوای مەلەکیا هیچ شتێ من بەژیان دڵگەرم ناکات. ئەو پەردەیە ئەبینی ئەو بەدەستی خۆی داویەتی بەسەر ئەو وێنەیەدا؟ ئاخ، ئاخ خودایە خەریکم شێت ئەبم. دڵم خەریکە ئەتەقێ. هەناوم گڕی گرتووە.

هانیە بەسەری پەنجە دەستی دا لەوێنەکەی پەرهامو ئاهێکی کێشاو وتی:

-من هەست بەئازارەکەت دەکەم، مەلەکیا ئازیزی هەموومان بوو. مەرگی ئەو گورزێکی کاریگەر بوو بۆ ئێمەش خەمێکی گەورەی خستە سەرشانی گشتمان. بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەمانەش تۆ دەبێ درێژە بەژیانی ئاسایت بدەیت. خۆ راگرو بەهێز بیت، راستە مەلەکیا بەلاشە مردووە بەلاّم رۆحی مەلەکیا هەرگیز لەتۆ دوور ناکەوێتەوەو چاودێریت ئەکات. گەر خۆت ئازار بدەیت، ئەوا ئەویشت ئازارداوە.

پەرهام ئاهێکی قوڵی هەڵکێشاو بەرەو چێشتخانەکە رۆشت. هانیە هەموو شتێکی رێکخست بوو. لەسەر کورسیەک دانیشتو هانیە بەردەورییەکی پڕ لەچێشتی لەبەردەمدا دانا. پەرهام کەوچکێکی گرت بەدەست. بەلاّم بەرلەوەی بیبات بۆ دەمی وتی:

-بیر لەوە ئەکەمەوە چۆن بتوانم ماندانا گەورە بکەم. کارێکی ئاسان نیە، ئەو پێویستی بەپەرستارو دایک هەیە، کێ شیری بداتێ؟ کێ پاکو خاوێن رایگرێ؟

هانیە کەمێک خۆراکی تێکردو وتی:

-خەم مەخۆ خودا گەورەیە. ئەتوانی پەرستاری بۆ بگریت.

-بەلاّم ئەم کارە ماوەیەک درێژە ئەکێشێ. خۆ ناکری بڕوا بەهەرکەسێک بکەیتو بیهێنیتە ناو ژیانی خۆتەوە.

-ئەتوانی ئاگادارییەک بلاّوبکەیتەوە کەسێک هەڵبژێری بەویستی خۆت تا ئەوکاتەش من چاودێری ئەکەم. ئەشزانیت من عاشقی منالّم، هەرچەند کەم ئەزمونم لەمندالّ بەخێو کردن. بەلاّم ئەتوانم تا ماوەیەک گرفتەکە چارەسەر بکەم.

-تۆ چ گوناهێکت کردووە تا هەرچی ئازارو دەردی منە

بەکول هەلگری تا ئێستا ئەوەندەم ئەرک بووە بۆت ئیدی ئەمەیان ناهێلم.

-گرفتی تۆ گرفتی منیشە، لەراستیدا من وەکو پووری ماندانا وام. ئێستا نانەکەت بخۆ هەر گرفتێک لەکاتی خۆیدا چارەسەر ئەکرێ.

-تۆ دڵێکی پاکو بێگەردت هەیە، خودا تۆی دروست کردووە بۆ هاوکاری کەسانی تر.

-بەتەنیا تۆ نیت گرفتت هەبێ. هەرکەس لەئێمە بەئەندازەی پێویست گرفتی خۆی هەیە. دڵی بێ خەم لەکوێ پەیدا ئەبێ؟ کێ ئەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە هەمیشە شادو بەختەوەر بووە؟ من لەوپەڕی ناخۆشیشدا هەرگیز تۆ و ماندانا جێ ناهێڵم.

پەرهام چەند پارویەکی خواردو دەستی کێشاوە، هانیەش گەرچی زۆریشی برسی بوو نەیتوانی لەو زیاتر بخوات. شتەکانی کۆکردەوەو قاپەکانی شۆریو چێشتخانەکەی پاککردەوەو بەپەرهامی وت:

-ئەچم ئەخەوم تا بتوانم سبەی بەیانی زوو هەڵسم بێدارت بکەمەوە، بەڵام ئەبێ بەڵێنم بدەیتێ بەئارامی بخەویتو لەوە زیاتر خۆت نارەحەت نەکەیت.

-بەم حاڵەمەوە وانازانم خەوم لێبکەوێت، بریا حەبێکی ئارامکەرەوە هەبووایە.

-کارێک مەکە خوو بەدەرمانو حەبەوە بگری، هەوڵبدە خۆت بخەوێنی. ئەمشەو خەمو خەیاڵ وەلا نێو هەوڵبدە بەئارامی سەر بخەیتە سەر سەرین. ئەوەندەش بزانە هیچ شتێ بەخەمو خەفەت چارەسەر ناکرێت.

-شەوت خۆش هانیە، گەر تۆ نەبوویتا ئەمشەو شێت ئەبوومو ئاوارەی دەشتو کێو ئەبووم. بەڕاستی بوونی تۆ ئارامم ئەکاتەوە.

هانیە زەردەخەنەیەکی کردو دوورکەوتەوە. هەرکامیان چوونە ژووری نوستنی خۆیانو دەرگای ماتو مەلولیان بەست. هانیە دوای ئەوەی چووە ژوورەکەی بەرگی نوستنی کردە بەرو کاتژمێرەکەی میقات کردو چووە سەر جێگاکەیو سەری خستە سەر سەرین.

لەبیری ئەوەدابوو جێگایەکی باش بۆ ژیانی خۆی هەڵبژێرێ. دوای مەرگی مەلەکیا جوان نیە لەگەڵ پەرهام لەیەک ماڵدا بژین. دڵۆپێ فرمێسک بەچاویدا هاتە خوار. لەگەڵ خۆی ئەدوا:

-مەلەکیای بێچارە، بەهەڵەیەک خۆی خستە ناو باوەشی مەرگەوە. ئایا بوونە خاوەن منداڵ ئەوەندە دێنی ژیانی خۆت لەدەست بدەی؟ ئێستا کە نەماویت مناڵ بۆچی باشە؟ پەرهامی داماو لەدووریت ئازار ئەکێشێ. داماوە ئەبێ منداڵێکی بێ دایک گەورە بکات. چەندم پێ وتی مەلەکیا گرەو لەگەڵ مەرگ مەکە، بۆچی بەگوێ کەست نەکرد؟ مەلەکیای خۆشەویست ئێستا ئەزانم تۆ چ ئازیزێک بووی بۆم. بەداخەوە خودا مۆڵەتی نەدا لەوە زیاتر بژیت. لێم ببوورە لەسەرەتاوە کەمێ رقم لێت بوو. ئای خودایە ئارامی ببەخشە بەپەرهامو هاوکاری بکە.

پەرهامیش بەخەمو پەژارەوە چووە ناو جێگاکەی. سەرینەکەی مەلەکیای لەئامێز گرت. بۆنی پێوە ئەکردو ماچی ئەکرد. هەر لەوکاتەشدا وەکو باران فرمێسکی ئەڕژان، لەپڕ مەلەکیای لەبەرامبەر خۆیدا بینی. لەناو بەرگێکی سپی درێژداو

نورێکی نائاسایی تەواوی جەستەی داپۆشیبوو. پەرهام بەبینی تەواو سەری سوڕماو دوو سێ جار بەپشتی دەست چاوی هەڵگلۆفی، بەڵام سێبەرەکەی مەلەکیای هەر لەبەر چاو بوو.

سێبەرەکە لێ نزیک بـووەوە، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. پەرهام ناباوەڕانە بۆی روانـی، سەیریکرد بەناو دیوارەکەدا تێپەڕی. بۆ دۆزینەوەی هەموو گۆشەو کەناری ژوورەکە گەڕا، دەستی دا لەدیوارەکان بەڵام مەلەکیا رۆشتبوو. جارێکی دیکە چووەوە سەر جێگاکەی‌و چووەوە نێو خەیاڵاتی مەلەکیا. بیرو خەیاڵاتی مەلەکیا چرکەیەک دەسبەرداری نەدەبوو.

پەرهام بۆ یەکەمجار بوو تا سپێدە خەو نەچووبێتە چاوانی. بەر لەوەی هانیە لەخەو هەستێ چووە چێشتخانەو نانی بەیانی ئامادەکرد. کاتێ گەڕایەوە ژووری نوستنەکەی سەرەتا بەرامبەر تەختی منداڵەکە وەستا. مەلەکیا بەر لەهەرشتێ تەختی نوستنی بۆ منداڵەکەی کڕیبوو.

چووە لای مێزی ئارایشتەکەی مەلەکیاو تێڕاما، شانە تایبەتەکەی هەڵگرت کە چەند تاڵێک مووی مەلەکیای پێوە بوو. ئاخر مەلەکیا شەوانە بەر لەهەرشتێ بەو شانەیە لەبەر ئاوێنەکە پرچی دا ئەهێنا.

حەزیدەکرد بگری. کەوتە بیری ئەو قسەی مەلەکیا: (گەربەڵایەکم بەسەر هات پەیمان بدە دڵتەنگ نەبیت، بەجوانی چاودێری منداڵەکەم بکەیت. داواشت لێدەکەم ژن بهێنیتەوە.) تنۆکەی فرمێسک کە لەچاوەکانی قەتیس مابوون ڕێچکەیان بەست. مووەکانی لەشانەکە کردەوە خستیە ناو بەری دەستی. لێوە لەرزیوەکانی لێ نزیککردەوەو ماچی کردن.

تەماشای دەروبەری خۆی کرد. مووەکانی خستە ناو دەسرێکەوە بەجوانی پێچایەوە خستیە ناو چەکمەجەی مێزەکەوە. کاتێ چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە ئەو دەفتەرە ڕەنگ شینەی کە مەحرەمی نهێنیەکانی مەلەکیابوو بینی. دەفتەرەکەی هەڵگرت، کەمێک تەماشای کردو پەڕەکانی هەڵدایەوە. دواتر لەجێگەی خۆی داینایەوە.

هانیە دای لەدەرگا، پەرهام خێرا تنۆکەی فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

-وەرە ژوورەوە.

هانیە دەسکی دەرگاکەی باداو هاتە ژوورەوە. تەماشایەکی روخساری خەماوی پەرهامی کردو وتی:

-سڵاو.

-سڵاو بەیانیت باش.

-وامزانی لەخەودای ویستم بێدارت بکەمەوە، بەڵام وادەر ئەکەوێ نەنوستبی.

-چۆن چەند کاتژمێرێ نوستم، پاشان ناشتایم ئامادەکرد گەر ئامادەی بڕۆین بیخۆین.

هانیە بەرلەو چووە چێشتخانەکە. هەردووکیان بەرگی رەشیان پۆشیبوو.

هانیە نانەکەی خستە بەردەستی. هەردووکیان ماوەیەک بێدەنگ بوون و سەرگەرمی خواردن بوون.

دوای ناشتاکردن هانیە قاپەکانی کۆکردەوە خستنیە سەر سنگی قاپشۆرینەکەو وتی:

-من ئامادەم، باکارەکان بمێنین بۆ دواتر.

-زۆر باشە منیش ئەچم ئۆتۆمبیلەکە لەگەراج دێنمە دەر.

-تا تۆ دێیتەوە منیش تەلەفۆن بۆ هۆرەنگ دەکەم تا خۆی بگەیەنێتە نەخۆشخانە.

چەند خولەک دواتر چووە لای پەرهام و سواری ماشینەکە بوون. هانیە وتی:

-زۆر گران بوو بەلامەوە تا ئەو هەواڵەم بە هورەنگ

لەپشت تەلەفۆنەکەوە هۆن هۆن بیستی هەرکە داماوە دا. ئەگەیەنە خۆیان هاوسەرەکەی لەگەڵ ئێستا هەر وتی ئەگریا. نەخۆشخانە.

پەرهام سەری باداو هیچی نەوت. هورەنگ بەر لەوان گەیشتە بەردەرگای نەخۆشخانە. لەبەردەگاکە یەکتریان بینی، هورەنگ دۆستانە پەرهامی لەئامێز گرت و هەردووکیان بەدەنگی بەرز گریان. شەهلایش هاتە پێشەوەو سەرەخۆشی لەپەرهام کرد. هەموویان بۆ ڕیکخستنی کارەکان سواری ئاسانسۆرەکە بوون.

کاتژمێرێ دواتر تەرمەکەیان بە ئامبوولانس گەیاندە گۆرستانی بەهەشتی زەهرا. هانیە مندالەکەی لەئامێز گرتبوو، بەگریانەوە تەماشای دەوروبەری شەقامەکەی ئەکرد. ئۆتۆمبیلەکەی هورەنگیش بەدوای ئامبوولانسەکەوە بوو. ماندانا لەخەوێکی قوڵدابوو.

هانیە بیری لەوە دەکردەوە گەر ماندانا لەخەو هەستێ لەبرسا ئەداتە گریان، ئەوکات بەچ شێوەیەک ئارامی بکاتەوە. لەگۆرستانی زەهرادا نەشیر دەست ئەکەوێت نەهیچ شتێکی تر بۆ خواردن. لەبەر ئەوە بەپێویستی زانی لەوبارەوە لەگەڵ پەرهام بدوێ.

کاتێ پەرهام لەو باسە ئاگادار بوو بەئاماژە هورەنگی تێگەیاندو خۆی گەڕایەوە بۆ ناو شار. لەدەرمانخانەیەک قوتویەک شیرو هەندێ پێداویستی دیکەی بۆ ئامادەکردو گەڕایەوە.

ئامبوولانسەکە تەرمەکەی دایەوە دەستیان هورەنگ چاوەڕوانی پەرهامی ئەکرد.

هانیەو منداڵەکە لەناو ماشینەکە مانبوونەوە، شەهلا چوو بۆ لای هانیە، هەرکە چاوی بەمنداڵەکە کەوت هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

-ئەو مندالەداماوە چ چارەنوسێکی شووم چاوەڕوانی بێ، پەرهام چۆن دەتوانێ پەروەردەی بکات؟

هانیە ماچێکی گەرمی مناڵەکەی کردو وتی:

-تا ئەوکاتەی پەرهام پەرستارێکی بۆ ئەگرێ خۆم چاودێری لەمنداڵەکە ئەکەم.

-لەوبارەوە شارەزاییت هەیە؟.

-زۆر نە، بەڵام هەموو توانای خۆم ئەخەمەکار، ناتوانم ئەو منداڵە بەهیوای پەرهام پشت گوێ بخەم، ئاخر من و مەلەکیا زۆر یەکترمان خۆشدەویست، تەنانەت لەخوشک نزیکتر بووین.

شەهلا ئارەقی روخساری بەدەسرێک پاککردەوەو وتی:

-مەلەکیا بێچارە بەناکامی لەدونیا دەرچـوو. نەیتوانی روخساری مناڵەکەی ببینێ، ئەم دواییانە کەمتر سەردانم ئەکرد، بەڵام ئەمجاری دواییە کە بینیم، خەمێکی قوڵ لەروخساریدا ئەبینرا، بەبڕوای من پزیشک لەمەترسی مناڵبوون ئاگاداری کردبووەوە دەبێ بوونە دایک لەبیری خۆی دەرکا، نازانم بۆ وەها کارێکی کرد؟ چ سودێکی هەیە مرۆڤ مناڵی بێ دایک بۆ مێرد بەدونیا بهێنێ؟ بریا پەرهام رێگری بکردایە.

-هیچ کەس لەئایندەی خۆی ئاگادار نیە. مەلەکیا تا دوا هەناسە هیواداربوو خۆی و مناڵەکەی تەندروست بمێنن. ئەو جگە لەمناڵەکە بیری لەهیچی دیکە نەدەکردەوە. پێی ئەوتم قسەی پزیشکەکان بۆی گرنگ نیە، ئەیوت زۆرکـەس بوون

که پزیشک ترساندونی و لەویش حاڵیام خراپتر بووەو کەچی زیندوویش ماون. ئەو زۆر بەڕەحمی پەروەردگار هیوادار بوو. لەرووپەکی ترەوە مەلەکیا ژنێکی دڵخۆش و گەشبین بوو. پەرهام ئەوی لەگیان و دڵی خۆشتر ئەویست، ئەوان دوو هاوسەری دڵخۆش و بەختەوەر بوون، بەڵام بەداخەوە ئەو خۆشبەختیە درێژەی نەکێشا.

-بێچارە پەرهام، ئەویش گورزێکی کاریگەری بەرکەوت. لەلایەکەوە هاوسەری دڵخوازی لەدەستدا، لەلایەکی تریشەوە منالێکی ساوای کەوت بەسەردا.

ئاخر گەورەکردنی منالێکی ساوا کارێکی ئاسان نیە، گەر پەرهام رازیبێ من ئامادەم ئەرکی بەخێوکردن و گەورەکردنی منالکە بگرمە ئەستۆ، چوونکە منالەکانی من گەورە بوون، ئەتوانم بەجوانی چاودێری بکەم.

-ئێستا من بەئەستۆم گرتووەو پەرهامیش رازیبووە دواتریش خوا گەورەیە.

منالەکە کەمێک جوڵایەوەو دەستی کردە گریان. هانیە نای بەسینەیەوەو بەشەهلای وت:

-ئەگەر ئەتوانی ئەو شووشەم بۆ بشۆو پاشان کەمێک ئاوی گەرمم لەشوێنێک بۆ پەیدا بکە باشیرێکی بۆ بکەم.

-باشە بمەرێ.

-تەنها تکات لێدەکەم پەلەبکە.

شەهلا دابەزی بەڕاکردن رۆشت. هانیەش دابەزی و لەکاتی رۆشتندا منداڵەکەی لەباوەشیدا رادەوەشاند. تینی گەرما منداڵەکەی ئازار ئەدا لەبەر ئەوە بردیە بەر سێبەرێک

بۆ ئەوەی خۆر لێی نەدا. شەهلا لەگەڕانەوە دوا کەوت هانیە نیگەران بوو. منالەکەی بردە بن دارێک و بەبێ قەراری چاوی بڕییە ئەوشوێنەی شەهلای بۆی چوو بوو. گریانی منالەکە توند تر دەبوو. لەپڕ شەهلا گەڕایەوە، توانی بووی ئاوی گەرم دەستەبەر بکات، هەردووکیان چوونەوە ناو ئۆتۆمبیلەکە. براژنەکەی هانیە خێرا قوتوی شیرەکەی هەڵپچڕی و شیرێکی بۆ ئامادەکرد. پاشان دایە دەست هانیە و وتی:

-ئێستا کە بڕیارە خۆت پەرستاری بکەیت هەر لەئێستاوە دەست بەکاربە.

هانیە شیرەکەی نا بەدەمی منالەکەوە. منالەکە دوای کەمێک هەوڵدان بەئارامی کەوتە مژینی مەمکەکە. شەهلا وتی:

-کەمێک سەری منالەکە بەرزکەرەوە بۆ ئەوەی باشتر قومی لێبدات.

-سوپاستەکەم کە هاوکاریم ئەکەیت. ئاخر ئەمە ئەزمونی یەکەممە.

-گرنگ نیە پاش چەند رۆژێکی تر هەموو شتێ بەباشی فێر دەبی، هەرکارێک سەرەتاکەی دژوارە.

هانیە کەمێک نیگەران بوو، منالەکە دوای کەمێک شیر خواردن چووە ناو خەوێکی قوڵ و ئارام. جارجار بەدەم خەوەوە قومێکی ئەدا لەمەمکەکە.

-ئەترسم لەخەوا شیر بخواو بپەڕێتە قوڕگی.

-نیگەران مەبە. گەر کۆکی مەمکەکە لەدەمیدا دەر بهێنە. منال لەگەڵ بوونیدا مژین ئەزانێ. دوای ئەبێ داییەکەی بگۆڕی.

-لەوەناچێ کارێکی زۆر دژوار بێ.

-نە زۆر دژوار نیە، خۆم هاوکاریت ئەکەم تا بتوانی بەباشی بیگۆڕی.

ئەوکاتەی ئەمان پێکەوە خەریکی گۆڕینی منداڵەکە بوون، هورەنگ و پەرهام بەرەو ئەمان هاتن. روخساری پەرهام تەواو تێک چوو بوو، چاوەکانی سور هەڵگەڕابوون. تەماشایەکی منداڵەکەی کرد، هانیە وتی:

-خەیاڵت ئاسودە بێ، بەجوانی گۆڕیومانەو شیرەکەیشی خواردووە، وا نازانم تا کاتژمێرێکی تر کاری بەکارمان بێ.

پەرهام ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

-وەرە بڕۆین مەلەکیا بەخاک بسپێرین.

هەرچواریان لەماشینەکە دابەزین، چوون بەرەو گۆڕەکەی مەلەکیا. گۆڕ هەڵکەنە پیرەکە خەریکی گۆڕ کەندن بوو. تەرمەکەی مەلەکیا لەناو تابووتەکەدا لەپاڵ گۆڕەکەدا دانرابوو.

گۆڕکەن دەسی لەکار هەڵگرت و بەپێی یاساو رێ و رەسمی دینی تەرمەکەی خستە ناو گۆڕەکەو خاکی کرد بەسەردا. هەرچواریان ئەگریان.

پەرهام گوڵەکانی سەرگۆڕەکەی هەڵگرت و بەئاسماندا بڵاوی کردەوە. ئەوەندە بەسۆزەوە ئەگریا تەنانەت رێبووارەکانیشی هێنابووە گریان. هورەنگ کاتێ ئەوی لەوحاڵەدا بینی دەستی دایە ژێر باڵی و لەسەر زەوی بەرزی کردەوە. هەموویان دوای ماڵئاواییەکی خەمبارو سوتێنەر بەرەو ناو ماشینەکە رۆشتن. قورئان خوێنێک خەرێکی خوێندنەوەی قورئان بوو لەسەر گۆڕەکەی.

پەرهام لەحاڵێکی زۆر دژواردا بوو نەیدەتوانی شۆفیری بکات. هانیە مناڵەکەی دا بەبراژنەکەی و خۆی بوو بەشۆفیر. پەرهام بـەردەوام ئەگریاو ئەیکێشا بەسینەیدا، هورەنگ و هاوسەرەکەیشی لەگەڵ ئەوان چوونەماڵەوە.

هەموویان ماندوو شەکەت لەسەر قەنەفەکان دانیشتن. هانیە لێوی وشک بووبوو بۆیە بەباشی زانـی شەربەتێک دروست بکات. پەرهام لەحاڵەتی ئاسایی چوبووە دەر. هۆرەنگ و هاوسەرەکەی پێکەوە رێ و رەسمی پرسەکەیان بەڕێوە ئەبردو لەگەڵ دۆست و ئاشنایان قسەیان ئەکرد.

تاکە خزمی مەلەکیان پـورە پیرەکەی بـوو، کەلـەدوای هاوسەرگیری ئەو لەگەڵ پەرهام سەردانی ئەوی تەرک کردبوو، ئاشکرا نەبوو ئێستا ماوە یان نە؟ پەرهامیش کەس و کاری زۆری نەبوو کە لەو مەراسیمەدا بەژدار بێ، بەڵام هاوکارانی پەرهام هەموویان دەستە دەستە ئەهاتن و بەشدارییان ئەکرد.

هانیە مناڵەکەی بردە ژووری نوستن. داوای لەهۆرەنگ کرد جۆلانەو شتەکانی لەگەڵ بباتە ژووری نوستنەکە. پەرهام توانای هیچ کارێکی نەبوو، لەبەر ئەوە ئەوان هەستان بەئەنجامدانی هەموو کارەکان. کاتێ ئامادە بوو هانیە بەهورەنگی وت:

-ویستم تکایەکت لێبکەم.

-بڵێ خوشکم چیت پێویستە؟

-ئێستا هیچ، بـەڵام لەداهاتوو نەک زۆر دووریـش. کاتێ پەرهام توانی پەرستارێک بۆ مناڵەکەی پەیدا بکات، من ناچار ئەبم لێرە بڕۆم، مانەوەی من لێرە پێویست نیە بۆیە داوات لێدەکەم خانوویەکم بۆ بگریت.

-ئەتەوێ سەربەخۆ بژیت؟

-ئاوا زۆر باشترە.

-ئەتوانی بێیت و لەگەڵ ئێمە بژیت، ماڵەکەی من جێگەی تۆی تیا ئەبێتەوە.

-لەماڵی تۆ ئەتوانم، بەڵام میوانیشم ئەبێ. حەزدەکەم تەرزی ژیانم بگۆڕم و نەبمە زەحمەت بۆ کەس، نامەوێت تا مردن ماڵ بەکۆڵ بم.

-باشە هەرچۆن خۆت پێتخۆشە، من لەبیریدا ئەبم.

-سوپاس.

-من ئەڕۆمە دەرەوە خواردن دێنم، ئەبێ ئەمڕۆ دەوری ئاشپەز ببینم. هورەنگ دوای دەربڕینی ئەو رستەیە، ژوورەکەی بەجێ هێشت. هانیە جارێکی تر شیری بۆ منداڵەکە کردو جل و بەرگەکانی گۆڕی و خستیە سەر تەختەکەی خۆی. ئەوەندە بەسۆزەوە تەماشای ئەکرد، هەروەک لەخۆی بووبێ.

بەپێچەوانەی منداڵەکە هەستێکی تایبەتی بەرامبەر بەپەرهام هەبوو، دەنگێکی نائاشنا لەهەناوی هەستا، بۆ یەکەمجار دوای حەوتساڵ لەدڵی وشکبووی هەستا، ئەودەنگەی کە زەمانێک بوو بەفەرامۆشی سپاردبوو.

لەپڕ بەخۆیدا هاتەوە، هەوڵیدا بیری گەوجانە لەمێشکی دوورخاتـەوە. ماچێکی گەرمی کچەکەی کردو لـەژوورەکە چووەدەر. پەرهام هەروا لەناو بیرو خەیالاتا بوو، روخساری خەمباری پەرهام هانیەشی دڵتەنگ کردبوو. دڵی بۆ پەرهام ئەسوتا، پەرهامی ئازیزی لەناو خەم و ئازاری لەدەستدانی هاوسەرەکەی ئەتلایەوە. حەزیدەکرد بەهەرجۆرێک بووە باری

شانی سوک بکات. گەرچی ئەیشیزانی هەولەکەی بێ سودە، پەرهام بەگیان و دڵ عاشقی مەلەکیا بوو، جگە لەو بیری لەهیچی تر نەدەکردەوە.

هانیە هەستیکرد پەرهام تەنانەت بەرامبەر بەمناڵە تازە بووەکەیشی بێ هەستە. هیچ بیری لای نیە، لەبەیانیەوە تائێستا ناویشی نەهێناوە. ئەو نیگەرانی ئەوە بوو نەوەکا ماندانا لەسۆزی باوکی بێبەش بێ. هەرچییەک بێ هاتنە دونیای ئەو بووە هۆکاری لەناو بردنی هاوسەری دڵسۆزی پەرهام.

هانیە تاگەڕانەوەی هورەنگ خۆی سەرقاڵ کرد بەپاککردنەوەی چێشتخانەکەوە، نانخواردنەکە لەکەشێکی خەماویدا خورا. پەرهام هەر لەبیری ئەوەشدا نەبوو کەوا میوانی هەیە. ئەوەندە دڵتەنگ و بێ هەست بوو تەنانەت هورەنگ هاوڕێ دڵسۆزەکەی نەیدەتوانی دڵی بداتەوەو ئارامی بکاتەوە. کات بەخێرایی تێئەپەڕی، ئێستا دوو مانگ بەسەر مردنی مەلەکیادا تێ ئەپڕێ. هانیە هەروەکو پێشتر پەرستاری مناڵەکەی لەئەستۆ بوو. هەروەک دایکێکی دڵسۆزو میهرەبان مناڵەکەی پەروەردە دەکرد، کارەکەی زۆر بەتامەزرۆییەوە ئەنجام ئەدا. ماندانا مناڵێکی ئارام بوو، گەر برسی نەبووایە نەدەگریاو کەسی ئازار نەدەدا، یان لەناو جۆلانەکەدا ئەخەوت، یان یاری بەدەست و قاچی خۆی ئەکرد.

پەرهام هەوڵیئەدا پەرستارێکی باش بۆ مناڵەکەی پەیدا بکات. بەهۆی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەداو هەوڵی هاوکارەکانی چەند کەس هاتن بۆ پەرستاری لەناو هەموویاندا کەسێکی بەبڕوای خۆی گونجاوی هەڵبژارد.

پەرستارێک کە دەبووایە کارەکەی هانیە ئەنجام بدا ژنێکی میانە ساڵ و بێ کەس و کار بوو بۆیە پەیمانی ئەوەی دا کە شەو رۆژ چاودێری ماندانا بکات. بەوەش رازیبوو کە شەوو رۆژ لەماڵی پەرهام بمێنێتەوە.

پەرهام بەپرس و رای هانیە هەڵیانبژارد. بەیانی رۆژی دواتر هانیە شتەکانی پێچایەوەو ژوورەکەی سپارد بەپەرستارەکە. کاتێ بۆ خواحافیزی چووە ژوورەکەی پەرهام، ئەوی خەمبار کەوتە بەرچاو. پەرهام ئەم هەفتەیە هەرچی هەولیدابوو نەیتوانی بوو هانیە قایل بکات لایان بمێنێتەوە.

هانیە جانتاکەی لەبەردەرگا داناو چەند هەنگاوێک چووە پێشتر. پەرهام بەنیگایەکی خەماوی بۆی روانی و پرسی:

-کەواتە بڕیارتدا بڕۆیت؟

-بەڵێ.

-بەڵام بۆچی؟ لەدوای مەلەکیا تەنها دڵم بەتۆ دەکرایەوە. هەرکاتێ قسەت لەگەڵ دەکەم دەکەومە بیری ئەو رۆژە خۆشانە. من و تۆ ئەتوانین وەکو خوشک و برایەک پێکەوە بژین. ئەمانتوانی بەهاوکاری یەک مانداناش گەورە بکەین.

- پەرهام خۆشەویستم درەنگ یان زوو دەبووایە بڕۆشتمایە. هەریەک لەئێمە لەناو روباری ژیان، دەبێ رێڕەوی جیامان هەبێ. بەهاتنی پەرستارەکە مانەوەی من پێویست نیە.

-بەڵام من و ماندانا پێویستمان بەتۆیە. ئاخ بمبەخشە هانیە من مرۆڤێکی خۆپەرستم، تەنها بیر لەخۆم و شێوازی ژیانم دەکەمەوە. ئاخر دەبێ تۆیش لەبیری داهاتووتا بیت.نابێت پێش بەبڕیارەکانت بگرم.

پەرهام بێدەنگ بوو، نیگای لەسەر ئەو لابردو چاوی بڕییە ئەرزەکە. هانیە گوێ لەدەنگی تەپەی دڵی بوو. زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

-پەیمانت پێدەدەم زوو زوو سەرتان لێبدەم، هەرچی بێت دڵم وەک منداڵ وایە زوو تەنگ دەبێ.

-بریا ئەکرا لەبڕیارەکەت پاشگەز بوویتایەتەوە، بەڵام تازە کە هەر ئەڕۆی لانیکەم بەڵێنەکەت ببەسەر.

-دڵنیابەمرۆڤێکی بەد قەول نیم.

-هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

-منیش هەروا، ئاگات لەخۆت و منداڵەکە بێت.

هانیە لەژوورەکە چووە دەرو پەرهامیش بەنیگایەکی خەماوییەوە ماڵئاوایی لێکرد. لەپڕ شتێکی بیرکەوتەوە، لەجێگا هەستاو جەکمەجەی مێزی ئارایشتەکەی مەلەکیای کردەوە، دەفتەری بیرەوەریەکانی هاوسەرەکەی دەرهێناو بەپەلە لەژوورەکە چووەدەر. هانیە تازە گەیشتبووە شەقامەکە دەنگی بانگی پەرهام لەجێی خۆی وشکی کرد. خێرا فرمێسکەکانی سڕی بۆ لای ئەو گەڕایەوە. پەرهام لەکاتێکدا هەناسەی توند بووبوو، گەیشتەی لای و وتی:

-هانیە لەبیرم چوو ئەم ئامانەتیەت بدەمێ.

دەستی درێژکردو دەفتەرەکەی وەرگرت و بەسەرسوڕمانەوە وتی:

-ئەمە چییە؟

-دەفتەری بیرەوەریەکانی مەلەکیایە، لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا بەر لەرۆشتن بۆ نەخۆشخانە داوای لێکردم ئەم دەفتەرە

تەنها بەدەستی تۆی بسپێرم، بڕوا بکە هێشتا ئەم دەفتەرەم نەکردۆتەوە تەماشای بکەم ناشزانم چی تیا نوسیووە. ئەو زۆر بڕوای بەتۆ هەبوو تەنانەت رازی نەبوو من بیانخوێنمەوە. بیگرە هانیە بۆ تۆیە.

هانیە دەفتەرەکەی نابەسینەیەوەو توند گوشی ئیدی نەیتوانی پێش بەفرمێسکەکانی بگرێو بەپێویستیشی نەزانی. بەداخەوە ئەو ژنە ئێستا زیندوو نیە تا سوپاسی ئەو بڕا پێبوونەی بکات.

-خوات لەگەڵ پەرهام.

-بەهیوای بینینەوە.

هانیە تەنانەت لەناو تەکسیەکەشدا نەیتوانی پێش بەگریانی بگرێ. ناو نیشانیماڵی هورەنگی دا بەشۆفیرەکە. کاتێ گەیشتە ماڵەوە هورەنگ کە پێشتر بەهۆی تەلەفۆنەوە لەهاتنی ئاگاداربوو. بەڕووی گەشەوە هاتبووە پێشووازی، گۆناکانی ماچکردو وتی:

-هانیەگیان بەخێرهاتی.

شەهلایش هانیەی ماچکردو بەدوای قسەکانی هاوسەرەکەیا وتی:

-ماڵەکەی ئێمە بەهی خۆت بزانە تەنها تکام ئەوەیە هەرگیز بەجێمان نەهێڵی.

-سوپاس براژن، هەمیشە لەگەڵ من میهرەبان بوویت، بەڵام هێشتاش لەسەر بڕیاری خۆمم، جارێ ماوەیەک میوانتانم، تا بیرێکی باش دەکەمەوە.

شەهلا دەرگاکەی واڵاکردو وتی:

-هێشتا نەهاتوویتە ژوورەوە هەوای رۆشتن داویەتی

لەسەرت. جارێ دانیشە با ماندوویەتیت دەرچێ، پاشان بەدرێژی باسی مانەوەو رۆشتن دەکەین.

هورەنگ لای خوشکەکەی دانیشتو وتی:

-شەهلا هەمیشە تەنهایە، من بەچاکی ئەزانم بچێتە دەرەوە یان لەگەڵ کەسێک ببێتە دۆست، تۆش گەر پێت خۆش بێ دەتوانی هاودەمێکی باش بی بۆی.

هانیە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

-من مرۆڤێکی کەم دووم وا نازانم هاودەمیم بۆ کەس ببێتە مایەی خۆشحاڵی.

شەهلا بەدەنگی بەرز پێکەنیو وتی:

-کاتێ گەیشتیتە لای ئێمە خۆت والێدەکەیت، بەڵام ئێمە لەناخی دڵەوە خۆشەویستیو رێزمان بۆت هەیە، ئێستا گەر تۆ تاقەتت لەئێمە نەبێ ئەوەیان باسێکی ترە.

هانیە مانتۆکەی لەبەر داکەند، شەهلا لێی وەرگرتو لەوان دوورکەوتەوە.

-باشە دەی بڵێ بزانم چ بیرێک لە مێشکتدایە؟

-ئێستا هیچ بەڵام ئەمەوێت لەمەو دوا زۆرکار ئەنجام بدەم.

-بۆ نمونە وەکو چی؟

-سەرەتا دەبێ دەست بەکارەکەم بکەم. پاشان خانوویەک بەکرێ بگرم.

-بڕیاری شووکردنت نیە.

هانیە بەسەر سوڕمانەوە پرسی:

-چی؟ بۆچی دەکرێ؟

-بەڵێ یان نە؟

-نە، بەهیچ شێوەیەک.

-ئاخر لەبەرچی؟

-نامەوێت دووبارە بدۆڕێم.

-هەموو کەس وەکو کۆرش دڕندە نیە.

-ئەزانم بەڵام هێشتا پیاوێکی شیاوم نەدۆزیوەتەوە.

-ئەگەر پەیدابوو ئەیکەیت؟

-تۆ کەسێکت لەبەرچاو گرتووە؟

-لەوانەیە، بەڵام بۆچوونی تۆ چییە؟

-کێیە؟

-حەزدەکەیت بێ پەردە قسەت بۆبکەم؟

-دەی ئاشکرایە.

-هیچ کەس لەپەرهام باشتر نیە.

-هورەنگ ئەمە چ قسەیەکە دەیکەیت؟

-چییە؟ قسەیەکی خراپم کرد؟

-خراپ نە بەڵام ئەمکارە تا رادەیەک دوورە لەژیریی.... یەکەم پەرەهام تازە هاوسەری لەدەست داوە، مەلەکیا تەواوی عەشقو هەستو نەستی ئەو بوو. من بڕوام وایە پەرهام تا کۆتایی تەمەنی ناتوانێ لەبیری بکات، لەلایەکی تریشەوە، من بڕیاری شووکردنم نیە، بەتایبەتی بەپیاوێک دڵی لای کەسێکی تر بێت. من ئەمەوێت رۆحیو جەستەییماڵی خۆم بێت.

-بەڵێ ئەوە مافی خۆتە، بەڵام خۆ هەر دەبێ هاوسەرێتی بکەیتو ماڵو حاڵێکت هەبێ. ناتوانی هەر بەتەنهایی بمێنیتەوە.

-کاتێ ژنو مێرد ماڵ پێکەوە ئەنێن، چاوەڕوانی ئەوەن منداڵێکیان بێتو ژیانیان بۆ بکاتە بەهەشتو گەرمو گوڕییەک

بداتە ژیانیان، بەڵام من خۆ ناتوانم منداڵیش بهێنمە دونیا.
هورەنگ ماوەیەک بیریکردەوەو پاشان پرسی:
-هانیە هەرگیز سەردانی پزیشکت نەکردووە؟
-مەبەستت ئەوەیە پشکنینم کردبێ؟ نە..
-دەی لەبەرچی؟
-یەکێ لەهۆکارەکانی ئەوەبوو، لەدڵەوە حەزم لەو شووکردنە نەبوو، هەر لەسەرتاوە زانیم لەگەڵ کورش پێکەوە ناتوانین بژین، لەبەر ئەوە هەرگیز نەمدەویست کەسی سێیەمیش توشی ئەو بەڵایە بێ.
-کاتێ نەچوویتەتە لای پزیشک چۆن ئەوەندە دڵنیای گرفتەکە لەتۆیە؟ کێ دەڵێ گرفتەکە لەکۆرش نەبووە؟
-دوور نیە، بەڵام کۆرش ئەوەندە دڵنیا قسەی دەکردو هەمیشە تاوانەکەی ئەخستە ئەستۆی من.. خۆیشم کەتبوومە گومانەوە لەخۆم.
-بەبڕوای من واباشترە سەردانی پزیشکێکی پسپۆڕ بکەیت.
-سودی ئەمکارە چیە؟ جارێ خۆ من تاقەتی شووکردنم نیە.
-ئێستا نیە بەڵام لەوانەیە لەئایندەیەکی نزیکدا دەستی قەدەر وەها کارێک بڕیاربدات، لانیکەم با لەخۆت دڵنیا بی. ئەوە خۆ زیانێکی نیە. هەیەتی؟
-نە نیەتی.
-دەی گوێ لەئامۆژگاریەکەم بگرەو لانیکەم خۆت دڵنیاکە.
-باشە، کاتێ پەرژام دڵنیابە ئەوکارە دەکەم، بەڵام ئێستا کاری گرنگترم هەیە.

هانیە شەو کاتێ چووە ژوورە تایبەتەکەی کە بۆیان ئامادەکردبوو، بێتاقەت بوو، ئاخر ماوەیەک بوو خووی بەماندانـاوە گرتبوو، نەیدەتوانی ساتێک لەبیر خۆی باتەوە. کاتێ راکشا بەبێ ویستی خۆی ئەشک لەچاوانی جاری بوو.

تەنانەت هورەنگیش ئەوی بەشیاوی پەرهام دەزانی. بریا پەرهامیش هەستی بەدەرونی ئەم بکردایە.

کەسێک رێگر نەبوو بۆ مانەوەی لەوێ، بەڵام دوای مەرگی مەلەکیا بەتایبەتی بەهۆی سەرقاڵ بوونی بەماندانـاوە، عیشقی پەرهام لەناخیدا سەری هەڵدابووەوە. کە هانیە بەخیانەتی گەورەو دوور لەیاسای بەخشینی دەزانی.

مەلەکیا لەژیاندا هێندە بێ مەرام و ئەویندارانە ئەوی خۆش دەویست، وایکردبوو عیشقی پەرهام لەدڵی هانیەدا نەهێڵێ. بەڵام هانیە کاتێ پەرهامی بە بێوە پیاوی بینی دووبارە عەشق لەدڵیا چەکەرەی کردەوە. بەڵام دژایەتی لەوەدابوو هانیە دەیزانی پەرهام ئەوەندە ئەویندارى مەلەکیا بوو، تازە ناتوانێ دڵ بداتە کەسێکی تر، ئیدی عیشقی کەسێکی تر لەدڵیدا جێگیر نابێ.

لەماوەی ئەو چەند هەفتەیەدا ئارەزووی دەکرد بریا بیتوانیایە، لەگەڵ پەرهام زەماوەند بکاتو ماندانا وەکو کچی خۆی پەروەردە بکات. گەرچی دەیشیزانی ئەو ئاواتە هەرگیز بەدی نایەت. پەرهام هەرگیز وەکو هاوسەر بۆی ناڕوانێت.

پەرهام هەرگیز پەیی بەناخی ئەو نەبردبوو، نەیدەزانی ئەو لەناخی دڵەوە ئەویندارىیەتی. گەر ئەو عیشقە لەبیر بکرایە هەرگیز ماندانای بەجێ نەدەهێشت، بەڵام نەیدەتوانی خۆی فریو بدات. نەیدەتوانی لای پەرهام بمێنێتەوەو نهێنی دڵی

ئاشکرانەکات.

هانیە ئیدی ئەو کچە شۆخە لاوەی دوێنێ نەبوو، رازی دڵی لەشەرما لەهەمووکەس بشاریتەوە. بەتێپەڕینی کات ئەو توانایە لەدەست دەچێ کە بتوانی شتێکی ئاوا لای خۆت پەنهان بکەیت. لەبەر ئەوە دوور نیە ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات.

عیشقی پەرهام بۆ مەلەکیا هەرگیز کۆتایی نایەت، گەر پەرهام بیزانیایە هانیە چەندە لەدڵەوە ئەوینداری ئەوە، لەوانە بوو لەڕووی سۆزو دڵسۆزی بەرامبەر بەماندانا رازی بووایە هاوسەرایەتی لەگەڵ بکات، لەکاتێکدا هانیە تامڵی هەرشتێ دەکات جگە لەبەزەیی و سۆز.

داواکاری ئەوە بوو دڵی هاوسەرەکەی تەنها وابەستەی خۆی بێت. جگە لەعیشقی ئەو هیچی دیکە لەدڵیا نەبێ. ئایا ئەیتوانی لەناو دڵێ زامداری پەرهامدا جێگەی دوو عیشق بکاتەوە.

چەند رۆژ دواترو دوای چەند هەفتەیەک هانیە ئاتیلەکەی کردەوە. پاش نیوەڕوان بەبەردەوامی ئەچووەوە سەر کارەکەی. قوتابییەکانی دوای دابڕانێکی تاڕادەیەک درێژ، دووبارە بۆ فێر بوونی وێنەکێشی هاتنەوە بۆ لای.

ماوەیەک بوو دەستی بۆ فڵچە نەبردبوو، جارێکی دیکە چووەوە لای تابلۆکانی و دەستیکردەوە بە وێنەکێشانو پێشوازی لەقوتابییەکانی کرد.

هەفتەی جارێک لەرۆژی پشووی هەفتەدا ئەچووە سەردانی پەرهامو ماندانا. پەرستارەکەی ماندانا بەجوانی ماندانای پەروەردە ئەکرد. هانیە کەدەبینی رۆژ لەدوای رۆژ گەشە

دەکاتو جوانتر ئەبێ. خانمی پەرستار وەفای بە بەڵینەکەی کردووە، دڵخۆش بوو.

پەرهام دوای دابڕانێک و گۆشەگیرییەکی زۆر، چوو بووەوە سەرکارەکەی. زۆرتر کاتەکانی لەسەر کار بەسەر ئەبرد. دوای مەرگی مەلەکیا هەستیکردبووماڵەکە رەنگی مردووی گرتووەو ئیتر دڵگەرمی بەماڵەوە نەبوو. خەمی لەدەستدانی هاوسەرەکەی بەروخساریەوە دیاربوو. کەمتر زەردەخەنە لەسەر روخساری ئەبینرا.

شەوێک کاتێ هانیە چوو سەریان لێبدات پەرهامی زۆرخەمبار بینی. پەرهام لەم مانگانەی دوایدا زۆر لاوازو بێتاقەت بوو. ئەم ماوەیەی چۆن تێپەڕاندبوو کەس نەیدەزانی.

هانیە هەستی بەنیگەرانیەکەی کردو وتی:

-پەرهام تاکەی ئەتەوێت خۆت ئازار بدەی؟ رابردوو ئیدی ناگەڕێتەوە. شەوو رۆژ تەعزیەباری، هیچ گۆڕانکارییەک لەژیانت نابێ.

پەرهام ئاهێکی خەماوی هەڵکێشا، تنۆکەی ئەشک بەچاوەکانیدا هاتنە خوار، وەڵامی داوە:

-حەزدەکەم ژیانێکی ئارام دەست پێبکەم، بەڵام بەداخەوە کابووسێک هەمیشە پێشم پێدەگرێ. هێشتا نەمتوانیوە لەگەڵ کۆسپی لەدەستدانی مەلەکیادا رابێم. جاری واهەیە وادەزانم چووەتە سەفەرو دەگەڕێتەوە، جاری واش هەیە سێبەرەکەی لەبەرامبەر خۆم دەبینم. ماوەیەک بێدەنگ لەیەک ورد دەبینەوەو پاش ماوەیەک دەڕوات.

ماوەیەک بێدەنگی لەنێوان ئەو دووکەسەدا فەرمانڕەوا بوو، پەرهام بۆ روخساری کراوەو میهرەبانی هانیەی دەڕوانی، بەڵام نەک بەو جۆرەی هانیە بۆی دەڕوانی هەروەک پێشتر هێشتا لەژێر کاریگەری ئەوینی مەلەکیادا بوو، نەیدەتوانی جگە لەو بیر لەکەسی تر بکاتەوە.

هانیە ماوەیەک بیری کردەوەو لەپڕ وتی:

-وادەزانم گەشتێکی درێژخایەن بتوانێ رۆحی تۆ ئارام بکاتەوە. بڕوانە پەرهام ماندانا خەریکە وردە وردە گەورە دەبێ،گەر نەتوانی رۆحیەیەکی باشت هەبێ رەنگە ئەویش دووچاری خەمۆکی بێت. بۆ لەبیرکردنی ئەم کارەساتە گەورەیە سەفەرێک رەنگە باش بێت. منیش ماوەیەکە ئەوەندە سەرقاڵم نەمتوانیوە بەخۆمدا بگەم. گەر تۆ رازی بیت خۆم کاروباری سەفەرەکە رێکدەخەم. ئەتوانین منداڵەکەش لەگەڵ خۆمان ببەین. فەریدەخانیش ئەتوانێ لەگەڵمان بێت، تا لەکاتی پێویستدا چاودێری منداڵەکە بکات. رات چیە؟ رازیت؟

پەرهام ماوەیەک بیریکردەوەو وتی:

-من زۆر کاری نیوەکارم هەیە، تازە گرێبەستی بینایەکم کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوێ بۆ ئامۆژگارییەکەت دەگرم رەنگە گۆڕینی ئاو و هەوا بتوانێ ئارامم بکاتەوە.

-سوپاس پەرهام ئەمەش لەقوڵایی دڵەوە دەڵێم. دڵتەنگی تۆ بەتەواوی منی نیگەران کردووە، خۆم بەیانی هەموو شتێ رێک دەخەم.

-هانیە تۆ زۆر باشی، زۆرجار بیر لەتۆش دەکەمەوە. شووکردنی تۆیش شەرابی خۆشی پێ نەنۆشیت. بریا کوڕش

ئەوەندە بێ هەست نەبووایەو تۆش جێت نەهێشتایە. ئەو نەفامە خۆشترین ڕۆژەکانی تۆی تاریککرد.

-من بۆ شتە لەدەست چووەکان، هەرگیز خەم ناخۆم. کورش بەر لەهەرکەسێک بەرامبەر خۆی ناپاک بوو. خۆیشی لەهەرکەس زیاتر باجەکەی دا. بەڵام لەتەمەنی ڕۆیشتووی تاڵم ئەزمونم وەرگرت.

-دەفتەری بیرەوەریەکانی مەلەکیات خوێندەوە؟

-بەداخەوە هێشتا بۆم نەکراوە. لەیەکەم دەرفەتدا ئەوکارە دەکەم.

ڕۆژی دوایی هانیە بڕیاریدا بلیتی فڕۆکە ببڕێت. بەر لەگەشتەکەیان، هورەنگ توانی شوێنێکی باش بۆ هانیە بگرێت نزیکیش بوو لەشوێنی کارەکەیەوە. شووقەیەک بەهەموو پێداویستیەکانەوە. هانیە دوای واژۆکردنی بڕیارنامەکەو پارەدان گوێزایەوەماڵە تازەکەی.

لەکاتی گوێزانەوەی شتومەکەکانی چاوی بەدەفتەرەکەی مەلەکیا کەوت. لەوڕۆژەوە پەرهام دەفتەرەکەی پێدابوو ئەوەندە سەرقاڵی کار بوو، لەبیری چوبووەوە، ئێستا کە دەفتەرەکە کەوتە بەرچاوی کەوتە بیری خوێندنەوەی.

هەر ئەوشەوە دوای نان خواردن، چووە سەر تەختی نوستنەکەی‌و دەفتەرەکەی بەرامبەر خۆی کردەوەو بەتامەزرۆییەوە کەوتە خوێندنەوەی بیرەوەریەکانی مەلەکیا. مەلەکیا لەبیرەوەریەکانیدا شتانێکی نوسیبوو تائێستا بەزمان نەیدرکاندبوون. هانیە لەڕابردووی ئەو هیچی نەدەزانی، بەخوێندنەوەی بیرەوەریەکانی زۆر لایەنی شاراوەی ژیانی ئەوی بۆ دەرکەوت.

مەلەکیا لەدەسپێکی بیرەوەریەکانی بەم شێوەیە دەستی پێکردبوو:

"بیرەوەری تاڵم لەدەورانی منداڵیم هەیە. لەگەڵ دایکو باوکو برا بچوکەکەم لەشارێکی خۆش پێکەوە دەژیاین. دایکو باوکم مامۆستا بوون، براکەم سێ ساڵو من حەوت ساڵ بووم. هەر لەو قوتابخانەیەدا دەمخوێند کە دایکم تیایدا مامۆستا بوو.

ڕۆژانە کاتێ دایکم بۆ قوتابخانە دەچوو براکەمی لای دراوسێکەمان جێ دەهێشت. ژنی دراوسێکەمان لەبەرامبەر بڕێک پارەدا ئامادەبوو لەکاتی نەبوونی دایکمدا منداڵەکە بەجوانی پەروەردە بکات.

منو دایکم هەرکە زەنگی کۆتایی لێی دەدا بەپەلەدەگەڕاینەوە ماڵەوەو دایکم خێرا دەچوو براکەمی لەژنی دراوسێکەمان وەردەگرتەوە. هەموومان تاهاتنەوەی باوکم کە بۆگەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەبووایە ڕێگەیەکی درێژی ببڕیایە چاوەڕوان دەبووین، بەهاتنە ژوورەوەی ئەو سفرەمان ڕادەخست.

دایکو باوکم پێکەوە بەختەوەر بوون. من عیشق لەناو ئامێزی دایکمدا فێربووم. ئەو عاشقانە باوکمی خۆشدەویست. لەگەڵ ئەوەی لەودەمانەدا لەپەیوەندی ژن ومێردایەتی ئەوان نەدەگەیشتم. بەڵام لەرەفتارو ئاکارییان دەردەکەوت کە بێ یەک ئۆقرە ناگرن.

گەر شەوێک باوکم درەنگ بگەڕایەتەوە دایکم تا دەگەڕایەوە ئارام و ئۆقرەی نەدەگرت. ئەوەندە نیگەران دەبوو بەو منداڵییە هەستم بەئێرەیی بەرامبەر باوکم دەکرد.

حەزمدەکرد دایکم تەنها منی خۆش بوویت، ئاخر ئەو خۆشەویستی من بوو. بەڵام ئەمبینی باوکم لەهەموو شتێکو هەمووکەسێ لای دایکم گرنگ ترە. باوکم پیاوێکی میهرەبان و بەئەدەب و لەسەرخۆ بوو. هەمیشە بەڕێزەوە لەگەڵ دایکم ئەدوا، لەناو خەڵکدا بەسەنگینی تەماشای ئەکردو لەگەڵی ئەجولایەوە.

ئەوان لەخۆشبەختی شتێکیان کەم نەبوو. دایکو باوکم کەمتر سەردانی خزمانیان دەکرد. باوکم بەزۆری هاتو چۆی لەگەڵ ماڵی پورمدا هەبوو. پورە سارا ژنێکی توڕە بوو. هەرگیز دۆستایەتی لەنێوان ئەوو دایکمدا دروست نەبوو. لەبیرمە هەرکات دەچووینە سەردانیان پورە سارا بەغوروورو لوت بەرزییەوە لەگەڵ دایکم ئەجولایەوە. ئاکارو کرداری نیشانی ئەدا کەسێکی لەخۆ بایی‌و خۆ بەزلزانە.

دایکم کەسێکی ئارام‌و میهرەبان بوو هەرگیز لەئاکارە دزێوەکانی پورەسارا دڵگیر نەدەبوو. گوێی بۆ قسەو قسەلۆکەکانی نەدەگرت. من هەرگیز تێنەگەیشتم دژایەتی دایکم وپورەسارا لەسەر چییە، هیچکەس لەوبارەوە رونکردنەوەی بۆ نەدام.

پورەسارا زڕ خوشکی باوکم بوو. بابەگەورەم دوو ژنی هەبووە. باوکم لەژنی یەکەمی بوو. دایەگەورەم دوای لەدایک بوونی باوکم بەهۆی نەخۆشیەوە دەمرێ‌و بابەگەورەم لەگەڵ ژنێکی تردا زەماوەند دەکات کە دەبێتە دایکی پورەسارا. دایکی پورەسارا منداڵی زۆری بەدونیا هێناوە، بەڵام جگەلە پورەسارا هەموویان مردون.

ئەمانەم لەزمانی باوکمەوە بیست، کاتێ بۆ دایکمی ئەگێرایەوە.

لەپۆلی دووەمی سەرەتایی بووم، هەوالیاندا بەباوکم بابەگەورە مردوە. باوکم دەیوت بابەگەورە بەهۆی پیرییەوە بیرو هۆشی لەدەستداوەو ئێستا لەنەخۆشخانەیە. کاتێ هەوالی مەرگیمان بیست باوکم بڕیاریدا بۆ ناشتنی بچێتەوە بۆ تاران. لەگەڵ ئەوەی هێشتا لەنیوەی ساڵدا بووین بەلام دایکم پێداگری ئەوەی کرد کەدەبێ لەگەڵت بێم. باوکم هەمیشە لەبەرامبەر خواستەکانی دایکم رازیدەبوو.

هەر دووکیان مۆڵەتیان وەرگرت و لەگەڵ برا بچوکەکەم ڕێگەی تارانیان گرتەبەر. بەلام منیان بەهۆی وانەکانمەوە نەبرد. بڕیاربوو سەفەرەکەیان لەدوو ڕۆژ زیاتر نەخایەنێ، لەبەر ئەوەی بەباشیان زانی لای دراوسێکەمان جێم بهێڵن. منیان دایە دەست دراوسێکەمانو خۆیان بەرەو تاران ڕێکەوتن.

لەماوەی ئەو دوو ڕۆژەی ئەوان لەتاران بوون هەروەکو جاران بەیانیان زوو ئەچووم بۆ قوتابخانەو نیوەڕۆ ئەگەڕامەوە بۆ ماڵی دراوسێکەمان. سەفەرەکەیان کە بڕیار بوو دوو ڕۆژ بێت درێژەی کێشا. دوای پێنج ڕۆژ کاتێ لەقوتابخانە گەڕامەوە لەکاتێکدا چاوەڕوانی ئەوە بووم لەگەڵ دایکو باوکم یەکتر ببینین، پورەسارام لەبەرامبەر خۆم بینی.

ژنی دراوسێکەمان بەچاوانی هەڵئاوساوو قورگی پڕ گریانەوە لەبەرامبەرم وەستا. نەمدەزانی چی ڕویداوە، پورەسارا بێ ئەوەی هیچم پێ بڵێ فەرمانی پێدام سواری ماشینەکەی بم. ئەوجانتایەی کە بەدەسیەوە بوو ئەمناسی. تێگەیشتم ئەو

چووەتە ماڵەوەو پێداویستیەکانی منی خستووەتە ناو ئەو جانتایە.

پورم لەبەرامبەر پرسیارە بەردەوامەکانی منداکە دەموت بۆ دەبێ بێم بۆ ماڵی ئێوە دایک و باوکم لەکوێن. بێدەنگ بوو هەرچەند ئەمپرسی بەگاڵتە پێکردنەوە دەیوت: نابێ خۆت لەکاری گەورەکان وەردەی.

وامدەزانی لەسەر داوای باوکم چەند رۆژێ ئەبێ میوانی پورەسارا بم. بێدەنگ بووم و چوومە ماڵی پورە سارا. سبەی بەیانیەکەی نەیهێشت برۆم بۆ قوتابخانە. لەماڵ مامەوە روداوەکان لەبەرچاوم نائاسایی بوون.

پورم دوو کوڕ دوو کچی هەبوو. تەنها کوڕیکی لەماڵ مابووەو ئەویش چەند ساڵێ لەمن گەورەتر بوو. ئیدی ئەوانی دی شوویان کردبوو ژنیان هێنابوو ماڵی باوکیان جێ هێشتبوو.

پورم ژوورێکی تایبەتی پێدام ئەو رۆژە چوونە دەرەووە بۆ من قەدەغە بوو. نەمدەزانی چ تاوانێکم کردەوە وا دەبێ لەو ژوورەدا زیندانی بم. کەسێ نەبوو راستیەکەم پێ بڵێ، کوڕە پورەکەم ویستی بەچپەوە شتێکم پێ بڵێ بەڵام خێرا پورێ گەیشتو بەتانەو تەشەر لەژوورەکەم کردیە دەرەوە.

لەگەڵ ئەوەی گەڕانەوەی دایکو باوکم زۆر دواکەوتبوو بەڵام هیوادار بووم هەرچی زووترە بگەڕینەوەو لەو زیندانە رزگارمکەن.

لەپشتی پەنجەرەکە کە دەیڕوانی بەسەر حەوشەکەدا دانیشتم، لەکاتێکدا بووغز قورگی گرتبووم. فرمێسک بەچاومدا هاتەخوار، تەماشای حەوشەکەم دەکرد. هات و چۆی خەڵکم

زۆر دەبینی کە دەهاتنە نێو حەوشەو ئەچوونە ژوورەوەو پاش کەمێک ئەڕۆشتن، هەموویان بەرگی رەشیان پۆشیی بوو. لەنێوەڕۆدا خزمەتکارەکە بەجلی رەشەوە هات و خواردنی بۆ هێنام، لەبەرامبەر پرسیارەکانی منداا بێدەنگ بوو. لەلام دانیشتو بەئارامی گریا. بەگریانەکەیدا ئەتوت ئەیەوێت شتێکم پێ بڵێ. گەر هەرشتێکی پێ بووتمایە لەلایەن پورەساراوە سەرزەنشت ئەکرا. لەماڵەدا کەسێ نەبوو بەفەرمانەکانی پورەسارا کار نەکات. مێردەکەیشی بەتەواوی گوێڕایەڵی بوو. پیاوێک بەرلەچەندساڵ دوای مردنی مێردەکەی مارەی کردبوو. بوو بووە سەرپەرشتیارو دەمڕاستی. مێردەکەی پورەسارا چەند ساڵ لەخۆی بچوکتر بوو.

لەبیرمە باوکم ئەوی لەسەر ئەو زەماوەندە نالایەقە سەرزەنشت ئەکرد، بەڵام پورەخان رێگەی بەکەس نەئەدا دەست لەبڕیارەکانی وەردا. زۆرجار بەرگوێم کەوتبوو کەباوکم لای دایکم بەئاشکرا نەفرەتی لەمێردەکەی پورەسارا دەکرد.

پورەگیان بەس گوێگرتنی لەمێردەکەی ئەویست. گەر خراپترین دزێوترین کاری لێی بوویستایە بێ ئەملاولا جێ بەجێی ئەکرد. من دواتر لەو شتانە گەیشتم.

دووەم شەوم لەماڵی پورێ بەسەر برد، بەیانی رۆژی سێیەم. پورەگیان دیسان رێگری لەچوونە قوتابخانەم گرت. فەرمانی دا جلو بەرگەکانم بگۆڕمو ئامادەی رۆشتن بم. بێ چەندو چوون فەرمانەکانیم بەجێ گەیاند. دوای ئامادەبوون سواری ئۆتۆمبیلە نوێکەی مێردەکەی پورەسارا کە دیاری پورم بوو بووم. بەرەو شوێنێکی نادیار بەرێکەوتین. ئەوانەی دەوروبەرم

هێشتا بەرگی ڕەشیان پۆشیبوو. لەجێگایەک وەستاین کە جوان وردبوومەوە گۆڕستان بوو.

دابەزین و لەگەڵ پورێ کەوتینە ڕێ، دڵم بەتوندی لێیدەداو نیگەران بووم. کاتێ گەیشتینە شوێنەکەو سەیری دەوروبەرم کرد لەگەڵ کەسانێک ڕووبەڕوو بووینەوە، پێشتر هەموویانم بینیبوو. هەندێکیان مامۆستایانی قوتابخانە. ئەوانی دیکەش یان دراوسێکان بوون یان خزمان بوون.

گۆڕکەنەکان سەرگەرمی هەڵکەندنی گۆڕ بـوون. سێ تابووت کە سێیەمیان لەوانی تر بچوکتر بوو، لەپاڵ گۆڕەکان دانرابوون. داوێنی کراسەکەی پورم گرت و پرسیم: ئەم تەرمانە کێن‌و مامۆستاکان بۆ چی هاتوون؟

پورەخان کە تائەوکاتە نەیدەهێشت کەسێک ڕاستیەکم پێ بڵێ وتی:ئەوانە دایک و باوکو براکەمن بەهۆی ڕوداوی ئۆتۆمبیلەوە تیاچوون.

بەبیستنی ئەو هەواڵە هاوارێکی ترسناکم کردو بێهۆش بووم. کاتێ هاتمەوە هۆش لەناو ئۆتۆمبیلەکەی پورمدام کۆمەڵێک دەورەیان داوم‌و بەسەرمدا ئەگرین. دەسکی دەرگاکەم گرت ویستم دابەزم بەلام پورەخان ڕێگری کردو دەرگاکەی لەناوەوە داخست. میردی پورێ کە ناوی جەواد بوو ماشینەکەی ئاژوو.

هەرچی هـاوارم کرد ڕێگەبدەن بچمە سەر گۆڕەکەیان‌و ماڵئاواییان لێبکەم، کەس گوێێ پێ نەدام‌و ماشینەکە بەخێرایی تێپەڕی.

بۆ یەکەمجار بینیم پورم فرمێسک بڕێژێ، ڕق‌و غوروری وەک شووشە شکابوو. کاتێ گەیشتینە ماڵەوە ئاغا جەواد

لاشەی نیوەگیانی منی کردە باوەش‌و لەقادرمەکان بردمیە سەرەوەو خستمیە سەر جێگاکەم بەمیهرەبانی ماچێکی کردم‌و جێی هێشتم.

چەند رۆژ لەبەر نەخۆشی لەجێدا کەوتم. پزیشکی تایبەتی خێزانی پورەسارا هەموو رۆژێ دووجار سەردانی ئەکردم بەیانی‌و ئێوارە. دوای دەرزی لێدان‌و پشکنین بەجێی دەهێشتم‌و دەڕۆشت.

پورێ سەرگەرمی بەڕێوەبردنی رێورەسمی پرسەبوو. زیاتر لەهەرکەس خزمەتکارەکەیان ئاگای لێم بوو. لەگەڵ ئەوەی بەرەو باشی ئەچووم بەڵام مۆڵەتی چوونە دەرەوەم نەبوو. هەرکات باوکو دایکم بیر ئەکەوتە دیسان دەستم ئەکردەوە بەگریان‌و ناڵەو داخو کەسەرم ئەخوارد.

دوای تێپەڕینی ماوەیەک پورێ بڕیاریدا بمنێرێتەوە بۆ قوتابخانە. لەبەر دووری رێگاکە گوێزامیەوە بۆ قوتابخانەیەکی نزیک خۆیان.

لەو رۆژە بەدواوە بۆ هەمیشە لەماڵی پورم مامەوە. لەسەرەتاوە هەفتەی جارێک پاش ماوەیک مانگی جارێک، لەگەڵ پورم‌و مێردەکەی ئەچووین بۆ سەر گۆڕی دایکو باوکم. ماوەیەک ئەماینەوە، من چەند خولەکێک لەگەڵ ئەوان ئەدوام‌و ئەگریام.

بەمردنی دایکو باوکم ئیتر کەسێکم نەبوو، حەزیشم نەدەکرد لەماڵی پورەسارا بمێنمەوە. بەڵام جگە لەو کەسێکی دیکەم نەبوو، هەموو خزمەکانی دیکە هەم کەسی دایک هەم کەسی باوکم لەبەر پورم نەیان گرتمە خۆ.

پاش ماوەیەک پورم بۆ بەڕێوەبەردنی کارە یاساییەکان، ماڵو هەموو کەڵو پەلەکانی ئێمەی نارده بازاڕو پارەکە کردە خەرجی خوێندنەکەی من.

لەماڵی پورێ لەڕووی داراییەوە شتێکم کەم نەبوو. بەڵام لەلایەنی دەرونیو ڕۆحیەوە زۆر خراپ بووم. پورم کەمتر خۆشەویستی پیشان ئەدا. بەتایبەتی لەوکاتەوە دوچاری نەخۆشی دڵ بووم و زیاتر پێویستم بەچاودێری هەبوو. کەمتر ئەیتوانی چاودێریم بکات. زۆرترین کاتم لەژوورەکەی خۆم بەخوێندنەوەی وانەکانم بەسەر ئەبرد. تاقە هاوڕێم کتێب بوو. جار جارێک بۆ لەدەستدانی رابووردوم شیعرم ئەهۆندەوە یان بابەتی ئەدەبیم ئەنوسی.

هەوڵم ئەدا قوتابییەکی سەرکەوتوو زیرەک بم. هەموو ساڵێک بەنمرەی بەرزەوە ئەچوومە پۆلێکی نوێ. تا وای لێهات هەمیشە یەکەمی قوتابخانە بووم. لەوماوەیەدا پورەسارا بەهۆی نەخۆشیو پیرییەوە کەمتر ئەیتوانی لێم بپرسێتەوە.

کچێکی کەم دوو و گۆشەگیر بووم. کەمتر لەگەڵ هاوەڵانی قوتابخانەم قسەو گەڕانم ئەکرد. وام لێهاتبوو لەهەموو شتێک شەرمم ئەکرد و تەریق ئەبوومەوە. دوای گەڕانەوەش لەقوتابخانە لەژوورەکەی خۆم ئەمامەوەو کەسیش هەواڵی نەدەپرسیم. جارجارێک لەگەڵ پورمو مێردەکەی جار جارێکیش بەتەنها نانم ئەخوارد. هەموو کارەکانیش خزمەتکارەکەمان ئەنجامی ئەدا.

کاتێ بوومە پازدەساڵ، پورم بەتەواوی پەکی کەوتو کەوتە زەوی. نەخوشی بڕستی لەبەبەر بڕیبوو. توانای ڕۆشتنی

نەمابوو. بەتەواوی تورەش بوو بوو، بەکەمترین شت تێک ئەچو.

ئاغا جەواد تازە تەمەنی گەیشتبووە چل ساڵ، کەمتر ئەچوو بەلای پوەرسارادا. زۆربەی کاتەکانی لەدەرەوە بەسەر ئەبرد. جاری وا هەبوو تێبینیم ئەکرد بەجۆرێک بۆم ئەڕوانێ. بەرەو هەرلایەک ئەڕۆشتم چاوی بەدوامەوە بوو. هەوڵی ئەدا خۆیم لێ نزیک بکاتەوە. بەڵام من لەنیگا هەرزەکانی گەیشتبووم هەمیشە پارێزم لێ ئەگرت.

ئەو وەک راوچییەکی فێڵباز بەدوامەوە بوو. بەبەهانەی زۆرشت ئەهاتە ژوورەکەم هەوڵی ئەدا بەنەوازشەوە دەست بەسەرمدا بێنێ. چەندجارێک بەتورەبوونەوە لەخۆم دوورخستەوە، تکام لێکرد سنوری خۆی بزانێ، ئەگینا بەپورەسارا ئەڵێم بەڵام ئەو هەموو جارێک پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزی دەکردو بێ پەروا ئەکەوتە دوای کاری خۆی.

لەم دواییانەدا کاتێ لەقوتابخانە ئەگەڕامەوە، لەترسدا خۆم لەژوورەکەدا زیندانی ئەکرد. شەوێک لەنیوەشەودا هەستم کرد کەسێک لەپشت دەرگاکەوەیە، بەئارامی دەسکی دەرگاکەی بادا، بەڵام زۆر لەمێژبوو هەرکە ئەهاتمە ژوورەوە دەرگاکەم دائەخست. لەگەڵ ئەوەی لەداخستنی دەرگاکە دڵنیابووم، بەڵام ترس سەرتاپامی داگیر کردبوو. دڵم خەریک بوو ئەوەستا.

رۆژی دواتر ناچاربووم باسەکە لای پورم باسبکەم. پێم وت ماوەیەکە ئاغا جەواد خراپ بۆم ئەڕوانێ‌و بەتەواوی بێزاری کردووم.

پوری کەهیچ توانای نەمابوو ئاهێکی ساردی هەڵکێشاو وتی: ئاگات لەخۆت بێو خۆت لەو پیاوە بەد رەوشتە بپارێزەو ئاگات لەشەرەفی خۆت بێ. پوری هیچ کارێکی لەدەست نەدەهات.

لەتەمەنی شازدەساڵیم محەمەدی کوڕە پورم لەسەربازی گەڕایەوە. تا ئەوکاتە نەمانتوانی بوو بینە دۆست. ئەو لاوێکی وێڵگەردو هەڵەو بەدخو بوو. هەمیشە لەدەرەوە لەگەڵ هاورێکانی ئەژیا. لەبەرئەوە کەمتر لەماڵەوە بوو. حەزمکرد وەک چەکێک دژ بەئاغا جەواد بەکاری بهێنم، بەڵام محەمەد هەستی بەبەرپرسیاری نەدەکرد بەرامبەر بەمن.

پاش ماوەیەک ئەوەندەی زۆر بۆ هێنام، بڕیارمدا ماڵی پورم بەجێی بهێڵم. جێگەیەکم نەبوو بۆی بچم، جگە لەپورە سارایش کەسم نەدەناسی.

رۆژێک کاتێ لەقوتابخانە گەڕامەوە، ریگەم گۆڕی کاتژمێرێک بەناو باخێکدا سوڕامەوە. کاتێ دونیا تاریک بوو، تەماشام کرد گەنجێک دوام کەووتوە. بۆ هەرلایەک ئەچووم وەکو سێبەر بەدوامەوە بوو. بەشەقامەکاندا رامدەکرد. بەجۆرێک رام دەکرت. رەشەبایش پێم نەدەگەیشت. لەپڕ سەرم گێژی خوارد. لەبەر نەخۆشی پێشترو بەئامۆژگاری پزیشک نەدەبووا خۆم ماندوو بکردایەو خەمو هەڵچوونم نەبووایەو گەڕانی زۆرم لێ قەدەغە کرابوو.

لەپڕ پەردەیەکی بەسەرچاومدا کشاو کەوتمە سەر زەوی. هەر ئەوەندەم زانی خەڵک لەدەورم کۆبوونەوەو دیوارێکیان بەدەوردا کردم. لە نیوە بێدارو بێهۆشیدا گوێم لەهەندێ قسەوە بوو بەڵام نەمدەزانی چی دەڵێن... کاتێ هاتمەوە هۆش خۆم

لەسەر تەختی نەخۆشخانە بینی. پاشان زانیم دوو ڕۆژ لەناو سی. سی. یو. دا بێهۆش بووم.

خانمێک لەمافی ژنانەوە لەنەخۆشخانە هاتە لام‌و داوای ناونیشانی ماڵەکەمانی کرد، سەرەتا نەمویست هیچ بڵێم. تەنانەت لەسێبەرەکەی ئاغا جەواد ئەترسام. بەڵام لەبەرامبەر پێداگری سەرۆکی نەخۆشخانەدا ناچار بووم باسی ژیانی خۆمیان بۆ بکەم. داوام لەوخانمە کرد پشتم بگرێ چوونکە زۆر بێ پەنام.

ڕۆژی دواتر ئەو خانمە ئەچێتە ماڵی پورم‌و پرسیاریان لێدەکات،پەیمان لەئاغا جەواد وەر ئەگرێ جارێکی دیکە ئازارم نەدات. ئەگینا بەپێچەوانە ڕاپێچی دادگای ئەکات.

ئاغا جەواد دانی بەو ڕاستیەدا نەنابوو و منی بەکچێکی سپڵەو نمەک نەناس لەقەڵەم دابوو... گوتبوویشی کەوا من هەستی باوکانەم بەرامبەری هەبووەو مەبەستی خراپم نەبووە. پاش هەفتەیەک لەنەخۆشخانە دەریانکردم‌و دووبارە قاچم نایەوە ئەو ماڵەشوومە.

ئەوخانمە وتبووی من هەفتەی جارێک سەردانی ئەکەم‌و پرسیاری لێدەکەم.

چەند مانگێک تێپەڕی منیش لەسەر داوای ئەوخانمە سەردانی نەخۆشخانەم ئەکردو تاقیکردنەوەیان لێدەگرتم. خەرجی نەخۆشیەکەم زۆر بوو، پورم لەتوانایدا نەبوو خەرجی نەخۆشخانە بدات. ئەو لەروکەشدا دەوڵەمەند بوو بەڵام لەراستیدا هیچی نەبوو.

ئاغا جەواد بێڕەحمانە پارەی خەرج دەکرد، گوێی بەهەڵە خەرجیەکانی نەئەدا. پورەسارایش نەیدەتوانی پێشی پێ بگرێ..

کوڕەکەی سەرباز بوو. کچەکانیشی لەئێران نەبوون، ئیدی کەسێ نەبوو پشتی بگرێ.

پاش ماوەیەک دووبارە ئاغا جەواد دەستیکردەوە بەئازاردانم.. ڕۆژێک لەڕێگەی قوتابخانە لەسەر ڕێگەم سەوز بوو... بەوتەی خۆی ئەیەویت ئاگای لەمن بێ.. بەڵام من دەمزانی کەوا نیازی خراپە..پاش کەمێ قسەی توێکڵدار مەبەستی خۆی درکاند، داوای لێکردم بەمارەبڕینی کاتێ شووی پێ بکەمو بەپاش ماوەی سەروەتەکەی پورێ ژیانێکی خۆش ببەینە سەر.

ئەوەندە پێشنیارەکەی لام قێزەون بوو، بەسەریدا قێڕاندمو دەستم کردە هاوار هاوار، پۆلیس هاتنە ناو ڕوداوەکە. نازانم لەترسی ئابڕوو چوون بوو یان شتی تر، ملی ڕێگەی گرتو بێ دەردەسەر وازی لێهێنام. ئێستاش هەڕەشەکانی لەگوێمدا ئەزرنگێتەوە، کەوا تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

کاتێ گەیشتمەماڵەوە لەترسی هەڕەشەکەی نەمدەوێرا لەژوورەکەم بێمە دەر. داوام لەخزمەتکارەکە کرد بەدزییەوە خواردنم بۆ بهێنێتە ژوورەکەمو بەوردی ئاغا جەواد بخاتە ژێر چاودێرییەوەو ئاگای لێم بێ.

تەنها کەسێ لەوماڵەدا بڕوای پێ دەرکردمو دڵی بۆم دەسوتا هەر ئەو پیرێژنە بوو. جگە لەخواردن دروستکردن و ماڵ پاکردنەوە چاودێری پورە سارایشی لەئەستۆ بوو. هەرکات دەرفەتم هەبووایە گرێی دڵم بۆ دەکردەوەو تەسکینیم بەقسەکانی ئەهات.

ئەو تەنها کەسێ بوو لەوماڵەدا ئاگای لەحاڵی من بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا نەیدتوانی هیچ کاریکم بۆ بکاتو لەو کۆتو بەندە رزگارم کات.

ئێوارەی رۆژێکی بەهار..لەلای حەوزەکە دانیشتبووم. بەبیرکردنەوە لەرابردوو تەماشا کردنی ماسیەکانی ناو حەوزەکەوە سەرگەرم بووم. لەپڕ دەستێکی بەهێز لەدواوە ئاڵایە گەردنم.. هەروەک بەڵایەک لەئاسمانەوە بەسەرمدا کەوتبێ، تەنانەت فریای هاوارکردنیش نەکەوتم. تا هاتم بەخۆمدا ئاغا جەواد خستمییە سەر زەوی‌و دەستی نا بەدەممدا.

بەهەموو هێزم هەوڵم ئەدا، بۆ پارێزگاری لەشەرەفم ئەجەنگام، ئەو لەمن بەهێزتر بوو دوو شەقازلەی دا لەپەنا گوێم، منیش فرسەتم هێناو بەتوندی گازێکم گرت لەدەستی.

مێردی پورەکەم هاواری لێ هەستاو دەستی برد بۆ دەمی، سودم لەو هەلەوەرگرت و کێشام بەسینەیداو ویستم هەستم راکەم قاچی خستە بەرقاچمو کەوتمە ناو حەوزەکە. لەبەر ساردی ئاواکە زۆری نەمابوو لەهۆش بچم. هاوارێکی ژنانەم کردو داوای یارمەتیم کردو هەوڵیشم ئەدا لەئاوەکە بێمە دەر.

بەهۆی هاواری منەوە خزمەتکارەکە لەژوورەکە هاتە دەر، کاتێ منی لەو حاڵەدا بینی دەستی کردە هاوارو بانگو داوای یارمەتی لەدراوسێکان کردو بەرەو دەرگای دەرەوە رایکرد. مێردی پورەکەم پەشۆکابوو. لەکاتێکدا جوڵە لەلەشما نەمابوو، مەرگم لەبەرامبەری خۆم بینی. دراوسێکان هاتن‌و لەحەوزەکە دەریانهێنام. جارێکی دیکە برامەوە بۆ نەخۆشخانە. حاڵم ئەوەندە خراپ بوو کەس بەتەمای مانم نەبوو.

دوای چەند رۆژ کاتێ توانیم لەگەڵ مەرگ رووبەڕوو بووەستمو ئەمجارەش بیبەزێنم. تەلەفۆنم بۆ خانمەکەی مافی مرۆڤ کردو روداوەکەم بۆ باسکرد. بەهۆی سکالای منو پێداگری ئەو خانمەوە ئاغا جەوادیان رەوانەی زیندان کرد. بەلام دیسان وتبووی کەوا بێ گوناهەو هیچ مەبەستێکی خراپی نەبووەو منیش لەبەر بێ ئاگایی خۆم کەوتومەتە ناو حەوزەکەو ئەگینا ئەو هیچ نەخشەیەکی نەبووە.

بەزیندانی کردنی ئەو کەمێک لەخەمی سەرشانم کەم بووەوە... بەلام ترسم لەوە بوو کاتێ ئازاد بوو تۆڵەم لێبکاتەوە.

دوو هەفتە دواتر رۆژی دادگایی کردنی منیش لەوێ ئامادەبووم. هەرچی بەسەر هێنابووم هەرچی بەرامبەرم کردبوو بێ ترس هەموویم باسکرد. دادگا بەگوێگرتن بۆ قسەکان شەش مانگ زیندانی بۆ بڕییەوەو بڕێک پارەش باجی خرایە سەر. گەر پورە سارا بەڵگەی لەدادگا بۆ دانایە ئەیتوانی لەزیندان بێتە دەرەوە. بەلام پورەسارا نەیویست ئەوکارە بکات ئەویش لەدەست ئەوکابرا فێڵبازە بەتەنگ هاتبوو لەخودای ئەخواست لەشەڕی رزگاری بێ.

تەواوی ئەو ماوەیەی ئەو لەزیندان بوو، من لەنیگەرانیدا ئەژیام. ئەمزانی پیاوێکی رق لەدڵەو تۆڵەی خۆی فەرامۆش ناکات. بەلام خۆشبەختانە ئەمجارەیان بەخت یاوەری من بوو. پاش تێپەڕ بوونی چوار مانگ لەزیندانیکردنی لەگەڵ زیندانیەک بەشەڕ هاتبوو. لەلایەن ئەوکابرایەوە بەر چەقۆ درابوو. بەهۆی سەختی برینەکانی بەرلەوەی بگاتە نەخۆشخانە ئەمرێت. لەگەڵ ئەوەی بەبیستنی هەواڵی مردنی ئەو لەدڵەوە پێم ناخۆش بوو.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەتەواوی ئاسودە بووم، ئیدی لەلایەن ئەوەوە هەڕەشم لێنەدەکرا.

کۆتا ساڵی دوا ناوەندیم بوو، محەمەد لەسەر بازی گەڕایەوە. لەماوەی ئەو دووساڵەدا کەمتر ئەهاتەوە، هەمیشە پوری بەهۆی پۆستەوە هەواڵەکانی بۆ ئەنارد. وامدەزانی دوای مردنی ئاغا جەواد ژیانی تاڵی من کۆتایی هات. بەڵام بەهاتنەوەی محەمەد ئەو بڕوایەم بەهیچ دەرچو.. گورگێک لەماڵ دەرچو گورگێکی تر جێگای گرتەوە.

لەوکاتەوە دیبلۆمم گرتبوو زۆربەی کاتەکان لەماڵەوە بووم چاودێریٚ پورم ئەکرد. ئەو لەگەڵ ئەو نەخۆشیە درێژخایەنەشی هێشتا هێزی بڕێک مابوو.. بڕیارمدابوو بەدوای کاردا بچم با لەوەزیاتر بەسەر شانی ئەو ژنە بێچارەوە ئەرک نەبم. محەمەدیش بەدوای کارەوە بوو هێشتا بۆ خەرجی شەوانەی دەستی لەدایکی پان ئەکردەوە.

هێشتا چەند هەفتەیەک بەسەر هاتنەوەی تێپەڕی نەکردبوو. هەمان شتم تیا بینی کە چوار ساڵ لەوە پێش لەئاغا جەوادا بینینم.

ئاغا جەواد ئاژەڵیەکەی خۆی بەمیرات بۆ جێهێشتبوو. بەرەو هەرلایەک ئەچووم وەکو گورگی دڕندە بەدوامەوە بوو داوای پەیوەندی لێدەکردم. لەناو بێکەسیدا گیرم خواردبوو کەسێک نەبوو هاواری بۆ ببەم.

جارێکی تر ترس‌و بیم هاتەوە جەستەم. شەو رۆژ ئاسایش و ئارامیم نەمابوو. لەبەر ئەوەی کەمتر لەماڵەوە بم، زۆرترین کاتم لەناو شەقامەکان بەدوای کاردا بەسەر ئەبرد.. بەڵام وردە

ورده توانایی جەستەم لەدەست ئەدا.

بەتەواوی نائومێد بوو بووم.. لەماڵەوەش گیانم لەمەترسیدا بوو. دەبووایە لەناو گەرمای تاقەت پڕوکێنی هاوین لەژوورەوە دەرگـا لـەسـەر خـۆم داخـەم و پـەردەی پەنجەرەکانیش دابدەمەوە.. کەمترین ڕۆشنایی بۆ هەوا گۆڕین نەبوو. ئامێرە فێنک کەرەوەکانیش بەهۆی نەخۆشی پوری کاریان پێنەدەکرا.

لەو سەختو دژوارییـەدا جگە لەتامەزرۆیی مـردن هیچ ئارەزوویەکم لەپەروەردگار نەدەویست. حەزمدەکرد بەهەر جۆرێک بێ لەو ماڵە ڕزگـارم بێ. گەر کـارم دەستکەوتایە بەئاسانی ئەمتوانی ژیانی سەربەخۆ دەست پێبکەم، بەڵام چارەنوس هەرگیز بەویستی من نەبوو. سێبەری محەمەد هەمیشە بـەدوامـەوە بـوو.. بریا پێشنیاری هاوسەرێتی پێ بکردمایە، گەرچی بەحەزی خۆیشم نەبووایە بەڵام ناچار ڕازی دەبووم، بەڵام ئەو داوای پەیوەندییەکی لەمن دەکرد لەگەڵ ڕۆحی مندا نەدەگونجا.

جاری وا هەبوو بەشەقامەکاندا بەدوامەوە بوو داوا گڵاوەکانی لێ ئەکردم. هەوڵم ئەدا بەئارامیو بەنەرمی لەومەبەستە گڵاوانە دووری خەمەوە. پێم ئەوت واز لەمن بهێنەو دوای کەسانێ بکەوە وەک خۆت وابێ، بەو جۆرە چێژ دەبەیت. بەڵام ئەو ئەیوت کەوا سەرسەختی خۆ بەدەستەوە نەدانی من چێژی زیاتری ئەداتیو ئەبێت من بەچۆکدا بێنێ.

کاتێ بەتەواوی لەهەموو لایەک نا ئومێد بووم، ژیان لەپێش چاوم قێزەون بوو، بڕیارمدا خۆم لەدیلی ئەم ژیانە ڕزگارکەم، هەر لەبەر ئەوە ئێوارەیەک دەمەو زەردە پەڕ لەماڵ دەرچووم،

دەمزانی بەهۆی نەخۆشی جەستەمەوە تەمەنێکی زۆر ناژیم. ئەمزانی ناتوانم وەکو کەسانی ئاسایی بژیمو هیواو ئاواتم بەئاینده هەبێ، لەبەر ئەوە مانەوەم بەباش نەدەزانی.

نەخشەکەیشم ئەوەبوو لەسەر پردێکەوە خۆم فڕەدەمە ناو روبارەکەو ئەم دونیایە بۆ کەسانی بەد خووی وەکو محەمەدو جەواد بەجێ بێڵم.

سواری تەکسی بـووم‌و بۆ جێگای دیاریکراو رۆشتم، بەجوانی لـەدەوروبـەری خۆم روانـی، کاتێ هـاتو چو نەما، لەگەڵ خودای خۆم کەتمە رازو نیازو هەرچی نزام ئەزانی خوێندم:

-خـوای گـەورە بمبوورە رێگەیەکی تر شک نابەم. گەر ئەمەوێت بمرم تەنها لەبەر ئەوەیە نامەوێت تێکەڵاوی گوناه بم، یا رێگەچارەیەکم نیشانده یان لەم ژیانە رزگارمکە. خودا بەزوویی گیان لەجەستەم دەرکەو لەگوناهەکانیشم خۆشبە.

رێک لەوکاتەی ویستم بچمە ئەو جێگایەی خۆم فڕێبدەمە ناو ئاوەکە، دەستێکی نادیار گرتمی. هەرچی هەوڵمدا نەمتوانی خۆم لەجنگاڵی ئەو موعجیزەیە دەربـازکـەم. دەنگی گـەرم‌و میهرەبانیم بیست کە ئەیوت:

-کچێ ئەوە چی ئەکەی؟ هۆشت لەسەردا نەماوە؟

ئاوڕم لێدایەوەو بەتوڕەییەوە بۆمڕوانی‌و بەشێوازێکی زۆر ناشیرین وتم:

-تۆ کێیت؟ چیت لەگیانی من ئەوێت؟ وازم لێبێنە.

-ئەوکارەت ژیرانە نیە، بۆچی خۆت ئەکوژی؟

-پەیوەندی بەتۆوە نیە، وازم لێبێنە.

کاتێ بینیم بەتوندی منی لەنێوان بازووەکانی گرتووە، لەدواوە لەقەیەکم دا بەئێسقانی قاچیدا، زۆری ئازار پێ گەیشت، بەڵام ئەو منی بەرنەدا بەڵکو بەهێزتر گوشیمیو بەزۆر بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی رایکێشام کە لەجێگایەک وەستاند بووی من نەمبینی بوو.

هەرچەند هەوڵمدا دەستو قاچمی بەرنەدا. کاتێ لەناو ماشینەکە سەیرم کرد بەترسەوە بۆم روانی، وامدەزانی ئەویش وەکو ئەوانی تر مەبەستی خراپە، بەپاڕانەوەوە وتم:

-کاکە تو خودا وازم لێبێنە، بەخوا من کچێکی بەدرەوشت نیم، کارت بەسەر منەوە نەبێ.

بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کردمو وتی:

-مەترسە من ئازارت پێ ناگەیەنم، بەڵام ناهێڵم کاری شێتانە بکەیت.

-بهێڵەدابەزمو وازم لێبێنە.

-کاتێ وازت لێدێنم بتگەیەنمە دەرگایماڵەوەتان.

-نامەوێت بگەڕێمەوە ماڵەوە، بۆخۆت لەکاری من وەر ئەدەی؟ وادەزانی تۆ کێیت؟ رزگارکەری مرۆڤایەتی؟

-من هیچ نیم جگە لەمرۆڤێکی سادە. مرۆڤێک دەیەوێت یارمەتیت بدات.

-من پێویستم بەیارمەتی کەس نیە، تەنها وازم لێبێنە بڕۆم بەلای دەردە سەری خۆمەوە.

-کار؟ خۆ کوژیش بوو بەکار.

-ئەوە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە.

-پەیوەندی بەمنیشەوە هەیە، کاتێ بتوانم یارمەتیت بدەم،

ویژدانم ئازارم ئەدات. تکات لێدەکەم بڕوام پێ بکە، بەتەواوی پیرۆزیەکان سوێند دەخۆم مەبەستی ئازاردانی تۆم نیە. حەزدەکەم گرفتەکەت چارەسەر بکەم.

بەبیستنی ئەو قسانە بەتوندی گریام، بڕوام نەدەکرد فریشتەیەک لەناو ئەو هەموو گورەگە برسیەدا پەیدا ببێ، دیسان بەردەوام بوو:

-تەماشای روخسارمکە، ئەتوانم مرۆڤێکی خراپ بم؟ ئەتوانم ئازار بەکچێکی بێ پەنا بگەیەنم؟ ئەو نیشانانە لەمندا بەدی ئەکرێت؟

-ئەوەندەم خراپەکار بینیوە بڕوام بەهیچ کەسێ نەماوە.

-گرنگ نیە دەربارەی من چۆن بیر ئەکەیتەوە، من دەستم بەکارێک کردووەو ئەبێت بیگەیەنمە ئەنجام. تکایە ناو نیشانی ماڵەکەت بدە با بتگەیەنمە ماڵەوە.

سەرەتا بێدەنگ بووم، پاشان بەهەڵە ناونیشانی ماڵەکەم پێدا. بەبێ وەستان ئۆتۆمبیلەکەی ئاژوو بەرەو ئەو ناونیشانە. لەسەرەتای رێگەدا هیچ قسەیەکمان نەکرد، لەو بێدەنگیەدا هۆن هۆن ئەگریام.

سەرئەنجام ئەو دەستی کرد بەقسەکردن:

-نازانم گرفتاری چ دەردێکی، بەڵام خۆکوژی دەرمانی هیچ دەردێ ناکات. ژیان بۆ هەمووان هەورازو نشێوە، ئێمە دەبێ فێری ئەوە بین لەکاتی گرفتو کێشەکان دەستەو ئەژنۆ دانەنیشینو بیر لەکاری شێتانە نەکەینەوە. نابێ لەبەزەیی خودا بێ هیوابین. هیچ کەسیش لەچارەنوسی خۆی ئاگادار نیە، کەسێکیش خودا بناسێ خۆی ناکوژێ. ژیان لەوە بەنرخترە.



CamScanner

بەبێ دەنگی گوێم بۆ ئامۆژگاریەکانی شل کرد، لەوکاتەدا قسەکانی بۆ من سەرنج راکێش نەبوون. ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان دەستی پێکردەوە:

-هیچ مرۆڤێک مافی ئەوەی نیەخۆی لەژیان بێ بەری بکات. گەرچی دووچاری کێشەو دەردەسەری زۆریش بوو بێ. ئەو کردارە لەژێر هەر ناوێکداو بەهەر جۆرێ بێ ناپەسەندە، دەبێ بیر لەچارەسەری گرفت بکرێتەوە، نەک بۆی زیادکرێت.

ئەو پیاوە ئەوەندە بەنەرمیو بەجوانی وشەکانی دەر ئەبڕی، لەرەفتاریدا بۆم دەرکەوت کەسێکی غەریبە بەشارەکەی من، چوونکە نیشانەی ماڵەکەی بۆ نەئەدۆزرایەوە. لەسەر هەر فلکەیەک ئەوەستاو پێی ئەوتم: ناونیشانەکەم بەڕاستی پێداوە؟ منیش لەم شەقام ئەمبرد بۆ ئەوشەقام.. تا لەجێگایەک پێم وت بووەستێ.

ئەو بەگومانی ئەوەی گەیشتبینە ماڵەوە بەمیهرەبانیەوە ئاوڕی بۆ دامەوەو وتی:

-برۆ بەسەلامەت، هیوادارم سەرفراز بی، تەنها ئەوەت لەبیر نەچێ کە ژیان زۆر شیرینە دەبێ بەژیرییەوە تەماشای کەی. تۆ کچێکی ژیرو تێگەیشتووی، دڵنیام ئیدی کاری شێتانە ناکەیت. پشت بەخودا ببەستە داوای لێبکە یارمەتیت بدات.

دەرگای ئۆتۆمبیلەکەم کردەوەو دابەزیم. ئەویش پاش کەمێک کەوتە جوڵەو رۆشت، سەیرێکی دەورو بەرم کرد، من لەکوێم؟ دەبێ بۆ کوێ برۆم. پەنا بۆ کێ ببەم؟ ترس‌و بیم‌و تەنهایی بەربووە گیانم. لەپاڵ ئەوەدا هەستم بەئارامی ئەکرد، بەڵام دوای رۆشتنی جارێکی دیکە سەرگەردان بوومەوە،

لەدڵەوە بەتەواوی بڕوام پێ هێنابوو، دڵنیابووم دەتوانم بڕوای پێ بکەم.

بەخێرایی کەوتمە دوایو هاوارێکی ژنانەم کرد، لەکاتێکدا دەستەکانم بۆ رائەوەشاند هەوڵم ئەدا هەرچۆن بووە ئاگادار بێو بووەستێ. خۆشبەختانە لەئاوێنەی ماشینەکەوە بینیمیو بەخێرایی وەستاو گەڕایەو لام.

هەموو هێزی خۆم کۆکردەوەو بەرەو ئۆتۆمبیلەکە رامکرد. دەرگای ئۆتۆمبیلەکەم کردەوەو چوومە ناوەوەو دانیشتم. خەندەیەکی کرد، هەروەک لەکرۆکی روداوەکە گەیشتبێ، پاشان وتی:

-چی بووە حەزناکەیت بڕۆیتەوە بۆماڵەوە؟.

بەقوڕگی پڕگریانەوە وتم:

-ماڵم لێرە نیە، درۆم لەگەڵ کردی.

ماشینەکەی لەقەراغ شەقامەکە وەستاندو بەشێوازێکی ئارامو لەسەرخۆ وتی:

- تاڕادەیەک دڵنیابووم نیشانەی ماڵەکەتانت بەراستی نەوت، لەبەر ئەوە بوو بەهێواشی لێم ئەخوڕیو بەردەوام ئاوڕم ئەدایەوە. هەڵبەت دڵنیا نەبووم هۆشت بێتەوە سەرو بڕوام پێ بکەیت.

جارێکی دیکە بەگریانەوە وتم:

-من کچێکی بێ پەنامو لەناو بەدبەختیەکانی خۆمدا نوقم بووم.

ئاهێکی کیشاو بۆ خاڵێکی روانیو وتی:

-هیچ کەس بێ پەنا نیە، پەنای هەموو مرۆڤەکان خودایە، لەکاتێکدا بەدڵ لەگەڵ خودا بێ.

-دڵم هەمیشە بەخوداوە پەیوەست بووە، بەردەوام داوام لێکردووە لەدیلی ئەم ژیانە رزگارم کات، بەڵام کوا؟ کەی خودا ئەیەوێت بگاتە فریای من؟ بۆچی لەگەڵ ئەو چارەنوسە رووبەڕووی کردم؟

لەوماوە کورتەدا لەکاتێکدا ئەو ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخوڕی، بەوردی باسی ژیانی خۆم بۆ کرد. باسی مردنی ناوادەی دایکو باوکم تا هاتنەوەی محەمەد، بەبێدەنگی گوێ بۆ قسەکانم گرتبوو لەروخساریدا ئەمبینی چەندە خەفەت بەقسەکانم ئەخوات.

پێم وت جگە لەماڵی پورەسارا کەسێکی ترم نیە. ئەو ماڵەش وەکو لانەی گورگ وایە، هەر پێ بنێمەوە ماڵەوە ئەبمە خوراکی گورگی دڕندەو بەد رەوشت ئەبم. پێم وت لەئاسمان خوداو لەزەوی تۆ دەتوانی یارو یاوەرم بیو لەم بەدبەختیە رزگارم بکەیت.

ماوەیەک بێدەنگ بوو بیری دەکردەوە، لەروخساریدا رەوشت بەرزیو مرۆڤ دۆستی ئەبینرا، دڵنیا بووم فریشتەیەکەو خودا لەئاسمانەوە ناردوویەتی بۆ زەوی بۆ رزگاری من.

ئەو رێک ئەوکەسە بوو کەمن چاوەڕوانی بووم. هەر ئەوشەوە بردمیە ئەو میوانخانەی خۆی لێ ئەمایەوە. ژوورێکی بۆ گرتمو وتبووی نانی ئێوارەم بۆدابنێن، هەردووکمان پێکەوە لەچێشتخانەی میوانخانەکە نانمان خوارد. پاشان هەرکەس بەرەو ژووری خۆی رۆشت. خوشبەختانە تەنها شتێ کە هەڵم گرتبوو پێناسەکەم بوو، بۆ ئەوەی دوای خۆکوشتن بمناسنەوە.

توانیم بەهۆی پێناسەکەمەوە لەمیوانخانە بمێنمەوە.

شەو بەئارامی رۆژم کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قایمکاری خۆم کرد، چەند جارێک لەنیوەشەودا خەبەرم بووەوەو تەماشای قوفڵی دەرگاکەم کرد. رۆژی دواتر کاتێ چاوم کردەوە خۆر لەسەر کێوەکان سەری دەرهێنابوو. تیشکی خۆر لەپەنجەرەکەوە هاتبووە ژوورەوە..ماوەیەک لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتمو بیرم لەئاینده دەکردەوە، لەپڕ دەنگی جەرەس بەئاگای هێنامەوە.

لەقەرەوێڵەکە دابەزیمو لەپشتی دەرگاکە وەستام، بەنیگەرانیەوە پرسیم کێیە؟ وتی: نانی بەیانی بۆ هێناوم. کاتێ بەئارامی دەرگاکەم کردەوە شاگردێک بوو نانی بۆ هێنابووم. دایە دەستمو بەئەدەبەوە گەڕایەوە. دەرگاکەم داخست سینیەکە نانێکی زۆرباشی لەسەر بوو لەسەر مێزەکەم دانا.

نامەیەکم لەسەر سینیەکە بینی، کردمەوەو خوێندمەوە، بۆی نوسیبووم تا دەگەڕێتەوە لەمیوانخانەکە بمێنمەوە چاوەڕوانی بم. بۆ یەکەمجار خۆشی رووی تێکردم. ئەو رێزی بۆم دانابوو لەپەنای خۆیدا ئاگادارم بوو. تەنها ترسی ئەوەم بوو ئەو کەسە باشە لەدەست بدەم.

پاش شووردنی دەستو دەمو چاو، دەستم کردە نان خواردن. بەجۆرێک ئیشتیهام کرابووەوە تێر خواردنم نەبوو. دوای تەواو بوونی نانەکەم شاگردەکە بۆ بردنەوەی سینیەکە هاتەوەو هەندێ گۆڤارو رۆژنامەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. پێشنیاری ئەوەشی پێکردم گەر بێ تاق بووم ئەتوانم بچمە سالۆنی میوانخانەکەو تەماشای تەلەفزیۆن بکەم.

حەزم نەدەکرد لەژوورەکەم بچمە دەر، بەڵام شاگردەکە وتی: پاش کەمێکی تر کەسێک دێت ناو ژوورەکە پاک دەکاتەوەو خاولیو سەرچەفەکان ئەگۆڕێ. منیش بۆ ئەوەی ریگەی لێنەگرم رۆژنامەیەکم هەڵگرتو لەگەڵ شاگردەکە هاتمە سالۆنەکە.

سالۆنەکە بەپێچەوانەی لێکدانەوەی من زۆر قەرباڵغ بوو.. لەسەر قەنەفەیەک دانیشتم خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەکە بوومو لەژێرەوەش خەڵکەکەم خستبووە ژێر چاودێرییەوە. مانەوەم لەوێدا درێژەی نەکێشا، چوونکە توشی دلەراوکێ بوو بوومو حەزم نەدەکرد بەهەر شێوەیەک بێ ئەو دەرفەتە لەدەست بدەم. گەڕامەوە ژوورەکەم.

خزمەتکارەکە کارەکەی خۆی ئەنجام دابوو. هەموو شوێنێک پاک رێکو پێک بوو، وادەر ئەکەوت فریشتەکەی من کەسێکی زۆر بەڕێزە چوونکە هەموویان زۆر بەرێزەوە باسیان ئەکرد. ئەمانەم لەهەڵسوکەوتی شاگردەکانەوە بۆ دەرکەوت.

کاتژمێکی مابوو بۆ نیوەڕۆ دای لەدەرگاکەم، مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی خواستو پاشان هاتە ژوورەوە. زەردەخەنەیەکی کرد، سەرنجی هەر کەسێکی بەرەو خۆی رائەکێشا. لەوەی بێ ئاگاداری رۆشتبوو داوای لێبووردنی کردو پێشنیاری کرد نیوەڕۆ پێکەوە لەمیوانخانەکە نان بخۆین، پاشان بچینە دەرەوەو پیاسەیەک بکەینو زیاتر دەربارەی یەک قسەبکەین. منیش بەبێ هیچ دژایەتیەک رازی بووم.

پەرهام کەسێکی جیاواز بوو، بەتەواوی مانا مرۆڤ بوو. مرۆڤێکی چاوو دڵ پاکو پایە بەرز. هەفتەیەک دوای مانەوەم

لەمیوانخانەکە لەکاتێکدا دەبوایە بگەڕایەتەوە بۆ تاران پێشنیاری هاوسەرگیری پێ کردم.

پێشنیارەکەی لەپڕ بوو، بەشێوەیەک پەشۆکام نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە لەبەر ئەوە داوام لێکرد مۆڵەتم بداتێ تا بیری لێبکەمەوە.

ئەو سەرەڕای ئەو هەموو کارو بارە زۆرەی، دژواریەکەی لەوەوە بوو دەبووایە بەخێرایی بگەڕایەتەوە بۆ تاران. بەڵام لەبەر من رازیبوو و گەڕانەوەکەی دواخست.

ئەو شەوە تابەیانی بەژوورەکەدا گەڕامو بیرم کردەوە، دڵنیا بووم پێشنیارەکەی دوورە لەبەزەیی‌و رەحم پێکردن. دڵنیابووم پێشنیارەکەی لەروی پێویستییەوەیە نەک سۆز. چوونکە ئەو پێویستی بەهاوسەرێکی میهرەبان‌و منیش بەپیاوێک بتوانی خانەقام بێ‌و بمپارێزێ.

هاوسەرێتی لەگەڵ ئەو بەختێکی باش بوو. شتێک تەنانەت لەخەویشدا نەمدیبوو ئێستا دەبووە راستی. لەدڵەوە بڕیارمدا ئەو پیاوە میهرەبانە بۆ خۆم بپارێزم‌و لەدەست خۆمی دەرنەکەم. ئەوشتەی کە ئایندەو ئارامی بۆ ئەپاراستم و بەبڕوای من دەبووە مایەی خۆشبەختیم دەبێ وەڵامی بەڵێم بدایەتەوە.

چەند ساتێک لەگەڵ خۆم دوام‌و بیرمکردەوە، زۆرم ئەملاو لا پێکرد، سەر ئەنجام گەیشتم بەو بڕیارەی پەرهام هەمان ئەوپیاوە بوو کە من دەمویست دەمزانی ئەتوانم لەپەنایدا بحەوێمەوە. لەدڵەوە سەدان جار شووکری خودام کردووە کە لەوەها تەنگانەیەکدا کەسێکی ئاوا میهرەبانی ناردە یارمەتیم.

بەیانی رۆژی دواتر دوای رازیبوونی من بەرەو تاران

کەوتینە ڕێ. تا ڕێو ڕەسمی زەماوەندەکەمان لەناو کەس‌و کاری ئەو بەڕێوە بچێ. تاگەیشتنمان بەتاران لەپەنایدا هەستم بەئارامیەکی زۆر دەکرد. ژیان لەپەنای ئەودا دووبارە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەر ئەگرتەوەو سەرلەنوێ خونچەی دڵم ئەگەشایەوە، ئەوەش خوای پەروەردگارەوە بۆمی ناردبوو.

پەرهام باشترین‌و میهرەبانترین پیاو بووە کە تا ئێستا ناسیبێتم.

لەتاران ماوەیەک لەمیوانخانەدا مامەوە، لەوە ڕۆژانەدا گرێبەستی هاوسەریمان بەست‌و بەتەواوی بووینە ژن‌و مێرد. تەنها ترسم لەوە بوو نەوەکو ئەم خۆشبەختییە درێژە نەکێشێ‌ودووبارە چارە ڕەشی من دەست پێ بکاتەوە. دەترسام پەرهام بەجێم بێڵێ، هەرچەند کاری وا ئەستەم بوو. بەڵام لەدڵەوە دەترسام.

هەرچۆن بوو کاتەکان تێپەڕین‌و من خۆم لەبەرگی سپیدا لەپاڵ پەرهامدا بینی. ژن هێنانی کت‌و پڕی پەرهام بۆ کەس‌وکاریشی مایەی سەرسوڕمان بوو.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دڵخۆش بووم بەوەی هاوسەرێکی شایستەو بەڕێزی وەکو پەرهام بۆتە نسیبم.

خۆشترین ڕۆژی ژیانم ئەو ڕۆژە بوو کە لەگەڵ هانیە بووینە دۆست. پەرهام پێشتر سەبارەت بەو زۆر شتی بۆ باسکردبووم، تاریفی ئەوم زۆرجار لەپەرهام بیست بوو.

زۆر موشتاقی ئەوە بووم لەنزیکەوە بیبینم. نەیدیدە عاشقی بوو بووم.

هەرچەندە لەئاهەنگی زەماوەندەکەمان کارتی بانگهێشتنمان بۆ ناردبوو، بەڵام نازانم هۆکاری ئامادە نەبوونی چی بوو!

ئەوە تا رادەیەکی زۆر منی نیگەرانو خەمبار کرد. پەرهام دڵی ئەدامەوەو ئەیوت نیگەران مەبە بەم زوانە دێتە سەردانمان. بەر لەبینینی هانیە لەگەڵ هورەنگی برایو هاوسەرەکەی ئاشنا بووم. کەسانێکی خوێنگەرم بوون لەپەنایاندا هەستم بەئارامی ئەکرد.

شەوێک بەرێکەوت لەماڵی هورەنگ هانیەم بینی. کچێکی بەویقارو میهرەبان بوو. هەستم کرد ئەتوانم دەستی دۆستایەتی بۆ درێژ بکەمو بڕوام پێی هەبێ. زۆر جوانو سەرنج راکێش بوو بەئەندازەی جوانیەکەیشی میهرەبان بوو. پێشنیاری دۆستایەتیو خۆشەویستی لەلایەن منەوە بوو، ئەویش بەمیهرەبانی راستگۆیی پێشوازی لێ کرد.

بەتێپەڕ بوونی کات هانیە تەواوی هۆش و گۆشمی داگیر کرد. ئەوەندە لەیەکتر نزیک بووین گەر رۆژێک پەیوەندیمان پێکەوە نەبووایە ئارامو ئۆقرەم نەبوو. لەدوای پەرهام تەنها کەسێ بوو لەپەنایدا رۆحم هەستی بەئارامی ئەکرد.

هانیە لەدوای شووکردنیشی پەیوەندی نەپچڕانو پەیوەندیمان هەمیشە بەردەوام بوو. پەرهام بەدگومان بوو بەرامبەر مێردەکەیو هەمیشە ئەیوت کەسێکی درۆزن و فێڵباز دێتە پێش چاو. بەڵام بەپێچەوانەوە من بەکەسێکی بەئەدەبو رۆشنبیرو خۆش مەشرەبم ئەزانی. وا دەهاتە بەرچاوم هاوسەرەکەی بەگیانو دڵ خۆش ئەوێ. نازانم، لەوانەیە من کەسێکی دڵ سافو کەم ئەزمون بم چوونکە پەیم بەفێڵبازیەکەی ئەو نەبرد. بەتێپەڕ بوونی کات دەرکەوت گومانەکانی پەرهام راست بوونو ئەو دەمامکی پۆشیبوو.

من ئێستا ژنێکی خۆش بەختم تەنها شتێک نیگەرانم ئەکا نەخۆشی دڵە، وەکو خۆرە بەربووەتە گیانم. زۆرجار وا هەستەکەم کۆتاییەو ئیدی تەمەن تەواو بووە. حەوت ساڵی تەواو لەگەڵ پەرهام خۆشترین کاتەکانی ژیانم گوزەراند. لەو ماوەیەدا تەنها شتێ نیگەرانی ئەکردم ئەوەبوو نەمدەتوانی ببمە دایک.

پزیشکەکان رێگری ئەوەیان دەکرد من باردار بم. هەموویان هۆشداری ئەوەیان دابوو کە سک پڕیو بوونە خاوەنی منداڵ دەبێتە هۆکاری مردنی خۆم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمدەتوانی رازی بم بەبێ مناڵ ژیان بگوزەرێ. تەنها داوای من لەخودا ئەوەبوو ببمە خاوەنی مناڵ.

منو پەرهام لەژیانی هاوسەریمان لەهیچمان کەم نەبوو. هێشتاش دوای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵانە عاشقانە یەکترمان خۆش دەویست. لەماڵیش هەموو شتێکمان هەبوو لەهیچمان کەم نەبوو. لەبەر ئەوە تەنها منداڵێک ئەیتوانی ژیانمان سەد ئەوەندەی تر شیرین بکات.

لەگەڵ ئامۆژگاری هەموو پزیشکەکان بڕیارمدا بەختی خۆم تاقی بکەمەوە، کارێکی ترسناکە، بەڵام من هیوام بەڕەحمی پەروەردگار زۆرە، کێ دەزانێ لەوانەیە زۆر بەئاسانی بچێتە پێش. ئاخر پەرهام چ گوناهێکی کردووە بەهۆی منەوە لەسۆزی باوکێتی بێ بەش بێ؟

گەر زیندو مام ئەتوانم لەپەنای هاوسەرو منداڵەکەم ژیانێکی ئارامو شیرین درێژە پێ بدەم. گەر لەم رێگەیەشدا گیانم بەخشی ئەوا یادگارییەکی جوانو شیرینم بۆ پەرهام بەجێ

هیشتوە. خودا تەنها پەنام هەر تۆیی. تۆ بووی منت لەلوتکەی نائومێدیو بەدبەختیەوە گەیاندە لوتکەی بەختەوەری. لەتۆیش داواکارم یارمەتیم بدەی ئەو خۆشیەیشم بکەیتە نسیب. بتوانم کۆرپەی خۆم لەئامێز بگرم. داوات لێدەکەم نائومێدم نەکەیت چوونکە تاکە هیوام تۆی.

هەرچەند رۆژەکانی بارداریم بەرەو پێشتر دەچێت، نیگەرانیەکانم زیاتر دەکات. گەر هانیەو پەرهام نەبووایە لەتەنهاییو بێتاقەتی دیقم ئەکرد. نازانم بۆچی ترسو خەم سەرتاپامی داگیر کردووە. ترس وەک درندە چنگاڵی لەهەناوم گیر کردووە. ئاخر نازانم چیم بەسەر دێت؟

دوێنێ لەدەورو بەری ئێوارەدا دیسان دڵم توشی ئازارەکەی خۆی بووەوە. خەریک بوو دڵم لەلێدان بکەوێت. پەرهام خەریکی خۆ شۆرین بوو، دەنگی رشێنەری ئاوەکەم ئەبیست. حەزمدەکرد بچمە گۆشەیەکو بەدڵی خۆم بگریم. بەڵام ئەترسام شتێک بەسەر منداڵەکەم بێت. بریا کەسێک هەبووایە لەوکاتەدا تەسکینی بەدڵم بدایە. نامەوێت پەرهام نیگەران بکەم چوونکە زیاتر لەخۆم خەمی منیەتی.

کاتێ دەنگی ئاوەکە نەما، لەجێگەکەم هەستامو چوومە لای مێزی ئارایشتەکەم. تەنانەت بەباشی نەمدەتوانی بەرێگەدا برۆم. کەمێک روخسارم ئارایشت کردو سەرگۆنا هەڵبزرکاوەکانم سور کرد. تا کاتێ پەرهام بینیمی بەرەنگە پەریوەکەم نەزانێ. خێرا حەبێکم خواردو چومە سەر جێگاکەم. خودا دەزانێ ئەوەندە پەرهامم خۆشدەوێت رازی بەئازاری نیمو نامەوێت خەفەتم بۆ بخوات.

هەستێکی شاراوە پێی ئەوتم تەمەنم زۆری نەماوە. ئەم نەخۆشیە ئاخرەکەی دەست لەیەخەم بەرناداو تەمەنم کۆتایی پێ دێنێ. بەلام نە گلەییەکم لەخودا هەیە نەلە بەختو چارەنوس. تەنانەت باکم لەمردنیش نیە. چوونکە بەدڵی خۆم چەند رۆژانێکی خۆشم لەگەڵ پەرهام بەسەر بردووەو چێژی ژیانم چەشتووە.

تا بەر لەهاتنە دەرەوەی پەرهام کەمێک حاڵم باشتر بوو. خۆشبەختانە ئەو بەهیچی نەزانی، چەند خولەک دواتر هانیە تەلەفۆنی بۆ کردم، ساتێک پێکەوە گفتوگۆمان کرد. ئەم رۆژانە هانیە بەدڵسۆزییەوە چاودێری لەمن دەکات. ئەو تازە لەمێردەکەی جیا بووەتەوەو لەگەڵ ئێمە دەژی، سەرەتا لەگەڵ مێردەکەی ژیانێکی ئارامیان بوو. دواتر کەم کەم دەمامکی مێردەکەی هەڵماڵراو تاڵی باڵی کێشا بەسەر ژیانیاندا. ئەوان پێکەوە نامۆ بوون هەر وەک هەریەکەیان مرۆڤی سەر هەسارەیەک بن. هانیە دوای دان بەخۆداگرتن‌و کێ بەرکێیەکی زۆر بڕیاری جیابوونەوەی دا. بەبڕوای من‌و کەسانی دەورو بەریشمان باشترین بڕیاریدا. .

ئێستا کە خەریکی دواین نوسینی ئەم یاداشتەم، ئازاری مناڵ بوون برستی لێ بڕیوم. پەرهام بەهۆی کارەوە چۆتە کۆمپانیا، هانیەش لەجێگای کارەکەیەتی. بڕیارمداوە لەلاپەڕەکانی کۆتایی ئەم یاداشتەدا وەسێتنامەی خۆیشم بنوسم. گەر بەیارمەتی خودا گیانم دەربازکرد ئەوا هیچ. ئەگەر رزگاریش نەبووم داوا لەهانیە دەکەم لەپاش مردنم چاودێری مناڵەکەم بکات.

ئەزانم کەسێکم بوومەتە بار بەسەریەوەو داواکاریەکەم گەورەیە، بەلام دلنیام بەهۆی دۆستایەتی حەوتساڵەو خۆشەویستی نێوانمان ئەوکارە دەکات. تکایشی لێدەکەم یادم لەدڵیدا بپارێزێ.

پاش مردنم دوای پەرهام مناڵەکەم بەهانیە دەسپێرم، حەزدەکەم مادام هەردووکیان تەنهان تا ئەوکاتەی ئەچنە ژیانی هاوسەرییەوەو پێکەوە بژینو لەئامێزی خۆیاندا مناڵەکەم گەورە بکەن.

نازانم هانیە دوا داواکاریم بەجێێ دێنێ یان نا؟ من پێشنیار بەپەرهام دەکەم گەر توانی هانیە بخوازێو مناڵەکەم بۆ هەتا هەتایە بەو بسپێرێ. هیچ ژنێک لەهانیە بەشیاوتر نازانم بۆ پەرهام. ئەو دەتوانێ هاوسەرێکی شایستە بۆ پەرهامو دایکێکی میهرەبان بێ بۆ مناڵەکەم. گەر هەردووکیان گوێ بۆ ئامۆژگاریەکەم بگرن رۆحم نوقمی شادی ئەکەن.

ئیدی تواناى نوسینم نەماوە ئەو چەند دێرەی کۆتایشم بەئەستەم بۆ نوسرا. دوێنێ شەو هەموو کاغەزو نوسراوەکانم دڕاند. نامەوێت کەسێک ئاگاداری بیرو هۆشم بێ. ئاواتم ئەوەبوو رۆژێک ببمە نوسەرێکی باش بەلام ئەفسوس کە....

داوا لەخۆشەویستانم دەکەم دوای مردنم خەمم بۆ نەخۆن، راستە تەمەنم زوو تەواو بوو، بەلام رۆژەکانی کۆتایم بەخۆشییەوە بەرێکرد. بۆ هەمووشتان داوا لەپەر وەردگار دەکەم ساغو تەندروستو بەختەوەر بن.

ئیدی بەخوداتان دەسپێرم مەلەکیا

هانیه دەفتەرەکەی داخستو بەئارامی گریا، دیسان بیرەوەریەکانی مەلەکیای بۆ زیندوو بووەوە. هانیە چ جیاوازییەکی لەخۆیدا ئەبینی، رۆژێک کە هەواڵی زەماوەندی پەرهامی بیست چەندە رقی لەو کچە دەبووەوە. بەڵام کاتێ لەیەکەم دانیشتن بینیو گوێ بۆ قسەکانی گرتو دواتر پێکەوە بوونە دۆست، پەیی بەهەڵەو ئێرەیی خۆی بردو کەم کەم رقو قینی خۆی گۆڕی بەعیشقی ئاسمانی.

دەفتەرەکەی داناو بیری لەخاڵێک ئەکردەوە، هەرگیز ناتوانێ بەگوێی مەلەکیا بکات چوونکە پەرهام بەهیچ شێوەیەکو هیچ هەستێکی بەرامبەر بەئەو نیەو دوای تێپەڕینی ئەو چەند مانگە نەیتوانیوە لەتازییەباری مەلەکیا بێتە دەر.

گەر پەرهام پێشنیاری هاوسەرێتی پێ بکردایە، هەرچەند لەرووی پێویستیو ناچاریشەوە بێ. هانیە بەگیانو دڵ پێشووازی لێدەکرد، لەگەڵ ئەوەش دڵنیا بوو پەرهام دوای مەلەکیا هیچ ژنێک وەک هاوسەری دڵخوازی خۆی هەڵنابژێرێ.

لەو رۆژەوەی مەلەکیا مردبوو هانیە دووبارە هەستە تایبەتەکەی بەرامبەر پەرهام زیندو بووبووەوە. حەزیدەکرد ببێتە هاوسەری پەرهامو لەلای بمێنێتەوە. بریا پەرهامیش چاوێکی هەڵهێنایەو هەستی بەو بکردایە..

هانیە خۆی هەموو شتێکی سەفەری ئامادەکردبوو، لەسەر پێشنیاری ئەو پەرستارەکەی ماندانا لەم سەفەردا هاوڕێیانی ئەکرد. ماندانا تەمەنی دوو ساڵو تازە ڕێگە ڕۆشتن فێربووبوو، دوو سێ وشەیش بەزمانە شیرینەکەیدا دەهات، لەناو فڕۆکەکەدا خۆی بەهانیەدا هەڵئەواسی و جارجاریش ئەچووە باوەشی باوکی.

کاتێ گەیشتنە جێ هانیە پێشتر لەمیوانخانە شوێنی دیاریکردبوو، داوای لەپەرهام کرد ماشینێک بگرێ و بیانگەیەنێتە ئەو میوانخانەیە. کاتێ چوونە میوانخانەکە پێشخزمەتی میوانخانە بۆ ژوورەکانی خۆیان ڕێنمایی کردن کەبەلای یەکەوە بوون. هانیە سەرەتای گەیشتنیان ماتی کردبوو، دوای گۆڕینی جل و بەرگەکەی چووە لای ئەوان.

-واباشە بچینە چێشتخانەی میوانخانە قاوەیەک بخۆینەوە.

-باشە منیش پێم خۆشە.

پەرستارەکە وتی لەبەر ئەوەی ماندانا بەهۆی ماندوو بوونەوە خەوتوە باشترە من لەژوورەکە بمێنمەوەو ئاگام لێی بێ. پەرهام وتی:

-بەشاگردەکە ئەڵێم قاوەیەکت بۆ بهێنێ.

-زۆر سوپاس، من حەزم لەقاوە نیە یەک دووجار خواردوومەتەوە گەدەی تێک داوم، واباشترە بڵێن ساردییەکم بۆ بهێنێ.

بۆت ئەهێنن.

-زۆرباشە ئەڵێم هەر ئێستا بۆت ئەهێنن.

لەناو چێشتخانەکە لەسەر مێزێک دانیشتن و داوای قاوەیان کرد. هانیە بەچواردەوری خۆیدا روانی کاتێ چاوی کەوتە سەر پەرهام بینی لەناو خەیاڵێکی قوڵدایە. پێکەنینێکی کردو وتی.

-پەرهام بیر لەچی ئەکەیتەوە؟

پەرهام چەندجارێک پەنجەکانی خۆی تێک ئاڵاند و داوای لێبووردنی کردو وتی:

-بمبەخشە هانیە. من هاوسەفەرێکی باش نیم. من مرۆڤێکی گۆشەگیرم نەدەبووا لەگەڵ من سەفەر بکەیت چوونکە هەست بەدڵ تەنگی ئەکەیت.

-من هەرگیز لەگەڵ تۆ هەست بەدڵ تەنگی ناکەم. ناتەوێ پێم بڵێی بیر لەچی ئەکەیتەوە؟

ئاهێکی کێشاو وەڵامی داوە:

-بیر لەرۆژانی رابردوو ئەکەمەوە ئەو رۆژانەی مەلەکیام تیا ناسی و بۆ میوانخانەی شوێنی کارەکەم دەعوەتم کردبوو. ئەزانی ئەوکاتەش رۆژێک بوو وەک ئەمڕۆ، پێکەوە دانیشتبووین لەسەر مێزێک نانمان ئەخوارد.

-بەڵێ ئەزانم. مەلەکیا هەمووشتێکی لەدەفتەری یادەوەریەکەیدا باسکردبوو. ئەزانی پەرهام، مەبەستی من بەم سەفەرە ئەوەبوو بیرەوەری مەلەکیا لەمێشکت دەرکەم. ئەو مردووەو ئیدی زیندوو نابێتەوە، نابێت خۆت بەوخەمەوە لەناو ببەیت.

-تۆ راستەکەیت بەڵام هەرکارێک ئەکەم مەلەکیام لەبیر ناچێ. دایەگەورەم بڕوای وابوو خاکی سەر مردوو ساردەو

مرۆڤ دەتوانێ زوو لەبیری کات، بەڵام ئەوە لای من ڕاست نیە. مەلەکیا مردو هەموو خۆشییەکی لەگەڵ خۆیدا برد.

-گەر بڕیار بێ هێندە خۆت ئازار بدەی، کەواتە ئەم گەشتەشمان زیادە بوو نەدەبووایە....

کاتێ شاگردەکە هات هانیە قسەکانی بڕی. شاگردەکە قاوەو شتەکانی لەسەر مێزەکە داناو لێیان دوورکەوتەوە. هانیە بێدەنگ بوو سەرگەرمی تێکدانی قاوەکە بوو. پەرهام بەپشتی دەست فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

-داوای لێوردن دەکەم هانیە. پەیمان ئەدەم ئیدی لەگەڵ تۆ نارەحەتیەکانم دەرنەخەم ، تۆش هەست و هۆشت هەیە نابێ رۆژەکانی تۆیش تاڵبکەم.

-من بۆخۆم نیگەران نیم نیگەرانی من تەنها لەبەر تۆیە. برام ئاسان نیە بۆ منیش شاهیدی دەردو ئازاری تۆ بم.

-بمبەخشە نارەحەتم کردیت. کاتێ بڕیاری سەفەرماندا بڕیارمدا رابردوو لەبیر بکەم و هەوڵبدەم خۆشمان لێ بگوزەرێ بەڵام ئێستا دەبینم سەرکەوتوو نەبووم. لەهەر بێئاگاییەکدا سێبەری لەسەر سەرمە، بۆ هەر کوێیەک ئەڕۆم بەر لەمن خۆی ئەگەیەنێتە ئەوێ.

-پەرهام من تۆ لەخۆت باشتر ئەناسم. تۆ زۆرجار گەر گرفتیشت نەبێ بۆ خۆتی دروست ئەکەیت. واش دەزانم ژیرتر لەوە بی من بمەوێت ئامۆژگاریت بکەم. تۆ دەبێ گرفتەکان وەلا بنێی و خۆت بۆ ژیان و سەرکەوتن ئامادە بکەیت. ئێمەش هەرگیز مەلەکیا لەبیرناکەین، بەڵام خەمو ماتەم هیچ دەردێک دەرمان ناکات و چارەسەری گرفت ناکات.

هەردوو بێدەنگ بوون. دوای خواردنی قاوەکە بەبالابەر چوونە سەرەوەی میوانخانەکە. هانیە وتی:

-واباشە تا کاتی نانی ئێوارە هەموومان پشوویەک بدەین. گەر کرا ئەمشەو تا درەنگێک لەدەرەوە ئەگەڕێن.

-من لەخزمەتی تۆدام.

-ئێمە دەبێ لەسبەینێوە بەرنامە دابڕێژین. نابێ بەهەوانتە ئەم هەلە لەدەست بدەین. بیستوومە ئێرە شوێنی گەشتیاری زۆری هەیە. دەتوانین هەموومان پێکەوە کاتی خۆش بەسەر ببەین.

-دڵشادکردن و هاندانی تۆ کاریگەری لەسەر من هەیە. هەمیشە تووی هیوا لەمندا ئەڕوێنێ.

هانیە پێکەنی و لەپشت دەرگاکە وەستاو وتی:

-سەرخەوشکاندنێکی یەک کاتژمێری باشتر شادت ئەکات. پەیمان بدە بەئارامیو بێ خەیاڵ بچیتە ناو جێگەو کاتژمێرێ بخەوی. ئێستا خوات لەگەڵ یەک دوو کاتژمێری دیکە دێمەوە.

هانیە چووە ژوورەکەی خۆی جل و بەرگی گۆڕی و چووە ناو جێگا، هەوڵیدا جگە لەخەو بیر لەهیچی تر نەکاتەوە. هیوادار بوو بتوانێ پەرهام بەدڵێکی ترەوە بگەڕێنێتەوە بۆ تاران.

لەماوەی ئەو هەفتەدا کەلەوێ بوون، زۆرترین کاتەکانیان بەگەشت و گوزارەوە بەرێدەکرد، ئەوەندە سەرگەرمی خۆشی و شادی بوون پەرهام تەنانەت نەیدەتوانی بیر لەشتی لاوەکیش بکاتەوە.

سەفەرەکەیان بەو هەموو خۆشی و شادیەوە ئاخرەکەی تەواو بوو، گەڕانەوە بۆ تاران. پەرهام لەناوەوە بەتەواوی گۆڕابوو. هانیە زیاتر هەوڵی ئەوەی ئەدا سەرنجی بەرەو خۆی ڕاکێشێ. زۆربەی کاتەکانی لای ئەوان بەسەر ئەبرد. زۆرجار شەوانە تا درەنگانێک لەماڵی پەرهام ئەمایەوە. خۆی نانی ئێوارەی ئامادە ئەکرد. بەگۆڕینی بەرنامەی ڕۆژانە بۆ خۆراک و چوونە دەرەوە گۆڕانێکی لەپەرهامدا دروستکرد.

هەفتەی شەوێک دوو شەو بەیەکەوە ئەچوون بۆ سینەما. سەردانی سەیرانگاو شوێنەوارە دێرینەکانیان ئەکرد. لەگەڵ هەموو ئەوانەش پەرهام هانیەی وەک ژنێک هەست پێ نەدەکرد. هانیە تینووی خۆشەویستی بوو. تینووی بیستنی قسەی شیرین و خۆش. لەکاتێکدا پەرهام لەگەڵ دونیاکەی ئەو زۆر جیاواز بوو. هەرگیز بیری ئەوی نەخوێندبووەوە. هانیە زۆرجار بیری دەکردەوە لەوانەیە دڵی ئەم پیاوە لەبەرد دروستکرا بێ، چۆن بەرامبەر بەژنێک کە ئەوی لەگیانی خۆی خۆشتر ئەوێت ئاوا ساردو سڕە!!.

هانیە لەگەڵ هەستەکانی لەگێ بەرکێدا بوو. کاتێ ئەیبینی پەرهام بەهیچ شێوەیەک وشەی داواکردن و هاوسەرایەتی بەزماندا نایەت دووچاری خەمۆکی ئەبوو. نەشیئەتوانی بەزمان بیڵێ. حەزی نەدەکرد باسی هاوسەرایەتی لەزمانی خۆیەوە بێت. هەموو جەستەی پێویستی بەپەرهام بەپیاوێک بوو، کە هێشتا لەنێو خەیاڵەکانیدا شاسواری عیشقە. پەرهام گەر تۆزقاڵێک هەستی بووایە دەبووایە بیزانیایە هانیە بۆ راکێشانی سەرنجی ئەو ئەوکارانە ئەکات و پێی خۆشە ببنە هاوسەری یەکتر.

پەرهام هەمیشە لەخەیاڵدا بوو. کاتێ هانیە لەلای بوو هیچکات بیری لەوجۆرە شتانە نەدەکردەوە. لەبەرچاوی ئەو هانیە تەنها هانیە بوو. هەمان کچ سادەو دڵپاک کە زووتر ئەیناسی. دۆستی گیانی بەگیانی مەلەکیا. پەرهام هەرگیز بەچاوی ژن یان هاوسەر سەیری نەدەکرد. هەر بیریشی لەوبابەتە نەدەکردەوە کە دوای مەلەکیا لەگەڵ ژنێ پێبکەنێت. لەبەراوردی ئەودا هیچ ژنێک نەدەگەیشتە مەلەکیا. دڵ و هەستی لەگەڵ مەلەکیا خرابووە ژێر خاک..

رۆژێک ئێوارە هانیە بەمەبەستی گەڕان لەدەفتەرەکەی هاتە دەرو چووە سەرشەقام و بەرەو ماشینەکەی کە تازە کڕیبووی و لەقەراغی شەقامەکە رایگرتبوو رۆشت. بەرلەوەی بەکلیلەکە دەرگاکە بکاتەوە دەنگێکی ئاشنای هاتە گوێ کە ئەوی بانگ ئەکرد. بەرەو دەنگەکە ئاوڕی داوە. بەبینینی ئەو سەرەتا تاسا پاشان زەردەخەنەیەکی کرد.

-سڵاو دوکتۆر، بڕوا ناکەم کە چاوم بەتۆ بکەوێت.

-سڵاوکچەکەم حاڵت چۆنە؟

-سوپاستەکەم تۆ چۆنیت؟ ماوەیەکە لێت بێ ئاگام. چۆن بوو کەوتیتە بیری من؟

-نازانم چۆن بوو ئەمڕۆ کەوتیتە یادم، لەم ماوەیەدا زۆر نیگەرانت بووم. بەداخەوە پیر بووم و لەماڵ کەمتر دێمە دەرەوە.

-جەنابی دوکتۆر من تازە دەفتەرەکەم بەستووە گەر پێت خۆش بێ ئەچین و پێکەوە چەند قسەیەک ئەکەین. هەرچەند شیاوی میوانداری بەڕێزتان نیە، بەڵام....

-نە کچەکەم من کاتم زۆر نیە، دەبێ بڕۆم تەنها هاتم سەرێکت لێبدەم.

-دەی با لەناو ماشینەکە دانیشین، وا باشترە.

هانیە دەرگای ماشینەکەی کردەوە، دوکتۆر سەدری لەدواوەو خۆیشی لەپێشەوە دانیشت و ڕوویکردە دواوە. لەکاتێکدا بەقاچ یاری بەپایەدەری ماشینەکە ئەکرد پرسی:

-بە ئۆتۆمبیل هاتیت؟

-بەڵێ لەو پێشەوە ڕامگرتووە.

-زۆرباشە هەواڵ چیە؟ خۆتان چۆنن؟

-سوپاس بۆ خوا خراپ نیم. تۆ ڕۆشتیت و بۆ هەمیشە تەرکی دیدارت کرد. هیچ بەخۆت ناڵێی باوکێکی پیرم هەیە هەمیشە چاو لەدەرگا چاوەڕوانمە؟.

-دوکتۆر لەو بارەوە بەڕاستی داوای لێبووردن ئەکەم و زۆر تاوانبارم، هەڵبەت ئەزانی مرۆڤ لەم دەورو زەمانەدا ئەوەندە سەرقاڵی ئیش و کارە لەکارەکانی تر دوا ئەکەوێت.

-منیش هەستت پێدەکەم، ژیان بەتەنهایی زۆر دژوارە،

بەتایبەت مرۆڤ کاتێ لەگەڵ نەبوونی و کەم دەرامەتی دووچار ئەبێ. تۆ کاتێ رۆشتی تەنانەت بۆ بردنی کەل و پەلەکانیشت نەگەڕایتەوە. هەمیشە بیرم لێدەکردیتەوە، لەوەی بەبێ چاودێری بەبێ پشتیوانێکی ئابووری چۆن دەتوانی ژیانت بەڕێوە ببەی؟ بەراست هانیە شووتکرد یانە؟

هانیە بەدەنگی بەرز پێکەنی وتی:

-خۆشبەختانە نە، مرۆڤی ژیر لەکونێکەوە دووجار مار نایگەزێ. بەراست تۆ چۆن لەم ماوە کەمەدا ئاوا بەچۆکدا هاتوویت و پیر بووی؟ دوو ساڵ لەمەوبەر زۆر بەگوڕ بوویت.

-بەپێچەوانەوە تۆ هەر وەک خۆت جوانیت و وەک خۆت ماویتەوە.

-گەورەیی خۆتە. بەهەرحاڵ هیوادارم بەم نزیکانە بتوانم سەردانت بکەم. ئەمڕۆ غافڵگیرت کردم. حەزدەکەم ئەمجارەیان لەماڵەوە پەزیراییت لێبکەم.

-بەدڵنیاییەوە. گەر تەمەن مۆڵەت بدات. ئەی هانیە ناتەوێ هەواڵی کۆرش بپرسی؟

تەنانەت بیستنی ناوی کۆرش بۆ ئازار بەخش بوو. لەکاتێکدا ویستی رقی خۆی بشارێتەوە وتی:

-لەگەڵ رێزی بێ پایانم بۆ تۆ حەزناکەم بەهیچ جۆرێ باسی ئەو بێنیتە ناو باسەوە. من لاپەڕەکانی پێشترم دڕاندووەو خۆڵەمێشەکەیشم داوە بەدەم باوە.

دوکتۆر سەدری ئاهێکی هەڵکێشاو سەری بادا. بێدەنگی شکاندو وتی:

-هانیە حەزناکەم بە ئازاری رابردوو نیگەرانت بکەم و

برینەکانت بهێنمەوە سۆ. کۆرش ئیدی ئەو پیاوەی جاران نیە. لەراستیدا ئەو ئێستا هیچ نیە.

سەدری بێدەنگ بوو، هانیە بەبادانی سەری خۆی و دانەواندنی سەری، ئەوەی نیشاندا کەوا نایەوێت ئەوقسانە ببیستێ کە پەیوەندیان بەکۆرشەوە هەبێت. دکتۆر سەدری بێ گوێدانە هەڵوێستی ئەو بەردەوام بوو:

-کۆرش لەحاڵێکی زۆر خراپدا ئەژی، سزای کارەکانی خۆی وەرگرت، ئێستا کارێکی وای بەسەر هاتووە هێندە زەلیل بووە، تەنانەت دڵی بەردیشی بۆ دەبێتە ئاو. نازانی دووچاری چ دەردێکی ترسناک بووە تەنانەت ناشتوانی بیری لێبکەیتەوە کە چی بەسەر هاتووە.

هانیە هێشتاش بێدەنگی خۆی پاراستبوو، ئەوبابەتەی هێندە بەلاوە گرنگ نەبوو تابزانێ دووچاری چی بووە. بەڵام دوکتۆر دەست هەڵگر نەبوو. ... دیسان بەردەوام بوو:

-کۆرش گورزی کارەکانی بەرکەوت و باجی تاوانەکانی دا. روداوەکە لەچەند مانگ لەمەوبەرەوە دەستی پێکرد. ئەو تازە لەگەڵ کچێکی جوان ئەڵقەی دەزگیرانیان گۆڕیبووەوە، بەتەما بوون زەماوەند بکەن. کەمتر سەردانم ئەکردو ئاگام لێی دەبوو، ئەویش ئاگای لەمن نەمابوو.

کاتێ بڕیاری زەماوەندیدا بۆ ئەوەی واز لەکارە دزێوەکانی بێنی و ببێتە مرۆڤ. چوومە خوازبێنی کچەکە بۆی، هەموو شتێک لەرووکەشدا باش بەڕێوە دەچوو، بەڵام پاش ماوەیەک باوک و برای کچەکە لەرابردووی کۆرش ئاگادار بوون و هەڵیان وەشاندەوە.

ئەوکچە لەبنەماڵەیەکی ناودار بوو، کۆرش هیوای بەو هاوسەرگیریە زۆر بوو، بۆیە هەوڵی دەدا بەهەر نرخێک بووە دەستی لەوکچە گیر بێ تەنانەت هەڕەشەیشی لێکردن. بەڵام کەس و کاری کچەکە، کچەکەیان دا بەپیاوێکی تر، چەند جارێک لەگەڵی دانیشتم و ئامۆژگاریم کرد، کە واز لەوکچە بێنێ و کەسێکی تر هەڵبژێرێ، بەڵام ئەو وەکو هەمیشە سەرسەختی ئەنواندو پێداگری ئەکرد. بڕیاریدا گەر ئەوکچە بۆ ئەو نەبێ ژیانیان بشێوێنێ.

دوکتور ئاهێکی کێشاو بێدەنگ بوو، هانیە لەبێدەنگی ئەو کەڵکی وەرگرت و وتی:

-کۆرش هەر سروشتی وایە ویستەکانی خۆی بەسەر دەوروبەردا بسەپێنێ.

-بەداخەوە هەر وایە، بەڵام ئەمجارە بەرداشی گەردون بەویستی ئەو نەسوڕا!! خێزانی کچەکە کە کۆرش بووبووە هۆکاری دەردە سەرییان بڕیاریاندابوو کوتەکێکی باشی بکەن، هەتا ئاقڵ بێ. کۆرش هەڕەشەی کردبوو کەوا دەزگیرانی کچەکەیان بکوژێ، لەسەر ئەو هەڕەشەیە بوو ئەو روداوە رویدا.

رۆژێک بێ ئاگا لەهەمووشتێ لەماڵەوە پشووم ئەدا، هەواڵیان پێدام کۆرش بریندارەو لەنەخۆشخانەیە، بەپەشۆکاوی خۆم گەیاندە نەخۆشخانەکە لەکاتێکدا نەمدەزانی چی بەسەر کوڕەکەم هاتووە. ئەویان بردبووە ژووری نەشتەرگەری، هەر لەوێدا مامەوە تا نەشتەرگەری تەواو بوو، تەواوی روخسارو نیوەی سینگی و هەردوو دەستی پێچرابوون.

خێرا پەیوەندیم کرد بەو پزیشکەوە کەنەشتەرگەری بۆ کردبوو. پزیشکەکە هەواڵێکی ترسناکی پێدام هەواڵێک پشتی شکاندم، راستە کۆرش هەرگیز نەیتوانبوو دڵم رازی بکات، راستە بەباشی پەروەردە نەکرابوو بەڵام هەرچییەک بێ پارچەیەک بوو لەجەرگم، نەمدەتوانی خۆێنساردبم. بێچارە کورەکەم بەهۆی دەرمانی کیمیاییەوە تەندروستی خۆی لەدەست دابوو، باوک و برای کچە (ترشی ئەسید)یان پیا کردبوو، ئێستا روخساری گۆڕاوە بە دڕندەیەک هیچکەس ناتوانێ تەماشای بکات.

ئێستا شەش مانگ بەسەر ئەو روداوەدا تێپەڕیوە کۆرش بەروخساری دزێو و ترسێنەری لەماڵەوە زیندانیە، تا ئێستا چەند نەشتەرگەری جوانکاری بۆ کراوە بەڵام هیچ سودێکی نەبووە. هەرچی پارەی هەبوو لەو رێگەدا خەرجی کرد، بەبێ ئەوەی سودی هەبێ.

هەرکەس روخساری دزێوی ببینێ خەمبار دەبێ. بەداخەوە زانستی پزیشکیش لەو بووارەدا دەستە وەسانە، کەس ناتوانێ بەتەواوی تەماشای بکات.

هانیە سەری باداو وتی:

-بەداخەوەم هەرگیز پێم خۆش نەبووە توشی وەها کارەساتێک ببێ، هەرچەندە شایەنی لەوەزیاتریشە، چوونکە لەم دونیایەدا هەرکەس باجی کردەوەی خۆی دەدات.. دەستێک هەیە سزاکان دیاری دەکات..

-هانیە لەوە زیاتر دڵم مەسوتێنە، ئاخر منیش باوکم. منیش دەزانم گورزی خودا دەنگی نیە، بەڵام گەر کۆرش ببینی ئەو رقەت لەدڵ نامێنێ. بریا تەنها هەر ئەوەندە بووایە، بریا

هەر لەجوانی روخسار بێ بەش بووایە، ئێستا توشی ئازاری ویژدانیش بووە، مانگێکە سەر بەدیوارا ئەکێشێ و ناوی تۆ دێنێ، تەنها ئاواتی ئەوەیە تۆ لێی ببووری و گەردنی ئازادکەی.

ئەو ئامادە نیە کەس بەو روخسارەوە ببینێ و قێزی لێبکاتەوە، نایەوێت کەس گاڵتەی پێبکات، حەزناکات خەڵکانی تر بەبێزارییەوە تەماشایکەن. تەنانەت نەیتوانی بێتە سەردانی تۆیش. بەڵام تەنها پەیامێکی تۆ دەتوانێ ئارامی ببەخشێ بەدەرونی.

دەزانێ ئاهی تۆ دامینگیری بووە، لەبەر ئەوە تەنها گەردن ئازایی تۆی دەوێ، هانیە تێدەگەی چی ئەڵێم؟ ها تێدەگەی؟

-بەڵێ دوکتور تێدەگەم. گەر لێخۆش بوون و گەردن ئازایی من دەتوانێ کەمێک باری گرانی سوک بکات، من قسەیەکم نیە..

پێی بڵی من کەسێکی قین لەدڵ نیم، لەگەڵ ئەوەی کە ژیان و ئایندەی منی لەناوبرد و برینێکی قوڵی خستە ناو دڵم، برینێک کە تامردن دەبێت بەئازارەکەیەوە بتلێمەوە، بەڵام لەناخی دڵمەوە دەڵێم هەزار کەڕەت گەردنی ئازاد بێ، هیواداریشم خوداوەندی گەورەو میهرەبان لەگوناهی خۆش بێ. ئازارو دەردی ئەو شێوازی ژیانی من ناگۆڕێ.

حەڵقەی فرمێسک لەچاوی دوکتۆر سەدری جۆگەلەی بەست، بەقورگی پڕ گریانەوە وتی:

-سوپاس کچەکەم، تۆ خاوەنی دڵێکی بەخشندەی، تۆ زۆر گەورەی، کۆرش بەبیستنی ئەو هەواڵەوەک گوڵ ئەگەشێتەوە.

هانیە هەر بەڕاستی دڵی بەحاڵی کۆرش سوتا، تەنانەت شەو کاتێ چووە ناو جێگا نەیتوانی بەر بەفرمێسکەکانی

بگریت. ئەو مرۆڤێکی دڵپاک و بەسۆز بوو، هەرچەندە کۆرش زوڵمێکی زۆری لێکردبوو بەڵام ئێستا جگە لەسۆزو بەزەیی هیچ رقێک لەدڵیدا نەمابووەوە داواکاربوو لەخودای گەورە رەحمی پێبکات و لەو ئازارە رزگاری بکات. دەیزانی کۆرش بەئازاری ویژدانەوە موبتەلایە، ئازارێک ئەبێ تاکۆتایی تەمەن بەکۆڵ هەڵیگرێ‌و تامردن لەگشت خۆشیەکانی ژیان بێ بەش بێ.

هانیە بەردەوام سەری لەماندانا ئەدا. ئێستا ماندانا تەمەنی چوار ساڵ بوو، بەتەواوی هۆگری هانیە بووبوو. هانیە لەڕووی کارەکەیەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بوو. کارە هونەرییەکانی ئێستا ئیدی ئەکرا بۆ بژیوی پشتی پێ ببەسترێ. ڕۆژ بەڕۆژ ناوبانگی بڵاو دەبووەوە. هەر لەبەر ئەوە بوو بیری چوون بۆ دەرەوەی وڵات هاتو کەوتە بەرنامەیەوە.

ئەم پێشنیارە لەلایەن مامۆستایەکی وێنەکێشانەوە خرایە بەردەمی. دەبووایە هانیە دەورەیەکی دوو ساڵەی لەدەرەوە ببینیایە. لەبەر باری ئابووری خۆی لەوە بوارد. پەرهام تەنها کەسێک بوو بۆ کارەکانی هاندەری بوو.

هانیە لەلایەن پەرهامەوە نائومێد بووبوو، ئێستا تەنها ئاواتی کۆکردنەوەی سامان و ناو و شۆرەت بوو. بەکاری جوان و بێ هاوتا.بەدەست هێنانی خۆشەویستی لەناو خەڵکدا، بەوکارانەی تەسکینیەکی بەدڵی خۆی ئەدا.

کرێی دوو ساڵی خانوەکەی دا "ئاتیلە"کەی سپاردە یەکێ لەهاوکارانی. دوای تەواوکردنی هەموو کارەکان بەرەو فەڕەنسا کەوتە ڕێ. پەرهام پەیمانی لێوەرگرت کە بەتەلەفۆن و بەنامە هەواڵی لێ نەبڕێ.

دوای ڕۆشتنی هانیە، پەرهام هەستی بەتەنهایی کرد. تا ئەو دەمە هانیە لەلای بوو هەستی بەو تەنهاییە نەکردبوو. بەڵام ئێستا پەی بەو کارە جەرگبڕە برد. لەهەمووشی خراپتر ماندانا

بوو کە لەدووری هانیە بێتاقەتی و وەڕزی ئەکرد. جار جارێک ئەوەندە دڵی تەنگ ئەبوو بەباوکی ئەوت:

-بابە بۆچی پورە هانیە بەجێی هێشتین؟ ئخەر بۆ هێشتت بڕوات؟

-کچە خۆشەویستەکەم هانیە ناچار بوو بڕوات، من نەمدەتوانی پێشی پێ بگرم.

-بەڵام ئاخر بۆچی؟ نەدەبووایە منی بەتەنها جێ بهێشتایە، دەبووایە لای من بووایە. دایکم ڕۆشتووە، هانیە ڕۆشتووە، لەوانەیە تۆش بتەوێت بڕۆیی، ئەوکات من بەتەنها دەبێ چی بکەم؟

پەرهام کچەکەی لەباوەش گرت و سەری ماچ باران کردو وتی:

-نە خۆشەویستم بۆچی بیری وا ئەکەیتەوە؟ من هەرگیز بەجێت ناهێڵم، هەرگیز ناهێڵم تەنها بیت.

-تۆ درۆ ئەکەیت بابە، تۆ بەدەوام ئەڕۆیت بۆ سەفەر، من هەمیشە تەنهام.

-ئازیزی دڵم ناچارم بڕۆم بۆ سەفەر، دەی لەبەر کارەکەم ئەبێ بڕۆم، بەڵام حەزناکەم بۆ تەنها چرکەیەکیش بەجێت بهێڵم، بەڵام کارەکەم وای ئەوێ دەبێ جارجارێک بڕۆم بۆ سەفەر.

-دەی کەواتە منیش لەگەڵ خۆت ببە، حەزناکەم لەماڵەوە بەتەنهابم.

-زۆرباشە ئەمجارە گەر ویستم بڕۆم تۆش لەگەڵ خۆم ئەبەم بەڵام تەنها یەکجار، ئاخر لەوێش ئەبێ لەمیوانخانە بەتەنها جێت بهێڵم و بڕۆم بەدوای کارەکەمدا. چوونکە لەوێ

ناتوانم بۆ هەر کوێیەک بڕۆم لەگەڵ خۆم بتبەم.

-بۆچی؟بۆچی ناتوانی بۆچی ئەوێ کوێیە؟ چ جۆرە جێگایەکە؟

-ئەوێ بیابانەو پڕە لە دڕک و داڵ، حەزناکەم خودا نەخواستە نەخۆش بکەویت. ئەو شوێنانە بۆ تۆ باش نیە.

پەرهام بەهەر جۆرێک بوو توانی کچەکەی رازی بکات، بەڵام دڵی ئاوی نەدەخواردەوە. هانیە لانەی ئارامی ئەو بوو، هانیە خۆشکێکی بەوەفاو هاوڕێیەکی دڵسۆز بوو بۆی. دوای مەلەکیا هانیە تەنها کەسێ بوو چرای ماڵەکەی رۆشن کردبووەوەو ئاگارداری ئەکرد. هەرچەند کات بەرەو پێش ئەچوو پەرهام زیاتر هەستی بەتەنهایی ئەکرد.

پەستارەکەی ماندانا شەو رۆژ لەلای ئەبوو لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا تەنها ساتێکێش لەچاودێری و تەربیەتی ئەو چاوپۆشی نەدەکرد. ماندانا خەمخۆرێکی هەبوو، کە سۆزو خۆشەویستی گەر وشکیش بووایە بۆ دەر ئەبڕی، لەکاتێکدا پەرهام ئیدی یارو یاوەری نەبوو هیچ کەس خەمخۆری نەبوو تەنهایی خەریک بوو لەناوی ئەبرد.

هانیە لەپەیوەندی لەگەڵ ئەودا هیچکات هەستی خۆی نیشان نەدابوو، پەرهامیش هەستی بەو گۆشە نیگای دڵی نەکردبوو، کە چەندە خۆشەویستی ئەوی تێدایە. جارجارێک لەخۆی ئەپرسی بۆچی هانیە هەمیشە تەنهایە؟ بۆچی هاوسەرێک هەڵنابژێرێ؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری بێ وەڵامی تر، گەر پەرهام تۆزقاڵێک هەستی بەوە بکردایە، ئەوا هەر لەسەرەتاوە پێشنیاری زەماوەندی پێ ئەکرد. بەڵام بەبۆچوونی ئەو هانیە

ژنێکی ساردو سڕو بێ ڕۆح بوو.

ئەمانە لێکدانەوەی مێشکی پەرهام بوو. هەتا گەر پەرهام پێشنیاری هاوسەریێتی بەهانیە بکردایە، ئەویش بەناوی بەدبینی بەرامبەر پیاوان وەڵامی نەخێری بدایەتەوە، پەرهام نەیدەویست دڵی خۆی بەکەسێکی گۆشەگیرەوە ببەستێ جارێکی دیکە دڵی زامدا بکرێت. گەر تۆزقاڵێک هەستی پێ بکردایە ئەوا دەمێک بوو وەها داوایەکی لێکردبوو.

هانیە هەفتەی جارێک دوو جار بەتەلەفون پەیوەندی پێوە ئەکردن. کاتێ ماندانا دەنگی ئەوی ئەبیست لەخۆشیدا خەریک بوو باڵی لێ پەیدا بوو هاواری ئەکرد. جارجارێک لەلایەن هانیەوە دیاری خنجیلانەی بۆ ئەهات.

پەرهام ئەیویست پێ بەهەستەکانیدا بنێ و داوای گەڕانەوە لەهانیە بکات. هەرچی زووترە بگەڕێتەوە بۆ ئێران چوونکە ئەو و ماندانا زۆر نیازیان پێیەتی. هەرچی ئەکرد غروری ڕێگەی نەئەدا ئەوەی لەناو دڵیەتی بەزمان بدرکێنێ.

هانیە لەفەڕەنسا ئەوەندە کاری زۆر بوو نەیدەپەرژا بیر لەپەرهام بکاتەوە. بیست و یەک ساڵ عەشقی بێ بەری لەناو دڵی پەروەردە کردبوو. ئێستا گەیشتبووە ئەو ئاکامەی ئەو و پەرهام بۆ یەک دروست نەکراون.

هانیە لەو بەیەک گەیشتنە بەتەواوی نائومێد بووبوو، ئیدی وەکو پێشتر بەبیستنی دەنگی دووچاری هەڵچوون و لەرزین نەدەبوو. ئەو شتەی بۆی هاتبوو تا ڕادەیەک جێگەی پەرهامی پڕکردبووەوە. توانی بووی تا ئەندازەیەک شوێنی پەرهام پڕ بکاتەوە.

هانیە چوارمانگ بەر لەگەڕانەوەی بۆ ئێران، لەچێشتخانەیەک، کە شوێنی کۆبوونەوەی بێگانەکان بوو لەفەڕەنسا. چاوی بەهەواڵنێرێکی ئێرانی کەوت و پێکەوە ئاشنا بوون.

عەباسی ڕۆستەمی دوای ناسینی هانیە بۆی دەرکەوت هانیە لەئێران ناو ناوبانگێکی زۆری هەیە، ویستی هەرچۆن بووە گفتوگۆیەکی لەگەڵ بکات و لەیەکێ لەبڵاوکراوەکانی وڵات بڵاوی بکاتەوە.

هانیە سەرەتا بەوەها گفتوگۆیەک ڕازی نەبوو. بەڵام پێداگری ڕۆستەمی وای لێکرد بەمەرجێک سەرەتا پرسیارەکانی بداتێ ڕازیبێ. لەلای خۆیەوە هەموو وەڵامەکانی ئامادەکردو نوسی. ڕۆستەمی بەناو نیشانی هەواڵنێرێکی کارای ئێرانی وت و وێژی لەگەڵ سازکرد. لەدرێژەی پرسیارو وەلامەکاندا بە پێشنیارێ هانیەی توشێ ئاڵۆزی کرد، بەڵام دواتر خرایە پەراوێزەوە چوونکە دەیزانی گۆڤارەکەیان بەهۆی گفتوگۆی هانیەوە برەوێکی باش پەیدا ئەکات لەبەر ئەوە نەیدەویست ئەو هەلە لەدەست بدات. بۆیە بەئارەزوووی هانیە هەڵس و کەوتی ئەکرد.

چەند ڕۆژ دواتر ڕۆستەمی دوای تەواو بوونی داڕشتنەوەی گفتوگۆکە، بەتەلەفۆن بەهانیەی وت گەر بتەوێ ئەتوانم نوسراوەکەت بۆ بهێنم. عەسری هەمان ڕۆژ لەشووقەکەی پێشووازی لێکردو بەقاوەو پسکیت میوانداری لێکرد.

ڕۆستەمی زۆر دۆستانەو خۆش ڕەفتارانە لەگەڵ هانیە ئەجولایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هانیە تێبینی لەسەر هەندێ پرسیاری کەسی هەبوو، کە ئەوەش پەیوەندی بەژیانی تایبەتی

خۆیەوە هەیە. بۆیە داوای لێکرد بیانسڕێتەوە، تەنها ئەو پرسیارانە بمێنی کە تایبەتە بەکارو کردەوەی رۆژانەی.

رۆستەمی بەناچاری خۆی دا بەدەستەوە، بەبڕوای ئەو هانیە ژنێکی وشکو ساردو سڕ ئەهاتە بەرچاو. تەنانەت زەردەخەنەیشی بەزۆر ئەهێنایە سەر لێوی.

دوو رۆژ دوای ئەوە هانیە بەتەلەفۆن پێی وت کەوا پرسیارو وەڵامەکان ئامادەن. رۆستەمی جارێکی دیکە بەبێ مەیلی چوو بۆ دیداری ئەو.

ئەمجارە لەگەڵ جارانی پێشوو جیاواز بوو، هانیە بەگەرمی پێشوازی لێکرد. لەلابەلای قسەکانیان، بەشەیتانی بۆ ئەوەی پەی بەژیانی کەسێتی ببات هەندێ باسی ژیانی خۆی بۆ کرد. پێی وت:"کە هاوسەری تەلاق دراوی ئێستا لەگەڵ دوو منداڵەکەی لەفەڕەنسا ئەژین. هاوسەرەکەی ئێستا لەزانکۆی مارسی وانە ئەڵێتەوەو هاوسەری بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ئەمیش ساڵی جارێک دێتە فەڕەنسا بۆ سەردانی دوو کوڕەکەی.

هانیە بەوردی گوێ بۆ قسەکانی شل کردبوو. رۆستەمی وتی کە هۆکاری جیابوونەوەیان لەگەڵ هاوسەرەکەی بەرزەفڕی ئەو تێنەگەیشتن لەیەک بووە. وتیشی ئێستا پێنج ساڵە لەیەکتر جیابوونەتەوەو دوای ئەو جیابوونەوەش تا ئێستا بیری لەژنهێنان نەکردۆتەوە.

هانیە دەربارەی ژیانی رابردووی ئەدوا، تەنها ئەوەندەی ئاشکرا کرد کە بەهۆی کاری بەد ڕەوشتییەوە لەهاوسەرەکەی جیا بووەتەوە، لەدوای ئەو ژیانە سەرنەکەوتووەوە ئیدی بیری لەهاوسەرگیری نەکردۆتەوە.

رۆستەمی تێگەیشت بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەو، هانیە ژنێکی ڕەنج دیدەیە، بەڵام کەسایەتیەکی بەرزی هەیە. دوای چاو پێکەوتنەکە، رۆستەمی وێنەیەکی بۆ چاپکردن لەسەر بابەتەکە لەهانیە گرت و رۆشت.

رۆستەمی بڕیای وابوو زوو بۆ ئێران بگەڕێتەوە، بەڵام دوای بینینە یەک لەدوای یەکەکانی هانیە، بۆی دەرکەوت هەستێکی شاراوەو نادیاری سەبارەت بەو ژنە هەیە.

رۆستەمی نزیکەی چل ساڵێک ئەبوو، پیاوێکی لەسەر خۆو لەرووکەشدا کەسێکی بەئەدەب و خاوەن دڵ بوو. هانیە سێ ساڵ لەو بچوکتر بوو. رۆستەمی لەزۆر لایەنەوە ئەیتوانی مێردێکی باش بێت بۆ هانیە. لەکاتێکدا هانیە پێشووازی لەو دەکرد و روی خۆشی نیشان ئەدا.

رۆستەمی بۆ ئاشکراکردنی هەستەکەی گومانی هەبوو. هانیە پێگەیەکی لەوباشتری هەبوو، چ لەروی دارایـیەوە چ لەڕووی باری کۆمەڵایەتیەوە. گومانەکەشی لەوەبوو ئایا هانیە رازیدەبوو لەگەڵ هەواڵنێرێک زەماوەند بکات؟ هەرچەند زیاتر لەگەڵ هانیە بدوایە زیاتر شەیدای روخسارو بەرزی رەوشتی ئەبوو.

هانیە هەموو رۆژێ لەعەسرا ئەچووە هەمان چێشتخانە، لەپشت مێزێک دائەنیشت و داوای قاوەی ئەکرد. هەرلەوکاتانەدا رۆستەمیش سەروکەللەی پەیدا ئەبوو ئەچووە سەرمێزەکەی هانیەو بەشێوازێکی دۆستانەوە سڵاوی لێ ئەکردو کورسیەکی ئەهێنایە پێشەوەو دائەنیشت. هانیە بەئەدەب و رووخۆشییەوە پێشووازی لێدەکرد. هەردووکیان پێکەوە دۆستانە سەرگەرمی قسەوباس بوون.

هانیە کەسێکی هۆشیارو وردبین بوو، لەرەفتارەکانی ڕۆستەمی تێئەگەشت، کە ئەو بەدوای مەبەستێکی تایبەتدا ئەگەڕێت. شتێکی تایبەتی لەدڵدایەو ناتوانێ دەری ببڕێ.

سەرئەنجام ڕۆژێک ڕۆستەمی بەبێ پەردە رازی دڵی بەیان کردو داوای لەهانیە کرد ببێتە هاوسەری. هانیە پێشتر بیری لەوە کردبووە، لەبەر ئەوە ئامادەیی تەواوی هەبوو بۆ بیستنی ئەم پێشنیارە. بەداوای لێبووردنەوە رەتی کردەوەو پێی وت: "کە ئەو بەهیچ جۆرێ ئامادەی هاوسەرایەتی نیەی و ناتوانێ پێشنیارەکەی قبووڵ بکات".

هەرچەند ڕۆستەمی پێشبینی ئەوەی کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوای لەهانیە کرد بیر لەپێشنیارەکەی بکاتەوە ئەوکاتە وەڵام بداتەوە. هانیە نەیدەویست جێنشینێ تر لەناو دڵی بۆ پەرهام زیاد بکات. هەرچەند ئێستا کەمتر بیری لەپەرهام ئەکردەوە، تا رادەیەک هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو بەکارێکی مەحاڵ ئەزانی. بەڵام ئامادە نەبوو کەسی سێیەم لەنێوان ئەو و پەرهامدا هەبێ. بیرەوەری پەرهام تەواوی جەستەی داگیرکردبوو ئیدی شوێنێک بۆ کەسێکی تر نەمابوو.

ڕۆستەمی نا ئومێد بوو، هەر لەو هەفتەیەدا بۆ ئێران گەڕایەوە، لەکاتێکدا هانیە هێشتا دوو مانگی بۆ گەڕانەوە مابوو. هەر لەو ماوەیەدا هەرکات ڕۆستەمی لەگەڵ هانیە ڕووبەڕوو ئەبوو پێشنیارەکەی بیر ئەخستەوەو هانیەش سەرسەختانە بەڵام زۆر بەئەدەبەوە وەڵامی نەخێری ئەدایەوە.

ڕۆستەمی تەنانەت ئەوکاتەش گەڕایەوە بۆ ئێران، پەیوەندی خۆی لەگەڵ هانیە نەپچڕاندبوو. جارجارێک بەتەلەفۆن داوای

دەکرد پێشنیارەکەی قبوول بکات. هانیە نەیدەتوانی بەتەواوی بڕیار بدات، لەفەڕەنسا سەری لەپزیشکێکی تایبەتی ژناندا. بەبڕوای پزیشک ئەو ژنێکی تەواوەو ئەتوانێ منداڵی ببێ.

ئەم هەواڵە لەپزیشکێکی تایبەتی ژنان و منداڵ بوون بوو. کە خاوەن بڕوانامەیەکی گەورە بوو. بۆ هانیە وەکو مژدەیەکی خۆش وابوو. ئێستا دڵنیابوو گەر شوو بکات ئەتوانێ وەکو هەمووان ببێتە خاوەن منداڵ. وەکو هەموو دایکان لەبوونی منداڵ بەهرە وەرگرێ. ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆشکەر بوو بۆی. تا رادەیەک بیری سەبارەت بەهاوسەرگیری گۆڕابوو.

ئێستا دوو پیاو لەژیانیدا هەبوو، پیاوێک کە هانیەی خۆش دەویست. پیاوێک کە ئەم خۆشی دەویست. پیاوێ پێشنیاری هاوسەرێتی پێ کردبوو، بەڵام هانیە هۆگرییەکی بەوەوە لەناو دڵی خۆی بەدی نەدەکرد. پیاوێک کە هەرگیز بوونی ئەوی وەک هاوسەر نەویستووەو ئەمیش دڵی خۆی پێوە بەستوەو تا ئەم تەمەنەی هەر چاوەڕوانە.

هانیە تەنانەت کاتێ بۆ ئێرانیش گەڕایەوە هەر لەبیری هەڵبژاردنی پیاودابوو. هاوسەرێتی لەگەڵ رۆستەمی بەبێ بوونی هیچ عەشق و خۆشەویستیەک خودا دەزانێ کەی ئەو خۆشەویستیە لەدڵدا چەکەرەی ئەکرد. لەکاتێکدا هاوسەرێتی لەگەڵ پەرهام ئارەزووی چەند ساڵەی دێنێتە دی. بەڵام پەرهام لەخەوی بێ ئاگایی و غەریبیدا گرفتار بوو.

هانیە بەگەشتنەوەی بۆ ئێران چوو بۆ سەردانی پەرهام. بەدڵ بیری ماندانای ئەکرد، پەرهام ئەمجارە بەتەواوی خۆشحاڵی خۆی نیشاندا. ئاشکرای کرد چەندە لەنەبوونی

هەستی بەتەنهایی کردووە. هەروەها گلەیی لێکرد بۆچی سات و کاتی گەڕانەوەی دیاری نەکردووە .

هانیە لەوەڵامدا وتی:

-خۆشم لەسەرو سەودای هەواڵنێران نایەت. حەزدەکەم وەکو کەسێکی ئاسایی هەڵس و کەوت بکەم. بۆیە هەرواش هاتمەوە بۆ ئێران.

-ئەم ماوەیە زۆردڵمان بۆت تەنگ بوو بەتایبەت ماندانا بڕستی لێ بڕیبووم.

بیستنی ئەم قسانە بەلای هانیەوە شتێکی ئاسایی بوو. پەرهام هەمیشە بەرامبەر بەو میهرەبان بوو. هانیە مانداناى لەئامێز گرت و روخساری ماچ باران کرد.

-ماندانا ماشائەڵڵا گەورە بوویت. بۆخۆت بوویتە خانمێک. ئەم دووساڵە من لێرە نەبووم بەتەواوی گەورە بوویت.

-پورە هانیە بڵێ ئیدی هەرگیز بەتەنها جێم ناهێڵێ.

-کچە جوانەکەم گەر بەدەست خۆم بووایە هەرگیز تەنهام نەدەهێشتی، پەیمان ئەدەم لەمەو دوا هەمیشە لەلات بم.

پەرهام پێکەنی وتی:

-من بۆ ناڵێیت دوو ساڵی تەواوە لەدەستاوی پورە هانیە بێ بەشم. لەوکاتەوە رۆشتوویت خۆراکێکی خۆشم نەخواردووە. دەستاوی تۆ لەکوێ و خواردنی چێشتخانە لەکوێ؟

هانیە بەدەنگی بەرز پێکەنی وتی:

-تەمەڵی خۆتە، وامدەزانی لەم ماوەیەدا کەیبانویەکی شیاوت هەڵبژاردووە، هاتم پیرۆزبایت لێبکەم کەچی هەر ماڵەکەی جارانە.

پەرهام پێکەنینێکی کردو لەکاتێکدا کە تەماشای چاوە تەڕەکانی هانیەی ئەکرد بەشێوازێکی تایبەت وتی:

-ئاخرەکەی بڕیارم داوە، کەیبانویەکی بەڕێز بکەمە هاوبەشی ژیانم. چاوەڕوان بووم تۆ بێیتەوە تا بیرو رای تۆش بزانم چوونکە زۆر بۆم گرنگە.

بەبیستنی ئەم قسانە دڵی هانیە بەجارێ هەڵتەکی. هەستیکرد خوێن زاوەتە روخساری، لێدانی دڵی توندتر بوو. پێکەنینێکی تایبەتی کردو وتی:

-دەی پیرۆزە. هەروەک لەم ماوەیەدا من نەبووم زۆرشت رویداوە؟ ئاخرەکەی کاکی ئەندازیاریش تاقەتی چوو.

-بەڵی وادەزانم رەبەنی ئیدی بەسە. کاتی ئەوەش هاتووە بەدوای دڵم بکەوم. دڵیشم ئەیەوێت کەمێ خۆشی ژیان بنۆشی.

-زۆرباشە بڵێ بزانم ئەو ژنە خۆشبەختە کێیە؟ توانیوەیەتی تەلیسمی بەختی تۆ بشکێنێ؟

-زۆر پەلە مەکە، ئەوت پێ ئەناسێنم.

-خۆشحاڵ دەبم شانازی ناسینم بەنسیب بێ.

هانیە بەدڵێکی شادەوە ئەم وشانەی بەزماندا ئەهێنا بەجۆرێ پەرهام ئاگای لەهەڵچوونی دەرونی ئەو نەبێت. بەڵام لەدڵەوە گریانی ئەهات. تۆزێ بەدەوری خۆیدا روانی بۆ ئەوەی باسەکە بگۆڕێت وتی:

-کەواتە تا کەیبانوی تازە نەهاتووە جارێکی دیکە دەستاوی من بنۆشی.

-نە هانیە ئەمشەو نە، تۆ تازە گەڕاویتەوە ماندووی، وادەزانم دواتریش کاتی ئەوەمان دەبێت خۆراکی دەستت

بخۆین. ئەمشەو هەمووما‌ن پێکەوە ئەچینە دەرەوە، دوو ساڵ لەتاران دوور بووی، لەم ماوەیەدا شار بەتەواوی گۆڕاوە.

-چۆن شتی وا دەبێ؟ چ گۆڕانکارییەک؟

-سەرۆکێکی شارەوانی تازەیە، گیانی کردووەتەوە بەتارانداو تارانی لەو وشکیو مردووییە دەرهێناوە. واباشە خۆت بیبینی با خۆت بڕیار بدەی. بۆ کەسێک کە دووساڵ لەفەرەنسا بوو بێ، ئاوو هەوای ئێرە بەلایەوە ئاساییە. بەڵام بۆ کەسانێک کە دوکەڵ خنکاندبوونی شتێکی تازەیە.

-دەی کەواتە زیندوو بێ کاکی شارەوان، نانی ئەم ئێوارەیەمان لەچاوی ئەو ئەزانین.

رۆستەمی هەرکە زانی هانیە بۆ ئێران گەڕاوەتەوە ئەوی بۆ نان خواردنی ئێوارە بانگهێشت کرد. هانیە دەعوەتەکەی قبووڵ نەکرد، بەڵام داوای لێکرد گەر بیەوێت ئەتوانێ سەردانی دەفتەرەکەی بکات. ئەو چەند رۆژ دوای گەڕانەوەی گەڕایەوە سەرکارەکەی و دووبارە دەستی پێکردەوە.

رۆستەمی چەند ژمارەیەک لەو بڵاوکراوەیەی گفتوگۆکەی هانیەی بڵاو کردبووەوە بەپۆستا بۆ نارد هانیە بەبێ تاقەتیەوە چاوێکی پیاخشاندو لەسەر مێزەکە داینا.

گەر تاپۆی کۆشکی سپییان بۆ بهێنایە دیسان بەلایەوە گرنگ نەبوو. پەرهام، پیاوەکەی خەون و خەیاڵی ئەو ئەیویست ژن بهێنێ. ژنێک کە هانیە نەیدەزانی کێیەو لەکوێوە هاتووە؟ ئەو ژنە دەیتوانی پەرهام خۆشحاڵ بکات؟ بەقەت هانیە ئەوی خۆش ئەوێت؟ دەیتوانی وەک مەلەکیا بێت بۆی راستگۆ و وەفادار؟

هانیە دەیزانی ئەبێ بۆ هەمیشە پەرهام لەدەست بدات. مەلەکیا بەزیرەکی خۆی هانیەی بەرەو خۆی راکێشا، بەڵام ئەم ژنە کێ دەڵێ بەو جۆرە دەبێ، هانیە بەدووری ئەزانی ئەویش وەک مەلەکیا وابێ. هەر ژنێک ببووایەتە ژنی پەرهام ئەو بەدوژمنی خۆی هەژمار دەکرد.

هانیە ئێستاش ئێرەیی لەجیاتی هەر هەستێک لەناو دڵی پەروەردە کردبوو. چۆن پەرهام توانیبووی بوونی ئەو لەلای

خۆی هەست پێ نەکات؟ مەگەر ئەو چی لەژنانی تر کەمترە کەوا نەیتوانیوە سەرنجی پەرهام بەرەو خۆی پەلکێش بکات؟

لەوە دڵنیا بوو تەمەنی لەچاوەڕوانیدا بەهەدەرداوە. ئەو دەیتوانی منداڵی بێ کەواتە ئەبێ شوو بکات. لەتەمەنی نزیک لە چلساڵیدا گەیشتە ئەو ئاکامەی گەر ئاوا بمێنێتەوە ترسناکە. دەبێ سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە. وەڵامی بەڵێ بەرۆستەمی بداتەوە.

ئەمجارە کاتێ رۆستەمی تەلەفۆنی بۆکردەوەو پێشنیارەکەی پێشتری دووپات کردەوە، هانیە پێێ وت شەوی هەینی چاوی پێی ئەکەوێت و بڕیاری یەکلاکەرەوە ئەدات. دەیتوانی هەر لەوکاتەدا بیڵێ بەڵام زمانی سوڕاو شەوی هەینی لەدەم دەرچوو، ئەو رۆژەش کە قسەیان پێکەوە کرد یەک شەممە بوو.

رۆژی دوو شەممە چوو بۆ سەردانی ماندانا، پەرهام چوو بوو بۆ سەفەر و تا رۆژی پێنج شەممە نەدەگەڕایەوە. هانیە هەلێکی دەست کەوت لەماوەی نەبوونی پەرهامدا لەگەڵ ماندانا پێکەوە بن. رۆژانە دوای عەسر پێکەوە ئەچوون بۆ گەڕان بۆ ناو باخ. گەیشتبووە ئەو ئاکامەی هیچ ڕێگرێک لەبەر دەمیدا نەماوەو ئێستا ئامادەیە وەڵامی رۆستەمی بداتەوە. گەر ئەو بیویستایە رۆستەمیش هەر ئەو رۆژە هەموو شتێکی تەواو ئەکرد.

هانیە لەو شەوانەدا خەو نەدەچووە چاوی. لەگەڵ ئەو هەموو مانەوەیەش هێشتا نەیدەتوانی ئارامبگرێ. بڕیاریدا ئیدی بیر لەپەرهام نەکاتەوە. هەرکات ئەچووە ناو جێگا بیرو ئەندێشەی

جۆراوجۆر نیگەرانیان ئەکرد. دەترسا لەم هەڵبژاردنەش پەشیمان بێت چوونکە ئەو جاری یەکەم گەزرابوو.

بەبڕوای ئەو هاوسەریتی لەسەر بناغەی عەشق دائەمەزری، سەبارەت بەرۆستەمی هیچ هەستێکی عاشقانەی نەبوو. هەروەک ئەوکاتەی لەگەڵ کورش نەیبوو. دەترسا جارێکی دیکەش مێژوو دووبارە بێتەوە.

بەیانی پێنج شەممە پەرهام لەسەفەر گەڕایەوە، هەرکە گەیشتەوەماڵەوە بەخێرایی چووە لای کچەکەی. بەپێچەوانەی هەموو کاتێ ماندانا رووی لەباوکی وەرگێڕا. پەرهام ماچێکی گەرمی روخساری کردو وتی:

-ئەی ناشیرین قسە لەگەڵ بابە ناکەیت؟ بڕوانە بابە چی بۆ هێناویت، حەزت لێیەتی؟ دیارییەکەی باوکت لاجوانە؟

ماندانا بووکە جوانەکەی فڕێدا و بەتوڕەییەوە وەڵامی باوکی دایەوە:

-من بووکە شووشەم ناوێت.

_بۆچی؟ حەزت لێ نیە؟ جوان نیە؟

-من ئیدی منداڵ نیم، ئێستا شەش ساڵ تەمەنمەو ئیدی گەورە بووم.

- بەڵێ تۆ راستەکەیت، بەڵام ئەمە دیارییە. کچێکی ئاقڵ و ژیر هیچکات دیاری رەت ناکاتەوە، گەر بەلایەوە جوانیش نەبێ.

-نامەوێت بووکە شووشەم ناوێت بابە.

-ئەی چیت ئەوێ؟ هەرچیت پێ خۆشە بیڵێ.

-بابە من تۆم ئەوێت، حەزدەکەم لەلام بیت. ئیدی مەڕۆ بۆ سەفەر.

-هەرئەوەندە؟ ئەمە خۆ شتێکی گرنگ نیە، هەوڵئەدەم لەمەودوا زۆرتر لای تۆ بمێنم، ئێستا رازیبوویت؟

-نە بابە رازی نەبووم.

-زۆرباشە ئیدی چیت ئەوێت؟

-پەیمان ئەدەی تورە نەبیت؟

-بەڵێ پەیمان ئەدەم.

-پەیمانیش ئەدەی ئەوشتەی داوای ئەکەم ئەنجامی بدەی؟

-گەر لەدەستم بێت بەڵێ.

ماندانا سەری بردە بن گوێی باوکی و شتێکی چرپاند بەگوێیدا. دڵی پەرهامی لەرزاند!! ئەویش هەمان داواکاری هەبوو کەپەرهام دەیویست. هاوسەرێتی هانیە و هێنانی بۆ ماڵی خۆیان.. پەرهام پێکەنی و مژدەی دا بەکچەکەی بەقسەی ئەو رەفتار ئەکات.

دوای ئەم وت و وێژە کچەکە چوو بە لای یاریکردنی خۆیەوە، پەرهامیش چووە ژوورەکەی خۆی و لەهەمان کاتدا تەلەفۆنی بۆ هانیە کرد و داوای لێکرد عەسر سەردانیان بکات. ئەم قسەیەی پەرهام هانیەی توشی شۆک کرد. تا ئێستا پێشینەی نەبووە پەرهام داوای لێبکات بێت بۆ لایان، لەوانەیە کارێکی گرنگی هەبێت کەوا بەخێرای داوای ئامادەبوونی لێکرد.

کاتێ گەیشتە ئەوێ پەرهام نەیهێشت زۆر بیر بکاتەوە، لەکاتێکدا خۆی ئامادەی چوونە دەرەوە کردبوو وتی:

-واباشە بچینە دەرەوە نانی ئێوارە بخۆین. کارێکی گرنگم پێتە پێم خۆشە میوانداریت بکەم.

هانیە بەسەرسامییەوە تەماشای کردو پرسی:

-چی بووە؟ بۆچی وا بەپەلەیت؟

-دواتر بۆت باسدەکەم.

هانیە بەچواردەوری خۆیدا روانی و پرسی:

-ئەی ماندانا لەکوێیە؟ ئەویش لەگەڵمان نایەت؟

-نە بڕیارم داوە ئەمشەو بەتەنها بین، تەنها من و تۆ، وابزانم ئاوا باشتر بێت.

-باشە من قسەیەکم نیە، بەڵام وابزانم نیگەران دەبێت گەر لەگەڵ خۆمان نەیبەین؟

-نە، من و ئەو پێشتر قسەمان کردووەو گەیشتووینەتە ئەنجام. دڵنیابە هیچ گرفتێ پێش نایەت.

لەچێشخانەیەکی بەناوبانگی شاردا دانیشتن و پەرهام خێرا داوای خۆراکی کرد. تیشکێکی تایبەت لەچاوەکانی ئەدرەوشایەوە. هەردووکیان نانەکەیان بەئیشتیهاوە خوارد. هانیە زۆر مەبەستی بوو کارەکە بزانێ بۆیە کورسییەکەی هێنایە پێشەوەو وتی:

-ئێستا بڵێ بزانم ئەوکارە گرنگە چییە وا بەپەلە منت ئامادە کردووە؟ تۆ هیچ کارێک بەبێ هۆکار ئەنجام نادەی.

پەرهام دەستەکانی تێک ئاڵاندو خستیە سەر مێزەکە، لەکاتێکدا بەوردی لەچاوەکانی هانیە ورد ئەبووەوە وەڵامی داوە:

-هانیە ئەمەوێت بەپرسیارێکی لەناکاو غافڵگیرت کەم، با ئەوەشت پێ بڵێم دوا رۆژی من و ماندانا بەسراوە بەوەڵامەکەی تووە.

هانیە تۆزێ چووە پێشترو وتی:

-ئەو مەبەستە چییە پەرهام؟

-وەلامی تۆ چارەنوسی من دیاری ئەکات، لەبەر ئەوە پێم خۆش نیە زۆر ئەملاو لا بکەین. تەنها بەوشەیەک رازیت شوو بەمن بکەیت یان نە؟

-چی؟ چیت وت؟

هانیە بەهەڵچوونێکی تایبەتەوە ئەم پرسیارەی کرد، کە پەرهامی لەجێی خۆی وشک کرد. پەرهام دەمی کردەوەو وتی:

-پێم خۆشە لەگەڵ من ببیتە هاوسەر، هانیە من پێویستم پێتە، هەستەکەم بەتەواوی بوونمەوە پێویستم پێتە. کاتێ لەئێران نەبوویت و دوو ساڵ جێت هێشتین، ئەوکاتە زانیم بوونت چەندە بۆ من بەبایەخە. من نازانم تۆ دەربارەی من چ بیرێک دەکەیتەوە، نازانم منت خۆش ئەوێت یان نە؟ بەڵام گەر بەجێم بێڵی تاکۆتایی تەمەن لەگەڵ کەس زەماوەند ناکەم. من مرۆڤێکی هەستیارم ناتوانم تا کۆتایی دونیا هاوسەرێک بەدڵی خۆم بدۆزمەوە. هانیە پێم بڵێ چ بڕیارێک ئەدەی؟ لەلام ئەمێنیتەوەو هەروەکو پێشتر چرای ماڵەکەمان رۆشن ئەکەیت یان بەجێم دێڵێ و من و هەستەکەم واز لێدێنی؟

هانیە نەیتوانی وەڵامی بداتەوە. گرێی سەرپۆشەکەی شل کردەوەو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، هەستیکرد سینەی خەریکە ئەتەقێ. بەشێوازێکی تێکەڵ و پێکەڵ وتی:

-پەرهام واباشە لێرە بڕۆین، هەوای ئێرە بێزاری کردووم زۆر گەرمە.

پەرهام نەیتوانی لەمەبەستەکەی تێبگات، بەبێ وەستان پارەی خواردنەکەی داو چوونە دەرەوە. هانیە نەیدەتوانی

بەڕێگەدا بڕوات. قەڵەمی ئەژنۆی شکابوو. ڕەگەکانی سست بووبوو. هەستێکی غەریب سەراپای داگیر کردبوو. ئەوەندە خۆشی لەخۆیدا ئەبینی خەریک بوو لەشەقەی باڵ بدات. ماوەیەکی پێچوو تا بیرو هۆشی کۆ کردەوە.

لەناو ماشین لەلای پەرهام دانیشت و بەبێ هیچ قسەیەک هۆن هۆن ئەگریا. پەرهام بەماتییەوە بۆی ڕوانی و وتی:

-هانیە بەداخەوەم بوومە هۆی نیگەرانی و یادخستنەوەی خەمەکانت. من هەقم نەبوو وەها پێشنیارێک بکەم. گەر ئازارم دای داوای لێبووردن ئەکەم، ئەتوانی قسەکانی ئەمشەوی من بەتەواوی لەبیر بکەیت. منیش ئەو هەستەم خامۆش دەکەم. تا تۆ بەو پەرێشانیە نەبینم.

-نە، پەرهام تۆ لەهەڵەدای.

-دەی بڵێ هۆکاری گریانەکەت چییە؟ بۆچی پێشنیارەکەم ئاوا هەراسانی کردی؟

-لەبەر ئەوەی کە... پەرهام چۆنت پێ بڵێم؟ من بیست و یەک ساڵە بەتەواوی بوونمەوە، بەتەواوی هەستمەوە عاشقت بووم، بەبێ ئەوەی تۆ هەر ئاگاشت لێبێ. شێتانە لەدوورەوە خۆشم ئەویستی. دەساڵ بەر لەوەی زەماوەند بکەیت ئەو خۆشەویستییە لەدڵما خونچەی کردو پشکوت.

هەمیشە هەوڵم ئەدا خۆمت لێ نزیک بکەمەوە بەڵام تۆ هەرگیز هەستت پێ نەکرد. عەشقی من بەشاراوەیی مایەوە چوونکە وەها شەهامەتێکم نەبوو بۆت باسبکەم. هەمیشە وامدەزانی خۆشت دەوێم.. بێدەنگیت بۆ من نیشانەی ڕازیبوون بوو. تا ئەوکاتە مەلەکیا هاتە ناو ژیانتەوە.

کاتێ ئەو هەواڵەم بیست لەپێ کەوتم. وەک منداڵی دایک مردوو سەرم بەدارو دیواردا دەدا، بۆ عەشقی لەدەست چووم. هەموو شتێ لای من کۆتایی هاتبوو. دواتر هەوڵم ئەدا خۆمت لێ ونکەم. ماوەیەک چووم بۆ سەفەر، بەڵام هەمیشە تۆم لەبەرچاو بوو. ئەم خەمە کۆسپێکی گەورە بوو بۆ من و وەکو کێوێکی گەورە خرابێتە سەر دڵم دڵمی مراند.

-هانیە چی ئەبیستم؟ تۆ.. تۆ تەواوی ئەو ماوەیە عەشقی منت شاردۆتەوە؟ ئای کە بێمێشک بووم.

-گوێبگرە پەرهام بهێڵە برینی قەتماغە بەستووی سەر دڵم بکەمەوە. بڕیارمدابوو هەرگیز نەتبینم. بەڵام ئاکاری فریشتە ئاسای مەلەکیا خۆشەویستی خۆی لەدڵمدا چاند کارێکی کرد ڕق و قینی من بگۆڕێ بەخۆشەویستی. لەبەر عەشقی لەدەست چووم بڕیاری شووکردنم دا ئەوەش بوو کە بینیت.

کوڕشم لەبەر ئەو هەڵبژارد بەڵکو بتوانێ جێگەی تۆ پڕبکاتەوە. بەداخەوە نەمتوانی لەوکارەمدا سەرکەوتووبم و کامەرانی بەدەست بێنم. مەرگی مەلەکیاو تەنهایی تۆ دووبارەعەشقەکەی لەدڵما زیندووکردەوە. تۆ ئەوەندە نوقمی خەیاڵاتی خۆت بوویت، ئەوەت لەبیر کردبوو لەوانەیە ژنێکی دیکەش هەبێت بەتەواوی بوونیەوە وەک مەلەکیا خۆشی بوێیت.

تۆ لەقسەکانم ناگەیت. دەرک بەهەستەکەم ناکەیت. ساڵانێک بەدیار بیستنی وشەی خۆشم ئەوێیتەوە دانیشتم. ئەم دواییانە بەتەواوی دەستم لێی شۆری. دڵنیا بووم من و تۆ هەرگیز بۆ یەک نابین..

ئەمشەو کە پێشنیاری هاوسەرگیریت پێ کردم، بیرەوەری ساڵانی چاوەڕوانیم هەژاندمی. وشەیەکت بەزاردا هات ساڵانێک من چاوەڕوانی بیستنی بووم. بڕوا بکە بەجۆرێک سەرم لێ شێوا بوو، تا ساتێکیش وامدەزانی شێت بووم.

چاوەکانی پەرهام پڕ بوون لەفرمێسک و وتی:

-هانیە، هانیە تو خودا بمبوورە، من چ کەسێکی خۆ پەرستو بێ رەحم بووم، تۆم لەلای خۆم ئەبینی و هەستم بەو عیشقەت نەدەکرد. بریا زووتر ئەم راستیانەت پێم بووتایە، بریا منت زووتر لەو خەوی بێ ئاگایی هەڵساندایە، من چۆن ئەتوانم رۆحی زامداری تۆ سارێژ بکەم؟

-گرنگ نیە پەرهام هەر ئەوەندەی بزانم خۆشت ئەوێم بەسە، بیستنی وشەی میهرەبانی لەتۆوە تەسکینی دڵی زامدارم ئەدا.

-هانیە زۆرم خۆش ئەوێت، تەنانەت زیاتر لەگیانی خۆم.

پەرهام بەستەیەکی جوانی لەگیرفانی دەرهێنا. کردیەوە ئەڵقەیەکی ئاڵتونی لەبەرامبەر هانیە گرت، بەدەستە لەرزۆکەکانی ئەڵقەکەی کردە پەنجەی هانیە.

-هانیەی خۆشەویستم، مادام زیندووم و تۆم هەیتو لەلاتم ئیدی پارێزگاریت دەکەم. ئێمە دەتوانین لەمەودواش ژیانێکی خۆش بگوزەرێنین. هەوڵەئەدەین ساڵانی رابردوو قەرەبوو بکەینەوە.

هانیە کەبەتەواوی نوقمی خۆشی و شادی بووبوو ئەڵقەی دیاریکردنەکەی ماچکردو وتی:

-منیش هەوڵدەدەم بۆ لەمەودوا هاوسەرێکی شایستەبم بۆت و دایکێکی میهرەبان بۆ ماندانا. بەڕاست تۆ دەڵێ ماندانا بەبیستنی ئەم هەواڵە ئەبێ چی بکات؟

-ماندانا بەر لەتۆ ئاگادارە، من لەسەر داوای ئەو ئەمشەو داوامکردی، من و ماندانا هەردووکمان دەردێکی بێ دەرمانمان هەیە هەردووک دەردی بێ کەسی.

-پەرهام ئێوە ئیدی تەنها نین. من هەمیشە لەلای تۆ ماندانا دەبم. تەنانەت ئەوکاتانەش کە لەلاتان نەبووم بەردەوام بیرم لێکردونەتەوە.

-نازانی ماندانا بەبیستنی ئەم هەواڵە چەندە خۆشحاڵ ئەبێ، ئێمە دەبێ هەرچی زووترە کاتی زەماوەندەکە دیاری بکەین و کارێکی گەورەش هەیە ئەنجامی بدەین.

-چ کارێک؟

-ئەمەوێت شووقەکەم بفرۆشم، هەرلەبەر ئەوەش پارچە زەوییەکم لەسەروی شار کڕیوە، ئەمەوێت لەوێ ماڵێک بەئارەزووی خۆمان دروست بکەین. خۆ تۆ گلەییەکت نیە؟

-ناتوانم هەمبێت، هەرکارێک تۆ بتەوێت هاوکاریت ئەکەم.

-کاری دروستکردنی ماڵ زیاتر لەشەش مانگ درێژە ناکێشێ، ئەوکات ئەتوانین زەماوەندەکەمان بەخۆشی بکەین.

-ئای پەرهام تۆ بۆمن گەنجینەیەکی، تۆ فریشتەیەکی خودای.

پەرهام تا درەنگێ هانیەی بەناو شاردا گەڕان، دوای کۆتایی هاتنی قسەکانیان هانیە بۆ شووقەکەی خۆی گەڕایەوە. لەخۆشیدا لەسەر دوو قاچ خۆی نەدەگرت. هەرچەند زۆری لەشەو

رۆشتبوو فنجانێ قاوەی خواردو لەسەر قەنەفەکە دانیشت و بیری لەپەرهام ئەکردەوە. چەندە هەستی بەخۆشبەختی ئەکرد. داری چاوەڕوانی ئێستا هاتۆتە بەرو هیواداربوو پەرهام شیرینی و خۆشی ژیانی بۆ بگەڕێنێتەوە.

رۆژی دواتر توانی لەدەفتەرەکەیەوە تەلەفۆن بۆ رۆستەمی بکات. رۆستەمی هێشتا ئومێدەوار بوو بتوانێ رازیبوونی هانیە بەدەست بهێنێ، بەڵام کاتێ ئەو دەزگیرانی خۆی و پەرهامی پێ وت و وەڵامی نەخێری خۆی پێدایەوە، هانیە تێیگەیاند لەبەر هەندێ هەستی ناوەکی خۆی هەرگیز نەیدەتوانی هاوسەرێکی شایستە بێ بۆی، واباشە لەقوسوری ببوورێ.

رۆستەمی هیوای سەرکەوتن و خۆشبەختی بۆ خواست، لەوەدوا بەتەواوی پەیوەندییان پچڕا.

هانیەو پەرهام لەپەنای یەکدا ساتە خۆشەکانیان بەڕێدەکرد. کاری دروستکردنی ماڵەکە بەخێرایی بەرەو پێش ئەڕۆشت، پەرهام جار جارێک کە دەچوو بۆ سەردانی خانوەکە هانیەی لەگەڵ خۆی ئەبرد، تا لەسەلیقەی ئەو سود وەرگرێ بۆچوونەکانی ئەوی لا مەبەست بوو.

هیچ کەس بەئەندازەی ماندانا لەپەنای هانیەدا لەزەتی نەدەبرد. هانیە بەشێوەیەک دڵی ئەو منداڵەی بۆ خۆی راکێشابوو کە دەچوو بۆ لایان لەکاتی گەڕانەوەدا ماندانا خۆی ئەئاڵاندە گەردنی هۆن هۆن ئەگریا زۆرجار هانیە ناچار دەبوو شەو لەلایای بمێنێتەوە.

ماندانا زۆری حەز لەوێنە کێشان بوو، هانیە لەوبارەوە زۆری هەوڵ لەگەڵ ئەدا. بەبوونی هانیە ئیدی بیانوی دووری باوکی نەدەگرت، پەرهام ئەیتوانی بەباشی کاروباری کۆمپانیاکەیان بەڕێوەببات هیچ نیگەرانی کچەکەی نەبێت.

هورەنگ وشەهلا شەوێک لەماڵی پەرهام دەعوەت بوون. هورەنگ کە لەهەڵبژاردنەکەی هانیە رازیبوو. لەکاتی نانخواردن بەئاکارە تایبەتەکەی خۆی هەموویانی هێنابووە پێکەنین. پەرهام لەکاتێکدا تیکەیەک لەدەمیدا بوو ئەوەندە پێکەنی ئێسقانی گیرایە قوڕگی توشی کۆکەیەکی توند بوو.

هانیە بەڕقەوە بۆ براکەی روانی تەماشایەکی پەرهامیشی کرد. پەرهام پەرداخێک ئاوی خواردەوەو مێزی نان

خواردنەکەی بەجێهێشت. چەند خولەک دواتر گەڕایەوە، هێشتا ڕەنگی پەڕیوی پێوە دیار بوو.
هانیە بەتوڕەییەوە بە هورەنگی وت:
-تۆش کاتت بۆ گاڵتە کردن دۆزیوەتەوە؟
-گەر خودا منی بەگاڵتەچی دروست کردووە خۆم دەسەڵاتم چییە؟
کاتێ پەرهام گەڕایەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی وتی:
-زۆری نەمابوو بخنکێم، گەروم ئەتۆزێتەوە. هانیە بەنیگەرانیەوە وتی:
-تو خودا ئاگات لەخۆت بێت بەتەواوی ترسام.
پەرهام بەپێکەنینەوە وەڵامی داوە:
-مەترسە ئازیزەکەم من وەک پشیلە حەوت رۆحم هەیە.
هورەنگ پارویەکی قوتداو وتی:
-ئەرێ بەڕاست پەرهام سەرئێشەکەت باشە؟
-بەتەواوی نە، زۆرجار نارەحەتم ئەکات.
-نەچوویتە لای پزیشک؟
-چۆن، نەک جارێک بەڵکو دەیان جار. سەرەتا وامدەزانی ئازاری سەرم هی کزی چاومە، سەردانێکی پزیشکی چاویشم کرد، هۆکارەکەی ئەوەش نەبوو.
-کەواتە هێشتا هۆکارەکەی نازانی؟
-پزیشکێک دەڵێ هۆکارەکەی هەوکردنی سییەکانتە. یەکێ تر ئەڵێ لەوانەیە دووچاری خەمۆکی بووبووی. جاری وا هەیە لەبەر ئازار وەک مار پێچ ئەدەم.
هانیە کەوچک و چنگاڵەکەی لەسەر قاپەکە دانا، روویکردە

پەرهام و وتی:

-تا ئێستا لەوبارەوە هیچت بەمن نەوتووە؟

-شتەکە ئەوەندە گرنگ نیە، نابێ خۆت نیگەران بکەیت.

هورەنگ بەگاڵتەوە وتی:

-نیشانەی پیرییە.

هانیە بەبێ ئەوەی ئاگای لەو تەشەرە بێت، لە پەرهامی پرسی:

-لەکەیەوە توشی ئەو ئازارە بووی؟

-نزیکەی دوو ساڵێک ئەبێ، سەرەتا ئازارەکەی کەم بوو بەڵام ئێستا وردە وردە زیاد دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ نابێ لەبەر شتێکی وا بچوک خۆت نیگەران بکەیت.

-وا باشترە کارەکە بەسوک نەگریت، سەرێک لەپزیشکێکی تایبەتی مێشک بدەو تاقیکردنەوەیەکی گشتی بکە.

-ئەوا چەند ساڵێکە هەموو شتێکم وەلا ناوە، بەهەرحاڵ بەچاوان. هەوڵدەدەم ئامۆژگارییەکەت لەگوێ بگرم، لەیەکەمین فرسەتدا پەیوەندی ئەکەم بەپزیشکەوە، واباشە ئەو باسە واز لێبێنین ئەمشەو زۆر خۆشە با بەوشتە لاوەکیانەوە نەیبەینە سەر.

جارجارێک ئازارەکە زۆری بۆ پەرهام ئەهێناو لەجێی خۆی لولی ئەکرد، لەبەرئەوە هانیە پێداگری ئەکرد ئەبێ پەرهام سەردانی پزیشکێکی مێشک بکات، بەڵام لەبەر کاری زۆرو جەنجاڵی کۆمپانیا نەیدەتوانی بەوکارەیدا ڕابگات، هەرکە ئازار زۆری بۆ ئەهێنا حەبێکی ئارام کەرەوەی بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکەی ئەخوارد ئیدی چوون بۆ لای پزیشکی فەرامۆش

ئەکردو زۆر گرنگی بەوبابەتە نەدەدا.

کاری خانووەکەیان خەریک بوو کۆتایی ئەهات، ئیدی کاتی زەماوەندیان نزیک ئەبووەوە.

دوو مانگی مابوو بۆ کۆتایی هاتنی کارەکەیان پەرهام لەلایەن کۆمپانیاکەیانەوە دەست نیشان کرا بۆ رۆشتنی بۆ شارێکی تر بۆ بەستنی گرێبەستی قیرتاو کردنی شەقامێکی گەورەی نێوان دوو شار. وەکو هەمیشە ماندانا نیگەرانی خۆی دەر بڕی، پەرهام هەوڵیدا وەکو پێشتر باوەڕی پێ بهێنێ.

-ئەمجارە تەنها نیت، هانیە چاودێریت ئەکاتو ئاگای لێت ئەبێ. هەوڵئەدەم زوو بگەڕێمەوە. کاتێ گەڕامەوە ئەچینە ماڵە تازەکەمانەوە. دواتر دایکە هانیە بۆ هەمیشە لەگەڵ ئێمە دەژی.

هانیە سەری ماندانای نا بەسینەیەوە بۆ درێژەدان بەقسەکانی پەرهام وتی:

-ئێمە ئەوەندە کارمان هەیە نامانپەرژێ بیری بابە بکەینەوە. ماوەیەکە بەتەواوی وازت لەوێنە کێشان هێناوەو پشت گوێمان خستوەو، دەبێ سەر لەنوێ دەست پێبکەینەوە.

-ئەی نابێ بۆ قوتابخانە بڕۆم؟

-با خۆشەویستم، بەڵام هێشتا هەفتەیەکی ماوە بۆ کردنەوەی قوتابخانە، ئەوکات دەبێ وەکو هەموو کچە جوانەکانی تر بەجوانی وانەکانت بخوێنی.

-بابە تا ئەوکاتە تۆ ئەگەڕێیتەوە؟

-بەڵێ کچەکەم دڵنیابە.

-پێم خۆشە رۆژی کردنەوەی قوتابخانە تۆم لەلا بی.

-تا ئەو کاتە هانیە هەموو شتێ ئامادە ئەکات، رۆژی یەکەم

تۆ دەتوانی بەئامادەیی تەواوەوە بڕۆیتە قوتابخانەو، منیش ئەو ڕۆژە لەلات ئەبم.

پەرهام لەلایەن مانداناوە نیگەرانیەکی نەبوو. لەو ڕۆژەوەی لەگەڵ هانیە بڕیاری زەماوەندیاندا پەرستارەکەی ماندانا وازی لەکارەکەی هێناو چاودێری کچەکەی بە هانیە سپارد.

هانیە وەک دایکێکی میهرەبان زۆربە بەمیهرەبانی و دڵسۆزییەوە چاودێری ماندانای ئەکرد. تەنانەت جل و بەرگی قوتابخانەو قەڵەم وجانتاو هەموو پێداویستیەکانی دیکەیشی بەدەستی خۆی بۆ ئامادە کرد، هەوڵی ئەدا لەنەبوونی باوکی بەخۆشی ڕابوێرێ. ماندانا لەسۆزی دایک بێ بەش بوو، هێندە هۆگری هانیە بووبوو گەر ساتێک لێی دوور بووایە نارەحەتی و بێتاقەتی سەراپای داگیر ئەکرد. ماندانا تەنها بەوێنەو باسکردنی دەوروبەر دایکی ئەناسی، هەرکات تەنها ئەبوو ئەچووە لای ئەو تابلۆیەی کە مەلەکیا بەدەستی خۆی وێنەی خۆی کێشابوو، دائەنیشت لەگەڵ وێنەکە گفتوگۆی ئەکرد. هانیە هەرکات بەپێویستی بزانیایە دەربارەی دایکی قسەی بۆ ئەکردو باسی ئاکارەکانی ئەوی بۆ ئەکرد.

-هانیە من زۆرجار دڵم بۆ دایکم تەنگ ئەبێ، بەڵام ئەشزانم خودا زۆر میهرەبانە خۆی ئاگای لەدایکم ئەبێ.

-بەڵێ کچەکەم دایکت لەلای خودایەو شوێنەکەیشی خۆشە.

-باوکم هەمیشە ئەڵێ دایکت لەسەرو ئەستێرەکانەوە وەستاوەو تەماشای ئێمە دەکات. بەڵام ناتوانێ قسەمان لەگەڵ بکات، چوونکە دایکم وەکو فریشتەکان باڵی هەیەو ئەفڕێت ناتوانێ وەک ئێمە لەسەر دوو قاچ بڕوات. باوکم ئەڵێت گەر

دایکیشم بێتە سەر زەویش ئێمە ناتوانین بیبینین، بەڵام ئەو بەباشی ئێمە ئەبینێ.

-بەڵێ خۆشەویستم راستەکات.

-منیش لەبەر ئەوەی دایکم دڵخۆشکەم هەمیشە هەوڵدەدەم کچێکی باش بم، تا دایکم رازی بێ لێم و لای فریشتەکان شەمەزار نەبێ. بەراست هانیە تۆ هەمیشە لای دایکم بوویت پێم بڵێ ئەو کاتێ زیندوو بوو حەزی لەچی ئەکرد؟

هانیە بیرەوەریەکانی مەلەکیای بۆ ئەگێڕایەوە، ماندانا بەوردیەوە گوێی بۆ شل ئەکرد بەزەوقەوە بۆ وێنەکەی دایکی ئەڕوانی.

پەرهام لەیەکەم ساتی گەیشتنی تەلەفۆنی بۆ هانیە کردو لەنێوانیاندا گفتوگۆیەکی خۆش کرا. پەرهام شەو لەمیوانخانەیەکی باش شوێنی مانەوەی گرت. بەیانی بەسەری ئێشاوەوە بەرەو شوێنی کارەکەی بەڕێکەوت.

لەلایەن میوانخانەکەوە ئۆتۆمبیل و شۆفیریان بۆ دابین کردبوو. لەنیوەی ڕێ فەرمانی بەشۆفێرەکەدا بووەستێ تا حەبەکانی بەپەرداخێ ئاو بخوات. شۆفیرەکە دابەزی چو دوو پەرداخ شەربەتی هێنا، پەرهام حەبەکانی بەشەربەتەکەوە قوتداو شۆفیرەکە کەوتە ڕێ.

پەرهام تا نزیکەی نیوەڕۆ کارەکەی تەواو کرد. بەماشین بەرەو میوانخانە گەڕایەوەو بڕیاریدا دوای نان خواردنی نیوەڕۆ تائێوارە بخەوێ، بەڵام کەوتەوە بیری کاتژمێری سێ کۆبوونەوەیەکی گرنگیان هەیە تەماشای کرد زۆری نەماوە بۆ ئەوکاتە بەم ئازارە زۆرەی سەریەوە دەبێ لەئێستاوە بکەوێتە ڕێ.

بەدرێژایی ماوەی کۆبوونەوەکە سەرە گێژەی بوو، چەندجارێک ویستی کۆبوونەوەکەی بەجێ بێڵێ بەڵام هەوڵی ئەدا خۆی بگرێ و دژایەتی ئەو ئازارە بکات. هەموو گیانی بوو بوو بەعارەق و ڕەنگی بەتەواوی پەڕیبوو.

هاوکارێکی پاڵ دەستی هەستی پێکرد بەئارامی پێی وت:

-جەنابی ئەندازیار ئەڵێ حاڵت باش نیە؟

پەرهام بەزۆر لەخۆ کردنەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کردو وتی:

-کەمێک ئازارم هەیە بەڵام زۆر گرنگ نیە.

-گەر گرفتێکت هەیە ئەتوانی کۆبوونەوەکە بەجێ بهێڵی.

-جارێ ئەتوانم بەرگە بگرم، لەوەی کە بەتەنگ منەوەی سوپاستەکەم.

چەند خولەک دواتر سەرۆک داوای لێکرد لەبارەی پرۆژە تازەکەیانەوە روونکردنەوەکیان بۆ بدات. پەرهام پەروەندەکەی بەدەستەوە گرت و لاپەڕەی یەکەمی کردەوە. لەکاتێکدا ئەیویست کۆنترۆڵی خۆی لەدەست نەدا لەجێگەکەی هەستاو هەمووگیانی لەعارەقدا شەلاڵ بووبوو. قاچەکانی تواناى هەڵگرتنی قورسایی جەستەیان نەبوو.

-لەگەڵ داوای لێبووردن لەبەرێزان هەوڵئەدەم کەمێک لەبارەی پرۆژە تازەکەوە روونکردنەوەتان بۆ بدەم..... بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو تا ئاوی ناو دەمی قوت بداتەوە، سەری گێژی خوارد. چەند چرکەیەک چاوەکانی نوقاند. هۆڵەکە لەبەر چاوی ئەخولایەوە. کاتێ چاوی کردەوە تەماشای کەسانی دەورو بەری کرد. خەڵکەکانی بەردەمی سەمایان ئەکرد.

گورزی کاریگەر بەر جەستەی ئەکەوت. دەنگی سەیر سەیر بەگوێدا ئەچو. تا دەمی کردەوە دەنگێکی سەیر لەگەرویەوە دەرچو, لەکاتێکدا بەچوار دەوری خۆیا ئەڕشایەوە، کەوتە سەر زەوی کورسیەکەی لەگەڵ خۆی خست.

کۆبوونەوەکە تێکچوو هاوکارەکانی هاتنە یارمەتی. پەرهام کە نیوەگیانێک زیاتر نەبوو بردیانە دەرەوەو بەئۆتۆمبلێک

گەیاندیانە نزیکترین نەخۆشخانە.

پەرهام نزیکەی دوو کاتژمێر بێهۆش بوو، لەدرێژایی ئەو ماوەیەدا هەموو جۆرە تاقیکردنەوەیەکیان بۆ کرد.. ئەشیعەو.. تاقیکردنەوەی خوێن، سی تی ئەسکەن، .... هتد.. وەک بەداخەوە هەموو تاقیکردنەوەکان وەڵامی جەرگ بڕیان ئەدایەوە.

دوو ڕۆژ بوو پەرهام تەلەفۆنی بۆ هانیە نەکردبوو، ئەو زۆر نیگەرانی ئەو بابەتە بوو. چەندجارێک تەلەفۆنی کرد بۆ ئەو میوانخانەی پەرهامی لێی ئەمایەوە. بەڵام بەڕێوەبەری میوانخانەکە پێی وتبوو کەوا دوو ڕۆژ لەمەوبەر پەرهام چووەتە سەرکارو نەگەڕاوەتەوە. هانیە لەماڵی پەرهام نیشتەجێ بووبوو. چرکەیەک لەتەلەفۆنەکە دوور نەدەکەوتەوە.

لەگەڵ بوونی ئەو هەموو نیگەرانی و دڵە تەپە، هێشتاش هەوڵی ئەدا ماندانا بەحاڵی نەزانێ ئاگای لەوە نەبێ کە باوکی ئەوەندە بەکارەوە سەرقاڵە تەنانەت دەرفەتی تەلەفۆن کردنیشی نیە. گەرچی توانی بووی بەهۆشیاری خۆی ماندانا سەرقاڵ بکات و پەی بەو باسە نەبات، بەڵام بۆ خۆی لەوە دڵنیابوو پەرهام شتێکی بەسەرهاتووە.

لەڕۆژی چوارەمدا ئیدی نەیتوانی بەسەر خۆیدا زاڵبێت، پەیوەندی کرد بەکۆمپانیاکەی پەرهامەوەو داوای ژمارە تەلەفۆنی پەرهامی کرد. دوای وەرگرتنی ژمارەکە خێرا تەلەفۆنی بۆ شوێنی کارەکەی کرد.

یەکێ لەهاوکارانی پەرهام ئاگای لەنەخۆشی و کەوتنی لەنەخۆشخانەی پەرهام هەبوو، بەدوورو درێژی بۆ هانیەی

گێڕایەوە، پێشی وت نایەوێت زۆر نیگەران بێت چوونکە بەم زوانە لەنەخۆشخانە دێتە دەرەوە.

هانیە لەنیوەی شەودا، کاتێ لەوە دڵنیابوو ماندانا چووەتە نێو خەونێکی قوڵەوە. پەیوەندی بەنەخۆشخانەکەوە کرد، پرسیاری لەبەرپرسی ئاگادارییەکانی نەخۆشخانە کرد، خانمێکی پەرستار پێی راگەیاند حاڵی پەرهام بەرەو باشی رۆشتووەو دوو رۆژی دیکە لەنەخۆشخانە دەر ئەچێت.

شێوازی دەربڕینەکەی دڵنیاکەر بوو، کەمێک لەدڵە تەپەو نیگەرانیەکەی هانیەی کەم کردەوە. چەندە هەوڵیدا نەیتوانی بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ پەرهام بکات. پەرستار پێی وت ئەو ناتوانێ لەجێگەکەی هەستێ و بێتە خوارەوە.

شەش رۆژ دوای کەوتنی، پەرهامیان لەنەخۆشخانە دەرکرد. بەحاڵێ شێواو رەنگی پەڕیوو زەرد هەڵگەڕاوو گەڕایەوە بۆ میوانخانەکە. مۆڵەتی لەکۆمپانیا وەرگرت تا بگەڕێتەوە بۆ تاران و کارە ناتەواوەکانی لەکاتێکی تردا ئەنجام بدات.

پەرهام دوای کۆکردنەوەی شت و مەکەکانی تەلەفۆنی بۆ هانیە کردو پێی وت ئەگەڕێتەوە. هەرچەندە هانیە پرسیاری لەهۆکاری نەخۆشیەکەی و کەوتنی لەنەخۆشخانە ئەکرد. پەرهام بەخوێنساردییەوە وەڵامـی داوە کـەوا ماندوویی و شەکەتی بۆتە هۆکاری نەخۆش کەوتنی. ئێستا بەتەواوی چاک بۆتەوەو هیچ شتێ نیگەرانی ناکات. راستەوخۆ بەفڕۆکە گەڕایەوە تاران.

هانیە لەماڵەوە نائارامانە چاوەڕوانی گەیشتنەوەی ئەکرد. هانیە هەوڵیدا کۆنترۆڵی خۆی لەدەست نەدات، پەرهام لەگەڵ

ئەوەی ئازار هەناوی ئەسوتاند هەوڵیئەدا زەردەخەنە لەلێوی نەبڕێ و لەوەی کە نەیتوانی بوو دیارییان بۆ بهێنێ داوای لێبووردنی لێکردن. ماوەیەک لایان دانیشت و پاشان بەبیانوی ماندویی چووە ژووری نوستنەکەی. هانیە دوای ئەوەی مانداناى خەواند بەجێی هێشتن.

پەرهام لەوکاتەوی لەوشارە گەڕابووەو ئارام و ئۆقرەی نەبوو. لەکاتێکدا لەگەڵ هانیەو ماندانا ئەبوو نەیدەخستە خۆی بۆ ئەوەی کەمترین هەست نەکەن. بەڵام کاتێ تەنها ئەبوو جۆگەلەی فرمێسک بەگۆناکانیدا ڕێچکەی ئەبەست.

شەوانە زۆرجار ئەچووە ژوورەکەی مانداناو کاتێ ئەیبینی لەخەوێکی قوڵدایە تەماشای روخساری بێ گوناهی ئەکرد، لەدڵەوە قسەی لەگەڵ ئەکرد. بەئارامی دەستی ئەهێنا بەقژیداو سەری نەوازش ئەکرد، پاشان ماچێکی گەرم و گوڕی گۆنای ئەکرد.

جاری واش هەبوو کاتژمێرێ بەرامبەر پەنجەرەکە دائەنیشت و تەماشای ئاوابوونی خۆری ئەکرد. جارجارێکیش ئەچووە سەر گۆڕستان و سەردانی ئازیزە لەدەست چووەکانی ئەکرد و لەگەڵ ئەوان رازو نیازی ئەکرد. هیچکەس نەیدەزانی بۆچی وای بەسەرهاتووە.

زۆر ئاگای لەئاکاری خۆی بوو بۆ ئەوەی هانیە پەی بەهیچ شتێ نەبات. هانیە هیچی نەدەزانی. نەیدەزانی چ ئازارێک وەکو خۆرە چنگی لەگیانی پەرهام گیرکردووەو وردەوردە خەریکە مۆخ و ئێسقانی ئەهاڕێ. چاوەڕوانی ساتێکی ئەکرد بەخۆشییەوە ژیانی هاوسەرێتیان دەست پێبکەن. پەرهام هیچ گۆڕانکارییەکی لەژیانی خۆی نەکردبوو، بەهێزو توانای خۆی خەریک بوو کاری ماڵەکەی تەواو ئەکرد. زۆری نەمابوو بۆ

تەواو بوونی ماڵەکە پەرهام بڕیاری دا بڕوات بۆ سەفەرێکی تر.

هانیە وا بیری دەکردەوە کاروباری زەماوەندو ماڵ پێکەوە نان، بیری سەفەرو چوونە دەرەوە لەمێشکی پەرهام دەرئەکات، کاتێ پەرهام پێی وت نیاوازی وایە سەفەرێک بکات. هەروەک کارەبا گرتبێتی وشک بوو. بەڵام ئەوەندە ڕێزی پەرهامی لابوو پێی خۆش نەبوو نیگەرانی بکات. لەبەر ئەوە هیچی پێنەوت.

پەرهام بەدزییەوە هەموو شتێکی سەفەری ئامادە کردبوو، پاسپۆرت فیزە تەنانەت بلیتی فڕۆکەیشی ئامادەکردبوو. لەکاتێکدا هانیە وایدەزانی ئەو بۆ یەکێ لەشارەکانی وڵات ئەڕۆات. بەڵام کاتێک مانگێک بەسەر سەفەرەکەی تێپەڕی و زانی لەسنور چووەتە دەرەوە خەریک بوو شێت بێت.

پەرهام دوای تێپەڕینی مانگێکیش هیچ هەواڵێکی نەدابوو. تەنانەت تەلەفۆنێکیشی بۆ هانیە نەکردبوو.

هانیە لەبەر ئەوەی هیچ ئاگایەکی لەپەرهام نەبوو خەریک بوو شێت ئەبوو. بەتەلەفۆن پەیوەندی کرد بەهەموو بەشەکانی کۆمپانیاکەیەوە تا نیشانەیەکی لەپەرهام دەستگیر بێ.

یەک مانگ بەوجۆرە ڕۆژەکانی تەمەنی تەواو کرد. هەزاران بیری جۆراوجۆر بەمێشکیدا گوزەری ئەکرد. ئاخرەکەی گەیشتە ئەو ئاکامەی پەرهام لەبوونی بێزارەو لەلای ئەو ماندوو بووە بۆیە بڕیاری داوە بەجێی بێڵێ.

نامە کورتەکەی پەرهام کە دووای پێنج هەفتە ناردبوو تەنها هەواڵپرسینێکی کورت بوو هیچی تر. ئیدی هیچ هەواڵێکی لەونبوون و حاڵی خۆی نەنوسیبوو. هانیەی لەوە دڵنیاکرد کە

گومانەکەی راستیەو پەرهام لیی بێزارە.

هانیە هیچ بیانویەکی بۆ ئەوکارە دزێوەی پەرهام قبوول نەبوو. ئەو ئیدی بێتاقەتی دووری پەرهامی نەدەکرد. زۆربەی کاتەکانی بەمانداناوە بەڕێدەکرد. ماندانا سەرگەرمی خوێندن و چوونە قوتابخانە بوو. هانیە هەوڵی ئەدا وەڵامی دڵخۆشکەر بەماندانا بداتەوە بۆ ئەو پرسیارانەی سەبارەت بەباوکی ئەیکرد.

هانیە لەوەی نەیدەزانی چارەنوسی چیەو چی بەسەر دێت زۆر نیگەران بوو. پەرهام لەنامەکەدا نەینوسی بوو لەکوێیەو ناونیشانەکەی کامەیە. تەنها لەڕووی پولی نامەکەوە زانی لەئەڵمانەوە نامەکە هاتووە.

پەرهام هەرئەوەندەی نوسیبوو من حاڵم باشە هیچ نیگەرانی من مەبە. لەداهاتوودا دیسان پەیوەندیت پێوە ئەکەم. ماندانا بەتۆ ئەسپێرم هیوادارم هەروەک رابردوو دایکێکی بەسۆزو میهرەبان بی بۆی و نەبوونی منیشی بۆ پڕ بکەیتەوە... تەنها ئەوەندەو بەس.

هانیە پەرهامی لەوە بەعاقڵتر دەزانی کردارێکی وا هەرزانە بکات بەبێ هۆکارێک. لەکاتێکدا هەموو شتێکی ژیانیان ئامادەیەو دەتوانن رۆژەکانی تەمەن بەخۆشی بگوزەرێنن. ئیدی چۆن لەبەرچی ئاوا رەفتارێکی کردووە خۆیشی نەیدەزانی.

هەرچەند بیری ئەکردەوە وەڵامێکی باوەڕ پێکەری نەدەدۆزییەوە، جارجارێک لەگەڵ هورەنگ دەردە دڵی ئەکرد و داوای لێئەکرد یارمەتی بدات. هورەنگ هەر لەمنداڵیەوە پەرهامی دەناسی ئەویش وەها کردارێک سەرسامی کردبوو، ئەوکارە منداڵانەی لەپەرهام بەدوور ئەزانی.

هانیە لەدەرونەوە توشی شۆکێکی زۆر بووبوو، ئەوکاتانەی ماندانا لەماڵ نەبوو چەندین کاتژمێر بەتەنها ی بیری ئەکردەوە، تا بەڵکو بەهەر جۆرێک بووە پەی بەو رازە ترسناک و جەرگبڕە ببات. نیگەرانی ئەوە بوو هیچ نیشانەیەکی لەپەرهام نەبوو، نەیدەتوانی پەیوەندی پێوە بکات و راستەیەکان لەزمانی خۆیەوە ببیستێ. نەیدەزانی لەگوناهی نەکردە خۆی سەرزەنشت بکات؟ یان تاوانی نەزانراو بۆ ئەو بتاشێ؟

ئاخرەکەی دوای چوار مانگ لەرۆشتنی پەرهام نامەیەکی تری گەیشت، لەناو نامەکەدا راستییە تاڵەکانی رونکردبووەوە. نامەکە لەیەکێ لەنەخۆشخانە گەورەکانی ئەڵمانەوە هاتبوو ئەمجارە ناو ناونیشانی لەسەر بوو.

هانیە بەدەستی لەرزۆکەوە نامەکەی هەڵپچڕی و دەستی کردە خوێندنەوەی:

"هانیە خۆشەویستی دڵم سڵاو...

سڵاوێک کە هاواری ئازارێکی بەسۆ و مەرگ هێنەرە، نازانم نامەکەم تا چ رادەیەک کارت لێدەکات؟ تا چ رادەیەک خەمبارو پەشێوت ئەکات؟ بەڵام ئەو راستیانەی ئێستا ئەمەوێت بۆت باسکەم تاقەت پڕوکێنن.

من هەر ئێستا لێدانە بەپەلەکانی دڵت ئەبیستم، کە لەچاوەڕوانی دیدرارمدا خەریکن لەناو قەفەزەی سینەتدا باڵ دەگرنو دەفڕن. بەڵام من ئیدی دەرفەتی گەڕانەوەم نەماوە!!

لەم غوربەتە ساردو سڕەدا جگە لەوتنی راستیەکان چارەیەکی ترم نیە، نامەوێت زۆر درێژەی بدەمێ، چوونکە وادەزانم تەمەن وەها مۆڵەتێکم نادات.

کاتێک لەو شارە بووم بەهۆی نەخۆشی سەختەوە لەنەخۆشخانە خەواندمیان، هەر جۆرە تاقیکردنەوەیەکیان لێدەگرتم، ئەنجامی باشی نەدەدا بەدەستەوە. هەر لەوێ بەپێی ئەو هەواڵانەی "ستی اسکن" دەری خست وەڵامێکی جەرگ بڕ بوو، کەس ناتوانێ بەرگەی بگرێ.

من دووچاری نەخۆشییەکی ترسناکی مێشک بووم. نەخۆشیەکەم هێندە سەختە وەکو خۆرە چرکە لەدوای چرکە تەمەنم ئەخوات. بڕیاری مەرگم درابوو ئەبووایە رازیشبوومایە. بەقسەی پزیشکەکان لەچەند مانگێک زیاترم نەمابوو.

گەر راستیەکەشم بەتۆ بووتایە تۆش وەک من لەم ماوەیەدا بەو ئازارەوە ئەتلایتەوە. دوور نەبوو سەختی ئەو هەواڵە لەپێی نەخستیتایە.

بڕیارمدا خۆم لەبەر چاوی هەموان ونکەم. هاتم بۆ ئێرە تا تۆ لەگەڵ خەمەکانم هاوڕێ نەکەم. بۆ ئەم شوێنە دوورە هاتم تا دوا چرکەکانی تەمەنم لەتەنهایی‌و ئارامیدا بەسەر ببەم و دووربم لەخەم و خەفەتی خۆشەویستانەوەو نیگەرانیەکانتان بەچاو نەبینم.

لێم ببوورە گەر راستیەکانم لێ شاردبوویتەوە، بڕوابکە نەمدەویست خەمبارو رەشپۆشت بکەم. ئەوە دەستی قەدەر بوو جیاوازی خستە بەینی من و تۆ. دەرد رێگەی نەدا پێکەوە شەرابی خۆشی ژیان بنۆشین. ئێستاشی لەگەڵ بێ لێدانەکانی دڵیشم هی تۆیە.

راستیەکی ترسناک و خەم ئامێزە بەڵام دەبێ بڕوای پێ بهێنین. دەبێ پێشووازی لەومەرگە بکەین لەیەکمان جیا

ئەکاتەوە.. سەرەتا وام نیاز بوو هەرگیز ئەم راستیەت بۆ باس نەکەم، ویستم جۆرێکی تر بیر لەمن بکەیتەوە، تا بەزووی بتوانی فەرامۆشم بکەیت. بەڵام بمبوورە نەمتوانی. تۆ ساڵانێک ئارامبەخشی دڵی من بووی چۆن دەتوانم ببمە هۆی نیگەرانیت؟

ساڵانی بێئاگایی من لەدڵت بەس نەبوو؟ کە خۆشەویستێکی وەک تۆ خۆشی بووێم. هەستەکەم ئێستا لەهەموو کاتێ زیاتر دڵم پەیوەستە پێتەوە، بڕوا بکە تادواچرکەی ژیانم تیشکی نوری چاوەکانت ژیانم پێ ئەبەخشێ. دڵم نایەوێت ئەم عیشقەی خامۆش بێت، بەڵام چیبکەم دەستی قەدەرەو دەبێ رازیبین. گیانی تەواو لەجەستەمدا نیە تا بڵێم لەگیانی خۆم خۆشترم ئەوێیت.

هانیەی خۆشەویست تەنها یادگاری مەلەکیا بەتۆ ئەسپێرم. دایکێکی میهرەبانبە بۆی و ئەو لەژێر چەتری خۆشەویستی خۆت پەروەردە بکە، کچەکەم جگە لەتۆ کەسێکی تری نیە، بەتەنها جێی مەهێڵە. کاتێ گەورە بوو پێی بڵێ باوکت تا لێواری گۆڕ خۆشیویستی و بەیادی تۆوە مرد. من هەرگیز باوکێکی باش نەبووم بۆی، لەوبابەتەوە شەرمەزارم. دەمتوانی بەر بەمەرگی دایکی بگرم بەڵام نەمگرت، دەمتوانی بەر لەبوونی ئەو بگرم بەڵام نەمگرت. ئاخر ئەو بوونەی چ سودێکی پێ گەیاند؟ نەسێبەری باوک نەسۆزی دایکی نەبینی. تکا دەکەم پێی بڵێ من ببەخشێ.

هانیە ئیدی توانام نەما بنوسم. ئەم رۆژانە چاودێری تەواوم ئەکەن، زۆرکات چەند کاژمێرێک لەبێهۆشیدام.. ئەوانەی دەورو بەرم زۆرباش چاودێریم ئەکەن، هەرچەندە بێگانەیشم بۆیان،

لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوی دڵ بۆحاڵم ئەسوتێنن.

ئەمڕۆ ئیدی هەستمکرد لەنێوان من و مەرگدا جیاوازییەک نەماوە، هەرلەبەر ئەوە داوای قەڵەم و کاغەزم کرد تا ئەوەندەی بتوانم وەسیەتەکانی خۆم بۆ تۆی میهرەبان بنوسم.

داوامکردووە تەرمەکەم بهێننەوە بۆ خاکەکەی خۆم. ئەشزانم ئەمە دەبێتە ئەرک بۆ سەرشانی تۆش، لەپاڵ مەلەکیادا بەخاکم بسپێرن، جارجارێک وەرە سەر گۆڕەکەم تا هاوارم لەناو دڵی خاکەوە ببیستی، کەعاشقانە ئەناڵێت: هانیە خۆشم ئەوێت..

چەندە گێژو نەزان بووم،ساڵانێک تۆم نەناسی، ئەگینا ئەمتوانی چەند بەیانیەک هەست بەخۆشی ژیان بکەم، باشە دەی ئەوە چارەنوسی من بوو. سڵاوی من بەهورەنگ و شەهلا بگەیەنە، سڵاو و خۆشەویستی من بگەیەنە بەخاکەکەم، من هەر لەوخاکەم و حەزیشدەکەم لەناو دڵی ئەو خاکەدا بم.

خودا تەمەنی درێژ بەهەمووتان ببەخشی..."

پەرهام

دوای خوێندنەوەی نامەکەی پەرهام، دونیا لەبەرچاوی تاریک بوو، کەوتە سەر ئەژنۆ و لەبەر جەرگ بڕی کارەساتەکە نەیتوانی پێش بەفرمێسکەکانی بگرێ بەدەنگی بەرز گریا.

پەرهام خۆشەوستەکەی ئەو ئێستا لەتەنهایدا چاوەڕوانی دێوەزمەی مەرگە، لەنێوان مەرگ و ژیندا پەلەقاژەیەتی.. ئەمیش بێئاگا لەحاڵی ئەو لێرەوە گلەیی لێدەکرد کە بۆچی ئەمی پشت گوێ خستووە.

چەندین کاتژمێر گریاو ئەشکی ڕشت، تەنها ڕێگەچارەیەک کە دۆزییەوە ئەوەبوو نەهێڵێ پەرهام تەنها بێ. هێشتا

نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بهێنێ پەرهام خۆی داوە بەدەست مەرگەوە. خودایە ئەمە چ چارەنوسێک بوو، دوای ساڵانێک ئازارو جیایی ئێستا خەریکبوو بەکامی دڵ ئەگەیشتم.. کەچی دێوەزمەی مەرگ خۆی بۆ مەڵاس داوە.. هانیە هەرچۆن بوو خۆی گەیاندە هورەنگ و نامەکەی پەرهامی دایە دەستی. هورەنگ دوای خۆێندنەوەی نامەکە هەروەک چاوەڕوان دەکرا بەتوندی کەوتە گریان. بەڵام خەم دەردی دەرمان نەدەکرد، هانیە ئەیویست هەرچی زووتـرە رێگەی ئەڵمان بگرێتە بەر. ئەو ئەیویست تەدارەکی گەڕاندنەوەی پەرهام بۆ ئێران ئامادە بکات.

لەماوەی کەمتر لەدوو هەفتە پێداویستیەکانی سەفەر ئامادەکرا. هانیە رۆژی فڕینیشی دیاریکرد، بەڵام دوو رۆژ بەر لەسەفەر نامەیەک لەلایەن بەرپرسانی ئەو نەخۆشخانەی پەرهامی لێبوو بەدەستی گەیشت، هەواڵی مەرگی پەرهامی تیا نوسرابوو. ئەوهەواڵە جەرگبڕە نالەیەکی لەسینەی هەڵسان و خۆی لەباوەشی هورەنگ دەربازکرد.

کاتێ چاوی کردەوە هورەنگ بەسەری پەنجەکانی ئاوی دەکرد بەدەم چاویدا. هانیە بەخەمێکی قوڵەوە بۆ هورەنگی روانی و بووغز بەر ئەوکی گرتبوو، چەند کاتژمێرێک ئا بەو ساردو سڕیەو لەناو ژوورێکی تەنگ و تاردا.

ئەو خوشک و برا هەردووکیان بۆ لەدەست چوونی ئازیزێکیان ئەیانناڵاند. مندانای بەدبەخت لەوکاتەدا لەقوتابخانە بوو ئەو هەواڵە جەرگەبڕەی نەبیستبوو. نەیدەزانی ئەوا باوکیشی چووە لای دایکی و ئێستا پێکەوە ئۆقرەیان گرتووە.

هانیە جل و بەرگی رەشی لەبەرکرد، بەبێ ئارامی سەری بەسینەیدا شۆڕکردەوە. هیچ وشەیەک نەیدەتوانی تەسکینی بەدڵی بدات. پەرهام بۆ ئەو ئیلهام بەخشی ژیان بوو. لەدوای ئەو ئیدی روناکی دڵی کوژابووەوەو هیچ ئاواتێکی نەمابوو.

هێشتا بڕوای نەدەکرد پەرهام چوو بێتە ئامێزی مەرگەوە.

لەسەر پێشنیاری هورەنگ نامەیەکیاندا بەسەفارەتی ئێران لەئەڵمان کە تەرمەکەی پەرهام بنێرنەوە بۆ ئێران. پازدە رۆژ دواتر ئەو فڕۆکەیەی تەرمی پەرهامی هەڵگرتبوو هاتەوە ناو خاکی ئێران، تەرمەکەیان دوای بەڕێوەچوونی کارە یاساییەکان دایەوە بەکەس و کارەکەی.

هانیە لەکاتێکدا هەموو روخساری خۆی بریندار کردبوو، بۆ کۆتا جار تەماشای روخساری پەرهامی کرد و ماڵئاوایی لێکردو بەخاکیان سپارد.

ئەو لەپەنای مەلەکیادا شاردرایەوە هەر وەک خۆی داوای کردبوو. پەرهام هەمیشە پەیوەست بوو بەمەلەکیاوە تەنانەت لەو دونیاش نەیهێشت تەنها بێ.

هانیەو ماندانا رۆژانی دووری هاوسەرو باوکی لەدەست چوویان لەئامێزی یەکدا بەسەر ئەبرد، ماندانا ئێستا جگە لەهانیە کەسێکی دیکەی نەبوو. هێندە بۆ باوکی پەرێشان بوو گۆڕا بوو بەکچێکی دڵگران و لاواز، ئاوات و ئارەزووی ژیان لای ئەو مردبوو. هانیەش بەردەوام فرمێسک لەچاوانی وشک نەدەبووەوە، هەموو جێگایەک پڕ خەم و پەژارە بوو. یادەوەری پەرهام تەنانەت چرکەیەکیش لێی دوور نەدەکەوتەوە.

ماوەیەک بوو خووی بەنائومێدییەوە گرتبوو، شەوانە ماندوو خەمبار ئەچووە ناو جێگەی خەوە ساردو سڕەکەی، بەڵام زۆربەی شەوان تا بەربەیان خەو نەدەچووە چاوی. لەسەر جێگەکەی هەڵدەساو تا دەمەوبەیان بەناو ژوورەکەدا هات و چۆی ئەکرد، بەردەوام لەگەڵ خۆی ئەدوا. گەر لەبەر ماندانا نەبووایە، بەرگەی ئازارەکانی ژیانی نەدەگرت. لەم ماوەیەدا ئەوەندە گریابوو و خەمی خواردبوو جگە لەپێست و ئێسقان هیچی دیکەی نەمابووەوە.

هەرکات زۆر بێتاقەت بووایە، لەگەڵ ماندانا پێکەوە ئەچوونە سەر مەزاری ئەو دوو خۆشەویستە لەدەست چووەیان. بەڕژانی چەند دڵۆپە فرمێسکێ باری سەرشانی خۆی سوک دەکرد.

زۆرجار ئەچووە نێو دەریای خەموو کات و ساتی لەبیر ئەکرد، ماوەیەک لەگەڵ خودای خۆی رازو نیازی ئەکرد،

لەخودا ئەپاڕایەوە هەر بەو دەردەی پەرهامی لەناو برد ئەمیش دووچار بکات. حەزی دەکرد لەوئازارەش هاوبەشی بێ و هەست بەئازار کێشانەکەی بکات.

شەوان کاتێ خەوی بە پەرهامەوە ئەبینی و بەئاگا ئەهاتەوە دەستی دەکردە شین و گریان، لەسەر جێگەکەی هەڵدەساو بەچەند دانە حەبێکی ئارام کەرەوە خۆی ئارام دەکردەوەو ئەگەڕایەوە سەر جێگەکەی. کەسێکی نەبوو بتوانێ باری شانی سوک بکات، شەو رۆژ پیشەی گریان بوو.

هورەنگ هەرکات ئەهاتە سەردانی فرمێسکی قەتیس ماوی لەچاوانیدا بەدی ئەکرد، هورەنگ هەوڵی ئەدا خوشکەکەی لەو خەم و دەردە دەرباز بکات. ئەیبینی لەم ماوە کەمەدا چۆن ئێسک و پروسکی تێکشکاوە، هانیە تەرکی دونیای کردبوو، تەواوی کاتەکانی بۆ ماندانا تەرخان کردبوو، ماندانا تەنهاو بێکەس جگە لەهانیە پەنایەکی دیکەی نەبوو.

هورەنگ هەوڵی ئەدا خەم لەروخساری دوور بخاتەوەو بەزبان ئامۆژگاری ئەکرد:

-هانیە ئەوە چ گرفتێکە خەریکە تۆ لەپێ ئەخات؟ تۆ ئیدی خۆت نیت وادەزانم لەگەڵ کچێکی دیکە ئەدوێم.

-من حاڵم باشە گرفتێکی تایبەتم نیە.

-دڵنیابم حاڵت باشە؟

-بەتەواوی.

- فریوم مەدە هانیە، خۆتت زیندان و ئەسیر کردووە چی روبدات؟ وا دەزانی دەتوانی بەئەشکەنجەدانی رۆحی دەتوانی ڕێڕەوی ژیان بگۆڕی؟ ئێمە هەموومان بۆ مەرگی پەرهام

بەداخەوەین و دڵمان ژان ئەکات، بەلام بەگریەو زاری هیچ شتێ ناگۆڕێ. تۆزێ بەخۆتا وەرەوە هانیە، تۆ ئێستا ئەرکێکی گەورەت لەئەستۆدایە، دەبێ بۆ ماندانا هەم دایک بیت و هەم باوک. دەبێ بەمیهرەبانی خۆت بۆشایی بۆ پڕ بکەیتەوە. بەلام بەم ڕێگەی گرتوتەتەبەر خۆشت لەناو ئەبەی و ئەو بێچارەش دووچاری خەمۆکی ئەکەیت. منداڵ مەبە هانیە کەمێک ژیر بە، ئاخر فرمێسک ڕژان لەسەر گۆڕ چ سودێکی هەیە؟

هانیە لەکاتێکدا فرمێسک بەگۆناکانیدا جۆگەلەی بەستبوو وەلامی داوە:

-هورەنگ من پەرهامم لەدڵ و گیانم خۆشتر ئەویست، ناتوانم بڕوا بەمەرگی بکەم. چۆن بتوانم بەو ئاسانیە لەبیری بکەم؟ خۆشەویستی ئەو وەک کالایەک بەبالامدا بڕابوو و لەگەڵ هەناوو دڵم تێکەڵ بووبوو، مەرگی پەیکەرمی خستە ناو ئاگرو سوتاندی، بڕوا بکە بەس گریان ئارامم ئەکاتەوە، بریا بمتوانیایە هەستم لەناو ببەم و ئەم خەمەم لەکۆڵ بووایەتەوە، پەرهام شایەنی ئەو دەردو ئازارە نەبوو، ئەو پیاوێکی غەریب نەواز بوو، لەکاتێکدا مرد هاودەمێکی نەبوو، تا مردن دڵی من دەبێ پڕو دەردو خەم بێ بۆی.

چارەنوس هەرگیز ڕوویەکی خۆشی نیشان نەدا، هەروەک من. قسە ئەمڕۆ دوێنێ نیە. دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی رابردوو.

ئەم عیشقە هەر لەسەردەمانی لاویمانەوە تێکەڵ بەمۆخ و ئێسکی من بووبوو، ئێستا چۆن بتوانم لەماوەیەکی کەمدا پیاوێک کە لەهەموو دونیا شیرینتر بووە لەلام لەبیری بکەم؟ سوێند بەخودا من ئیدی خۆم نیم، نە بۆ تۆ تەنانەت بۆ

خۆیشم بێگانەم. مردوویەکی گەڕۆکم و خۆشی خەندەم لەبیر چووەتەوە.

من بەس تەمەن بەسەر ئەبەم، گەر هەناسە ئەکێشم گەر بەڕێگەدا ئەڕۆم تەنها لەبە ئەو کچەیە ئەگینا من بوونەوەرێکی بێکەلک و داڕزاوم.

-هانیە تۆ بەم ئاکارەت خەریکە ژیانت ژاراوی ئەکەیت، بەتەواوی دەستت لەژیان و ئومێد بەرداوە، گۆشە نشین لێی دانیشتووی، تۆ دەبێ بەردەوامی بەژیان و کارت بدەی. هونەرمەند پێشەنگی کۆمەڵگایە لەکاتێکدا خۆتت زیندانی کردووە یانی هونەرەکەشت لەناو بردووە.

-چۆن دەتوانم دوای مەرگی پەرهام بگەڕێمەوە سەر ژیانی ئاسایی پێشووم؟

-دەتوانی هانیە، زۆرباشیش دەتوانی. تۆ هەمیشە کانگای ئارامیو دان بەخۆدا گرتن بووی. تۆ ڕۆژانی سەختر لەمەشت هەبووە، سەر بەرزو بەدەماغ لەم مەرگەساتە وەرە دەرەوە.

جارێکی دیکە خۆت تاقیکەرەوە، وەرەو سەر لەنوێ ژیان دەست پێکەرەوە، دڵت وابەستەی کارەکەت بکەرەوەو لەم تاریکیە وەرە دەرەوە من دڵنیام خەڵکی هێشتا پێشووازی لەهونەرەکەت دەکەن. دەی وەرەو ڕۆح بکەرەوە بەگیانی هونەرەکەتدا.

-مەرگی پەرهام لەهەموو ئەو دەردەسەریانەی تائێستا بەسەرم هاتوون سوتێنەرتر بووە. تەنها خودا دەزانێ بۆ مەرگی ئەو چ ئازارێکم کێشاوە، بریا منیش لەگەڵ ئەو بمردمایە، بۆچی چارەنوس خونچەی هیوای منی هەڵپڕۆکاند؟

-تۆ زیاتر لەچارەنوس زوڵم لەخۆت ئەکەی. بەخودا منیش لەو حاڵەی تۆ ئازار ئەکێشم، دەست لەو رەفتارە منداڵانەیەت هەڵگرە، دووبارە لەنوکەوە دەست بەژیان بکەرەوە، هێشتا کاتت بەدەستەوەیە تا دڵت بەئاوی عیشق تێر ئاوکەی و هەموو رابردووەکان تۆڵە بکەیتەوە. هانیە پێشنیارت پێدەکەم هەرچی زووترە لەگەڵ کەسێک زەماوەند بکەیت و ئیدی تەنهایی بەسبێ.

-قسەی سەیر ئەکەیت هورەنگ، وردە وردە خەریکە باوەڕ بەوە دەکەم خودا لەجێگای دڵ لەسینەتدا بەردی داناوە. یانی دەڵێی بەم زووییە ئەم کارەساتە لەبیرکەم؟ بڕوا بکە خەریکە هەستی ژنایەتی بەتەواوی لەگیانمدا نامێنێ و زیندە بەچاڵ ئەبێ.

هانیە بەنائومێدی لەکاتێکدا بۆ ئەڵقەکەی دەستی ئەڕوانی فرمێسکی هاتە خوارەوە بەسەری پەنجە پاکی کردەوەو بەردەوام بوو:

-من لەم تەنهاییەم لەزەت ئەبەم. پێم خۆشە لەگەڵ دڵەشکاوەکەم تەنها بین. ئەبینی هانیە تەنها پەیکەرێکی لێی ماوەتەوە. کام پیاو ئامادەیە لەگەڵ مردوویەکی گەڕۆکدا ژیان بباتە سەر؟ هورەنگ تکات لێدەکەم لەگەڵ ئازارەکانم تەنهام جێ بێڵە. هەرکات پێویستم پێت بوو بەدواتا ئەگەڕێم. ئێستا پێویستم بەدڵسۆزی کەسێک نیە. گەیشتوومە کۆتا بەشی ژیانم. ئەستێرەی بەخت و ئومێدم ساڵانێکە ئاوابووە، بهێڵە با لەگەڵ خۆمدا بم.

هانیە بەسەر سەختی و کەللەرەقی هەمووانی لەخۆی ئەتۆراند. دەورانی سەختی و تاقەت پڕوکێن دەستیان

پێکردبوو، ئەم کارە سەخت و دژوارە کارێکی ترسناکی بەسەر ڕۆحیدا هێنابوو، هەموو شتەکانی نێو ماڵەکە بۆنی یادەوەری پەرهامی لێدەهات. جاری وا هەبووە هێندە ئەچوو بەخەیاڵدا گەر تۆفانەکەی نوح ڕوویبدایە لێی بێ ئاگا دەبوو.

هەفتەی یەک دووجار ئەچوو بۆ گۆڕستان و کێڵی گۆڕی پەرهام و مەلەکیای بەفرمێسکی چاو تەڕ ئەکرد و لەگەڵ ئەوان ئەدوا دەردی دووری و دەردی ناکامی هەناوی هەڵتەکاند بوو.

هەوڵیدا دوای چەند مانگێک دەفتەری کارەکەی بکاتەوە، پەرهام بەر لەڕۆشتنی بۆ دەرەوەی وڵات تەواوی داراییەکەی بەخشیبوو بەو، لەئێستادا لەبوواری ئابوورییەوە گرفتێکی نەبوو. خۆی بەکاری وێنە کێشانەوە سەرگەرم ئەکرد، تا بەڵکو ئۆقرەیەک بەهەناوی بدات. هەموو ڕۆژێ بەزەنگی کاتژمێرەکە لەخەو هەڵدەساو لەگەڵ ماندانا پێکەوە ئەچوونە دەرەوە. ئەوی ئەگەیاندە قوتابخانەو خۆیشی ئەچووە دەفتەری کارەکەی. دەورو بەری نێوەڕۆ دەفتەرەکەی دائەخست و ئەچوو بەدوای ماندانادا و پێکەوە ئەگەڕانەوە ماڵەوە.

ئەوان لەماڵەدا بەتەنها ئەژیان. ماڵێک سەردەمانێک ئارامی و ئۆقرە تیایدا فەرمانڕەوا بوو، دەنگی پێکەنینی پەرهام دیوارە بەستووەکانیشی ئەهێنایە خەندە. ئێستا هەموو شتێ گۆڕابوو بەخەم و ماتەم. نانی نیوەڕۆیان پێکەوە دەخوارد، پاشان هانیە وانەکانی پێ ئەوت. پاشان گەر دەرفەتیان هەبووایە پێکەوە ئەچوونە گەڕان.

ساڵێک دواتر لەلایەن زانکۆوە هانیە بانگهێشتێک کرا، بۆ ئەوەی قسە بۆ قوتابیانی ئەو ڕشتەیە بکات و وەڵامی هەموو

پرسیارەکانیان بداتەوە.

ڕۆژی دیاریکراو کۆمەڵێک هەواڵنێرو ڕۆژنامەنوسیش ئامادەبوون، دوای کۆتایی هاتنی دانیشتنەکە کاتێ هانیە ئەیویست لەهۆڵەکە بچێتە دەرەوە، هەواڵنێرەکان بەرۆکیان پێی گرت.

هانیە هەروا کە خەریکی وەلامدانەوەی پرسیارەکانی ئەوان بوو، لەپڕ چاوی بەڕوخسارێکی ئاشنا کەوت، بەبینینی زەردەخەنەیەک کەوتە سەر ڕوخساری. ڕۆستەمی هیچ پرسیارێکی نەکردبوو بەبێدەنگی تەنها تەماشای دەکرد.

کاتێ هانیە خۆی لەو دیوارەی ڕۆژنامەنوسەکان دروستیان کردبوو دەربازکرد. ڕۆستەمی بەرەو رووی ڕۆشت و خۆی پێگەیاند، دوای سڵاو ئەحواڵپرسین مەبەستەکەی وت:

-خۆشحاڵم دووبارە چاوم پێت کەوتەوە، تکادەکەم ڕێگەم بدەن لەدەفتەری کارەکەتان سەردانت بکەم.

هانیە زەردەخەنیەکی کردو وتی:

-سبەی بەیانی چۆنە؟ بەمەرجێ تەنها ئەو پرسیارانە بکەیت کە پەیوەندیان بەکارەکەمەوە هەیە نەک بە ژیانی تایبەتیم.

-وانازانیت گەر هاوڕێیانە بدوێین باشتر بێ؟

هانیە دەنگی پێکەنینی بەرزبووەوەو وتی:

-ئێوەی هەواڵنێران ئاکارێکی تایبەتتان هەیە، بەڵام بەداخەوە من لەپرسیاری کت و پڕو تایبەت ئەپەشۆکێم و ناتوانم وەڵام بدەمەوە.

-تۆ هونەرمەندێکی بەناوبانگی من گەورەیی تۆم لەبەرچاوە.

-دەی کاتی دیدار سبەی بەیانی. خۆ نیشانەی شوێنی

کارەکەمت لەبیر نەچووە؟

-پێویست بەدووبارە کردنەوە ناکات، لەوبارەوە خاترجەم بە.

سبەی بەیانی کاتژمێر حەوت ڕۆستەمی لەناو دەفتەرەکەی هانیەو لەسەر قەنەفە سپیەکە دانیشتبوو، لەگەڵ هانیە گفتوگۆی ئەکرد. سەرەتا هەردووکیان لەحاڵەتی ئاساییدا بوون. بەلام ڕۆستەمی فێڵبازانە کەم کەم ئەیوست هانیە لەوحاڵەتە دەرونیە وشکە بکێشێتە دەرەوە.

-بیستبووم نیازی زەماوەندت هەیە؟ دوێنێ لەگۆڕەکەدا کچێکی جوانم لەگەڵت بینی وادەزانم کچی خۆت بێت.

-ئەمجارەش وەکو هەموو جارەکانی دیکە هەواڵ و بووچوونکە کوت و متە.

ڕۆستەمی پێکەنی وتی:

-خەڵکی هەمیشە حەزدەکەن بچنە ناو ژیانی تایبەتی هونەرمەندەوەو بەکەسێکی جیاوازیان دەزانن لەکەسانی تر.

هانیە بەبێ تاقەتیەوە لەسەر قەنەفەکە کەمێ جێگەی خۆی گۆڕی و وەلامی داوە:

-بڕیار بوو لەگەڵ پیاوێک کە خۆشم دەویست پێکەوە زەماوەند بکەین، بەلام بەداخەوە قەدەر ڕێگەی نەدا. بەهۆکارێک ئەوم لەدەستدا. ئێستا تەنها یادگارییەکی ئەوم لەلاماوە ئەویش ئەو کچە بچوکەیە کە تۆ بینیوتە.

-زۆر بەداخەوەم.

-سوپاستەکەم، ئەی تۆ چی؟ هێشتا هەر....

-بەداخەوە بەڵێ.

-تۆ لەبەر چی؟

-هەرکەسەو بە بەڵگەیەک لەهاوسەرگیری رادەکات.

-من لەگەڵ تۆ جیاوازم.

-گەر بێ ئەدەبی نەبێ ئەتوانم تکا بکەم زیاتر لەوبارەوە بۆم رونبکەیتەوە؟

-من پەرهامم لەپازدە ساڵیەوە خۆش دەویست. سەرەتا وام دەزانی دووچاری عەشقی هەرزەکارانەبووم. بەڵام بەتێپەڕ بوونی کات ئاگری ئەو عیشقە سەرتاپامی سوتاند. پەرهام لەوماوەیەدا لەهەناوی من بێ ئاگا بوو. لەبەر ئەوە لەگەڵ هاوسەری هەڵبژاردەی دڵی خۆی زەماوەندی کرد.

من لەبەر رەوتی ژیان لەگەڵ پیاوێکی دیکە زەماوەندم کرد. لەکۆتایدا کەوتە جیابوونەوە. هۆکارەکەی هەرچی بوو بابڕوا. دوای جیابوونەوەی من پەرهامیش هاوسەرەکەی لەدەستدا، من کە پەیوەندییەکی توندم هەبوو لەگەڵ هاوسەرەکەی پەروەردەکردنی منداڵەکەم گرتە ئەستۆ. دیسان ژیانی سەربەخۆم دەست پێکردەوە بەڵام بەمردنی هاوسەرەکەی پەرهام دیسان ژیلەمۆی عیشقەکەم هەڵایسایەوە.

پەرهام هێشتاش نەیدەزانی من چ هەستێکم بەرامبەری هەیە، منیش هەوڵم نەدەدا خۆم وانیشان بدەم. لەسەفەر بۆ فەرەنسا بوو تۆم ناسی. لەگەڕانەوەم بۆ ئێران بڕیارم دا لەو پیاوەی داوای کردبووم وەڵامی بەڵێی بدەمێ. بەڵام بەر لەوە پەرهام پێشنیاری هاوسەرایەتی پێکردم، منیش دوای بیست و ئەوەندەساڵ چاوەڕوانی بەخۆشحاڵییەوە رازی بووم.

ڕۆستەمی سەری بەنیشانەی خەمباری جوڵاندو وتی:

-بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەستی پیاوەتی پیشنیاری پێکردبووی؟

-بەڵێ ئەو لەگەڵ من جیاواز بوو، ئەو عاشقی من نەبوو، ئەیتوانی بەئاسانی هەر هاوسەرێک بیەوێت هەڵی بژێرێ. بەلام گەر من لەگەڵ ئەو زەماوەندم بکردایە لەوانە بوو هەرگیز عیشق لەنێوانمان روینەدایە. من جاری یەکەم ئەوەم تاقیکردبووەوە پێویستم بەتاقیکردنەوە نەبوو.

-بەداخەوەم من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تۆ دژم. تۆ دەربارەی ئەوپیاوە هیچت نەزانیوەو واتزانیوە بەهەستی عەجولانەی خۆت بەهەڵەدا چوی. ئەوە پیاوە لەناخی دڵەوە تۆی خۆشویستووە. بەهۆی ئەو روداوە نەیتوانیوە هاوسەری دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ.

هانیە ئەڵقەی دیاریکردنەکەی پەرهامی لەدەستیدا سوڕاند. رۆستەمی دڵنیابوو مەبەستەکەی خۆی گەیاندووە ئیدی مانەوەی بەپێویست نەدەزانی، بۆیە هەستاو خوداحافیزی کرد.

هانیە تا دەورو بەری نیوەڕو بیری دەکردەوە، کاتێ بەئاگاهاتەوە بۆ رۆشتنەوە درەنگ بووە. دەبێ بچێت بەدوای ماندانادا لەقوتابخانەو پێکەوە بچوونایەتە ماڵەوە ئەمە کرداری هەموو رۆژێکی بوو.

چەند رۆژ دواتر رۆستەمی تەلەفۆنی کردە دەفتەرەکەی و ماوەیەک پێکەوە قسەیانکرد. ئێستا وەک پێشتر نەبوو، زۆر دۆستانە پێکەو ئەدوان. رۆژێک رۆستەمی بەتەلەفۆن داوای لێکرد زەماوەندی لەگەڵ بکات. هانیە وتی:

-رۆژێک براکەم پێی وتم لەگەڵ پیاوێک زەماوەند بکەم منیش پێم وت کام پیاو ئامادەیە لەگەڵ جەستەیەکی بێ رۆح زەماوەند بکات، کێ دەتوانێ بەرگەی ئەوە بگرێ؟

-هانیە لەوانەیە هەر پیاوێک نەتوانێ بەڵام من ئەوە لەخۆمدا بەدی ئەکەم. من لەخەمەکانت ئەگەم، دەزانم پەرهامت خۆشویستووەو جگە لەو بیر لەهیچ پیاوێکی تر ناکەیتەوە، تۆ دەتوانی یادەوەری پەرهام وەکو عاشقێکی بەوەفا بپارێزی. بەڵام لەگەڵ منبە بزانە دەتوانم بەسۆزو خۆشەویستی دڵی تینووی تۆ تێر ئاو بکەم.

-دەزانی، خەڵکی هەرچەند دەربارەی ژیانی هونەرمەندان بزانن پێچەوانەیە. واتە رووکەشە. ئەوان وادەزانن هونەرمەندان دایمە لەخۆشیدان. لەوانەیە زۆریشیان پێ خۆش بێت وەک من بن. بەڵام کەس ئاگای لەئازارەکانم نیە، من هەرگیز تەنها بۆ ساتێکیش هەستم بەخۆشگوزەرانی نەکردووە. کەسێک نازانێ چەندە ئازار دەکێشم. کەس گوێ لەهاواری گەروی من نیە. گەر بیشی بیستێ باوەڕ ناکات هونەرمەندێک ئەوەندەی بەدبەختی گەورەی هەبێ.

-تۆ خۆشت نەتویستووە هەست بەخۆشبەختی بکەیت، باشترین رۆژەکانی ژیانت بەهەدەرداوە، ساڵانێکە بەدەردی تەنهاییەوە ئەتلێیتەوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەوە دیوارە تێکشکێنی.

-من لەگەڵ تەنهایی راهاتووم. بەئازارو دەرد ئالودە بووم.

-بەڵام تاکەی؟ تۆ هێشتا جوانی، دەبێ لەزەتی ژیان هەست پێبکەیت.

-بەلام من تەنها نیم، منداڵێکی خنجیلانەم لەگەڵدایە کە جگە لەمن کەسێکی تری نیە.

-ئەوکەسەی داوای تۆی کردووە تۆی خۆشدەوێ هەردووکتانی پێکەوە ئەوێ. من دەتوانم باوکێکی میهرەبان بم بۆی هەروەک تۆ دایکێکی میهرەبانی.

-نازانم چی بڵێم، دەبێ دەرفەتم بدەیتێ.

-باشە بەمەیلی خۆت. بەلام ئەتوانم بۆ نانی ئێوارە دەعوەتتان بکەم؟ ئەم دەعوەتە دەتوانێ داواکردنیش بێ.

-ئەمشەو ناتوانم بۆ کاتێکی تر. پەیمانم بەماندانا داوە ماکارۆنی بۆ دروستبکەم.

-هەرچۆنتان پێخۆشە. بیر لەقسەکانم بکەرەوە بەلام پێم خۆشە عەقڵ بڕیار بدات.

-باشە هەوڵدەدەم.

-تەلەفۆنم بۆ بکە هانیە ئیدی مەڵێ هەوڵدەدەم. گەر منت بۆ نانی ئێوارەیەک بانگ کرد دەزانم وەڵامەکەم بەڵێیە.

-باشە تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

-خوات لەگەڵ بەهیوای دیدار.

-خوات لەگەڵ.

هانیە بەم تەلەفۆنە کەوتە ناو دەریای خەیاڵ، قسەکانی ڕۆستەمی تا ئەندازەیەک دڵیان هیوادار کرد. ئێستا هیوا بەرەو گۆشەکانی دڵی ئەڕۆشت. ئەبێ بیرو رای ماندانا وەرگرێ بزانێ ئەو بۆچوونی چیە. ئێستا ئیدی بڕیار لای ماندانا بوو باوکی ئایندەی هەڵبژێرێ. هانیە نەیدەویست لەو بڕیارەی ماندانا بیرو رای خۆی دەربڕێ. دەبووایە ماندانا چارەنوسی هانیە دیاری بکات.

هاوارێک لەدڵیدا هەڵدەسا: ئەمەیە چارەنوسی تۆ پەیوەندی لەگەڵ ببەستەو ژیان دەست پێکەرەوە...

خۆشبەختانە ماندانا دوای بیستنی هەواڵەکە زۆرتر هانی هانیەی ئەداو ئەیوت دەبێ ملکەچی فەرمانی قەدەر بێت.

رۆژێک لەدەفتەرەکەیەوە پەیوەندی بەرۆستەمیەوە کردو بڕیاری نان خواردنی ئێوارەی لەگەڵ بەست. لەکاتی رۆشتن خۆی و ماندانا جوانترین جلو بەرگیان پۆشی. دوای چەند مانگێک بۆ جاری یەکەم چووە بەر ئاوێنەو بەزەردەخەنەوە بۆ خۆی روانی، ئێستا ئیدی ئەو روخسارە دزێو ناشیرینەی نەبوو. پێکەنینێکی کردو لەکاتێکدا دەستی ماندانا لەناو دەستی بوو پێکەوە لەماڵ چوونە دەر...

کۆتایی

هاوارێک لەدڵیدا هەڵدەسا: ئەمەیە چارەنوسی تۆ پەیوەندی لەگەڵ ببەستەو ژیان دەست پێکەرەوە...

خۆشبەختانە ماندانا دوای بیستنی هەواڵەکە زۆرتر هانی هانیەی ئەداو ئەیوت دەبێ ملکەچی فەرمانی قەدەر بێت.

رۆژێک لەدەفتەرەکەیەوە پەیوەندی بەرۆستەمیەوە کردو بڕیاری نان خواردنی ئێوارەی لەگەڵ بەست. لەکاتی رۆشتن خۆی و ماندانا جوانترین جلو بەرگیان پۆشی. دوای چەند مانگێک بۆ جاری یەکەم چووە بەر ئاوێنەو بەزەردەخەنەوە بۆ خۆی روانی، ئێستا ئیدی ئەو روخسارە دزێو ناشیرینەی نەبوو. پێکەنینێکی کردو لەکاتێکدا دەستی ماندانا لەناو دەستی بوو پێکەوە لەماڵ چوونە دەر...

کۆتایی

CamScanner

CamScanner

CamScanner

CamScanner



6000 دينار

©2023

CamScanner